# چەمکی دەوڵەت

و

# بزوێنەری مێژوو لە کۆمەڵگەی کوردیدا



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# چەمکی دەوڵەت

و

## بزوێنەری مێژوو لە کۆمەڵگەی کوردیدا

عەتا قەرەداخی



ناوی کتێب: چەمکی دەوڵەت و بزوێنەری مێژوو لە کۆمەڵگەی کوردیدا
نووسینی: عەتا قەرەداخی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٣١١
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان:تریسکە ئەحەد حەمید
هەڵەگری: دڵشاد مستەفا + هەندرێن شێرزاد
هەڵەگریی سەر کۆمپیوتەر: عەزیز عەبدولخالیق
سەرپەرشتیاری کاری چاپخانە: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٢٩٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

# پێرست

**پێشەکی** ........ 7

**بەشی یەکەم** ........ 11

چەمکی دەوڵەت و بزوێنەری مێژوو لە کۆمەڵگەی کوردیدا

**بەشی دووەم** ........ 55

کۆمەڵگەی کوردەواری لە نێوان سەرەتایی بوون و ڕووکەشی کۆمەڵگەی مەدەنیدا

**بەشی سێیەم** ........ 89

سروشتی کۆمەڵگەی کوردی

**بەشی چوارەم** ........ 111

کۆمەڵگەی کوردی و باوکی ڕۆحی

**بەشی پێنجەم** ........ 137

پەرتبوون: کۆسپی بەردەم دروستبوونی دەوڵەت

# پێشەکی

خوێنەری خۆشەویست، ئەم لێکۆڵینەوانەی لە دوو توێی ئەم کتێبەدا دەیخوێنیتەوە چەند هەوڵێکە بۆ توێژینەوەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەی کوردی. کە بەتێڕوانینی ئێمە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی تایبەتمەندە و ناشێت بەهەمان ئەو پێوەرە کۆمەڵایەتیانە چۆنێتی گەشەی کۆمەڵایەتی و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی بپێورێت کە گەشە و پەرەسەندنی کۆمەڵگەکانی تری پێ دەپێورێت. مەبەستمان لەم قسەیەش ئەوەیە کە دەبێ خوێندنەوەی تایبەتی بۆ سروشتی گەشەی کۆمەڵایەتی ئەم کۆمەڵگەیە بکرێت. لە ڕاستیشدا تاکو ساتەوەختی ئێستا تێکڕای ئەوانەی لەسەر پێکهاتە و گەشە و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی ئاخاوتنیان کردووە، پەیان بەو ڕاستییە نەبردووە کە ئەم کۆمەڵگەیە لە ڕووی پێکهاتن و شێوازی گەشە کردنەوە خاسیەت و سیفاتی تایبەتی خۆیی هەیە لەبەر ئەوە ناشێت بەهیچ کام لەو پێوەرە ئامادانە قسە لەسەر ئەم کۆمەڵگەیە بکرێت کە بۆ کۆمەڵگە گەشە ئاساییەکان میتۆدی توێژینەوە و شیکردنەوە بووە.

ئێمە لەم باسانەدا هەوڵمان داوە لە جیاتی ئەوەی میتۆدێکی دیاریکراو بهێنین و کۆمەڵگەی کوردی و شێوازی گەشەکردنی و پێکهاتنی بەپێی ئەو میتۆدە بپێوین، لە نێو خودی پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردییەوە دەستمان پێکردووە و هەوڵمان داوە لە ئەنجامی شیکردنەوەی بونیادی کۆمەڵایەتی ئەم کۆمەڵگەیە خۆیەوە دەرئەنجامەکان بەدەست بهێنین، لە ئاکامیشدا وەک لە باسەکاندا دیارە گەیشتووینەتە ئەو خاڵەی کە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی خێڵایەتی نائاساییە و لە ڕووی گەشە و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیەوە جیاوازە لە کۆمەڵگە ئاسایی و سروشتییەکان... ئەمەش گەلێک هۆکاری هەیە کە لە درێژەی باسەکاندا دەبینرێن. سەرجەمی باسەکان بەرەو ئەنجامێکی دیاریکراو دەچن کە کورد لە گەشەی کۆمەڵایەتی خۆیدا پێی نەگەیشتووە کە مەبەست لەوەش گەیشتن بەئاستی دروستکردنی دەوڵەتە. هەڵبەت ئێمە لەم باسانەدا مەبەستمان دروستبوونی دەوڵەتە وەکو دامەزراوێک کە کۆمەڵگە لە ئەنجامی گەشەی کۆمەڵایەتی خۆیدا پێی دەگات، کە ئەویش چەند دەروازەیەکی جیاوازی هەیە. لە کۆمەڵگە گەشە ئاساییەکاندا بزوێنەری مێژوو فاکتەری ئابووری و ململانێی چینایەتییە، لە کۆمەڵگە دواکەوتو و خێڵایەتیەکاندا ڕۆڵی پەیوەندییەکانی خوێن و دەمار لە جووڵەی مێژوودا لە هەر هۆکارێکی تر بەهێزترە، هەر بۆیە دەشێ بگوترێت لەم جۆرە کۆمەڵگەیەدا بزوێنەری مێژوو لەبری فاکتەری ئابووری فاکتەری خوێن و دەمارە واتە خزمایەتی. لە بەشێکی تری کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتیدا بەتایبەتی لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتدا فاکتەری ڕۆح یان بەزاراوەیەکی ئاشکراتر فاکتەری ئایین دەوری بزوێنەری مێژووی بینیووە. لە هەندێ کۆمەڵگەی وەکو کۆمەڵگەی هیندیدا فاکتەری سروشت دەوری بزوێنەری مێژووی بینیووە... کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکانیش هەریەکەیان لە یەکێک لەم دەروازانەوە گەیشتوونەتە ئاستی پێکهێنانی دەوڵەت... بەڵام کۆمەڵگەی کوردی لە هیچ کام لەم ڕێیانەوە نەگەیشتۆتە ئاستی پێکهێنانی دەوڵەت؟ تەنانەت باوکی ڕۆحیش کە لە هەندێ کۆمەڵگەدا دەوری بزوێنەری مێژووی بینیووە، کورد وەکو کۆمەڵگە لە باوکی ڕۆحیش بێ بەش بووە و لەو دەروازەیەشەوە نەهاتۆتە ناو مێژووەوە.

ئێمە لەم باسانەدا ئامانجی ئەو پەڕینمان دیاری کردووە کە دروستبوونی دەوڵەتی کوردییە. مەبەستمان لەوەش دروستبوونی دەوڵەتی کوردییە لە ڕوانگەی گەشە و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیەوە، نەک لە ڕوانگەی بڕیاری سیاسییەوە، بەتایبەتی بڕیارێک کە لە دەرەوەی کۆمەڵگەی کوردیدا بدرێت. ئەگەرچی بڕوامان وایە بڕیاری سیاسیش بۆ دروستکردنی دەوڵەت لە کوردستاندا دیسان پەیوەندی بەئاستی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی کوردی و بەو پێیەش پێگەیشتنی هەست و هۆشیاری نەتەوایەتی کوردەوە هەیە. ئەگەر کۆمەڵگەی کوردی بگاتە ئاستی بەرزی گەشە و پەرەسەندنی ئەوا هەست و هۆشیاری نەتەوایەتیش پەرەدەسەنن و حزبی کوردیش دەبێتە هەڵگری ئەو هەست و هۆشیارییە نەتەوەییە و لە ئاکامدا دەبنە هەڵگری ڕاستەقینەی گوتاری نەتەوەیی کوردی کە ئەویش بێ چەند و چوون لە دروستکردنی دەوڵەتدا خۆی دەبینێتەوە. هەتا دەوڵەتیش وەکو دامەزراوێکی کۆمەڵایەتی - ئیداری - سیاسی دروست نەبێت لە کوردستاندا کۆمەڵگەی کوردی هەنگاوی بەرەو کۆمەڵگەی مەدەنی نابێت چونکە کۆمەڵگەی مەدەنی بەبێ ئەوەی ئەو کۆمەڵگەیە دەوڵەتی بەرهەم هێنابێت کارێکی نەشیاوە، ڕاستە کۆمەڵگەی کوردی هەندێ لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دروست کردووە، بەڵام ئەو دامەزراوانە دەرئەنجامی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی نین، بەڵکو لە کۆمەڵگەکانی ترەوە فیکرەی دروستکردنیان خواستراوە، هەر بۆیە هیچ کام لەو دامەزراوانەی لە

کۆمەڵگەی کوردیدا دروست کراون خاوەنی کەسێتی پێگەیشتوو نین، لەوانەش دامەزراوی حزب و پەرلەمان و حکومەت و ڕێکخراوە دیموکراتی و جەماوەرییەکان و... تاد. بەڵکو سەرباری ناونانی ئەم دامەزراوانە وەکو دامەزراوی کۆمەڵگەی مەدەنی بەڵام ڕۆحی ئیشکردنی هەموویان تا رادەیەک لە عەقڵ و ستراتیژی خێڵەوە وەرگیراون لە کاتێکدا کە بنیاتی کۆمەڵایەتی کوردی بنیاتێکی خێڵایەتییە، بەواتا سەرجەم ئەو دامەزراوانە دامەزراوی خێڵن ئیتر گرنگ نییە بەچی ناو دەبرێن.

ئەم لێکۆڵینەوانە سەرجەم دەگەن بەو ئامانجە کە کورد کاتێ ئەتوانێت بێتە ناو مێژووەوە و ئامادەبوونی خۆی بسەلمێنێت کە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەبێت، بۆیە هەر خەباتکردنێک ئامانجی ئاشکرای دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی نەبێت ئەوا مانای وایە لە پانتاییەکدا دەخولێتەوە کە دەشێ بەپانتایی ژیانی سەرەتایی کۆمەڵگە دابنرێت، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو بزووتنەوە و حزبانە گوناهباری سەرەکین کە دروشمی دەوڵەتیان هەڵنەگرتووە، نەخێر ئەوە پەیوەندی بەبنیاتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردییەوە هەیە، ئەو بنیاتەی کە حزب و بزووتنەوەکانی کوردیش لەوەوە دروست بوون، بۆیە ڕەخنەی ئێمە ئاراستەی بنیاتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی دەکرێت و پێمان وایە پێویستمان بەوەیە بەعەقڵێکی ڕەخنەیی جیدییەوە بنیاتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی بخەینە ژێر ڕەخنەوە بەو هیوایەی لە ئەنجامی شیکردنەوەدا گرفت و ناتەواوییەکان دەستنیشان بکەین و لایەنە بەهێزەکانیش زیاتر برەو پێ بدەین، بەمەبەستی دانانی پرۆژەی ڕێنسانسی هەمە لایەنەی کوردی کە ئاکامەکەی لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیدا خۆی دەبینێتەوە. هیوادارم ئەم هەوڵانە هەنگاوێکی بەسوود بن بۆ خوێندنەوەی بنیاتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی. دڵنیام زۆرێک لەوانەی کە کوێرانە دەڕواننە نەتەوەکەیان و هیچ هەڵسەنگاندنێکیان نییە بۆی ئەم جۆرە خوێندنەوانە بەسوکایەتی کردن تێدەگەن، بەڵام ئێمە پێمان وایە کۆمەڵگەی کوردی دەبێ لەو وەهمە دەرباز بکرێت کە بێ لێکۆڵینەوە یان هەموو شتێکی پەسەند بکرێت یان هەموو شتێکی ڕەفز بکرێت. ئێمە بۆ خۆدروستکردنەوە پێویستمان بە خۆناسینە، بۆ خۆناسینیش پێویستمان بەڕەخنەیە، بەگوێرەی ئێمەش وەکو کورد لە هەموو کۆمەڵگە و نەتەوەکانی تر زیاتر جێگای ڕەخنە لێگرتنین چونکە وەکو نەتەوەیەکی چل ملیۆن کەسی تاکو ئێستا نەمانتوانیوە بگەینە ئاستێکی ئەوتۆی ئامادە بوون کە جێگای باس بێت. دیارە ناکرێت چاو لە زۆر هۆکار لەو بوارەدا بپۆشین کە دەوری دیار و لەبەرچاویان لە هێشتنەوەی کورددا لە پەراوێزدا بینیوە



بەتایبەتی هۆکارە خودییەکانی کۆمەڵگەی کوردی کە سەرجەم فاکتەری پەرتبوون و دابەشبوون بوون. جوگرافیای کوردستان فاکتەری دابەشبوون و پەرتبوونی کوردە، خێڵایەتی کوردی فاکتەری دابەشبوون و پەرتبوونە، زمانی کوردی لە بری یەکخستن و بەیەک جەستەکردنی کورد ئەویش فاکتەری دابەشکردن و لێک دورخستنەوەی کوردە بەپێی دایەلێکتەکانی زمانی کوردی. ئایین لە کوردستاندا لە کۆنەوە بۆ ئێستا لە بری ئەوەی فاکتەری یەکبوون (توحید) بێت کەچی فاکتەری دابەشبوون بووە، حزبی کوردی دروشم و بەرنامەی یەکبوونی نەبووە و پەیڕەوی ستراتیژی (یان خۆم دەبم یان نابێ کەسی تر هەبێت)ی کردووە کە ئەوەش بۆتە هۆی دابەشبوون و دژایەتی کردنی یەکتری بەشەکانی بزووتنەوەی ڕزگاری کوردی.

هەموو ئەو هۆکارانە لە ڕاستیدا دەبوو فاکتەری یەکبوونی کوردی بوونایە و کۆمەڵگەی کوردییان بەرەو گەیشتن بەئاستی پێکهێنانی دەوڵەت ئاراستە بکردایە، بەڵام بەپێچەوانەوە هەموویان بوون بەفاکتەری دابەشبوون و پەرتبوون و پەرتکردنی جەستەی نەتەوەیی کورد، بێگومان کورد بەپەرتەوازەی ناتوانێت بگات بەئامانجەکانی خۆی کە لایەنی ئەو پەڕینی سەربەخۆیی و دەوڵەتی سەربەخۆیە دیارە سەرباری هۆکارە ناوخۆییەکان هۆکارە دەرەکییەکانیش دەوری کاریگەریان گێڕاوە لە هێشتنەوەی کورددا بەم شێوەیە لە پەراوێزی مێژوودا. بەڵام دەبێ بڕوامان بەو ڕاستییەش هەبێت کە دوور و نزیک کورد هەر دەگات بەمەرامی خۆی و ئەگەرچی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی لەم کۆمەڵگەیەدا هێشتا سست و لاوازە، بەڵام مادەم کورد وەکو نەتەوە هەموو بنەماکانی نەتەوەی هەیە و وەکو کۆمەڵگەش ئەگەرچی کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی خێڵایەتی داگیرکراو دابەش کراوە بەڵام هێشتا پایە و بنەمای بەهێزی هەیە بۆ پەرەسەندن و ڕێنسانسی نەتەوایەتی کە دوور و نزیک ڕێنسانسی کورد سەرهەڵدەدات بەڵام ئەوەش کاری جیدی و پرۆژەی نەتەوایەتی دەوێت. ئەرکی هەموو کوردیش بەحزب و ڕێکخراو و ڕۆشنبیر و جەماوەرەوە کارکردنی هەمە لایەنەیە بۆ بنیاتنانی پرۆژەی هەمە لایەنەی نەتەوایەتی لە کوردستاندا کە دەبێ ڕۆحی بزوێنەری ئەو پرۆژەیەش هۆشیاری و فیکری نەتەوەیی کورد بێت، کە ئەوەش خۆی لە ئاراستەکردنی هەموو کۆمەڵگەی کوردی و ڕۆحی کۆمەڵایەتی کوردیدا بەرەو دروستکردنی دەوڵەتدا دەبینێتەوە.

سلێمانی ١٠/٤/١٩٩٩

**بەشی یەکەم**

# چەمکی دەوڵەت و
# بزوێنەری مێژوو لە کۆمەڵگەی کوردیدا

## کورد لە دەرەوەی دەوڵەت

**سەرەتا:**

زۆربەی کۆمەڵگەکانی سەر ڕووی زەوی لە قۆناغی گەشە و بەرەو پێشەوە چوونیاندا بەرزترین دامودەزگای بەڕێوەبردنی خۆیان دروست کردوە و کەسیەتێکی مەعنەوی سیاسی نێو نەتەوەییان بۆ خۆیان پێکهێناوە کە ئەو دامودەزگا باڵایەش دەوڵەتە، دەوڵەتیش زیاتر سیمای نەتەوەیی هەبووە، هەر لە مێژووی کۆنترین دەوڵەتەوە تاکو نوێترین.

کورد سەرباری ئەوەی نەتەوەیەکی دێرینی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و گەلێک لە سەرچاوە مێژوویی و ئەنترۆپۆلۆجیەکانیش دەیسەلمێنن لە نەتەوە دیارەکانی ڕۆژهەڵاتیشە. لە قۆناغێکی دیاریکراودا توانی دەوڵەتی (مید) دروست بکات، بەڵام لە دوای هەرەسهێنانی دەوڵەتی (مید)ەوە تاکو ساتەوەختی ئێستە لە گەشەی خۆیدا نەیتوانیووە جارێکی تر دەوڵەت دروست بکاتەوە. ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدەدەین لە دوای ئەو هۆکارانە بگەڕێین کە بوونەتە بەربەست لە ڕێگای گەیشتنی کۆمەڵگەی کوردەواری بەئاستی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەییدا. دیارە لێرەدا مەبەستمان هۆکارە بنەڕەتیەکانە کە زیاتر پەیوەندییان بەڕەوتی گەشەی کۆمەڵگەوە هەیە و کەمتر خۆمان لە قەرەی هۆکارە نوێیەکانی سیاسەتی دەوڵەتان لە سەدەی بیستدا دەدەین، لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە کە



کاریگەری سیاسەتی دەوڵەتانی دراوسێی کوردستان و دەوڵەتانی بڕیار بەدەست گرنگ نییە، نەخێر بەڵکو ئەوەیان باسێکی ترە و دەشێ بەشێوەیەکی سەربەخۆ توێژینەوەی لەسەر بکرێت. هەروەها ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدەدات لە ڕوانگەی چەمک و تیۆری سیۆسیۆلۆژی جیاوازەوە دەربارەی گەشەی کۆمەڵگەی کوردەواری بدوێت و لەسەر بنەمای ئەو چەمک و تیۆرییانەش ئاستەنگەکانی بەردەم پڕۆژەی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی ئاخاوتن بکات، هەروەها لە کۆتایشدا دەیەوێت پێشنیاری پڕۆژە و ڕێگای نوێ بۆ گەیشتن بەو ئامانجە واتە دەوڵەت پێشکەش بکات.

دیارە کاتێ دەربارەی دەوڵەت دەدوێین دەبێ دەوڵەت وەکو دامودەزگایەکی بەڕێوەبردنی سیاسی بناسین و پێناسەی گونجاوی بۆ بکەین هەتا بەو پێیەش سیفات و خاسیەتەکانی لێک بدەینەوە و ئەرکەکانیشی لە ڕووی مەعنەوییەوە دیاری بکەین. هەروەها دەبێ جیاوازی شێوەکانی دەوڵەتیش بکەین سەرباری ئەوەی کە لە ڕووی پێناسە کردنەوە پێناسەیەکی گشتی دەوڵەت دەکرێت، بەڵام ئاشکرایە کە بەپێی ئاستی گەشەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە جیاوازەکان دەوڵەتیش لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازی هەیە، هەروەک جیاوازی هەیە لە نێوان دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان و دەوڵەتی کۆمەڵگە پێشکەوتوو و هاوچەرخەکاندا کە ئەمەی دووەمیان بەشێوازی دەوڵەتی ڕۆژئاوایی ناو دەبرێت.

لە لایەکی ترەوە دەبێ جیاوازی نێوان دەوڵەت و دەسەڵات یان دەوڵەت و فەرمانڕەوایی تێ بگەین و لەسەرووی هەموو ئەمانەشەوە هەریەکە لە دەوڵەت و حکوومەت بناسین نەک وەکو یەک شت لێیان بڕوانین. دیارە مێژووی دروستبوونی دەوڵەت گەلێک کۆنە بەڵام تاکو سەردەمی ڕێنسانس پێناسەیەکی گونجاوی بۆ نەکرابوو، پێناسەیەک کە تێکڕای سیفەتەکانی دەوڵەت کۆ بکاتەوە.

ئەرستۆ دەربارەی دەوڵەت دەڵێت: هەموو دەوڵەتێک بریتییە لە جۆرێک لە هاریکاری، هاریکاریش بەهەموو شێوەکانییەوە دەبێ لە پێناوی گەیشتن بەسوود و بەرژەوەندی و کاری چاکەدا بێت[١] لێرەوە دەردەکەوێت کە دەوڵەت لەسەر بنەمای کۆبوونەوەی کۆمەڵە کەسانێک پێک دێت کە ئامانجێک یەکیان دەخات ئەویش هاوکاری کردنی یەکترییە لە پێناوی بەرژەوەندی و کاری چاکەدا. بەم پێیە دەوڵەت دەبێتە دامەزراوێک بۆ نزیک کردنەوەی ئەندامانی کۆمەڵگە لە یەک، هەروەها لە ڕوانگەی تێڕوانینی ئەرستۆوە دەبێ

کاری چاکە ئامانجی سەرەکی بێت و دەوڵەت لە پێناوی ئەودا بنیات بنرێت.

دیارە ئەوەش ئاشکرایە کە خوێندنەوەی ئەرستۆ بۆ مێژوو تێمان دەگەیەنێت کە هیچ دەوڵەتێک هەتا سەر نامێنێتەوە.

چونکە لە بۆچوونی ئەرستۆوە هەموو شتێک لە گەردوندا سەرەتا و هەڵکشان و لوتکەی هەیە، کە دوای گەیشتن بەلوتکە کە بەرزترین قۆناغی پێگەیشتنە، قۆناغی پیرێتی دەست پێدەکات کە ئاراستە جوڵەی ئەم قۆناغە دابەزینە و ئەنجام بەکۆتایی هاتن دەگات واتە مردن و لەناوچوون. هەر بەم پێیەش هیچ دەوڵەتێک نەمر نییە بەڵام هەرچۆن لە سووڕی ژیانی زیندەوەراندا نەوە بەدوای نەوەدا برەو بەژیان دەدرێت، هەروەها لە جێگای هەر دەوڵەتێکی لەناوچوودا دەشێ دەوڵەتێکی نوێ لەسەر بنەمای هەمان هاریکاری دروست ببێت کە ئەو هاریکاری کردنەش پێی دەگوترێت (هاریکاری سیاسییانە). ئەگەر سەرنجی ئەو پێناسەیەی ئەرستۆ بۆ دەوڵەت بدەین بۆمان دەردەکەوێت کە هیچ دەلالەتێکی دەسەڵات و پیادەکردنی دەسەڵاتی تێدا بەرچاو ناکەوێت کە دەسەڵات ئارەزوویەکی سروشتی مرۆڤە و لە پێناوی باڵادەست بوونیدا بەسەر ئەوانی تردا هەوڵی بۆ دەدات. دیارە ئەم پێناسەیەی ئەرستۆ لە ڕووی زانستی سیاسییەوە بۆ دەوڵەت لاوازە، بەڵام ئەگەر لە ڕوانگەی مێژووییەوە لێی بڕوانین ئەوە گرنگی خۆی هەیە کە لە مێژوویەکی وا دێریندا ئەرستۆ پێناسەی بۆ دەوڵەت داناوە.

بەڵام وەک ئاشکرایە شاری خەیاڵی یان کۆماری ئەفلاتۆنی دیسان باس لە جۆرێک سیستەمی بەڕێوەبردن دەکات کە ئەفلاتۆن هەندێ یاسای تایبەتی بۆ کۆمارە خەیاڵیەکەی داناوە کە ئەو کۆمارە نموونەی دەوڵەتە لە سەردەمی ئەودا، واتە لە سەدەی چواری پێش زاییندا. ئەگەر بۆچوونەکانی ئەفلاتۆن بۆ کۆمارەکەی و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کۆبکەینەوە ئەوە دەبێ بڵێین: کۆماری ئەفلاتۆن ئەو هەرێمە خەیاڵیەی فەرمانڕەوایەتیە کە فەیلەسوفەکان یان ئەوانەی فیکر و زانست بەرهەم دێنن بەڕێوەی دەبەن چونکە ئەمانە توانای بەرهەم هێنانی (چاکە)یان هەیە و کۆمەڵگەی سیاسیش بەبێ بوونی چاکە دروست نابێت. دیارە ئەم پێناسەیەی ئەفلاتۆنیش بۆ دەوڵەت ئەگەرچی دەکەوێتە پێش پێناسەکەی ئەرستۆوە بەڵام سیمای دەسەڵاتی پێوە دیارە چونکە فەرمانڕەوایی کۆمەڵگە دەداتە دەستی دەستەیەکی دیاریکراوی بەژمارە کەم لە کۆمەڵ کە ئەوانیش فەیلەسوفەکانن.

بەڵام ئەفلاتۆن هەر لەو سنوورەی پێناسەکەی سەرەوەدا لەسەر دەوڵەت ڕاناوەستێت



بەڵکو لە کۆمارەکەیدا پێ لەسەر عەدالەتی کۆمەڵایەتی دادەگرێت و دەیکات بەپێوەری سەرەکی بۆ سەرکەوتنی دەوڵەت، واتە لای ئەو: دەوڵەت لەسەر بنەمای عەدالەت بەئەرکەکانی هەڵدەستێت و عەدالەتیش تەنها بەوە دێتەدی کە هاونیشتمانیان لە شوێنی کۆمەڵایەتی خۆیاندا دابنرێن[٢]. کەواتە لێرەدا دەردەکەوێت کە ئەفلاتۆن دەوڵەت وەکو دامەزراوێکی کۆمەڵایەتی حیساب دەکات و ئامادەبوونی هەر ئەندامێک لە شوێنی شیاو بەخۆیدا بەبنەمای سەرەکی بەرقەراربوونی عەدالەت دادەنێت. بۆیە لێرەوە پێناسەی ئەفلاتۆن بۆ دەوڵەت فراوانتر دەبێت کە دەڵێت: دەوڵەت لە ئەنجامی ئەوەدا دادەمەزرێت کە فەرد ناتوانێت پێداویستییەکانی خۆی بەدەست بهێنێت و پێویستی بەهاریکاری کەسانی تری هەیە[٣]. زیاتر لەسەری دەڕوات و پێناسەی دەوڵەت لەم شێوەیەی خوارەوەدا بەرجەستە دەکات: گەشەی کۆمەڵ بەهۆی پێداویستییەکانی مرۆڤ بۆ هاریکاری دروست دەبێت و گەشەی کۆمەڵگە دەرئەنجامی ئاڵوگۆڕی خزمەت و بەرهەم هێنانە. لەسەر کۆمەڵگەش پێویست بووە کە پارێزگاری لە بوون و بەردەوامێتی و ڕێکخستن و دابینکردنی ئەم ئاڵوگۆڕە بکات کە ئەوەش بەدەوڵەت بوون بووە. لێرەوە مەودای فیکری ئەفلاتۆن بۆ دەوڵەت فراوانتر دەبێت و وەکو پێداویستییەکی کۆمەڵایەتی لە دەوڵەت دەڕوانێت کە پارێزەری بنەماکانی ژیان و مانەوەی کۆمەڵگەیە. هەر لەسەر ئەو بنەما کۆمەڵایەتیەش تێڕوانینی ئەفلاتۆن بۆ ژیانی کۆمەڵگە ئاشکرا دەبێت و لە ژێر سێ ناودا کۆی دەکاتەوە کە بریتین لە (کۆمار، سیاسەت، یاسا). کە ئەمەی سێیەمیان واتە یاسا دەبێتە پێوەری عەدالەت.

فارابی وەکو بیرمەندێکی ئیسلامی کە ڕۆڵێکی دیاری لە بنیاتنانی زانستی کۆمەڵناسیدا بەگشتی و کۆمەڵگەی ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتیدا بەتایبەتی هەبووە پێی وایە: مرۆڤ پێویستی بەکۆبوونەوە و هاریکاری کردنی یەکتری هەیە کە لە ئەنجامی ئەو کۆبوونەوەیەشدا گوند و شار دروست دەبێت، واتە شوێن دیاری دەکرێت کە ئەویش دەبێتە زەمینە بۆ بنیاتنانی دەوڵەت[٤]. کەواتە فارابیش (٨٧٠-٩٥٠) بنەمای کۆمەڵایەتی دەکاتە زەمینەی سەرەکی بۆ دروستبوونی دەوڵەت، کە پاڵنەری سەرەکیش بۆ کۆبوونەوەی کۆمەڵانی خەڵک لە شوێنێکی دیاریکراودا بریتییە لە هاریکاری کە ئەویش لە ئەنجامی پێویستی تاکەکانی کۆمەڵ بەیەکتریدا دروست دەبێت، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە مرۆڤ بەسروشتی مەخلوقێکی کۆمەڵایەتییە و بۆ ئەوە دروست بووە پێکەوە بژی. دەوڵەتیش ئەو دامەزراوە ئیدارییە سیاسییەیە کە کارەکانی کۆمەڵگە بەڕێوە دەبات.

ئیمامی غەزالی کە لە نێوان ساڵانی (١٠٥٨-١١١١)دا ژیاوە و هاوچەرخی دەوڵەتی خەلافەتی عەباسی بووە تێڕوانینی تایبەتی هەبووە بۆ دەوڵەت و پێکهاتنی و ئەرکەکانی. غەزالی لای وایە دەوڵەت کە ئەندامەکانی بەپەیوەندییەکی بەهێز پێکەوە بەستراون هاریکارییەکی تەواو لە نێوانیاندا هەیە[٥] دیسان لێرەدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە غەزالی دەوڵەت وەکو پێکهاتەیەکی ئۆرگانی سەیر دەکات کە هەر ئەندامەی بەچەندین داوی پەیوەندی بەئەندامانی ترەوە بەستراوە و لە ئەنجامی ئەو پێکەوە بەستنەدا ئاستێکی باڵا لە پەیوەندی دروست دەبێت کە لە پرۆسەی بڵندبوونیدا دەگاتە ئاستی پێکهێنانی دەوڵەت.

تیۆری خەلدونی لە کۆمەڵناسیدا زیاتر لە هەموو شتێک گرنگی بەئاوەدانکردنەوە و بنیاتنان دەدات کە ئەوەش لە ئەنجامی بەهێزبوونی پەیوەندی دەمارگیری و خوێندا دروست دەبێت کە ئەو دوو توخمەش لە هۆکارەکانی بنیاتنانی دەوڵەتن لە کۆمەڵگە خێلایەتیەکاندا.

ئیبن خەلدون کە لە نێوان ساڵانی (١٣٣٢-١٤٠٦)دا ژیاوە، هەوڵی داوە تیۆرە کۆمەڵناسییەکەی تێکڕای دیاردە کۆمەڵایەتیەکان بگرێتەوە بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بەدەسەلات و فەرمانڕەواییەوە هەبێت. لەم بارەیەشەوە دەوڵەت وەکو باڵاترین دامەزراوی ئیداری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئایینی جێگایەکی گەورەی گرتووە لە فیکری ئیبن خەلدوندا. بەبیروباوەڕی ئیبن خەلدون دەوڵەت بریتییە لە فەرمانڕەواییەتی خێلێک بەپێی درێژبوونەوەی شوێن و کات[٦] یان ماوەی فەرمانڕەوایی خێزانێکی فەرمانڕەوای دیاریکراوە[٧]. بەتێڕوانینی ئیبن خەلدون مێژوو جولەیەکی بازنەیی هەیە هەر بۆیە دەشێ خێلێک لە قۆناغێکی دیاریکراودا لە ئەنجامی بەهێزیی پەیوەندییە ناوخۆییەکاندا کە مەبەست پەیوەندی خوێن و دەمارگیرییە دەورێکی دیار لە (عەمران)دا ببینێت و ئەنجام بگاتە ئاستی دروستکردنی دەوڵەت، بەڵام هەر هەمان خێڵ لە قۆناغێکی تردا ئەو توانایەی نەمێنێت و هەرەس بهێنێت. خێلێکی تر لە شوێنیدا دەوڵەتی خۆی دروست بکات.

بەواتایەکی تر خراپبوونی پەیوەندی خوێن و دەمارگیری لە نێو گەوهەری پەیوەندیەکانی هەر خێلێکدا دەبێتە هۆی هەرەسهێنانی ئەو خێڵە و پاشەکشە کردنی لە پرۆژەی عەمراندا. دیارە لە ڕوانگەی تیۆری خەلدونیەوە هیچ شارستانێتییەک هەتا سەر بەردەوام



نابێت بەو پێیەی کە بەرهەم هێنەری شارستانێتی کۆمەڵە و ناشێت بەدرێژایی مێژوو تەنها چەند کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو پێشەنگی مرۆڤایەتی بن. لێرەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە ژیانی گەشەی کۆمەڵگەش هاوشێوەی ژیانی بوونەوەرانە کە لە دایکبوونەوە دەست پێ دەکات بۆ قۆناغی لاوێتی و لەوێشەوە بۆ قۆناغی پێگەیشتن کە بڵندترین خاڵە و قۆناغی دروستکردنی شارستانێتییە، لە دوای ئەم قۆناغەوە سەرەتای پیربوونی کۆمەڵگە دەست پێ دەکات و تا ئەنجام بەهەرەسهێنان کۆتایی دێت و لە شوێنیدا یان لە لایەکی ترەوە کۆمەڵگەیەکی تر دەردەکەوێت لە بواری بەرهەمهێنانی شارستانێتیدا ئەم بۆچوونەش نزیکە لە ڕوانینی ئەرستۆ بۆ دروستبوونی شارستانی.

ئەگەر بمانەوێت ڕای کۆمەڵناسان و بیرمەندان و فەیلەسوفەکان لەسەر دەوڵەت کۆبکەینەوە ئەوە گەلێک ڕاوبۆچوونی لەیەک چوو یان دژ بەیەکمان دەست دەکەوێت. بەڵام ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە سەرجەمی ئەو ڕاوبۆچوونانەی کە لە سەرەوە خستمانە ڕوو پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە دەوڵەت پەیوەندییەکی تەواوی بەژیانی کۆمەڵگەوە هەیە و ناشێت دوور لە قسەکردن لەسەر گەشەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە باسی دەوڵەت بکرێت. تەنانەت ئەگەر لە دیدێکی خەیاڵیانەی وەکو تۆماس مۆریشەوە بڕوانین ئەوە دیسان دەوڵەت هەر پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەژیانی کۆمەڵایەتییەوە هەیە کە دەڵێت: دەوڵەتی نموونەیی جێبەجێ کردنی بەختەوەری خەڵک و قەلاچۆکەری ئاڵۆزی و شەڕ شۆڕە. لێرەدا دیسان وشەی خەڵک کۆمەڵ دەگرێتەوە و پێودانگی تۆماس مۆر لە دوورگە خەیاڵیەکەیدا بۆ دەوڵەتی نموونەیی ئاسودەیی کۆمەڵە ئەوەش دیسان بنەمای ئەو بۆچوونە بەهێز دەکات کە دەوڵەت بەمەبەستی بەڕێوەبردنی کاروباری ژیانی کۆمەڵگە دروست دەبێت. سەرجەم ئەو پێناسانەی لە سەرەوە بۆ دەوڵەت هێنامانەوە هەریەکە لە لایەکەوە دەڕوانێتە دەوڵەت و لایەنەکانی تری فەرامۆش دەکەن، هەر بۆیە پێناسەکان لە ڕووی زانستییەوە لاوازن. یەکەمین پێناسە کە تاڕادەیەک بۆ دەوڵەت گونجاو بێت پێناسەی میکاڤیلییە (١٤٦٩-١٥٧٢) کە دەڵێت: هەموو ئەو حکوومەت و پادشایانەی کە فەرمانڕەوایی ڕەگەزی مرۆڤیان کردووە لە ڕابردوودا یان ئێستا فەرمانڕەوایی دەکەن، لە دوو شێوە پێکهاتوون یان شێوەی کۆمارین یان پادشایی[٨]. دیارە لێرەدا مەبەست لە دەوڵەتە کە فەرمانڕەوایی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەکات و میکاڤیلی دەوڵەتیش دابەش دەکات کە ئەو دابەشکردنەی ئەو تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆش کاری پێدەکرێت.

هەر لەسەر بنەمای ئەو بۆچوونەی سەرەوە پێناسەی دەوڵەت لای میکاڤیلی چڕتر دەبێتەوە و دەڵێت: هەر دەستە و گروپێک کە دەسەڵاتی بەسەر گەلاندا هەبێت پێی دەوترێت دەوڵەت، ئەویش بەشێوازێکی فەرمانڕەوایی فەرمان دەکات کە پادشایی یان کۆماری دەبێت[٩] بەڵام دیارە ئەم پێناسەیەی سەرەوەش ناتەواوە بۆ دەوڵەت. بۆیە دەشێ بەشێوەیەکی زانستیانەتر پێناسەی دەوڵەت بکەین و بڵێین: دەوڵەت دامەزراوێکی سیاسی خاوەن دەسەڵاتە کە بنەما سەرەکییەکانی پێکهاتنی بریتین لە گەل، خاک (وڵات) و حکوومەتی دان پێدانراو، سێ بنەمای سەرەکیش بۆ بوونی ئەو حکوومەتە پێویستن، ئەوانیش (یاسادانان و جێبەجێ کردن و داد)ن، هاوشان لەگەڵ بەدەستهێنانی کەسێتییەکی سەربەخۆی مەعنەوی و سیاسی و ئابووری و سەربازیدا و بەجۆرێک لە جۆرەکانی فەرمانڕەوایی پیادەی دەسەڵات دەکات. دەوڵەت لە چەند ڕوویەکەوە پۆلێن دەکرێت وەکو دەوڵەتی پادشایی، کۆماری، خێڵەکی، ئایینی، دەوڵەتی تایبەتمەند (هەرێمی) و دەوڵەتی کەونی (ئیمپراتۆری باڵا دەست). دیارە بەپێی بنەمای پێکهاتن و چۆنێتی پیادەکردنی دەسەڵاتیش دەوڵەت دەشێ دیموکراسی یان دیکتاتۆر بێت.

کاتێ لەسەر دەوڵەت دەدوێین دەبێ بگەڕێینەوە بۆ دواندن لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵگە و ئاستی ژیان و چۆنیەتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەردوو ئاراستەی ستوونی و ئاسۆیی بنیاتی پێکهێنەرانەی کۆمەڵگە و چۆنێتی کارکردن و جوڵەیان لە نێو یەکتردا دیاری بکەین چونکە دەوڵەت ڕاستەوخۆ لەسەر بنەمای کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دروست دەبێت و باشترین دەروازەیەکیش کە لێیەوە قسە لەسەر دەوڵەت بکرێت دەروازەی سیۆسیۆلۆژییە بەو پێیەی کە دەوڵەت لە ئەنجامی گەشەی کۆمەڵگەدا دروست دەبێت و ناکرێت باس لە بوونی دەوڵەت بکرێت بێ ئەوەی باس لە کۆمەڵگە بکرێت. دیارە ئەوە ئاشکرایە کە چەندین کۆمەڵگەی بێ دەوڵەت تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆ لەسەر گۆی زەوی دەژین کە بەکۆمەڵگە سەرەتاییەکان یان کۆمەڵگەکانی دەرەوەی مێژوو ناودەبرێن وەکو هیندییە سوورەکان و چەندین خێڵ و تایەفی ئەمەریکا و ئەمەریکای لاتین و ئوستralیا و... هتد.

لە ڕوانگەی نەبوونی دەوڵەتەوە، کوردیش دەشێ بەیەکێک لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان دابنرێت بەڵام لە کاتێکدا باسکردنی دەوڵەت بێ بوونی کۆمەڵگە کارێکی نەشیاو و نادروستە، باسکردنی چەندین کۆمەڵگەی سەرەتایی کە نەگەیشتوونەتە ئاستی



دروستکردنی دەوڵەت کارێکی شیاوە و بگرە دەیان توێژینەوەی جیدی تاکو ئێستە لەسەر ئەو کۆمەڵگەیانە کراوە کە تا ساتە وەختی ئێستە نەبوونەتە خاوەنی دەوڵەت. هەڵبەتە جێگای خۆیەتی لێرەدا ئاماژەش بۆ ئەوە بکەین کە مەبەستمان لە نەگەیشتن بەئاستی دروستبوونی دەوڵەت ڕاستەوخۆ پەیوەستکردنی ئەو دامەزراوە کۆمەڵایەتیەیە بەهۆکارە ناوخۆییەکانی گەشەی کۆمەڵگەوە و لێرەدا مەبەست لە هۆکارە سیاسی و دەولییەکان نییە. من لە بنەڕەتەوە بڕوام وایە کە دروستبوونی دەوڵەت بەبێ ئامادەبوونی هۆکاری خۆیی (زاتی) ناگاتە ئەنجام. مانەوەی کوردیش وەکو یەکێک لە نەتەوە دیار و دێرینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەبێ دەوڵەت بەر هەموو شتێک پەیوەندی بەخودی کورد و کەسیەتی کورد و بنیاتی پێکهێنەرانەی کۆمەڵگەی کوردییەوە هەیە، لەم قۆناغەی ئێستەدا کە ئێمەی تێدا دەژین کێشە و ململانێی نێوان شارستانیەتە جیاوازەکان بەئاشکرا درکی پێدەکرێت و ڕەنگە ئەگەر بڵێین بەشی هەرە زۆری کێشە سیاسی و ئابووری و سەربازییەکانی سەر گۆی زەوی کە لە پشتیانەوە کێشە و ململانێی شارستانیەتەکان هەیە. ڕەنگە ئەم کێشە و ململانێیانە لە سەردەمە کۆنەکاندا بەو شێوەی ئێستە ئاشکرا نەبووبێت بەڵام ناکرێت بڵێین کێشە و ململانێ نەبووە. ئەگەر بگەڕێینەوە و سەرنجێکی مێژووی شارستانێتییەکانی میزۆپۆتامیا و ساسانی و گریک و ڕۆم و فیرعەونەکان بدەین و بڕوانینە پەیوەندی و کێشەکانی نێوانیان ئەوە بەزوویی تێدەگەین کە ململانێیەکی توند لە نێوانیاندا هەبووە ئەگەرچی لە ڕووی دایۆکرۆنیکەوە هەمووشیان لە یەک سەردەمی مێژوویدا نەبوون. هەر ئەم جۆرە دید و بۆچوونەی سەرەوە تاکو ئێستەش بەشێوەیەکی گشتی ئامادەبوونی هەیە و کێشەی نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات ئێستە کێشەیەکی کەلتووری شارستانییە. ڕۆژهەڵات لە ڕوانگە و دیدی ڕۆژئاواوە پانتاییەکی فراوانە لە بۆشایی، یان تاکو ئێستە بارستەیەکە لە مادەی خاو، یان تاکو ئێستە بەشێکی سروشتە کە مرۆڤ پێی تێناوە و نهێنییەکانی ئاشکرا نەکردووە. سەرباری بوونی چەندین شارستانێتی خاوەن ناسنامە لە مێژووی ڕۆژهەڵاتدا وەکو شارستانی میزۆپۆتامیا و ساسانی و هیندی و چینی و فیرعەونی. هێشتا کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی وەکو کۆمەڵگەیەکی سەرەتایی لێی دەڕوانرێت و ئەگەر بەراورد بکرێت بەکۆمەڵگەی هاوچەرخی ئێستەی ڕۆژئاوا ئەوا وەکو ئەوە وایە هێشتا لە قۆناغی ژیانی نێو سروشتدا بێت، واتە قۆناغی ژیانی سەرەتایی و دەرەوەی مێژوو کە ئەویش بریتی لە ژیان لە پەراوێزی بەجیهانی بووندا. بۆ دواندن لەسەر کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی بەگشتی دەبێ دوو ڕێگە لەبەر

بگرین کە گەوهەری کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی پێک دەهێنن. ئەوانیش یەکەم (ڕۆح)ە بەوەی کە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کۆمەڵگەیەکی ڕۆحییە، کۆمەڵگەیەکە تەنانەت ئەگەر ئایینیش وەکو پەیامی ئاسمانی یان ئایینە ئەرزییەکانیشی لێ بکەینەوە هێشتا ناتوانین کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی بخەینە دەرەوەی سنووری ڕۆح، بەواتایەکی دی ناتوانرێت وەکو کۆمەڵگەیەکی ماددی یان کۆمەڵگەیەکی عەقڵانی لێی بڕوانرێت چونکە مەسەلەی ڕۆح پانتاییەکی فراوانی لە کۆنەستی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیدا داگیر کردووە.

دووەم هۆکار بۆ ئاخاوتن لەسەر کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی بریتییە لە پەیوەندی خوێن و دەمارگیری ئەویش لەبەر ئەوەی کە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کۆمەڵگەیەکی خێڵایەتییە و تاکو ئێستەش پەیوەندییەکانی خوێن و خزمایەتی و نەسەب لە پلەی یەکەمدا دادەنرێن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بگرە دابونەریت و سروتە کۆمەڵایەتییەکانیش دەرئەنجام و ڕەنگدانەوەی خوێن و دەمارگیرین. هەر بۆیە سەرباری ئەو پێناسانەی لە سەرەوە بۆ دەوڵەت کردمانن دەبێ بزانین کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی تایبەتمەندی خۆی هەیە و لە نێو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیشدا کۆمەڵگەی کوردەواری حاڵەتێکی تایبەتمەندترە. لێرەدا ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەبینەوە ئایا ئەو هۆکارە خۆییانە چین کە بوونەتە ئاستەنگ لە ڕێگای دروستبوونی دەوڵەتی کوردیدا؟ بەڵام نامانەوێت ڕاستەوخۆ وەڵامێکی حازر بەدەستی ئەم پرسیارە بدەینەوە، بەڵکو لەسەر بنەمای توێژینەوەی ئەو دوو هۆکارەی لە سەرەوە بۆ ئاخاوتن لەسەر کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی دیاریمان کردن هەوڵدەدەین قسە لە خودی کۆمەڵگەی کوردەواری و چۆنیەتی گەشەکردن و ئاستی پێشکەوتنی بکەین و لەسەر ئەو بنەمایانەش هۆیەکانی نەگەیشتنی ئەم کۆمەڵگەیە بەئاستی دروستبوونی دەوڵەت بخەینە ڕوو.

بیار کلاستەر دەڵێت: کۆمەڵگە سەرەتاییەکان کۆمەڵگەی بێ دەوڵەتن[١٠]. یان دەڵێت: کۆمەڵگە سەرەتاییەکان ناتەواوییەکیان هەیە ئەویش دەوڵەتە[١١]، لێرەدا بۆچوونێکی تر سەرهەڵدەدات ئەویش ئەوەیە ئەگەر ئەم ڕایەی کلاستەر بەهێند بگرین کەواتە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی سەرەتاییە بۆیە تاکو ئێستە دەوڵەتی نییە. ئەمەش دەمانخاتە بەردەم خۆهەڵسەنگاندنێکەوە کە ئەنجامەکەی دڵخۆشمان ناکات چونکە تاکو ئێستە ئینسانی کورد سەرباری نەبوونی قەوارەی سەربەخۆ و دەوڵەت وا لەخۆی دەڕوانێت کە ئەندامی یەکێک لە پێشکەوتووترین کۆمەڵگەکانی سەر گۆی زەوییە. دەشێ



هەر ئەم باری قەناعەت بەخۆ بوونەش وەهای کردبێت کە کورد هەست بەکەموکورتی و شکستەکانی نەکات. دیارە تاکو بەعەقڵێکی ڕەخنەگرانەشەوە خوێندنەوەی بابەتیانەی کەسیەتی خۆی و ئاستی ئامادەبوونیشی نەکات زەحمەتە بگاتە ئاستی ناسینی خۆی. هەنگاوی یەکەم بۆ هەر پڕۆژەیەکی ئایندەیی کە بەرزترین خاڵی ئەو پڕۆژەیەش دەوڵەتە لە خۆناسینەوە دەست پێدەکات.

ئێستە بەپێی ئەو بۆچوونەی کلاستەر کۆمەڵگەی کوردەواری کۆمەڵگەیەکی سەرەتاییە. دیارە ناشێت کۆمەڵگە لە حاڵەتی کۆمەڵگەی نێو سروشتەوە بگوازرێتەوە بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی. تەنها بەدروستکردنی دەوڵەت نەبێت[١٢]. بۆیە ئەگەر ئامانج ئەوە بێت کۆمەڵگەی کوردەواری لە حاڵەتی سەرەتایی و شێوازی کۆمەڵگەی سادەی نێو سروشتەوە بگوازرێتەوە بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەوە دەبێ لە ڕێگای دروستکردنی دەوڵەتەوە بگاتە ئەو ئەنجامە. کەواتە لێرەوە ئامانج ئاشکرایە ئەویش دروستکردنی دەوڵەتە و بێ بنیاتنانی ئەو دامەزراوە باڵایە ناشێت کۆمەڵگەی کوردەواری لە قۆناغ و شێوازی ژیانی نێو سروشتەوە بگوازرێتەوە بۆ قۆناغی کۆمەڵگەی مەدەنی.

ئەگەرچی ئەم بیرۆکەیەی سەرەوە پێچەوانەی چەمکی هیگڵییە بۆ گەیشتن بەئاستی دروستکردنی دەوڵەت بەڵام دیارە ئێمە دەمانەوێت مامەڵە لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردیدا بکەین و بەو پێیە چەمکەکانی کۆمەڵناسی لێک بدەینەوە کە خۆیان هەن، بەڵام ئەوەی لەگەڵ شێوازی گەشەی کۆمەڵگەی کوردەواریدا نەگونجێت بەزۆر نەیسەپێنین بەسەریدا، بەڵکو تایبەتمەندی خودی کۆمەڵگەی کوردەواری بەهێند بگرین و بەو پێیە ئاخاوتنی لەسەر بکەین. لە هەمان کاتدا پێویستە ئاماژەش بۆ ئەوە بکەین کە شێوازی گەشەی کۆمەڵگەی کوردەواری و چۆنیەتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەگەڵ هەندێک لەو پێناسە و بۆچوونانەدا یەک دەگرنەوە کە بۆ دەوڵەت کراون. بۆ نموونە دەوڵەت لای هۆبز درێژکراوە و بەردەوامێتی دەسەڵاتی باوکە کە چۆن بەسەر ئەندامانی خێزانەکەیدا ئەو دەسەڵاتە فەرز دەکات، ئەوەتا هۆبز خۆی دەڵێت: دەسەڵاتی فەرمانڕەوا بەرزترین دەسەڵاتە و جێگیر و پێکەوە گرێدراوە ئەویش لە ئەنجامی ئەوەدا دروست دەبێت کە هەر ئەندامێک بەخوایشتی خۆی واز لە دەسەڵاتی تایبەتی خۆی دەهێنێت[١٣].

ئەگەر سەرنج بدەین، لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەرچۆن لە پەیوەندی خێزاندا ئەندامانی خێزان بەخوایشتی خۆیان دەسەڵاتی باوکیان قبوڵە، بەهەمان شێوە دامەزراوە باڵاکانی تری

وەکو خێڵ و عەشیرەتیش هەمان سیاسەتی تێدا پیادە دەکرێت و سەرجەم ئەندامانی خێڵ یان عەشیرەت دەسەڵات و بڕیاری سەرخێڵ یان شێخی عەشیرەتیان قبوڵە و لە پێناوی پشتگیری کردنی و پارێزگاری کردنیدا ئەندامان واز لە دەسەڵات و بگرە ئازادی تایبەتی خۆشییان دەهێنن، بەڵام ئەم حاڵەتە هەر لەو سنوورەدا ماوەتەوە، لەوە زیاتر گەشەی نەکردووە هەتا بگوازرێتەوە بۆ ئاستی بەدەوڵەت بوون لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا. دیسان ئەمەش دەمانگوێزێتەوە بۆ ئەو بۆچوونەی کە دەبێ کۆمەڵگەی کوردەواری لە ڕوانگەیەکی زۆر تایبەتمەندیەوە لێی بڕوانرێت. سەرباری ئەوەی کە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی لە باری دواکەوتوویی و هەڵوەشاوەییدا هاوبەشن. ئەوەتا ئیدوارد سەعید دەڵێت: ڕۆژهەڵاتییەکان لەگەڵ سەرجەمی ئەو گەلانەی تردا کە بەدواکەوتوو و هەڵوەشاوە و نا شارستانی و بەکەم عەقڵ دادەنرێن. لە سنووری ڕاهاتنیاندا بۆ حەتمیەتی ژیانی بایلۆژیانە و بەخۆدا شکانەوەی ئەخلاقی و سیاسی ئازار دەچەژن.

ئەمەش بەرەو خاڵێکی تر سەرنجمان ڕادەکێشێت ئەویش ئەوەیە تاکو ئێستە لە دید و بۆچوونی عەقڵیەتی ڕۆژئاواوە کە عەقڵیەتی ئۆرێنتالیزمە بەرامبەر بەڕۆژهەڵات، ڕۆژهەڵات پانتاییەکی نا شارستانی و هەڵوەشاوەی دواکەوتووە کە لە ئاستی عەقڵیشەوە ناتەواوی هەیە، هەر ئەمانەش وایان لێکردووە کە نەتوانێت بگاتە ئاستی ڕێنساس و لە حاڵەتی خۆلاواندنەوە و بەنێو خۆدا چوونەوە ڕزگاری نەبێت. جێگای خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە لە سەرەتای دروستبوونی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەوە هەموو ئەو کۆمەڵگە دیارانەی کە لە قۆناغێکی دیاریکراودا شارستانێتیان بەرهەم هێناوە و ئامادەبوونی خۆیان سەلماندووە پێشتر لە قۆناغی سەرەتاییدا بوون، بەڵام لە ڕەوتی بەرەو پێش چوون و گەشەی ناوکۆیی خۆیاندا گەیشتوونەتە ڕۆحی ڕەهای کۆمەڵگە[١٤]. واتە دەوڵەتیان دروست کردووە، ئەوەتا کلاستەر دەڵێت: هەموو گەلێکی شارستانی پێشتر هەمەجی بووە[١٥]. بەڵام بەپێی بەرەو پێشەوە چوونی ژیان قۆناغی هەمەجیەتی بەجێ هێشتووە و توانیویەتی بگاتە ئاستی شارستانی بوون. دیارە کوردیش وەکو کۆمەڵگەیەک ئەگەرچی تاکو ئێستە نەگەیشتۆتە قۆناغی شارستانی و کۆمەڵگەی مەدەنی بنیاتنانەوە، بەڵام شتێکی بەڵگە نەویستە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان دەگاتە ئاستی بەدەوڵەت بوون و شارستانی بنیات دەنێت. بەڵام ئەوەی جێگای قسە لەسەر کردنە ئەوەیە کە کۆمەڵگەی کوردەواری لە ڕابردوودا نە لەسەر شێواز و چەمکی خەلدونی توانیویەتی بگاتە ئاستی بەدەوڵەت بوون، نەلەسەر شێواز و چەمکی مارکسی لە ڕێگای گەشەی بۆرژوای نەتەوەییەوە توانیویەتی



بگاتە ئاستی دروستکردنی دەوڵەت نە لەڕێگای ئایینەوە نە لەڕێگای دەرکەوتنی باوکی ڕۆحیەوە. کەواتە دەبێ لە دوای دۆزینەوەی دەروازەیەکی نوێ بگەڕێین بۆ گەیشتن بەئاستی بەدەوڵەت بوونی کورد. دەوڵەت ئەگەرچی لەسەرەوە چەند پێناسەیەکمان بۆ هێنایەوە، بەڵام بەتێڕوانینی من دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی جیاوازە لە دەوڵەتی ڕۆژئاوایی ئەویش لە ڕوانگەی شێوازی پێکهاتن و بنیاتی پێکهاتنەوە. کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی وەک لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد لە ڕوانگەی شیکردنەوەی کۆمەڵایەتییەوە کۆمەڵگەیەکی سەرەتاییە. پەیوەندییەکانیش ڕەنگدانەوەی ئەو بارە دواکەوتووەن. دەوڵەتیش دەرئەنجامی ئەو پەیوەندییانەیە سەرباری پێکەوە کارکردنی هەردوو بنەمای (دەمارگیری و ڕۆح).

ڕۆژهەڵات بەگشتی جوگرافیا و بوارێکی فراوانە بۆ کارکردنی ڕۆح. مەبەستیشمان لە ڕۆح ئەو پانتاییە فراوانە پەی پێ نەبراوەیە کە بەشێکی گەورەی لە بوونی مرۆڤ داگیرکردووە و ڕاستەوخۆ دەیبەستێتەوە بەهێزێکی باڵای نادیارەوە کە هێزی باڵای یەزدانە. هەر لێرەوە دەتوانین بڵێین ڕۆژهەڵات ئەو پانتاییە جوگرافیەیە کە هەمیشە بوونی یەزدان لە کۆنەپەرستی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەیدا ئامادەیە و مرۆڤ زیاتر لە هەر هێزێکی تر خۆی دەسپێرێتە پشت و پەنای یەزدان، بۆیە ناشێت دوور لە باسی مەسەلەی ڕۆح باسی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی و چۆنیەتی ئاستی عەقڵی و پێشکەوتنی بکرێت.

هیگڵ ڕای وایە: مێژوو نیشاندانی ڕۆحە، گەوهەری ڕۆحیش لە سەربەستی دایە، مێژووش لەسەر بنەمای جوڵەی بەرەو پێشەوە چووی هەست بەسەربەستی کردن دەگاتە ئەنجام[١٦]. ئەمەش گەوهەری لێکدانەوە و تێڕوانینی هیگڵە بۆ ئەوەی کە ناوی دەبات بەمێژووی گشتی و پاشان پێی دەڵێت مێژووی مرۆڤایەتی، واتە بەرزترین ئاستێک کە کۆمەڵگە لە گەشەی کۆمەڵایەتی خۆیدا پێی بگات. مەبەست لە مێژووی گشتیش ئەوەیە کە: ڕۆح بەئاشکرا و بێ ملدان بۆ دەسەڵاتی هیچ هێزێک نمایشی خۆی دەکات[١٧]. هەر لێرەوە دەبێ لەوە تێبگەین کە عەقڵ بریتییە لە دەربڕینی ئاستی باڵای ڕۆح، بەمانایەکی تر دەبێت عەقڵ حوکمی مێژوو بکات، سەرجەمی ئامانجەکانی ڕۆحیش لە مێژوودا بەدی دێت و دەگاتە ئاستی خۆناسین و تێگەیشتن لە خۆی و سەردەرکردن لە ماهیەتی خۆی: ئەوەش لە گەیشتن بەقۆناغی دروستبوونی دەوڵەتدا دەگاتە ئەنجام[١٨]. دەوڵەت وەک ئاماژەمان بۆ کرد بەرزترین ئاستە کە کۆمەڵگە لە گەشەی خۆیدا پێی دەگات، ئەمەش خەیاڵمان بۆ لای ئەو بۆچوونەی هێربێرت مارکوز دەبات کە پێی وایە مێژووی جیهان جگە

له بەرەوپێشەوەچوونی هەست بەسەربەستی کردن هیچی تر نییە. دەوڵەتیش بریتییە له سەربەست[١٩]ی لێرەدا لەگەڵ ئەو بۆچوونەی سەرەوەدا یەک دەگرینەوە چونکە ئەگەر سەرنجی کۆمەڵگەی کوردەواری بدەین دەبینین بەئاشکرا کۆمەڵگەیەکی ئازاد نییە، هۆکاری سەرەکیش ئەوەیە کە کورد خاوەنی دەوڵەتی خۆی نییە، هەتا نەشبێتە خاوەن دەوڵەت ناتوانێت گوزارشت لە خودی خۆی بکات، هەر کەینوونەیەکیش توانای گوزارشت لە خۆکردنی نەبێت ناتوانێت پێ لەسەر پێویست بوون و بەدەستهێنانی سەربەستی دابگرێت. هەروەک برتراند ڕەسڵ دەڵێت: سەربەستی چەمکێکی خراپ (نێگەتیڤ) نییە، بەڵکو دەبێت ببەسترێتەوە بەبنەمایەکی یاساییەوە، لەوەشدا ناشێت لەگەڵ هیگڵ یەک بگرینەوە چونکە ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە لە هەر شوێنێ یاسا هەبێت سەربەستیش هەیە[٢٠]. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بەرزترین ئاستێک کە کۆمەڵگە بیگاتێ سەربەستییە، سەربەستیش تەنها بەبوونی دەوڵەت دەگاتە ئاکام، دەوڵەتیش ڕۆحی ڕەهای کۆمەڵگەیە. هەر لێرەوە ئاشکرا دەبێت کە لە تێڕوانینی هیگڵدا ڕۆح ڕۆڵی کاریگەر دەبینێ تا ئەو ئاستەی پێ داگرتن لەوەی کە ڕۆح بزوێنەری مێژووە، دیارە چەمک بەستنی ئەم تێڕوانینە بەندە بەجیهانبینیی فەلسەفیی هیگڵەوە کە وای دەبینێت دیالکتیک بەبوون و پاشان بەماهیەت دەست پێ دەکات و ئەنجا دەبێتە باری لێکدراوی نێوان بوون و ماهیەت و بەوەش دەڵێت فیکرەی گشتی کە دواتر لە شێوەی فیکرەی ڕەهادا دەردەکەوێت کە ئەویش بوونی سروشتە. هەر لەسەر بنەمای فیکرەی ڕەهای فەلسەفەی هیگڵ لەسەر سروشت و ئەودیو سروشت (فیزیک و میتافیزیک) دەردەکەوێت. سروشتیش هەردەم لە جوڵەدایە. کاتێ باسی جوڵە دێتە ئاراوە دەبێ کات و شوێن دیاری بکرێن. لەگەڵ دیاریکردنی کات و شوێندا دژایەتی و یەکتر تەواوکردنیش لە نێوانیاندا دەردەکەوێت. لەسەر بنەمای بوونی کات و شوێنیش مادە دەردەکەوێت کە مادەش دەرکەوت بەبێ ڕۆح بوونی نییە. کەواتە ئێستە کۆمەڵگە پێکهاتەی مادیانەیە لە ڕوانگەی هیگڵەوە دەوڵەتیش ڕۆحی ڕەهای کۆمەڵگەیە، واتە ئەگەر کۆمەڵگەیەک نەگەیشتبێتە ئاستی پێکهێنانی دەوڵەت واتە تەنها لە ڕووی مادیەوە هەیە بەڵام یان ڕۆحێکی لاوازی هەیە یان هەر ڕۆحی نییە. ڕۆحی لاوازیش دەشێ لە کۆمەڵگەیەکی وەکو کۆمەڵگەی کوردەواریدا بدۆزرێتەوە کە لە بری دەوڵەت میرنشینی دروست کردووە.

دیارە سەرباری تێڕوانینی یەک لایەنەی هیگڵ بۆ دەوڵەت بەبێ جیاوازی کردنی کۆمەڵگە جیاوازەکان، هێشتا ناکرێت چاو لەو ڕاستییە بپۆشین کە تاکو ئێستە تێڕوانینی



هیگڵ بۆ دەوڵەت لە ڕووی سۆسیۆلۆژییەوە جێگای دیاری هەیە و لە تێڕوانینی ئەنترۆپۆلۆژیستەکانی وەکو (هۆبز) حیسابی بۆ دەکرێت، ئەویش لەبەر ئەوەیە کە چەمکی هیگڵی و تێڕوانینی هیگڵ بۆ دەوڵەت ڕاستەوخۆ بەندە بەژیانی کۆمەڵایەتییەوە بەپشت بەستن بەچەمکی ڕۆح وەکو ماهیەت و لە هەمان کاتدا بزوێنەری مێژوو یان بەشێوەیەکی دی لە ڕوانین بۆ ڕۆح لە شێوەیەکی بەرفراوانتردا کە ئەویش ڕۆحی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیە و لە ناوەوە کۆمەڵگە دەجوڵێنێت. بەگەیاندنی بە بەرزترین ئاستی کە ئەویش دەوڵەتە. واتە جوڵاندنی کۆمەڵ بۆ گەیشتن بەپلەی ڕەهای ڕۆحی کۆمەڵگە بەڵام وەکو ئاماژەمان بۆ کرد هۆبز تێڕوانینێکی تری بۆ دەوڵەت هەیە کە جیاوازە لەوەی هیگڵ و پێی وایە: دەوڵەتی ئاسایی بریتییە لە بەردەوامبوونی دەسەڵاتی باوک کە درێژ دەبێتەوە بۆ خێزان و لقەکانی، ئەمەش هەمان شێوەی دەوڵەتی خێڵایەتییە لای ئیبن خەلدون کە تیایدا کوڕ و خزمان بەدوای باوک یان ئەو سەرۆکە بەهێز و بەتوانایەدا دەڕۆن کە توانای پاراستنی خێڵ (عەشیرەت)ی لە دەستی کەسانی تر هەیە[٢١]. هەروەک هۆبز جۆرێکی تریش لە دەوڵەت دیاری دەکات کە لە ئەنجامی هاوپەیمانێتی فەرمانکراو و فەرمانڕەواوە دروست دەبێت و پێویستی تەواویش بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوانیان لە ڕێگای دەستوور و عورفەوە دەبێت کە دەوڵەت ناشێت پیادەی چالاکییەکانی بکات تەنها لە ڕێگای ترساندن و ئارەزوو پێ پەیداکردنەوە نەبێت. ئەوەی بەگوێرەی هۆبز گرنگە ئەوەیە کە سەرچاوەی دەسەڵات لە کۆتاییدا ملکەچ کردنە بۆ یاسا یان بۆ کەسی فەرمانڕەوا یان هەردووکیان پێکەوە، واتە دەوڵەت بەبێ ملکەچکردن و پەیڕەوکردن بوونی نییە[٢٢] . لەم بۆچوونەی سەرەوە بەتەواوی ئاشکرا دەبێت کە جیاوازییەکی تەواو لە نێوان بۆچوونی هیگڵ و هۆبزدا هەیە بۆ دەوڵەت. ئەوەی لای ئێمە گرنگە ئەوەیە داخۆ لە ڕوانگەی هەریەکە لەم بیرمەندانەوە بۆ دروستبوونی دەوڵەت، کورد بۆچی نەیتوانیووە دەوڵەت دروست بکات؟ وەک پێشتر گوتمان لە تێڕوانینی هیگڵیانەوە کورد وەک مادە ڕۆحێکی زیندو و چالاکی نەبووە هەتا بگاتە ئاستی ڕەها، بەڵکو ڕۆحێکی لاوازی هەبووە و لە قۆناغەکانی گەشەی خۆیدا توانیوویەتی لە بری دەوڵەت میرنشین دروست بکات.

ئەگەر پشت بەچەمکی هۆبزیش ببەستین ئەوا بۆمان دەردەکەوێت دەسەڵاتی باوک یان سەرۆکی خێڵ و عەشیرەت لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا لەو ئاستەدا نەبووە کە بتوانێت ئەندامانی ڕەعیەتەکەی (خێزان، خێڵ، عەشیرەت) لە دەستی کەسانی تر بپارێزێت، بەواتا سیستەمی خێڵایەتی لە ئاستێکی پێگەیشتنی ئەوتۆدا نەبووە کە سەرخێڵ توانای

ئەوەی هەبوو بێت قەوارەی خێڵ بەیەکگرتوویی بهێڵێتەوە لە مەترسی دەرەکیش بیپارێزێت هەتا لە ئەنجامی بوونی کەسایەتییەکی بەهێزی خێڵدا، سیستەمی دەوڵەتی خێڵ پێک بهاتایە.

لە لایەکی تریشەوە فەرمانڕەوایی خێڵایەتی کوردی لەبەر ئەوەی لاواز و بێ توانا بووە، ئەگەر ویستبێتی دەسەڵاتی خۆیشی بەکار بهێنێت ئەوە لە ڕێگای زەبر و زەنگێکی توند و تیژەوە هەوڵی سەپاندنی داوە و، ڕەعیەت بەخوایشتی خۆی وەهای لێ نەهاتووە هەست بکات پێویستی بەبوونی سەرخێڵ یان ئاغا و بەگ و شێخ هەیە. هەر لە ئەنجامی ئەو زەبر و زەنگە توند و تیژەدا و لە ئەنجامی لاوازیی سەرخێڵدا هیچ یاسا و دەستوورێک لە سیستەمی خێڵایەتی کوردیدا دروست نەبووە کە ڕێکخستنی نێوان سەرخێڵ و ئەندامانی خێڵ نیشان بدات، بەڵکو تەنها یەک دەستووری تاک جەمسەری هەبووە کە بەپێی ئەوە سەرخێڵ فەرمانی کردووە و لە خوارەوە بەناچاری فەرمانەکەی جێبەجێ کراوە. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە سەرخێڵ نەیتوانیووە ڕۆحی خێڵ لە خۆیدا کۆ بکاتەوە و بەرەو ئاستێکی بالاتر بچێت کە بوون بەسەرۆکی دەوڵەتی خێڵایەتییە. هەڵبەت ئەوەش لە سیستەمی خێڵایەتیدا لە ئەنجامی پێکهاتنی فیدراسیۆنی خێڵەکانەوە دروست دەبێت، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە لە مێژووی کورددا فیدراسیۆنی خێڵەکان پێک نەهاتووە، هەتا لە ئەنجامی پێکهاتنی ئەو فیدراسیۆنەدا دەوڵەتی خێڵ دروست ببوایە. ئەم خاڵە لێرەدا بەجێ دێڵین چونکە دواتر دەگەڕێینەوە سەری.

هیگڵ بۆ دروستبوونی دەوڵەت ڕێبازێکی مێژوویی پێشبینی کردووە کە ئەویش ئەڵقەی یەک بەدوای یەک پێکدێنێت کە پلەی جیاوازی گەشەی کۆمەڵایەتی و لە هەمان کاتدا پلەی جیاوازی هەست بەسەربەستی کردن دەنوێنێت. دوا قۆناغیش کە بەلای ئەوەوە گەیشتنە بەئاستی دروستبوونی دەوڵەت ئەو قۆناغەیە کە تیایدا ڕۆح گەیشتۆتە ئاستی تەواوەتی پێکهاتن و لە خودی خۆی بەئاگایە و سەربەستی خۆی بنیات دەنێ و دەیسەلمێنێ واتە دوا پلە کە سەربەستییە بریتییە لە قۆناغی ئامادەبوون بۆ دروستبوونی دەوڵەت. هەروەک ئاماژەمان بۆ کرد بەچەمکی هیگڵی، دەوڵەت ڕۆحی ڕەهای کۆمەڵگەیە. لێرەوە ئەگەر سەرنجی زەمینەی کۆمەڵایەتی و مێژوویی گەلی کورد بدەین ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە تاکو ئێستا ڕۆحی کۆمەڵگەی کوردەواری پرۆسەی بڵندبوونی بەخۆیەوە نەدیووە، بڵندبوونێک کە گەیاندبێتی بەئاستی ڕەهابوونی هەمیشەیی. خۆ ئەگەر



لە مێژوودا باسی دەوڵەتی مید بکرێت و ئەوە بەپلەی ڕەهای ڕۆحی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی دابنرێت ئەوا کورد نەیتوانیووە بەردەوامی بەو حاڵەتەی ڕەهابوون بدات، بەڵکو هەرەسی هێناوە و ئەنجامیش ڕۆحی کوردی سەرکوتکراوە و ئازادی لە دەست داوە. لەدەستچوونی دەوڵەت بەگوێرەی هەر نەتەوەیەک مانای لەدەستچوونی ڕۆحی کۆمەڵایەتی ئەو نەتەوەیە.

ئێستە کورد لە پێش قۆناغی دروستکردنی دەوڵەتدایە. هەر لێرەوە ئەو پرسیارە سەر هەڵدەدات: ئایا ڕۆحی کوردی (عەقڵی کوردی) گەیشتۆتە ئاستی لە خۆ تێگەیشتن و پەی بردن بەماهیەتی خۆی و خۆ ناسین؟ کە ئەمانە بنەمای سەرەکین وەکو پێشینەیەکی ئامادە بۆ گەیشتنی ڕۆح بەدوا ئاستی کە سەربەستییە، ئەو سەربەستییەش تاکە حاڵەتە کە ڕۆحی کۆمەڵگە گوزارشتی خۆی لێوە بکات و دەوڵەتی تیا فۆرمەلە بێت. وەڵامی ئەم پرسیارە لێرەدا بەجێ دەهێڵین.

تێڕوانینی مارکس بۆ دەوڵەت بریتییە لە بڕینی چەند قۆناغێک تا گەیشتن بەئاستی دروستبوونی دەوڵەت هەر لە کۆمۆنەی سەرەتاییەوە دەست پێدەکات و تێکڕا لە کێشەی نێوان دوو چیندا خۆی دەبینێتەوە، ئەو چینەی خاوەنی هۆیەکانی بەرهەم هێنانە و ئەو چینەی هێزی بازوو دەفرۆشێ، بەڵام دوا پلە کە دەوڵەتی نەتەوەیی تیا دروست دەبێت وەکو پێکهاتەیەکی شارستانی کۆمەڵگەی بۆرژوازییە کە ئەمەیان بەرامبەر بەقۆناغی گەیشتنی ڕۆحە بەسەربەستی لە تێڕوانینی هیگڵەوە، بەڵام جیاوازی گەورە ئەوەیە لای مارکس بزوێنەری مێژوو کێشەی چینایەتی و فاکتەری ئابوورییە و گۆڕینی پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان وەکو ژێرخانی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی فۆرمەلەبوونی دەوڵەت وەکو یەکەیەکی شارستانی - ڕامیاری کار بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە دەگرێتە ئەستۆ و کەسێتێکی سەربەخۆی سیاسی و سەربازی و ئابووری دەبێت. بەڵام لای هیگڵ بزوێنەری مێژوو هێزی نادیاری غەیبانیەتە کە لە ڕۆحدا خۆی دەبینێتەوە. دیارە هەر لەسەر بنەمای ئەو چەمکە بۆچوونەیە کە ئابووری بزوێنەری مێژووە لە تێڕوانینی مارکسیانەوە مێژووی مرۆڤایەتی بەململانێی نێوان چینەکان دادەنرێت، ڕۆحی ئەو ململانێیەش لە ڕاستیدا لە پێناوی دەسەڵاتدایە واتە دەوڵەت، کەواتە خەباتی چینایەتی لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە خەباتە لە پێناوی بەدەستگرتنی دەسەڵات ئەویش لە لایەن چینی کرێکارەوە واتە ئەو چینەی کە بەپێی بەرنامەی ئەو فەلسەفەیە کۆتایی بەزەبر و

زەنگ و چەوساندنەوە دەهێنێت واتە ئەم قۆناغەش هاوشانی گەیشتنی ڕۆحە بەبەرزترین ئاستی کە ڕەهابوونە واتە ئازادی.

ئەویش ئەو قۆناغەیە کە تیایدا کۆمەڵگە دەوڵەت دروست دەکات. لە هەردوو حاڵەتەکەدا واتە گەیشتن بەقۆناغی بەدەستگرتنی دەسەڵات و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە. بەڵام لە ڕوانگەی تێڕوانینی مارکسیانەوە تەنها چینی پرۆلیتاریا ئەو چینە کۆمەڵایەتییەیە کە ڕۆحی ڕەهای کۆمەڵگە هەڵبگرێت و بەرەو بڵندبوونی ببات و دەوڵەتی خۆی دروست بکات. جێگای خۆیەتی لەم ڕوانگەیەوە سەرنجی کۆمەڵگەی کوردەواری بدەین و بزانین لە کوێدایە، ئایا پرۆلیتاریاکەی توانای ئەوەی هەیە ڕۆحی کورد هەڵبگرێت و لە بەرزترین پلەدا دایبنێت کە دەوڵەتە؟ بێگومان کۆمەڵگەی کوردەواری لە ڕووی گەشەی کۆمەڵایەتییەوە بۆ ئەو ئاستە هیچ ئامادەبوونێکی نییە.

هەر بەو پێیەش پرۆلیتاریای کوردی سیما و خەسڵەتی کۆمەڵایەتی ئەوتۆی نییە کە بتوانێت بگاتە ئاستی نوێنەرایەتی کردنی ڕۆحی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردەواری واتە دەوڵەت، هەر لێرەوە دەکرێت بڵێین پرۆلیتاریای کوردی تەنها لە وەهمدا بوونی هەیە و لە واقیعدا چینێکی ونە یان غائیبە ئەگەر پێمان وابێت دەبێ ئەو چینە بێت و دەوڵەت دروست بکات. بەڵام هەر لەگەڵ ئەوەشدا مارکسیزم وای دادەنێت: کە دەوڵەت قۆناغێکی ڕاگوزارییە و بەبێ چەند و چوون لە قۆناغی کۆتایی هاتنی کێشەی نێوان هێزەکانی بەرهەم هێنان و هۆیەکانی بەرهەم هێناندا ئەمیش دەپوکێتەوە(٢٣). بەڵام کێشەی کورد ئەوەیە تاکو ئێستە ئەو ململانێ چینایەتییە لەو ئاستەدا نییە کە یەکێک لە چینەکان لە بەرامبەر چینی خاوەن هۆیەکانی بەرهەم هێناندا وەستابێت، ئەویش هۆکەی ئاشکرایە چونکە کورد وەکو نەتەوە خاوەنی دەزگای ئیداری و ئابووری سەربەخۆی خۆی نییە بەڵکو سیستەم و دەزگای ئیداری و ئابووری چەند دەوڵەتێکی داگیرکەر لە کوردستاندا کار دەکەن. هەر لێرەوە دەردەکەوێت کە خەباتی کورد لە بری خەباتی چینایەتی خەباتی ڕزگاری نەتەوەییە. کەواتە لەم ڕوانگەوە شێوەی گەیشتنی کورد بەئاستی پێکهاتنی دەوڵەت جیاوازە لەو شێوە سروشتییەی کە لە زانستی مارکسیزمدا باس کراوە کە ئەو چینەی خاوەنی هۆیەکانی بەرهەم هێنان بێت ئەو خاوەنی دەسەڵات دەبێت لە کۆمەڵگەدا و ئەو دەوڵەتی خۆی دروست دەکات، واتە ڕۆحی ڕەهای کۆمەڵگە لە وجودی ئەو چینەدا دەبێت. هەڵبەت ئەم حاڵەتە بۆ کۆمەڵگەی کوردی مایەی گومانە چونکە کورد لەم دەروازەوە لە



ڕابردوودا نەیتوانیووە بێتە ناو مێژووەوە و دامەزراوی دەوڵەت پێک بهێنێت. بۆ داهاتووش ناشێت کورد دەوڵەتی چینایەتی دروست بکات چونکە کێشەی چینایەتی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا لە سنووری ململانێی پەیوەندی و هۆیەکانی بەرهەم هێناندا ئەوەندە بەهێز نییە و دەشێ بڵێین لە ڕووی ئابوورییەوە کوردستان تاکو ئێستە کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی و شوانکارییە، سەرخانی ئەم قۆناغەی ژیانیش بریتییە لە ئایدیۆلۆژیای پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خێڵ لە جوگرافیای بەرتەسکدا بۆ لەوەڕگا و کشتوکاڵ.

لای هیگڵ بەرزترین قۆناغ لە ژیانی کۆمەڵگە دەوڵەتە وە بەدوای ئەوەشدا کۆمەڵگە لە حاڵەتی بڵندبووندا دەمێنێتەوە. لای مارکس دەوڵەتی پرۆلیتاریا دەپوکێتەوە و کۆمۆنەی دواین پێک دێت. بەڵام ئاماژەی کۆتایی هاتنی شێوە ئەرستۆیی لە چەمکی هیگڵی و مارکسیدا نابینرێت بۆ گۆڕانی دیالیکتیەکانەی مێژوو. ئەرستۆ لای وایە کە هەموو دیاردەیەک لە گەردووندا سەرەتا و لوتکە و کۆتایی هەیە. هەروەک بەو پێودانگەش شارستانێتی گریکی دەپێوا و ئەنجامیش دەگەیشتە قۆناغی هەرەس هێنانی. واتە لە تێڕوانینی ئەرستۆوە هەموو دیاردەیەک لە گەردووندا وەکو یەکەیەکی بایۆلۆژی سەیر دەکرا و نەوە بەدوای نەوەدا دێت، هەر لە شوێنی شارستانێتی گریکیدا شارستانێتی ڕۆم دروست بوو ئەمەش بۆتە پاڵپشتێکی بەهێز بۆ یارمەتیدانی ئەو بیرمەندانەی کە خۆیان بەڕێگا هەڵگری ئەرستۆ دەزانن و وای لێک دەدەنەوە شارستانێتی مرۆڤایەتی وەکو خودی مرۆڤ لە دایک دەبێ و گەشە دەکات و پاشان دەگاتە قۆناغی هەرەسهێنان، بەڵام لە جێگایدا یان لە شوێنانی تر شارستانێتی دروست دەبێت، کەواتە پرۆسەی بەرهەم هێنانی شارستانێتی بەردەوام دەبێت. لێرەوە ئەو پرسیارە سەر هەڵدەدات ئایا ئەگەر کورد شارستانێتی هەبووبێت لە ڕابردوودا بۆچی جارێکی تر نەیتوانیووە شارستانێتی بنیات بنێتەوە، ئایا ئەگەر دەوڵەتی مید دەوڵەتێکی تەواوی کوردی بووە بۆچی جارێکی تر کورد نەیتوانیووە دەوڵەت دروست بکات؟

باشە ئەگەر کورد لەو قۆناغەدا گەیشتبێتە بەرزترین ئاستی بڵندبوونی ڕۆحی کۆمەڵایەتی، ئایا ئەو ڕۆحە بڵندبووە دوای هەرەسی دەوڵەتی مید بۆ کوێ پاشەکشەی کردووە؟ بۆچی جارێکی دی خۆی نمایش نەکردۆتەوە؟ هەندێ بۆچوون هەیە یان دەشێ ئەو بۆچوونە ئەمڕۆ سەر هەڵبدات کە گوایە شارستانێتی سۆڤیەتی هەرەسی هێنا و ئەوەتا

توانای خۆ دروستکردنەوەی نییە. هیگڵ وای دەبینێ دەوڵەت ڕۆحی ڕەهای کۆمەڵگەیە و لە ئەنجامی گەیشتنی ڕۆح بەسەربەستیدا دەوڵەت دروست دەبێت و ناشێت لە دوای دەوڵەتەوە قۆناغێکی تر هەبێت تەنها جۆرێک لە بڵندبوونی ئاستی دەوڵەت نەبێت لە ڕووی هوشیارییەوە، ئەو بۆچوونەش هاوشێوەیە لەگەڵ کەلتووری مارکسیدا کە دوا قۆناغ کۆمۆنەی دواییە و دەبێ مێژوو بگات بەو خاڵە.

ئەگەر لێرەوە سەرنجی هەرەسی دەوڵەتی مید بدەین لە مێژووی کورددا ئەوە نە لە ئەنجامی گەشەکردنیدا لە ڕووی هوشیارییەوە خەسڵەتە سەرەتاییەکانی دەوڵەتی بەجێ هێشتو، نە دەوڵەتێکیش بووە بنەماکانی دامەزراوی دەوڵەتی وەکو کەلتوور بەجێ هێشتبێ و کورد ئێستە بۆی بگەڕێتەوە، واتە خۆ ناکرێت لە ڕوانگەی تێڕوانینی مارکسیشەوە مید هێندە دەوڵەتێکی گەشەسەندو بووبێت لە ئەنجامی گەشەی کۆمەڵگەی کوردیدا پوکابێتەوە.

دیارە ئەوە ئاشکرایە کە دەوڵەت هێمایەکی ڕاستەقینەیە، کۆمەڵگە مل کەچ دەکات بۆ دەستەی فەرمانڕەوا و لە سەرووی دەستە و دامەزراوی فەرمانڕەواییەوە بۆ تاکی فەرمانڕەوا کە ئەمەیان زیاتر شێوازی دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتییە، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پشت بەستن بەبۆچوونەکانی هیگڵ کە دەڵێت ڕۆحی ڕەهای کۆمەڵگەیە، ئەوە دەبێ بڵێین چار نییە دەوڵەت دوا چارەسەرە کە چاوەڕانی ئەوە دەکەین پێی بگەین، ڕەنگە لەگەڵ مارکسیش یەک نەگرینەوە کە گوایە دوا قۆناغ دەوڵەت دەپوکێتەوە، خۆ ئەگەر ئەوەش ڕوویدا ئەوە ناتوانین بڵێین پیادەکردنی دەسەڵات کۆتایی دێت چونکە ئەگەر دەوڵەت مومارەسەی پیادەکردنی دەسەڵات بکات و دەسەڵاتیش لە تێڕوانینی (فۆکۆ)وە لە هەموو چالاکییە جۆراوجۆرەکانی دامودەزگای کۆمەڵایەتیدا بەرهەم بێت ئەوە لە هەناوی هەموو دەزگایەکدا ماکی دروستبوونی دەوڵەت هەیە. ئەگەر بێت و لەم ڕوانگەیەوە دامودەزگای کۆمەڵایەتی لە شوێنی حزب دابنرێت. ئەگەرچی دەوڵەت لەسەر بنەمای زەبروزەنگ دروست بووبێت و دامەزراوێکیش بێت کەمتر مومارەسەی ئازادی لە سایەیدا بکرێت و بەچەندەها تۆڕ و داوی چڕوپڕ جەماوەر کۆنترۆڵ بکات و پیادەی دەسەڵات بکات بەسەریدا، بەڵام هێشتا کلاستەر باشی بۆ چووە کە دەڵێت: ناشێت تەسەوری کۆمەڵگە بەبێ دەوڵەت بکرێت. (٢٥) لە پشتی ئەم بۆچوونەی کلاستەرەوە کۆمەڵێ بیروبۆچوونی گرنگ دەربارەی ناسنامەی کۆمەڵگە ڕاوەستاون، ئەویش ئەوەیە کە کۆمەڵگەی بێ دەوڵەت



ناشێت بەکۆمەڵگەیەکی پێگەیشتوو دابنرێت. دیارە مەبەستمان لە کۆمەڵگەی بێ دەوڵەت ئەو کۆمەڵگەیەیە هێشتا نەگەیشتۆتە ئاستی پێکهێنانی دەوڵەت یان دەوڵەتی بۆ دروست نەبووە، نەک لە تێڕوانینی مارکسیزمەوە کۆمۆنەی دواینمان مەبەست بێت کە دەوڵەت پوکابێتەوە.

ڕەنگە ڕەخنەیەکی سەخت کە لە تیۆری کلاستەر بۆ دەوڵەت بگیرێت ئەوە بێت کە پەیوەندی بەچۆنیەتی پێکهاتنی دەوڵەتەوە هەیە لە کاتێکدا کلاستەر وای بۆ دەچێت دەوڵەت قەدەری هەموو کۆمەڵگەیەکە(٢٦). بەرئەنجامی هۆکارێکی لەناکاوە کە لە ئەنجامی ئەو ڕووداوەدا مرۆڤ خۆی دەست بەرداری ئازادی خۆی دەبێت و کۆیلایەتی بۆ دەوڵەت قبووڵ دەکات[٢٧]. لە ڕاستیدا ناکرێت بەو شێوە سادە و ساکارە لە هۆکارەکانی دروستبوونی دەوڵەت بڕوانرێت. ڕاستە مرۆڤ بەسروشتی ڕەنگە مەیلی مل کەچکردنی تێدا بێت و ئارەزووی ئەوەش بکات کە دەسەڵاتێک لەسەرەوە بەرپرسیار بێت لە هەموو جوڵە هەڵس و کەوتێکی و جۆرێک لە دڵنیایی پێ ببەخشێت بەڵام هێشتا ناتوانین بڵێین مرۆڤ دەست لە ئازادی خۆی هەڵدەگرێت و کۆیلایەتی پەسەند دەکات. دەشێ دەربڕینی ئەم بۆچوونەی کلاستەر ئەگەر لە ئاراستەیەکی ترەوە بۆی بچوایە دروست بووایە، ئەویش بەم شێوەیە. مرۆڤ لە ململانێی سەختی ژیاندا دابەش دەبێت بۆ خاوەن دەسەڵات و لاوازەکان، بەشی دووەم بەناچاری بۆ دەسەڵاتی لایەنی یەکەم مل کەچ دەکات کە بەژمارە کەمترن، لێرەوە مومارەسەی دەسەڵات دەست پێدەکات کە ئەوەش خانەی سەرەتایی دروستبوونی دەوڵەتە.

هۆی سەرەکی ئەم تێڕوانینەی کلاستەر بۆ دروستبوونی دەوڵەت ئەوەیە کە نەیتوانیووە لێکدانەوەی کۆمەڵایەتی وردی هەمە لایەنە بۆ دروستبوونی دەوڵەت بکات، بەڵکو تەنها پشتی بەڕێکەوت و توانای ناهۆشمەندانەی مرۆڤ بەستووە، ئەوەش چەمکە بۆچوونێکە کە گوتاری سیاسی - کۆمەڵایەتی فرێدەداتە پانتایی قەدەر و نادیار و سنووری بزربوونەوە. دیارە هەڵوێستی کلاستەر پێچەوانەی هەڵوێستی مارکسیانەیە بۆ گەشەی کۆمەڵگە و پەیوەندی سەرخان و ژێرخان و دەیەوێت ئەوە ڕەت بکاتەوە کە هۆکاری ئابووری دەبێتە هۆی فۆرمەلەکردنی سەرخان و دەوڵەتیش بەڕەنگدانەوەی یان بەرهەمی گەشەی ململانێی چینایەتی نازانێت. ئەوەتا دەڵێت، دەوڵەت بەشێک نییە لە سەرخانێک کە پاشکۆی ژێرخانی مادی کۆمەڵگە بێت بەڵکو دەگاتە ئەوەی بڵێت:

سیاسەت ئابووری دروست دەکات[۲۹]. هەر ئەم تەرزەبۆچوونە بووە کە زەمینەی بۆ ئەوە پێکهێناوە لێکدانەوەی لەو جۆرە بۆ تێڕوانینی کلاسەر بکرێت کە گوایە دروستبوونی دەوڵەت تاکە بەرهەم هێنی چینەکان و دەرکەوتنی کێشەی نێوانیانە. لە کاتێکدا مارکس وای دەبینێ کە مێژووی دەوڵەت، مێژووی چینی باڵای کۆمەڵگەیە. کاتێ کێشەی چینایەتی و کێشەی نێوان هێزی بەرهەم هێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان نامێنێت ئیتر دەوڵەت بەرەو قۆناغی پوکانەوەی دەچێت.

ئێمە چەمکی (هیگڵ)مان بۆ دەوڵەت وەرگرت لەو ڕەهەندەشدا ڕۆح بنەمای سەرەکی بوو کە ئەویش بەبێ سەربەستی نەدەبووە خاوەنی ماهیەتی تەواو. جا لێرەوە بەئاشکرا ئەوە دەردەکەوێت کە چەمکی هیگڵ بۆ دەوڵەت ڕاستەوخۆ پەیوەستی دنیای ئایدیالییە و لە گەوهەری ئاییندا خۆی دەبینێتەوە و زیاتر بۆ ڕۆژهەڵات و لێکدانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ڕۆحیەکانی دەگونجێت. بەتایبەتی ڕۆژهەڵات وەکو جوگرافیایەک کە ڕۆح کاری تێدا دەکات دەناسرێتەوە، لەبەر ئەوەشە کە دروستبوونی دەوڵەت لێرە ڕاستەوخۆ پەیوەستی ئەو پانتاییەیە کە ڕۆح تیایدا ماهیەتی بنەڕەتییە. ئەو پانتاییەش ئایینە، لێرەوە پەیوەندی بەهێزی نێوان ماهیەتی دەوڵەت و ئایین دروست دەبێت.

لە ڕۆژهەڵاتدا، لە تێڕوانینی هیگڵەوە دەوڵەت لە ئەنجامی گەشەی کۆمەڵگەوە دروست دەبێت بەپێی گواستنەوەی پەیوەندییەکان تا دەگاتە ڕۆحی ڕەهای کۆمەڵگە واتە خودی دەوڵەت. ئەویش لە خێزانەوە دەست پێدەکات و بەکۆمەڵگەی مەدەنیدا تێپەڕ دەبێ و ئەنجا دەگاتە ئاستی فۆرمەلەکردنی دەوڵەت. هەڵبەت لێرەدا سیانەی (خێزان – کۆمەڵگەی مەدەنی – دەوڵەت) دێتە کایەوە کە چەمکێکی هیگڵییە. ئێمە نامانەوێت لەسەر دروستی یان پراکتیک کردنی ئەم بۆچوونە بۆ کۆمەڵگەی گەشە ئاسایی بدوێین بەڵکو دەگەڕێینەوە بۆ کۆمەڵگە دواکەوتووەکان و لە بەر تیشکی ئەم بۆچوونەدا لەسەر بنەمای گەشە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەربارەی دروستبوونی دەوڵەت دەدوێین، پاشان لە دەروازەی ڕۆژهەڵاتەوە دەپەڕینەوە بۆ پاشکۆی ڕۆژهەڵات واتە بۆ کوردستان و دەربارەی بزوێنەری مێژوو و شیانی گەیشتنی کورد بەقۆناغی پێکهێنانی دەوڵەت دەدوێین. دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی خێزان یان دەوڵەتی بنەماڵەیە، خۆ ئەگەر زیاتر بەجیدی و وەکو ئەوەی هەیە بیناسێنین دەبێ بڵێین دەوڵەتی تاکە کەسە واتە فەرمانڕەوا. هەروەک ئەرستۆ دەڵێت: هەموو دەوڵەتێک دامەزراوی کەسانێکە کە بەتێڕوانینێکەوە



دامەزراوە بۆ مەبەستی چاکە(۳۰). واتە دامەزراوی دەوڵەت بەپێناسەی ئەرستۆیی چەند کەسێک پێکیدەهێنێت، نەک چینێکی کۆمەڵایەتی واتە گرنگیدان بەکاری تاکە کەسە. ئەم حاڵەتەش لە ڕۆژهەڵاتدا زیاتر ئاشکرا دەبێت ئەویش بەکاریگەری هۆکاری پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی و فاکتەری ڕۆحی لە ڕۆژهەڵاتدا کە هەردوو حاڵەتەکە خەسڵەتی (تاکێتی)یان هەیە نەک کۆمەڵایەتی و دەستە جەمی.

بەدرێژایی مێژوو دەسەڵات لە ڕۆژهەڵاتدا دەسەڵاتی تاکەکەس بووە ئیتر ئەو دەسەڵاتە لە سنووری خێزان، بنەماڵە، خێڵ یان عەشیرەت، میرنشین یان دەوڵەتدا بووبێت لەبەر ئەوە لە ڕۆژهەڵاتدا تەنها (تاکی) سەربەست دروست بووە کە ئەویش بەپێی دەزگای دەسەڵاتەکە کەسی یەکەمە واتە فەرمانڕەوایە. ئەم تاکە لە خێزاندا باوکە، لە خێڵدا سەرخێڵە، لە عەشیرەتدا شێخە و لە میرنشیندا میر و لە دەوڵەتیشدا سەرۆکی دەوڵەت هەروەک لە دامەزراوی ئایینیشدا کەسی یەکەمی ئەو دامەزراوەیە کە نوێنەری یەزدانە لەسەر زەوی. ڕۆژهەڵاتییەکان تێگەیشتوون تەنها یەک کەس ئازادە[۳۱]، سەربەستی لە ڕۆژهەڵاتدا تەنها بۆ کەسی یەکەمە، هەر لێرەشەوە ئاڵۆزییەک دەکەوێتە نێوان چەمکی هیگڵ بۆ دەوڵەت (ڕۆحی ڕەهای کۆمەڵگە) و تاکی سەربەستەوە کە خەسڵەتی کۆمەڵایەتی بوون لە کەسێتی فەرمانڕەوادا دەسڕێتەوە تاکە کەسی سەربەستیش هەمیشە بەدوای ویستە تایبەتییەکانیدا دەڕوات و سەربەست بوونی گوزارشت لە خودی خۆی ناکات و دەربڕینی عەقڵ نییە، بەوەی کە عەقڵ حوکمی مێژوو دەکات، هەر لەبەر ئەوەیە کە ناکرێت ئەو (تاکە) بەکەسێکی سەربەست دابنرێت بەڵکو ئەنجام دەبێتە دیکتاتۆر. خۆ ناشکرێت بڵێین دیکتاتۆر کەسێکی ئازادە. هەر ئەوەش وەهای کردووە لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی و سەرەتاییدا دیکتاتۆر بەئاسانی دروست ببێت.

ئێستە ئەگەر بمانەوێت پێناسەیەک بۆ دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی بدۆزینەوە دەبێ بڵێین: دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی بریتییە لە دامودەزگای بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە کە ناوەندی دەسەڵات لە سنووری خێزاندایە، واتە خێزانێک بەرنامەی بەڕێوەبردن دادەنێ و بڕیاری چۆنیەتی ئاراستەکردن و جێبەجێ کردنیشی دەدات. ئەمەش ڕووبەڕووی ئەو بۆچوونەمان دەکاتەوە کە ئەو سێ قۆناغەی هیگڵ بۆ گەیشتن بەدەوڵەت لە کۆمەڵگەی گەشە ئاسایی ڕۆژئاوادا دیاری کردوون، لە ڕۆژهەڵاتدا ناتوانرێت وەکو پێوانە بکرێت بەبنەما بۆ دروستکردنی دەوڵەت. لە کاتێکدا لە ڕۆژهەڵاتدا کۆمەڵگەی مەدەنی کە قۆناغی بەر لە دەوڵەتە،

دروست نەبووە. هەر لە ئەنجامی ئەوەشدایە کە گواستنەوە ڕاستەوخۆ لە خێزانەوە بۆ دەوڵەت ڕوویداوە و دەوڵەت لە سنووری قۆناغی یەکەمی کۆمەڵگەدا واتە (خێزان) بەر لە گەیشتن بەکۆمەڵگەی مەدەنی دروست بووە. لە ڕاستیدا هیگڵ لای وایە: دەوڵەت بریتییە لە ماهیەتی کۆمەڵایەتی کە گەیشتبێتە ئاستی خۆناسین کە تیایدا بنەمای خێزان و بنەمای کۆمەڵگەی مەدەنی کۆدەبێتەوە[٣٢]. لێرەدا دەکرێت لەسەر ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییە ئاخاوتن بکرێت کە لە ڕۆژهەڵاتدا دەوڵەتی بەرهەم هێناوە. بەڵام بەر لە هەموو شتێک دەبێ ئاگامان لەوە بێت کە قۆناغی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتدا بەو شێوەیە بەرجەستە نەبووە کە دەوڵەت لەوەوە دروست بووبێت. کۆمەڵگەی مەدەنی کۆمەڵگەی قۆناغێکی دیارە لە ژیانی کۆمەڵایەتییدا کە بەکۆمەڵگەی شار دەناسرێت لە ڕووی خەسڵەتەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بەڵام کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی سەرباری ئەوەی کە جۆرێک لە دەوڵەتی دروست کردووە، هێشتا سیما و خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی خێڵایەتی سیفەتی سەرەکییەتی. بۆیە وەرگرتنی هەمان سیانەی هیگڵ بۆ دروستبوونی دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتدا مایەی گفتوگۆیە و ئەنجامیش بەوە دەگات کە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی ڕاستەوخۆ لە خێزانەوە پەڕیوەتەوە بۆ دەوڵەت، ئەوەش هۆکاری سەرەکی دروستبوونی جیاوازییە لە نێوان دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی و دەوڵەتی ڕۆژئاواییدا. مادەم دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی لە خێزانەوە دروستبووە و کۆمەڵگەی مەدەنی لەو پانتاییە جوگرافیەدا نەگەیشتۆتە ئاستێک کە پێناسە بکرێت لەبەر ئەوە لە ڕۆژهەڵاتدا کاتێ باسی دەوڵەت دەکەین دەبێ پێکهاتەی خێزان و بنەمای دروستی ئەو پێکهاتە و چۆنیەتی بەبنەمابوونی بۆ یەکە فراوانەکانی تری وەکو بنەماڵە و خێڵ و عەشیرەت و پاشانیش دەوڵەت بزانین. هەر لێرەشەوە دەبێ شێوازی پەیوەندییەکانی نێو ئەم یەکە کۆمەڵایەتیانە تێبگەین کە سەرچاوەکەیان پەیوەندی خێزانە، لەم یەکەیەشدا پەیوەندییەکانی خوێن و دەمارگیری پێش پەیوەندییە ئابووریەکان دەکەون. لەم ڕوانگەیەوە دەبێ سەیری دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی بکەین کە بریتییە لە گەورەبوون و بڵندبوونی سیستەمی پەیوەندی باوکسالاری واتە دەسەڵاتی فەرمانڕەوای دروست کردووە.

کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی تاکو ئێستە لە ڕوانگەی گەشەی کۆمەڵایەتییەوە سەرباری چەندین شارستانێتی مەزن لە مێژوودا کە بەرهەمی هێناوە لە ڕیزی کۆمەڵگەی ژمارە دوودا دادەنرێت و دەشێ هەندێ جار بەکۆمەڵگەی دواکەوتوو یان سەرەتایی ناو دێر بکرێت. کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی تاکو ئێستا لە ڕووی گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکانی



پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە لە سنوورێکی داخراو و لە قاڵبدراودا ماوەتەوە. بەتێکڕا لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیدا تێکەڵاوییەکی ئاڵۆز لە پێکهاتەی کۆمەڵگەدا هەیە. قۆناغەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی لێکتر ئاڵاون و سنوورێکی جیاکەرەوە لە نێوانیاندا بەئاشکرا نابینرێت. بەمانایەکی دی هەر قۆناغە خەسڵەت و سیمای بنەڕەتی خۆی هەڵنەگرتووە. هۆی ئاشکرای ئەوەش بەندە بەچۆنیەتی گەشەی ژێرخانی کۆمەڵایەتییەوە لەگەڵ پەیوەندییەکانی بەرهەم هێناندا.

ڕۆژهەڵات ئەو پانتاییە جوگرافییە فراوانەیە کە ناکرێت بەش بەحاڵی مانەوەی لە جوغزێکی داخراودا لە ڕووی بەرەو پێشەوە چوون و گۆڕینی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە بەوێنە و هەمان پێوەدانگی ڕۆژئاوا لێی بڕوانین. لە کاتێکدا مێژوو لە ڕۆژئاوا مێژووی (تاکی) خاوەن وجود و شارستانێتی خاوەن ناسنامەیە. لە ڕۆژهەڵات مێژوو، مێژووی خێڵی بێ مێژوو و کۆمەڵگەی تێکەڵ و پێکەڵە و، شارستانیەت ئەو هێمایانەیە کە تەنها لە سنووری یادوەریدا و لە دەروازەی یادکردنەوەوە مرۆڤ بۆیان دەگەڕێتەوە.

یاسا تاکو ئێستا یاسای چیا و تاکی فەرمانڕەوا و فەرمانڕەوای هەر خۆ سەربەست و دەستوور و شەریعەتی ئایینییە یان خواستراوە بەبێ ئەوەی بتوانرێت وەکو ئەوەی پێویستە کاری پێ بکرێت بەتایبەتی ئەو یاسا و دەستوورانەی کە بەرهەمی کۆمەڵگەی شارستانی ڕۆژئاوان وەکو سەرخانێک دەخوازرێن بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە لە لایەن ئەو دەزگا باڵا دەستەوە لە کۆمەڵگەدا کە پێی دەوترێت دەوڵەت. بەمانایەکی تر لە ڕۆژهەڵاتدا تاکو ئێستا یاسای (هەر من هەم و کەسی تر نییە و بۆ ئەوەی من هەبم پێویستە کەسی تر نەبێت) کار دەکات. سەرجەم پێوەندیە کۆمەڵایەتی و ئیدارییەکان لەسەر بنەمای ئەم ستراتیژە دروست بوون. دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتدا بڵندترین دامەزراوە کە پیادەی ئەم بەرنامەیە دەکات، واتە دەوڵەت ئەو ئاستەیە کە تیایدا تاکی یەکەم دەتوانێت پیادەی ڕەهای خودی خۆی بکات، سەربەستی تەنها بۆ ئەو هەیە، ئەو تاکە کەسێکە کە لێپرسینەوەی نییە، ئەو نوێنەری خودایە لەسەر زەمین واتە شەرعیەتی ڕەهای هەیە بۆ پیادەکردنی هەرچی مەیلی لێی بێت. ئەمەش ڕێگا خۆش دەکات بۆ ئەوەی تاکی فەرمانڕەوا بەپێی ویست و ئارەزووی خۆی هەڵسوکەوت بکات. ئەوەش شکستی ئەو سەربەستییەیە کە ڕۆح تیایدا دەگاتە دوا پلەی، واتە لەم حاڵەتەدا ڕۆح ناگاتە دوا پلەی و مادەی سەربەستی نابێتە ئەو خاسیەتە گشتییەی سیمای کۆمەڵایەتی بوون وەربگرێت.

بەم پێیـەش لە دەوڵـەتی ڕۆژهەڵاتیـدا لەبەر نەبوونی سـەربەسـتی وەک خـەسـڵـەتێکی کۆمەڵایەتی ڕۆح ناگـاتە دوا پلە یان پلەی ڕەها کـەواتە خودی دامـەزراوی دەوڵەت ڕۆحی ڕەهای کـۆمەڵگە نییـە لە ڕۆژهەڵاتدا، بەڵکو ڕۆحی ڕەهای تاکی فـەرمـانڕەوایە. ئەمـەش ئەوە دەگـەیەنێت کـە ڕۆح ناگـات بەئاسـتی ڕەها، هەر ئەم بۆچوونەش هاوشـانە لەگـەڵ بیـرۆکەی هەرەسـهێنانی چەمکی سـیانەی هیگڵـدا بۆ گەیشتن بەدەوڵەت واتە (خێـزان، کۆمەڵگەی مەدەنی، دەوڵەت) لە ڕۆژهەڵاتدا کە دەوڵەت ڕاستەوخۆ لە خێزانەوە دروست بووە و بەکۆمەڵگەی مەدەنیدا تێپەڕ نەبووە. بەواتا لە گەشەی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیدا ئەڵقەیەکی ونبوو هەیە. ئەو حاڵەتی ون بوونەش جەستەی پێکهاتەکەی شێواندووە و لە بارێکی سروشتیدا نییە.

لە مێژووی دێرینی ڕۆژئاوادا گەرچی لەگەڵ دروستبوونی دامودەزگای دەوڵەتدا بەر لە هاتنی ئەفلاتۆنیش باسی دیموکراتی کراوە، بەڵام دەوڵەتی گریکی و دوای ئەویش دەوڵەتی ڕۆمانی زیاتر لەسەر بنەمای کۆمەڵگەی خێڵایەتی و پرنسیپی ئایینی دروست بوون، بەڵام دیارە ئەو پەیوەندییــە ڕۆحی و نەژادیانەی کــە دەوریان بینیــووە لە پێکهــێنانی ئەو دەوڵەتانەدا جیاواز بوون لەوەی ئێستـا باسی دەکەین و هەستی پێ دەکەین. لە بارەی پێکهاتەی دەوڵەتی گریکەوە ئینجلس دەڵێت: دەوڵەتی گریک ڕاستەوخۆ و زیاتر لە هەر هۆکارێکی تر لە ناکۆکی هەڵایساوی چینایەتی لە نێو کۆمەڵگەی خێڵایەتییەوە دروست بووە(٣٣). هەروەها دەوڵـەتی ڕۆمـانیش دیسـان هەمـان ڕەگ و ڕیشـەی خـێڵایەتی هەبوو. لێرەوە دەردەکەوێت کە بنەمای خێڵایەتی لە مێژووی کۆندا لە ڕۆژئاواش دەوری سەرەکی بینیووە لە پێکهێنانی دەوڵەتدا، ئێمـە نازانین ئایا جیـاوازی هەبووە لە نێوان شێـوازی کارکردنی بنەماکانی خێڵایەتی لە پێکهێنانی دەوڵەتدا لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات یان نا؟ بەڵام ئەوەی گـرنگە ئەو کـەلتـوورە واتە خـێڵایەتی لە هەردوو لا کـاری کـردووە و دەوری سەرەکی بینیووە لە گەیاندنی کۆمەڵگە بەرۆحی ڕەهایدا.

دەربارەی دەوڵەتی ڕۆم جارێکی تر ئینجلس دەڵێت: لە ڕۆما کۆمەڵگەی خێڵایەتی گۆڕا بۆ کۆمەڵگەی ئەرستۆکراتی داخراو کە چینێکی زۆری نەزان و نەخوێندەوار و بێ بەش لە مـاف دەوریان دابوو، ئەمـانە لە دەوری چینی ئەرستـۆکـرات بوون و ئەرکـیان ئەنجامـدانی کارەکانی سەرشانیان بوو، بەڵام بەربڵاوی ئەم چینە سیستەمی خێڵەکانی کۆنی هەرەس پێ هێنا و لە جـێگایدا ئیـمـپـراتۆری ڕۆم دروست بوو(٣٤). هەروەک ئاشکرایە دەوڵەتی



جێرمانی لە ئەنجامی ئەوەدا دروست بوو کە دەوڵەتی ڕۆم نەیتوانی دەسەڵاتی تەواوەتی بکات بەسەر ئەو ڕووبەرە بەرفراوانەی زەوی و جوگرافیای خێڵەکاندا کە خستوویەتیە ژێر ڕکێفی خۆیەوە بۆیە لە جێگایدا دەوڵەتی جێرمانی دروست بوو. کەواتە لێرەوە ئاشکرا دەبێت کە سیستەمی پێکهاتنی دەوڵەت لە مێژووی کۆنی ڕۆژئاوادا زیاتر لە ئەنجامی ململانێ و هەرەس پێ هێنانی سیستەمی خێڵایەتییەوە بووە. لە کاتێکدا لە مێژووی نوێدا زیاتر چینێکی کۆمەڵایەتی یان حزبێک ئەو ئەرکەی لە ئەستۆ گرتووە واتە ڕۆحی ڕەهای کۆمەڵگەی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە، هەر وەک گرامیشی ئاماژەی بۆ دەکات: هەر حزبێک لە هەناویدا (مناڵدانیدا) کۆرپەلەی دەوڵەتێکی هەڵگرتووە بەڵام لە ڕۆژهەڵاتدا تاکو ئێستەش قسەکردن لەسەر حزب جێگای گفتوگۆ لەسەرکردنە لەو ڕوانگەیەوە ئایا پێکهاتەی حزبی لە ڕۆژهەڵاتدا دروست بووە یان ئەوەی ناوی حزبی لێنراوە گواستنەوەی بنیاتی حزبی ڕۆژئاواییە یان ئەوەی ناومان ناوە حزب هەر پێکهاتەی دەزگای خێڵایەتی ڕۆژهەڵاتییە و سیما و ڕوخساری جوان کراوە؟ ئەگەر ئێمە لە بەرامبەر پێناسەکردنی حزبدا لە ڕۆژهەڵات لە گوماندا بین دیارە خودی ئەو دەوڵەتە کۆرپەلەی کە باسمان کرد دەکەوێتە بەردەم گومـانەوە. لێرە حزب لە سنووری پەیوەندی خێڵ دەرناچێت. ئایا دەکرێت ئەو پێودانگە بگۆڕین و بڵێین هەموو خێڵێک لە مناڵدانیدا کۆرپەلەی دەوڵەتی هەڵگرتووە؟ کەواتە لێرەدا ئەگەر بتوانین ئەم ڕایە بچەسپێنین ئەوا دەبێ بڵێین ئەو کۆرپەلە کە ڕۆحی ڕەهای کۆمەڵگەیە. دەبێ هەموو دەزگایەکی حزبی یان خێڵایەتی پێی ئاوس بێت. بەڵام بەگوێرەی کوردستـان بەتێڕوانینی ئێمە مەسەلەکە جیاوازی هەیە چونکە کوردستـان کـۆمـەڵگەیەکی ئاسـایی ڕۆژهەڵاتی نییــە، هەر بۆیە نە دامـەزراوی خـێڵایەتی هەمـوو سیفەتەکانی دامەزراوی خێڵایەتی هەیە، نە دەزگای حزب هەموو سیفەتەکانی حزبی هەیە. هەر بەو پێیـەش هیچ کـام لە حزب و خـێڵی کوردی کـۆرپەلەی دەوڵەتیـان لە هەناویاندا هەڵنەگرتووە.

خـێڵ لە مـێژووی خـۆیدا لە دوای دەوڵەتی میـدەوە لە بری کـۆرپەی دەوڵەت کـۆرپەی میرنشینی هەڵگرتووە لە کوردستاندا. لە مێژووی نوێدا خێڵی کوردی ئەو توانایەشی لە دەست داوە. حزبی خێڵایەتی لە کوردستاندا کە ئەلتەرناتیڤی خێڵە هەمان جێگای خێڵی گرتۆتەوە بەهەندێ گۆڕانکاری ڕووکەشەوە و لە بری کۆرپەلەی دەوڵەت کۆرپەلەی ئیفلیجی (لامـەرکـەزی، ئۆتۆنۆمی، ئۆتۆنۆمی ڕاستـەقـینە، فیـدراڵی) لە هەناویدا هەڵگرتووە کـە هەمـوو ئەمانەش لە چاو کۆرپەلەی دەوڵەتدا بەهایەکی ئەوتۆیان نییـە و هیـچیـان ڕۆحی

رەهای کۆمەڵگەی کوردەواری نین. بۆ ئاخاوتن لەسەر باری کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و کەلتووری رۆژهەڵات و روانین بۆ چۆنیەتی ئیشکردنی رۆحی کۆمەڵگە لە رۆژهەڵاتدا و لە رووی روانین بۆ بەدەوڵەتکردنی عەقڵەوە بەتێڕوانینی من باشتر وایە بگەڕێینەوە بۆ لێکدانەوەی بەرهەمی فیکری سۆسیۆلۆژی بیرمەندانی وەکو فارابی و ئیبن خەلدون و هەروەک چۆن کراون بەبنەمای لێکدانەوەی مێژووی کۆمەڵگەی عەرەبی ئیسلامی دەشێ بۆ لێکدانەوەی کۆمەڵگەی کوردەواریش بکرێنە بنەما لەگەڵ رەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانی ئەم کۆمەڵگەیەدا کە زیاتر وەکو پەراوێزی رۆژهەڵات خۆی دەنوێنێ.

**چەمکی فارابی بۆ دەوڵەت**

فارابی (٨٧٠-٩٥٠) لە سەرەتای بۆچوونەکانیدا لە ئەرستۆوە نزیک دەبێتەوە و لای وایە مرۆڤ زیندەوەرێکی کۆمەڵایەتییە. بەڵام بەپێچەوانەی ئەرستۆوە فارابی پێی وایە شارستانی بوون سیفەتێکی خۆڕسکی مرۆڤ نییە بەڵکو لە هەلومەرجی ژیانی کۆمەڵایەتیدا و بەمەبەستی دابینکردنی پێداویستییە مادییەکان، ئەندامانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی زیاتر لە یەکتر نزیک دەبنەوە و لە ئەنجامی ئەو نزیک بوونەوەیەدا زیاتر خەسڵەتی کۆمەڵایەتی بوون وەردەگرێت کە ئەوەش بەرهەم هێنی سیفاتی کۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤە کە لەم حاڵەتەدا لە روانگەی تێڕوانینی فارابییەوە (شوێن) دیاری دەکرێت و شوێن دەبێتە زەمینە هەتا پێناسەی کۆمەڵگە و کۆمەڵایەتی بوونی ئەندامانی کۆمەڵی لەسەر بکرێت. شوێن ئاستی زیاتر بەربڵاوبوونی باری کۆمەڵایەتی بوون نیشان دەدات. ئاستی گەشەسەندنی ئەو بارە کۆمەڵایەتییە ناوی شوێنیش دیاری دەکات. بۆ نموونە ئەگەر ئاستی کۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤ زۆر لاواز بێت ناکرێت باسی پەیوەندی کۆمەڵایەتی شار بکرێت بەڵکو دەبێ وەکو پێکهاتەیەکی سەرەتایی لەو حاڵەتەدا سەیری کۆمەڵگە بکرێت. بەڵام کاتێ ئاستی کۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤ گەشەسەندوو بێت و پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان و کۆمەڵایەتی بوون (شوێن) دەکات بەشار کە (شوێنی نیشتەجێ بوونی کۆمەڵ دەبێت و دەشبێتە زەمینەی جوگرافی بۆ دروستکردنی دەوڵەت)[٣٥]. لە ئەنجامی کۆبوونەوەی خەڵکیدا لە شاردا و لە ئەنجامی کۆمەڵایەتی بوونی پەیوەندییەکاندا دەوڵەت وەکو دامەزراوێکی پێویست کە بەر لە هەموو شتێ دابینکەری پێداویستییە مادییەکانی ئەندامانە یان ئەو کەسانەیە کە ئەو بارە کۆمەڵایەتییەیان پێکهێناوە دروست دەبێت. لای هیگڵ رۆحی کۆمەڵگە دەوڵەتی دروست دەکرد کاتێ خودی دەوڵەت بریتی بوو لە ئاستی



رەهای ئەو رۆحە، واتە لای هیگڵ بزوێنەری مێژوو (رۆح) بوو یان باشتر بڵێین رۆحی کۆمەڵایەتی بوو. بەڵام لای فارابی خەسڵەتی کۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤ و فاکتەری پێداویستییە مادی و ژیارییەکان بزوێنەرە کە ئەویش لە ئەنجامی یەکگرتنی ئەندامانی کۆمەڵەوە دروست دەبێت. واتە لای فارابی (پێداویستی) بزوێنەری مێژووە و ئاراستە جوڵەی مێژووش بەرەو گەیشتنی کۆمەڵگەیە بەدەوڵەت. ئەو ئاستە باڵایەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤ کە تیایدا مرۆڤ یان ئەندامانی کۆمەڵگە هەست بەپێویست بوونی دەزگای باڵای بەڕێوەبردن دەکەن کە ئەو دەزگایەش دەوڵەتە. فارابی لای وایە: کۆبوونەوە یان کۆمەڵایەتی بوون پێویستییەکی مرۆڤایەتییە[٣٦]، هەر ئەو پێویستییە کۆمەڵایەتییەش بزوێنەری یەکەمە بۆ دروستکردنی دەزگایەکی باڵای بەڕێوەبردن کە پێی دەوترێت دەوڵەت. لە سایەی ئەو دەزگایەدا دەبێ بەختەوەری و ئاسوودەیی بۆ ئەندامان بەدی بێت، هەر لەم بارەیەوە جارێکی تر فارابی لای وایە: هاریکاری دروستی نێوان ئەندامان و نێوان دەستە کۆمەڵایەتییەکان رێگایەکە بەرەو ئاسوودەیی ئەندامان و لە بەرژەوەندی دەستە کۆمەڵایەتییەکانە[٣٧]. لێرەوە بەئاشکرا دەردەکەوێت کە ئاسوودەیی کۆمەڵگە لە ئەنجامی هاریکاری و یەکێتی و کۆمەڵایەتی بووندا دروست دەبێت. نموونەی باشترین شار شوێنێکە کە بەچەمکی فارابی ئاسوودەیی تێدا بێت ئەو شوێنەش شاری نموونەییە. شاری نموونەییش بەرزترین نموونەی فەرمانڕەوایەتیە کە تیایدا هەموو ئەندامان ئاسوودە و بەختەوەر دەبن. فارابی نموونەی ئەم شارە لەو سیستەمە سیاسی و ئیدارییەدا دەبینێتەوە کە دەوڵەتێک بەڕێوەی دەبات و فەرمانڕەوایی هەموو سەر زەمین دەکات. هەر چۆن فارابی (پێداویستی) بەبزوێنەری مێژوو دادەنێت هەر لەو روانگەیەشەوە دەشێ (رۆح) بەیەکەمین پێداویستی مرۆڤ دابنرێت بۆ سەقامگیربوون و دڵنیابوون. بەو پێیەش دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامی لە ئەنجامی پێداویستی رۆحیدا دروست بووە، هاوشان لەگەڵ پێداویستییە مادییەکاندا.

لێرەوە جارێکی دی ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت لەبەر دروست نەبوونی شار لە کوردستاندا وەکو (شوێن) بۆ کۆمەڵایەتی کردنی خەڵک، ئەو بارە کۆمەڵایەتییەی کە دەوڵەتی تیا دروست ببێت لە رابردوودا پێک نەهاتووە، هەڵبەت: دروست نەبوونی شاریش لە مێژووی دێریندا و وەکو پێویست لە کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری فاکتەری جوگرافی و تۆپۆگرافیا[٣٨]، بەڵام نابێت ئەوەمان لە یاد بچێت کە تێکڕای بۆچوونەکانی فارابی بۆ دروستبوونی دەوڵەت لەسەر بنەمای کەلتووری ئیسلامی داڕێژراوە

کەسێ پلەی تەواوکەری یەکتری دەستنیشان دەکات کە تیایاندا بەبۆچوونی ئەو کۆمەڵگە دەگاتە بەختیاری ڕەها و لە هەر سێ پلەشدا مەبەستی پێ داگرتنە لەسەر دەوڵەتێک کە بتوانێت سەروەری هەموو جیهان بێت و ئەو دەوڵەتەش دەوڵەتی ئیسلامییە کە پراکتیکی تەوحید دەکات و هەموو سنوورێکی نێوان نەتەوەکانیش دەڕوخێنێ و ئومەتی ئیسلام پێک دێنێت.

فارابی پلەی یەکەم ناو دەنێت (شاری هێجگار تەواو) کە شارێکی گشتگرە و تێکڕای مرۆڤایەتی تیایدا جێگایان دەبێتەوە، لە هەمان کاتدا تێکڕای خەسڵەتەکانی شاری (بێ هاوتای) ئەفلاتۆنی تێدایە. بەڵام لای ئەفلاتۆن سنووری یۆنان نە دەبەزێنرا و نەتەوەی گریکیش خاوەن و فەرمانڕەوای شاری بێ هاوتا بوون. بەڵام لای فارابی هیچ سنوورێک بۆ شاری هێجگار تەواو دانانرێت و ناسنامەی نەتەوەبوونیش لە سنووری ئەو شارەدا بوونی نییە.

پلەی دووەم (شاری تەواو) کە ئەو پانتاییە جوگرافیایەی دەگرتەوە لەسەر وەختی ژیانی فارابیدا دەوڵەتی ئیسلامی فەرمانڕەوایی دەکرد. دیارە ئەوەش بەگوێرەی هەموو جیهان جوگرافیایەکی هێندە فراوان نییە. بەتایبەتی لە سەردەمی فارابیدا شەپۆلی فەتحی ئیسلامی وەستاوە و بگرە لە ڕووی سیاسی و ئیداریشەوە وەستابوو، واتە پڕۆژەی فەتح کردنی وڵاتانی تر کۆتایی هاتبوو، هەر لەم قۆناغەدا هێدی هێدی هەلومەرج بۆ ئەوە خۆش بوو کە: جیهانی ئیسلامی بەڕووی خۆیدا دابخرێت و دووچاری بن بەست بوون بێت(٣٩)، واتە دەوڵەتی ئیسلامی لە گەشەکردن و بەرفراوان بوون کەوتبوو بگرە لە قۆناغەکانی دواتردا بەرەو پاشەکشە چوو.

پلەی سێیەم (شاری ناتەواو)ە، مەبەست لەمەش ناوچەیەک یان ڕووبەرێکی جوگرافی بەرتەسکە و دانیشتوانێکی کەمی تێدا دەژی و لە ڕووی خەسڵەتی کۆمەڵایەتی بوونەوە لاوازن و زیاتر وەکو ناوچە یان هەرێمێک لێی دەڕوانێت کە سیفەتێکی سیاسی و ئیداری خاوەن شەخسییەتی نییە.

لە شاری ناتەواودا پێکهاتنی حاڵەتی (تەوحید و سیمای بەئومەت بوون) مایەی گومانە. پلەی سێیەم واتە شاری ناتەواو دەکرێت شێوازی دیاری کۆمەڵگەی کوردەواری بێت کە زیاتر پێکهاتەیەکی ناچیزەی لەبەریەک هەڵوەشاوەی لاوازە لە ڕووی کۆمەڵایەتی بوونەوە.



فارابی لە باسکردنی شاردا بەگشتی و لە باسکردنی پلەی یەکەم و دووەمی ژیانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا بەتایبەتی لای وایە: کە شاری نموونەیی ئەوەیە کە ڕێکخستن و جیاوازی و شوێن لە ناو خەڵکەکەیدا هەیە بەپێی ئامادەگی بۆ پیشە و زانین و بەختەوەری، هەروەک ئەم شارە هەموو بەشەکانی لە ڕێگای خۆشەویستی و یەکێتی بڕواوە کۆدەبنەوە(٤٠)، لە ڕێگای یەکسانییەوە پێکەوە دەبەسترێن و گرێ دەدرێن. هەروەک بەخۆڕسکیش هەموو مرۆڤێ لە خۆیەوە بەختەوەری و ئەو شتانەی تر کە دەبێ فێر بکرێ فێر نابێ. بەڵکو پێویستی بەمامۆستا و ڕابەر هەیە کە ئەو ڕابەرە کەسێتی باوکی هەیە و وەها لێی دەڕوانێت کە نوێنەری یەزدانە لە شاردا، ئیتر گرنگ نییە سنوور و قەڵەم ڕەوی شار هەتا کوێیە. لای فارابی نوێنەری خواوەند کە هەمیشە فەرمانڕەوایی شار دەکات دەبێ (پێغەمبەر) بێت واتە یەکەم نوێنەری یەزدان لەسەر زەوی.

لە کاتێکدا ئەفلاتۆن بڕوای وایە دەبێ کۆمارە نموونەییەکەی فەیلەسوفیەکان و بیرمەندان بەڕێوەی ببەن و فەرمانڕەوایی بکەن. چ ئەفلاتۆن و چ فارابیش هەردووکیان بەمەبەستی گەیشتنی کۆمەڵگە بەو ئاستەدا ئەو بۆچوونانەیان خستۆتە ڕوو، ڕەنگە شارە خەیاڵیەکەی تۆماس مۆر و دیکتاتۆری پرۆلیتاریای مارکسیش هەر لە سنووری هەمان بۆچووندا جێگا بکرێتەوە چونکە هەریەکە لەم نموونانەی شار و دەوڵەت لە پێناوی بەختیاری و ئاسوودەبوونی مرۆڤدا ئەگەر لە خەیاڵیشدا بووبێت، نەخشە کێشراون بەبەراوردکردنی ئامانجی فارابی و پێشتریش ئەفلاتۆن لە (بەختیاری کۆمەڵگە و عەدالەت)دا لەگەڵ (ڕۆحی ڕەهای کۆمەڵگە - دەوڵەت) لای هیگڵ نزیک بوونەوە و هاوشێوەییەک دروست دەبێت کە ئەویش بەرزترین خاڵە کە کۆمەڵگە وەک حاڵەتی بڵندبوون پێی دەگات. لە هەردوو باریشدا ئەو کۆمەڵگەیانەی کە دەوڵەتیان بۆ دروست نەبووە نەگەیشتوون بەو ئاستە کە لەم ڕوانگەیەوە کورد لە قۆناغی بەر لە گەیشتن بەبەختیاری کۆمەڵایەتیدایە لە تێڕوانینی فارابییەوە، لە دەرەوەی عەدالەتی کۆمەڵایەتیدایە، لە ڕوانگەی ئەفلاتۆن و چەمکی ئەفلاتۆنییەوە بۆ دەوڵەت و عەدالەتی کۆمەڵایەتی. دیارە کۆمەڵگەی سەرەتایی و دواکەوتوویی کورد نە فەیلەسوفەکان و نە زاناکانیش فەرمانڕەوایی ناکەن بۆیە دیسان بنەماکانی عەدالەت ناچەسپێت.

هەروەها ئەگەر لە ڕوانگەی تێڕوانینی هیگڵەوە سەیری کۆمەڵگەی کوردەواری بکەین ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە کۆمەڵگەی کوردەواری لە قۆناغی سەرکوتکردنی ڕۆحی

کۆمەڵایەتی دایە لە کاتێکدا نەگەیشتۆتە ئاستی پێکهێنانی دەوڵەت و لە لایەکی تریشەوە هەر بڵندبوونێکی ڕۆحی کۆمەڵایەتی کورد بۆ گەیشتن بەو ئاستە سەرکوت دەکرێت و هەوڵدەدرێت دابمرکێنرێتەوە یان دووچاری لادان بکرێت.

ئەگەر سەرنجی کۆمەڵگەی کوردەواری بدەین لەبەر تیشکی بۆچوونەکانی فارابیدا دیارە بۆمان دەردەکەوێت کە پلەی سێیەم کە بە(شاری ناتەواو) ناو دەبرێت نزیکە لەو بارە کۆمەڵایەتییەی کە کۆمەڵگەی کوردەواری تێدایە.

چونکە لەم شارەدا یەکێتی و یەکبوون کە سیمای بنەڕەتی دەوڵەتن نابینرێت. هەمان پەرش و بڵاوی و ناوچەگەری و هەرێم گیری ئێستا کە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا بەئاشکرا دەبینرێت لەو بۆچوونە نزیکمان دەکاتەوە کە باری گەشەی کۆمەڵایەتی ئەم کۆمەڵگە هاوشێوەی شاری ناتەواوی فارابییە. ئەمە سەرباری ئەوەی کە کورد لە ڕووی سیاسییەوە دابەش کراوە، دیسان لە ڕووی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و دامودەزگای کۆمەڵایەتیشەوە دابەش کراوە لە سنووری تەسکی دەسەڵات و دامودەزگای لاوازی بەڕێوەبردن ماوەتەوە. پێشتر واتە لە ڕابردوودا هەر خێڵە دەسەڵاتی بەسەر ناوچەیەکی جوگرافی سنووردااردا هەبووە، دوای ئەوەش کە میرنشین دروست بووە ئەویش لە سنوورێکی تەسکی جوگرافیدا دەسەڵاتێکی سنAAرداری هەبووە، لە مێژووی نوێشدا کە حزب دروست بووە، یان حزب لە دەرەوەی دەسەڵاتی بەڕێوەبردندا بووە یان دەسەڵاتێکی بەڕێوەبردنی لاواز و سنوورداری هەبووە. تەنانەت لە ساتەوەختی بەدەستگرتنی دەسەڵاتی بەڕێوەبردندا حزبی کوردی نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە دەسەڵاتی بەسەر هەموو کوردستان، یان هەر نەبێت بەسەر بەشێکی کوردستاندا هەبێت. لەم ڕوانگەیەوە بۆمان دەردەکەوێت کە لە ڕووی گەشەی کۆمەڵایەتییەوە کۆمەڵگەی کوردەواری نەیتوانیوە دەزگای بەڕێوەبردن و دەسەڵاتی ئەوتۆ بەرهەم بهێنێت کە کۆنترۆڵی هەموو کوردستان بکات، کە لەم حاڵەتەدا شێوازی دەسەڵاتی کوردی دەبووە هاوشێوەی (شاری تەواوی) فارابی. ئەگەر لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆژییەوە بۆ دامەزراوی دەوڵەت سەرنج بدەین ئەوا دەردەکەوێت کە (شاری تەواو) هاوشێوەی دەوڵەتی سەربەخۆیە بەگوێرەی کورد. دەوڵەتێک کە فەرمانڕەوای هەموو کوردستان بێت، فارابی جگە لەو دابەشکردنەی کە لە سەرەوە باسمان کرد لە بەرامبەر شاری نموونەییدا چەند شێوەیەکی تری شار دادەنێت کە دەشێت بڵێین کۆمەڵگە دواکەوتو و سەرەتاییەکان لەو ئاستانەدان. لەم بارەیەوە فارابی دەڵێت: شاری نموونەیی دژی هەیە



کە بریتییە لە شاری نەزانین و شاری خراپەکاری و شاری لە ڕێگە دەرچوو[٤١] هەروەها شاری نەزانین ئەو شارەیە کە دانیشتوانەکەی نازانن بەختەوەری چییە و بەخەیاڵیاندا نایەت[٤٢]. ئەگەر سەرنجی ئەم سیفەتە بدەین ئەوا دەشێ ئێستا بەئاسانی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ئەوە ببینرێ کە دانیشتوانی کۆمەڵگەی کوردەواری ئەوانەن کە چێژی بەختەوەری ناکەن و بەخەیاڵیشیاندا نایەت. هۆی ئەمەش ئاشکرایە، کاتێ ئەندامانی کۆمەڵگەیەک لەسەر بنەمای پەیوەندییەکانی کۆمەڵگەی شارستانی پێکەوە نە بەسترابن و سنووردارێتی خێڵایەتی و هەرێمگیری لە نێو نەچووبێت، سەقامگیربوون دروست نە بووبێت ئەوا ناکرێت باسی بەختەوەری ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیە یان بەختەوەری لە سنووری ئەو کۆمەڵگەیەدا بکرێت، چونکە بەختەوەری کاتێک دروست دەبێت کە کۆمەڵگە لە بەرزترین ئاستی بڵندبوونی ڕۆحی کۆمەڵایەتیدا بێت واتە ڕۆح گەیشتبێتە پلەی ڕەهای. ئەوەش لە ئاستی گەیشتن بەدەوڵەتدا دەگاتە ئەنجام. ئەگەر لەم گۆشەنیگایەوە بڕوانین بۆمان دەردەکەوێت کە کۆمەڵگەی کوردەواری سیفەتی شاری تەواوی نییە چونکە بەختیاری نەبووەتە سیفەتی باوی ئەم کۆمەڵگەیە، بەڵکو لە حاڵەتی سەرکوتکردنی ڕۆحی کۆمەڵایەتیدایە. ئەو سەرکوتکردنەی ڕۆحیش بواری بۆ خودی ڕۆح واتە ڕۆحی کۆمەڵایەتی نەهێشتۆتەوە هەتا بتوانێت گوزارشت لە ئازادی خۆی بکات، دیارە جارێکی تریش لە باسکردنی ئازادی ڕووبەڕووی ئاخاوتن لەسەر دەوڵەت دەبینەوە. چونکە بەبێ گەیشتنی کۆمەڵگە بەئاستی دەوڵەت ستەمە قسە لەسەر ئازادی ڕاستەقینە بکرێت. بەگوێرەی کۆمەڵگەی کوردەواری تاکو ئێستا نەگەیشتۆتە ئەوەی دەوڵەت پێک بهێنێ، ڕەنگە هەندێ بیبەستنەوە بەهۆی بڕیاری سیاسی و بڕیاری سیاسەتی نێو دەوڵەتییەوە، بەڵام بەلای منەوە مەسەلەی گەیشتنی کۆمەڵگەی کوردی بەئاستی دروستکردنی دەوڵەت زیاتر پەیوەندی بەئاستی گەشەی کۆمەڵایەتی و پەی بردنی خودی کۆمەڵگەی کوردییەوە هەیە بەوەی کە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە بەئازادی گوزارشت لە بوونی خۆی بکات.

لێرەدا دەتوانین بڵێین کۆمەڵگەی کوردەواری بەو ئاستەی گەشەکردن نەگەیشتووە لە قۆناغی شاری ناتەواوی فارابی تێپەڕی کردبێت و هەنگاوی بەرەو گەیشتن بەشاری تەواوی نابێت. چونکە وەکو ئاماژەمان بۆ کرد کە شاری ناتەواو ئەو ئاستەی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیە کە دامودەزگای کۆمەڵایەتی لە ئاستی دامودەزگای خێڵایەتیدا بێت. ستراتیژ و عەقڵی خێڵایەتی بێت. کۆمەڵگەی کوردەواری تاکو ساتەوەختی ئێستاش لەم حاڵەتەدا دەژی، واتە دامودەزگای باڵادەست لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا

دامودەزگای خێڵایەتییە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەندی خزمایەتی و خوێن و دەمارن، ئابووری و هۆکاری ئابووری دەورێکی هێندە کاریگەر لە بوون و چۆنیەتی ئەو پەیوەندیانەدا نابینێت. عەقڵ و ستراتیژی خێڵایەتی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا توخمی سەرەکی سەرخانی کۆمەڵایەتییە، ئەوە سەرباری دابونەریت و تەقسە کۆمەڵایەتییەکان لە تێڕوانینی فارابییەوە لە شاری ناتەواویشدا هێشتا ئایین وەکو مەسەلەی ڕۆحی کۆمەڵگە و دیسان لە بۆچوونی ئەوەوە وەکو بنەمای دەزگای بەڕێوەبردنی کۆمەڵ دەوری هەرە کاریگەری هەیە و هەر خودی ئایین کە بۆ ئەو قۆناغەش مەبەست ئایینی ئیسلامە بنەمای بەڕێوەبردن و شەریعەت و دەستووری مەدەنیش پێک دێنێ کە شاری تەواو بەڕێوە ببات یان ئاراستە بکات. ڕەنگە یەکێک لە گرفتەکانی کورد ئەوە بێت کە لە ڕێگای پەیامی ئایینییەوە نەیتوانیوە هیچ دەسەڵاتێک دروست بکات کە خاسیەتی نەتەوایەتی هەبێت. تەنانەت لە مێژووی فەرمانڕەوایەتی دوورودرێژی دەوڵەتی ئیسلامیدا دەسەڵاتێکی ئیسلامی کوردی دروست نەبووە کە خاسیەتی نەتەوایەتی پێوە دیار بێت، بۆ نموونە دەسەڵاتی دیار و لەبەرچاوی سەلاحەدینی ئەیوبی کە بووە بەخەلیفەی ئیسلام، هیچ کەس ناتوانێت بەقۆناغێکی زێڕینی دانەنێت لە مێژووی ئیسلامدا، بەڵام ئەو دەسەڵاتە تەنیا وەکو دەسەڵاتێکی باڵای خاوێنی ئیسلام ماوەتەوە و هیچ پەیوەندیەکی ئەوتۆی بەکوردەوە نەبووە تەنیا ئەوەندە نەبێت بەڵگەی دڵسۆزی و خۆبەخت کردنی کورد نیشان دەدات لە پێناوی پەیامێکدا کە بڕوای پێ هێناوە، ئەوەش لە بارێکی تردا خاڵێکی گەشە بەگوێرەی کورد کە گیانی دڵسۆزی و خۆبەخت کردن لە پێناوی بیر و بڕوادا نیشان بدات: دیارە لە ڕوانگەیەکی تریشەوە بۆ ئەو قۆناغە باسکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی ڕەنگە تا ڕادەیەک جێگای خۆی نەبێت چونکە هەستی نەتەوایەتی لای کورد لەو مێژووەدا نەگەیشتۆتە ئاستی سەرهەڵدان و دروست بوون.

### ئیبن خەلدون و کۆمەڵگەی خێڵایەتی

ئێستا پێمان باشە دەربارەی چەمکی خەلدونی بۆ دەوڵەت بدوێین و لەسەر ئەو بنەمایە و لەبەر تیشکی تیۆری خەلدونیدا بۆ گەشەی کۆمەڵایەتی و گەیشتنی کۆمەڵگە بەئاستی پێکهێنانی دەوڵەت ئاخاوتن بکەین. عەبدوڕەحمانی کوڕی محەمەدی کوڕی خەلدون کە ساڵی ١٣٣٢ لە تونس لە دایک بووە و ساڵی ١٤٠٦ لە قاهیرە کۆچی دوایی کردووە و خاوەنی گەورەترین تیۆری کۆمەڵناسییە پەیوەست بەکۆمەڵگە خێڵایەتی و دواکەوتووەکان.



لە ڕاستیدا وەکو دیاریترین و وردترین کۆمەڵناسێکی تایبەتمەند بەکۆمەڵگە دواکەوتوو و سەرەتاییەکان توانیویەتی بنەما سەرەکییەکانی دروستبوونی دەوڵەتی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە دیاری بکات کە بریتییە لە (دەمارگیری و خوێن)، لە بارەی سەرەتای پێکەوە ژیانی کۆمەڵگەوە ئیبن خەلدون دەڵێت: بنیاتەم بەبێ کۆمەڵبوونیان و بەبێ هاریکاری کردن لە نێوانیاندا لە پێناوی بەدەست هێنانی خواردن و پێداویستیەکاندا ناتوانن بژین و بوونیان هەبێت(٤٣)، ئیبن خەلدون زۆر بەگرنگییەوە دەڕوانێتە کۆبوونەوەی مرۆڤ و پێکەوە ژیان. سەرەتای دروستکردن و ئاوەدانکردنەوەش کە بە(العمران) ناو دەبات لە ئەنجامی ئەم کۆبوونەوە و پێکەوە ژیانەدا دروست دەبێت. هەروەها هەردوو توخمی دەمار و خوێن دەوری کاریگەر دەبینن لە سروشتی ئەو کۆبوونەوەیە و چۆنیەتی پێک هاتنیدا. واتە ئەو بەشانەی کۆمەڵ بەڕایەڵی دەمار و خوێن پێکەوە بەستراون بەسروشتی مەیل و ئارەزووی پێکەوە ژیان و کۆبوونەوە و هاریکاری کردنی یەکتریان هەیە، لە لایەکی ترەوە هەردوو توخمی دەمارگیری و خوێن بەهۆکاری سەرەکی کۆمەڵ دادەنرێن بۆ بەرگری کردن و خۆپاراستن کە زیاتر برەو بەم دوو توخمە دەدات و دەیانکات بەهۆکاری پێکەوە بەستنی و هێڵەکانی پەیوەندی لە پێکهاتەی خێڵایەتیدا کە سیمای دیار و ئاشکرای کۆمەڵگەی عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی بەگشتی و کۆمەڵگە دواکەوتوەکانە بەشێوەیەکی تایبەتی. هەر لە ئەنجامی کۆبوونەوەی خەسڵەتی دەمارگیری و خوێن و زیاتر کارکردنی ئەو دوو خاسیەتە بۆ بەرگریکردن لە بنەماکانی بوونیان، دامەزراوی خێڵ بووەتە دامەزراوێکی خاوەن خاسیەت و کەسیەتی تایبەتی و توانای خۆپاراستنی لە دوژمنایەتی ناوخۆ و دوژمنایەتی دەرەکیش هەبووە و پێداویستییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بۆ خێڵ لە ئەنجامی کارکردنی ئەو دوو توخمەدا بەدەست هاتووە و لە ڕووی مەعنەویشەوە هۆکاری سەرەکی بوون بۆ پاراستنی خێڵ. هەر بۆیە لە ئەنجامی گەشە و پەرەسەندنی دامەزراوی خێڵدا ئەم دوو هۆکارە کاریان کردووە یان کار دەکەن و دامەزراوی خێڵ دەگوازرێتەوە بۆ ئاستێکی باڵاتر کە ئەویش دامەزراوی دەوڵەتی خێڵە. واتە خوێن و دەمار وەکو دوو توخمی زیندوو لە کۆمەڵگە خێڵایەتییەکاندا کار دەکەن بۆ پێکهێنانی دامەزراوی دەوڵەت کە دامەزراوێکی کۆمەڵایەتی – سیاسی – ئیداری دەبێت.

بەپێی تێڕوانینی ئیبن خەلدون لە پاڵ بنەماکانی (خوێن و دەمار)دا ئایینیش لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا دەورێکی ئاشکرای هەبووە لە نزیک کردنەوەی ئەندامانی کۆمەڵدا کە لە پەیوەندییە نزیکەکانی یەک خێزانەوە پەڕیوەتەوە بۆ بنەماڵە و هۆز و تیرە و پاشان

خێڵ و هەندێ جاریش ئەو سنوورەی بەزاندووە و بۆتە بنەمای پێکهێنانی فیدراسیۆنی خێڵەکان و ئامانجی تەوحیدیش لە ئایینی ئیسلامدا بەشێکە لە پرۆژەی ئیسلام کە ئامانجی پێکەوە بەستنی هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە.

ئایین بەتایبەتی ئایینی ئیسلام دەروێکی کاریگەری بینیووە لە یەکخستنی کۆمەڵگەی پەرتوبڵاوی عەرەبیدا و ئەگەر خوێن و دەمار هۆکاری پاراستنی یەکێتی خێڵ بووبن لە ڕووی مادی و مەعنەویەوە ئەوا پەیامی ڕۆحی ئیسلام ئەو هێزە مەعنەویە بووە کە هەوڵی یەکخستنی خێڵە عەرەبییەکانی داوە و ویستویەتی لە ژێر سایەی یەک دامەزراودا کۆیان بکاتەوە کە دامەزراوی دەوڵەتی ئیسلامییە. بەڵکو ئامانجی پەیامی ڕۆحی ئیسلامی هەر لەو سنوورەشدا گیری نەخواردووە بگرە هەوڵی داوە لە ڕووی ڕۆحیەوە سەرجەم مرۆڤایەتی یەک بخات.

ئێمە پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کردووە کە بزوێنەری مێژوو لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا بریتییە لە بزوێنەرێکی جیاواز لە بزوێنەری کۆمەڵگە گەشە ئاساییەکان. ئیبن خەلدون دەڵێت: باری دنیا و نەتەوەکان و دەستکەوت و داهاتیان لەسەر یەک شێوە ناڕوات و بەردەوام نابێت[٤٤]، ئەگەر لە تێڕوانینی مارکسەوە بزوێنەری مێژوو هۆکاری ئابووری بێت، ئەوا لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا کە پەیوەندی خێڵایەتی باڵا دەستە، پەیوەندییەکانی خوێن و دەمار واتە خزمایەتی و نەسەب جێگای پەیوەندییە ئابوورییەکان دەگرێتەوە. بەگوێرەی ڕۆژهەڵات لەبەر ئەوەی ئەو جوگرافیایە کە لە ژێر دەسەڵات و کۆنترۆڵی ڕۆحدایە بەو پێیە ئایینیش دەبێتە هۆکاری یاریدەدەری بزوێنەری مێژوو. هەر بۆیە دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی خەسڵەت و سیمای پەیوەست بەبنەما و هۆکارەکانی دروستبوونی خۆی هەڵگرتووە کە دەرئەنجامی یەکگرتنەوەی هۆکارەکانی خوێن و دەمار (خزمایەتی) و بنەمای ئایینییە. ئەوەش زیاتر بۆتە هۆی دروستبوونی دەوڵەتی خێڵایەتی ئایینی لە ڕۆژهەڵاتدا. دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامی کە لە ماوەیەکی کورتی مێژوویدا بەشێوەیەکی بەربڵاو گەشەی کرد و توانی دەسەڵات بەسەر پانتاییەکی جوگرافی بەربڵاودا بکات لە باری یەکەمدا لەبەر ئەوە بووە کە ڕۆژهەڵات بەگشتی و ئەو جوگرافیایەی کە ئەم ئایینەی تیادا هاتە خوارەوە و گەشەی کرد، جوگرافیایەکە ڕۆحی ئامادەبوونێکی بەربڵاوی تیایدا هەیە واتە هەر بۆیە بەخێراییەکی چاوەڕوان نەکراو پەیامی ئیسلام بڵاو بووەوە، دیارە ڕووی گەش و ڕەونەقداری پەیامەکەش لە داواکردنی چاکە و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و



ئاشتی و برایەتی و هاریکاری یەکتر کردنی نێوان کۆمەڵی ئادەمیزاددا هۆکارێکی تری یاریدەدەری خێرا بڵاوبوونەوەی ئەم ئایینە بووە. لەبەر ئەوە ناکرێت لەم جوگرافیایەدا دوور لە باسکردنی ئایین و فاکتەری ڕۆحی باسی گۆڕانکاری مێژوویی و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی بکرێت. بڵاوبوونەوەی پەیامی ئایینی ئیسلام و دەسەڵاتی بەربڵاوی ئەم دەوڵەتە کە بەرەو تەوحید هەنگاوی دەنا، پرۆژەی شاری هەرە تەواوی دادەنا بەڵام تاکو ئێستاش ئەو پرۆژەیە نەگەیشتۆتە ئەنجام. دیارە وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد جیاوازی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا تەنیا یەک بواری ژیانی نەگرتۆتەوە بەڵکو خاسیەتێکی گشتگری هەیە و سەرجەم پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و پانتایی هەست و نەست و ئاستی هۆشیاری و کەلتووری و سیاسی و ئیداریشی گرتۆتەوە. هەروەک مەبەستمان لە شێوازی ئیداری دامودەزگای دەوڵەتە لەم کۆمەڵگەیەدا. دامەزراوی دەوڵەتیش لەم دوو جوگرافیایەدا بەتەواوی جیاوازن لە کاتێکدا لە ڕۆژئاوا تایبەتمەندێتی دروست بووە و سیاسەت وەکو هەر بوارێکی تر خەسڵەتی دامەزراوێکی کۆمەڵایەتی وەرگرتووە و تەنیا تایبەتمەندانی ئەو بوارە وەکو پیشە سەرقاڵی ئەو کارەن، بەڵام لە ڕۆژهەڵات و کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا سیاسەت بۆتە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانە، بۆتە بەشێک لە ژیانی خێزان و کۆمەڵگە، تاک و کۆمەڵ. هەموو کەسێک لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا دوور لە ویست و ئارەزووی خۆی لە سیاسەتەوە ئاڵاوە و مەحکومە بەوەی خەریکی سیاسەت بێت، ئیتر ئەو سیاسەتە ئیلتیزام بێت یان ئیلتیزامی نیشتمانی و بەهاکانی نیشتمان پەروەرێتی بێت. هۆی ئەوەش ئاشکرایە، بەر لە هەموو شتێ ئەوەیە کە فەردی ڕۆژئاوایی خاوەن ناسنامەی تایبەتی خۆیەتی و هەڵبژاردن و پراکتیک کردنی هەر کار و پیشەیەک لە دەستی خۆیدایە، لە کاتێکدا فەردی بێ ناسنامە و بێ کەینونەی کۆمەڵگەی دواکەوتوو کە دەتوانین بڵێین ڕۆژهەڵات بەگشتی دەکەوێتە ئەم سنوورەیانەوە هەمیشە لەبەردەم هەڕەشەی سڕینەوە و لە نێوچوون و بزربووندایە. سیاسەت باشترین بوارە و دامودەزگای سیاسیش باشترین دامەزراوە کە دەتوانێت وجودی لاوازی خۆی تێدا بپارێزێت و بگرە بشبێت بەئامراز بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی ئەو دامەزراوە سیاسییە، هەر ئەمەشە وەهای کردووە لە ڕۆژهەڵات و کۆمەڵگە دواکەوتووەکانی وەکو کوردستاندا بەشێوەیەکی گشتی گەل لە سیاسەتەوە بئاڵێت، گەل تێکڕا حزبی بێت، گەل تێکڕا بەشداری ڕاپەڕین و پرۆسەی شۆڕش بکات.

ئەمەش لە ژێر کاریگەری حاڵەتی دەستەجەمی بووندا ڕوودەدات و پراکتیک کردنی

حاڵەتی دەستەجەمی بوونە لە کاتێکدا تاک بەتەنها دەسڕێتەوە، کەواتە سیاسەت و حزبایەتی تاکە هۆی سەرەکییە بۆ خودپاراستن، هەر ئەوەش وایکردووە سیاسەت ببێتە سیفەتێکی کۆمەڵگە کە ئەمەش هاوشێوەیە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای خێڵدا کە ئەم ئایدیۆلۆژیایە بریتییە لە کۆکردنەوەی هەموو ئەندامانی خێڵ لە ژێر سایەی یەک دروشمدا کە پاراستنی شوێنی مادی و مەعنەوی خێڵە کە ئەویش حاڵەتی لاوەعی دەستەجەمی دروستی دەکات لە ژێر کاریگەری پەیوەندییەکانی خوێن و دەماردا. ئیشی سیاسی و کاری حزبایەتیش لەم کۆمەڵگەیانەدا شانەی یەکەمی هەمیشە لە سنووری خێزانەوە بۆ بنەماڵە و هۆز و تیرە و خێڵ دەکشێت، کەواتە بەسروشتی کاری حزبی لە کۆمەڵگە دواکەتوو و خێڵایەتییەکاندا لە سنووری میکانیزمی پەیوەندییەکانی خێڵایەتیدا دەسوڕێتەوە لە شێوازی ڕێکخستندا، بێگومان حزب و هەمان عەقڵ و ستراتیژ و ئایدیۆلۆژیا و فیکرە هەڵدەگرێت و پیادە دەکات و جیاواز دەبێت لە حزبی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی کە عەقڵی شار و پەیوەندییەکانی شار لە پێکهێنان و کارکردنی حزبدا دەور دەبینێ. لە کۆمەڵگە دواکەوتوو و خێڵایەتییەکاندا کە بزوێنەری مێژوو پەیوەندییەکانی خزمایەتییە کە ئەویش دەرئەنجامی پەیوەندی خوێن و دەمارە، سیاسەت دەبێتە هاوشانی ڕەفتار و خاسیەت و پەیوەندییەکانی خێڵایەتی و ستراتیژی خێڵ و ستراتیژی حزب ئەگەر بەتەواویش نەبن بەیەک ئەوە زۆر لە یەکتر نزیک دەبنەوە و سیاسەت لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا تێکەڵاوی پەیوەندی خوێن و دەمار دەبێت بەوەش دەبێتە بەشێک لە خەسڵەتی ئەو دوو بنەمایە، واتە خوێن و دەمار و لە ئاکامدا وەکو ئایدیۆلۆژیای خێڵایەتی خۆی دەنوێنێ و بگرە دەشکەوێتە نێو سنوور و ژێر دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژیای خێڵایەتییەوە. حزبیش کە بەپێی بۆچوونەکەی گرامشی کۆرپەلەی دەوڵەتی لە هەناویدا هەڵگرتووە، کەی گەیشتە ئاستی دروستکردنی یەکەیەکی باڵا لەو کۆرپەلەیە ئەوا لەم کۆمەڵگەیانەدا دەوڵەتی خێڵ دروست دەکات واتە بنەمای دروستبوونی دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتدا دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی خوێن و دەمار کە لێرەوە ناسنامەی دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی و گەوهەری ئەو ناسنامەیە ئاشکرا دەبێت. دیارە خەسڵەتی ئاشکرای دەوڵەتی (خێڵ) کە لەسەر بنەمای دەمارگیری و خوێن دروست بووە لە ڕووی بنەما و زەمینەی پێکهاتنییەوە جیاوازە لە دەوڵەتی نوێ و هاوچەرخی ڕۆژئاوایی یان شێوازی دەوڵەتی کلاسیکی ڕۆژئاوایی، بەڵام ئەوەی کە وەکو بەشێک لە کەلتووری دەوڵەت لە دەرەوە بەتایبەتی لە پانتایی سۆسیۆ ڕۆشنبیری ڕۆژئاواوە هێنراوە تەنیا بریتییە لە گواستنەوەی ناو و سیفات و خەسڵەتەکانی



دەوڵەت. واتە سەرجەم ناوی ئەو دامودەزگایانەی کە دەوڵەتی ڕۆژئاوایی هەیەتی لێرەش لە ڕۆژهەڵات هەن، یان لەوەش بەربڵاوتر سەرجەمی ئەو دامودەزگایانەی کە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا لە گەشە و بەرەوپێشەوەچوونی خۆیدا بەرهەمی هێناون لێرەش وەکو ناو هەن، لەوانەش (پەرلەمان، یاسادانان، حکوومەت و جێبەجێ کردن و دادوەری و دەستوور...). لە ڕاستیدا ئەمانە بەشێکن لە بنەما گەوهەرییەکانی بوونی دەوڵەت بەڵام سەرجەم ئەمانە لە ڕۆژهەڵاتدا چونکە بەسروشتی کۆمەڵگە لە گەشەی خۆیدا بەرهەمی نەهێناون، جگە لە ناوێکی بۆش و بێ گەوهەر هیچی تر نین، بەڵکو دەبنە بەشێک لە ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی، بەڵام هەرگیز ئەم دەوڵەتە نە پەیوەستی ئەم سیفەتانەیە و نە کاریان پێ دەکات و نە پشتگیرییان دەکات وەکو پێویست. بەڵکو دەوڵەتی دەمارگیری ڕۆژهەڵاتی بەهۆی ئەو سیفەتانەوە بەڵگە بۆ بوونی خۆی دەهێنێتەوە[٤٥] بەوەی گوایە دەوڵەتی کۆمەڵگەی مەدەنییە. بەڵام ئەوە تەنیا بەڕووکەش ناسەلمێنرێت. لێرەوە ئەوە ئاشکرا دەبێت کە تێکڕا دەوڵەتانی ڕۆژهەڵات دەوڵەتی دەمارگیری و دەوڵەتی ئایینی یان ئایدیۆلۆژی خێڵایەتی بەر لە گەیشتن بەئاستی نەتەوایەتین. تەنیا (تاکی) فەرمانڕەوا تیایاندا سەربەستە و هیچ دەستوورێکی مەدەنی کە دەرئەنجام یان خەسڵەتی بوونی کۆمەڵگەی مەدەنی بێت ئامادەبوونی نییە تا بەپێی ئەوە کاری بەڕێوەبردن ئەنجام بدرێت وەکو شێوازی بەڕێوەبردنی ڕۆژئاوایی. لێرە هیچ یاسایەکی جێگیری ئەوتۆ نییە کە کاری پێ بکرێت جگە لە هەندێ یاسای سادەی کاروباری مەدەنی (الاحوال الشخصیە) نەبێت کە ئەوەش ناگاتە ئاستی دامودەزگا سیاسییە خێڵایەتی و ئایینییەکانی کۆمەڵگە. لێرە بوونی یاسای نووسراو و تۆمارکراو دیسان ناوێکی دوور لە پراکتیک کردنە.

ئەوانەی یاساش دادەنێن سەربەست نین لە دانانی یاسادا گەرچی دەبێت لە ڕاستیدا گەوهەری یاسایەک لە نێو قوڵایی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە پێویستی ژیانی کۆمەڵایەتی بیسەپێنێت و لەسەر ئەو بنەمایەش دەستەی یاسادانان پەیڕەوی دانانی یاسا بکەن، نەک یاسا لە دەرەوە یان لە سیستەمێکی بەڕێوەبردنی ترەوە بخوازرێت. بەرپرسانی یاسادانان لە ڕۆژهەڵاتدا ئەرکی بڕیاردانیان لەسەر ئەو (گوتە) بەیاسابووانەی کەسانی یەکەم هەیە لە سیستەمی خێڵدا، باشترین نموونەش لە عێراقدا گوتەکانی ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حوسێن کراون بەیاسا. لە ئێران وتەکانی ئیمام خومەینی و سەرجەم دیکتاتۆرەکانی تری ڕۆژهەڵاتیش هەمان دەوریان هەیە لە داڕشتنی یاساکاندا.

لە کۆمەڵگە دواکەوتوو و سەرەتاییەکانی وەکو کوردستاندا ئاغا و شێخ و بەگ لە ڕابۆردوودا دەوری کاریگەریان هەبووە لەو بوارەدا و قسە و وتەکانیان لە سنووری دەسەڵاتی خۆیاندا حوکمی یاسای هەبووە و هەر پێ لێنانێکی مایەی سزا و ئازاردان بووە بۆ ئەو کەسەی لەو سنوورانە دەردەچێت. لە مێژووی ئێستاشدا سەرباری دەرکەوتنی حزب و ڕێکخراوی سیاسی لە کوردستاندا هێشتا هەمان میکانیزمی کار کردن بەردەوامە. ئاغا و شێخ و بەگ شان بەشانی سەرۆکی حزب هەمان دەوریان هەیە و گوتە و قسەکانیان لە سنووری داخراوی دەسەڵاتیاندا حوکمی یاسای هەیە. هۆی ئەمەش دیسان بەندە بەشێوازی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و چۆنیەتی کارکردنی پەیوەندییەکانی خزمایەتی (خوێن و دەمار) لەو پانتاییەدا. لە کۆمەڵگەی پێگەیشتوودا ئەگەر دیکتاتۆر دروست ببێت ئەوا دیکتاتۆرێکی تەواو دەبێت لە جۆری ستالین و هیتلەر، بەڵام کۆمەڵگەی سەرەتایی و دواکەوتوو دیکتاتۆری بچووک دروست دەکات بەڵام دیکتاتۆری ناشارستانی و توڕە و توندڕەو. هەرچۆن خێڵایەتی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا لە بارێکی نائاسایدا بووە و وەکو پێویست گەشەی نەکردووە و سەرجەم سیفەت و خەسڵەتەکانی خۆی وەرنەگرتووە و ئەوەش وایکردووە کە لە کۆمەڵگەی خێڵایەتی کوردیدا هیچ بنەمایەک بۆ دروستبوونی فیدراسیۆنی خێڵایەتی لە ئارادا نەبێت چونکە خێڵی کوردی لەبەر لاوازیی بنیاتی پێکهاتن و لاوازیی لە ڕووی مادی و مەعنەوییەوە بەردەوام لە گوماندا بووە بەرامبەر بەخێڵەکانی تر، بەهەمان پێودانگ ئاغا و شێخ و بەگی کورد لەو حاڵەتی هەست و بەگومان کردنەدا بووە بۆیە خێڵایەتی کورد خێڵایەتییەکی سەرەتایی توند و تیژ بووە و هەر لەو ڕوانگەیەوە کە دەرەبەگی کورد دەرەبەگێکی لە ڕادە بەدەر توند و تیژ بووە و نموونەی دیکتاتۆرێکی بستە باڵا بووە. حزبی کوردیش لەم کۆمەڵگەیەدا و لەسەر زەمینەی ئەم واقیعە کۆمەڵایەتییە دروست بووە و هەرچۆن وەکو حزب لە ئاستی دامەزراوی قۆناغی (هەرزەکارێتی) کۆمەڵگەدان هەمان شێوە لە ڕووی سیاسەت و ئایدیۆلۆژیاشەوە لە هەمان قۆناغدان و سیفەتەکانی هەرزەکاری کۆمەڵگەیان هەیە ئەوەش قۆناغێکی زۆر ترسناک و شلۆقە. هەر لێرەوە دەردەکەوێت حزب لە کوردستاندا ناوێکی بێ ناوەڕۆک پێکهاتەیەکی هەمە لایەنەی خێڵایەتییە و لە نێوان ئایدیۆلۆژیای خێڵ و ئایدیۆلۆژیای قەرزکراوی دەرەوەدا واتە ئایدیۆلۆژیای قەرزکراوی کۆمەڵگە مەدەنییەکاندا ونبووە.



**چەمکی خەلدونی بۆ دروستبوونی دەوڵەت و کۆمەڵگەی کوردەواری**

ئێمە پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە تیۆری خەلدونی لەسەر بنەمای پەیوەندییەکانی (خوێن و دەمار) واتە خزمایەتی بۆ دروستکردنی دەوڵەت و بۆ عیمران دامەزراوە. واتە بزوێنەری مێژوو لەم ڕوانگەیەوە پەیوەندی خوێن و دەمارە. ئیبن خەلدون تیۆرەکەی لەسەر کۆمەڵگەی عەرەبی داناوە کە دەشێ ئەو چەمکە بۆچوونە بەسەر کۆمەڵگە خێڵایەتی و دواکەوتووەکانی ترشیدا پیادە بکرێت.

کۆمەڵگەی کوردەواری یەکێکە لەو کۆمەڵگەیانەی کە کۆمەڵگەیەکی خێڵایەتی دواکەوتووە و دەتوانین بڵێین سەرجەم ئەو سیفاتانەی تێدایە کە ئیبن خەلدون لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا لە ڕوانگەی تیۆرە کۆمەڵناسییەکەیەوە توێژینەوەی کردوون، تاکە جیاوازییەکی ئاشکرا کە هەبێت ئەوەیە عەرەب لە سەردەمی ئیبن خەلدوندا خاوەنی دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامی بووە بەڵام کورد لە دەرەوەی دەسەڵات بووە و تەنیا گەلێکی موسڵمان بووە و لە ساتەوەختی ئێستاشدا کورد هەر لە دەرەوەی دەسەڵاتە و بەدرێژایی مێژووی دەوڵەتی ئیسلامی کورد جگە لە فەرمانڕەوایی سەلاحەدینی ئەیوبی کە ئەویش وەکو ڕابەرێکی ئیسلام نەک وەک کوردێک بۆ ماوەیەک فەرمانڕەوا بووە ئیتر نە دامەزراوێکی سەربەخۆی دەسەڵاتی خۆیی هەبووە، نە لە هەرەمی دەسەڵاتی ئیسلامیشدا توانیوویەتی وەکو کورد نەک وەک ئیسلام جێگا بگرێت. واتە لێرەدا ئەو بەشەی تیۆری خەلدونی دەربارەی دەوڵەت و خەلافەتە، تاکو ئێستاش لە مێژووی کورددا جگە لە پێشبینی بۆ ئایندە هیچ ئامادەبوونێکی نییە. بۆیە ئێمە زیاتر گرنگی بەکارکردنی ئەو دوو توخمە (خوێن و دەمار) دەدەین لە ڕوانگەی کارکردنیانەوە بۆ عیمران بەڵام بەرزترین خاڵی عیمران لای ئیبن خەلدون لە ڕێکخستنی کۆمەڵگەدا دەبێت بەمەرجێ ئەو ڕێکخستنە لە ئاستی دەوڵەتدا بێت کە بەگوێرەی کورد ئەم ڕێکخستنە باڵایەش بوونی نییە لای کورد، کەواتە دیسان ئەوەی دەیڵێین لە سنووری پێشبینی دایە بۆ ئایندە. (چەمکی دەوڵەت لای ئیبن خەلدون پەیوەست دەبێت بەتیۆرەکەیەوە لەسەر بنەمای دەمارگیری ئەو پەیوەست بوونەش پەیوەست بوونێکی ئۆرگانییە). (٤٦) کەواتە دەوڵەت لە ڕوانگەی ئەم زانا کۆمەڵناسەوە چۆن دروست دەبێت؟ ئێمە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد کە پەیوەندییەکانی خوێن و دەمارگیری بنەمای سەرەکی کۆکردنەوە و پێکەوەبەستنی ئەندامانی کۆمەڵن لە کۆمەڵگەی خێڵایەتیدا ئەمە سەرباری ئەوەی کە خودی ئیبن خەلدون

بڕوای وابوو مرۆڤ بەخۆڕسکی ئافریدەبوویەکی کۆمەڵایەتییە لە ئەنجامی کۆبوونەوەی مرۆڤدا سەرەتای ئاوەدانکردنەوە دروست دەبێت کە ئیبن خەلدون ناوی دەنێت (عیمران). ئەو کۆمەڵگەیەی توانای عیمرانی نەبێت یان لاواز بێت ئەوا ناتوانێت شارستانێتی بەرهەم بهێنێت. دیارە کۆبوونەوەی مرۆڤیش پێکەوە سەرباری ئەوەی کە غەریزەی کۆمەڵایەتی بوون دەوری کاریگەری تێدا دەبینێ، پەیوەندییەکانی خزمایەتی لە خوێن و دەمارگیری بنەمای سەرەکی ئەو نزیکییەن لە کۆمەڵگەی سەرەتایی و خێڵایەتیدا. لە هەمان کاتدا چەند هۆکارێکی تریش هەن کە مرۆڤ ناچار دەکەن وەکو پێویست پێکەوە کۆببێتەوە لەوانەش فشاری دەرەکی هێزە سروشتییەکان یان ململانێی نێوان خودی کۆمەڵە سادە و دروستبووەکانی مرۆڤایەتی کە ئەوانی تریشی ناچاری کۆبوونەوە کردووە، واتە کۆبوونەوە ڕێگای خۆپاراستنە. دەمارگیری خێڵایەتی لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا دەبێتە هۆی یەکێتی کۆمەڵایەتی و لە هەمان کاتدا جیاوازیش دروست دەکات کە ئەو جیاوازییەش کێشە و ململانێ بەرهەم دێنێ کە ئەو پاڵنەرەی لە پشتی ئەو کێشە و ململانێیەوە وەستاوە لە پێناوی بەدەست هێنان و گەیشتن بەدەسەڵاتدایە. ئەو دەسەڵاتەش لە بەردەوام بوون و هەڵچوونیدا دەبێتە دەسەڵاتی دەوڵەت. ئەویش لەو ڕوانگەیەوە کە دەمارگیری خێڵایەتی دەبێتە هۆی دەسەڵاتکردنی دەستەیەکی کۆمەڵایەتی بەسەر دەستەکانی تردا کە ئەمەش لە ڕوانگەی تیۆری خەلدونییەوە بنەمای دروستبوونی دامەزراوی دەوڵەتە.

ئێستا ئەگەر لە کۆمەڵگە سەرەتایی و دواکەوتووەکاندا یان ئاشکراتر بڵێین لە کۆمەڵگە خێڵایەتییەکاندا پەیوەندی خوێن و دەمارگیری لە ئەنجامی بڵندبووندا (تسامی) توانیبێتیان دەوڵەتی خێڵ پێک بهێنن... ئەوا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات: بۆچی کورد لەم قۆناغەدا، واتە لە قۆناغی ژیانی خێڵایەتیدا نەیتوانیووە دەوڵەتی خێڵ دروست بکات؟ ئەم پرسیارە سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە دەبێ جیاوازییەک لە نێوان خێڵی کۆمەڵگەی کوردی و خێڵی کۆمەڵگەکانی تریشدا هەبێت هەر بەو پێیەش خێڵایەتی کورد جیاواز دەبێت لە خێڵایەتی کۆمەڵگەکانی تر. دیارە لە کۆمەڵگەی خێڵایەتیدا هەروەک دکتۆر محەمەد عابد جابری دەڵێت: بزوێنەری مێژوو بریتی نییە لە فاکتەری ئابووری و ململانێی چینایەتی بەو ئەندازەی کە بریتییە لە مۆتیڤی خوێن و دەمارگیری یان بەزاراوەیەکی تر خزمایەتی. لە کاتێکدا کە پەیوەندییەکانی خوێن و دەمارگیری لە کۆمەڵگە خێڵایەتییەکانی وەکو عەرەبدا یان میزۆپۆتامیدا لە ئەنجامی بڵندبوونیاندا



دەوڵەتی خێڵیان بەرهەم هێناوە، خوێن و دەمارگیری کورد نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی گەشەکردن کە بتوانێت دەوڵەتی خێڵ دروست بکات. هۆیەکەشی ئەوەیە کە لە قۆناغی خێڵایەتی کوردیدا هەر خێڵە بەتەنیا بۆ خۆی ژیاوە و تەنیا چاوی لە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیەوە بووە و هەستی بەوەش نەکردووە کە ئەگەر لەگەڵ خێڵەکانی دراوسێیدا کە خاوەنی هەمان زمان و ئایینە یەک بگرێت ئەوا دەتوانێت لە مەترسییەکانی دەرەوە باشتر خۆی بپارێزێت... کە ئەو جۆرە نزیکبوونەوەیە دەشیا ببوایە بەبنەمای پێکهێنانی جۆرە یەکێتی و یەکگرتنێک لە نێوان خێڵە کوردییەکاندا کە ببوایە بەبنەمای فیدراسیۆنی خێڵایەتی کوردی. بەڵام نە لە ڕابردوودا و نە تاکو ئێستاش لە سنووری خێڵەکاندا و نە ئێستاش لە سنووری حزبەکاندا کە ئەلتەرناتیڤی خێڵن لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا بنەمای ئەو فیدراسیۆنە پێک نەهاتووە، بەواتایەکی تر کۆمەڵگەی کوردەواری کۆمەڵێک بووە فیدراسیۆنی خێڵایەتی تیادا دروست نەبووە. مەبەست لە فیدراسیۆنی خێڵایەتیش یەکگرتنەوەی چەند خێڵێک یان زۆربەی خێڵەکانی کۆمەڵگەیەکی تایبەتییە بۆ پێکهێنانی جۆرێک لە (یەکبوون) کە لە ئەنجامی ئەوەشدا یەکەیەکی کۆمەڵایەتی گەورەتر لە یەکەی خێڵ لەتەنیا خۆی پێک دێت کە ئەوەش دەبێت بەهۆی زیاتر پتەوکردن و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی خوێن و دەمارگیری و بەرەو بڵندبوون (تسامی) دەجووڵێن و ئەنجام دەشێ لەو یەکگرتنەی خێڵە جیاوازەکان دامەزراوێکی باڵاتر پێک بێت بۆ بەڕێوەبردنی سەرجەم خێڵەکان پێکەوە، ئەو دامەزراوەش کەسێتییەکی ئیداری و مەعنەوی بەهێزی بۆ دروست ببێت و بگاتە ئاستی شێوازێک لە دەوڵەت کە پێی دەوترێت دەوڵەتی خێڵ، بەڵام لاوازی بنەما سەرەکییەکانی خێڵایەتی کوردی کە خوێن و دەمارن واتە پەیوەندییەکانی خزمایەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا نەگەیشتوونەتە ئاستی پێکهێنانی ئەو دامەزراوە باڵایە کە بەرزترین ئاستی کۆمەڵگە لە گەشەی پێکهێنانی ئەو دامەزراوە باڵایە کە بەرزترین ئاستی کۆمەڵگە لە گەشەی خۆیدا پێی بگات. هەر بۆیە لە گەشەی کۆمەڵگەی کوردیدا خوێن و دەمار (خزمایەتی) وەکو پەیوەندی بنەڕەتی پێکهێنانی کۆمەڵگەی کوردی لە گەشەی ناسروشتیاندا لە بری دروستکردنی دەوڵەتی خێڵ. میرنشینیان بەرهەم هێناوە. دیارە میرنشین لە چاو دەوڵەتدا دامەزراوێکی کۆمەڵایەتی سەرەتایی تر و لاوازترە و لە خوار گەیشتن بەپلەی ڕەها و ئاستی ڕەهای ڕۆحی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەوەیە. واتە لە دامەزراوی میرنشیندا ڕۆحی کۆمەڵایەتی نەگەیشتۆتە ئاستی سەربەستی.

## سەرچاوەکان


١- ارسطو طاليس - السياسة - ص ٢٧

٢- نيقولو مكيا ڤيللى - الامير - تعريب - خيرى حماد - دار الآفاق - بيروت ١٩٧٩ - ص٢٢٣

٣- افلاطون - الجمهورية - ترجمة حنا خباز - بيروت ١٩٦٩، ص ٥٦

٤- الفارابي - اراء اهل المدينة الفاضلة - تحقيق الدكتور البير نادر - دار المشرق - بيروت ١٩٦٨ ص ١٢٣

٥- يوحنا قمير - الغزالي - المطبعة الكاثوليكية - بيروت - سلسلة فلاسفة العرب - ص ٣٥

٦- الدكتور محمد عابد الجابري - العصبية و الدولة - معالم نظرية خلدونية - دار الثقافة - ص ٣١٧

٧- ميكيا ڤيللى - الامير - ص ٢٤٣

٨- نفس المصدر - ص ٥٤

٩- الدكتور اسماعيل الغزالي - القانون الدستوري و والنظم السياسية - بيروت ١٩٨٢ - ص ١٩

١٠- بيار كلاستر - مجتمع اللادولة - ترجمة الدكتور محمد حسين دكروب - مؤسسة الجامعية - الطبعة الاولى ١٩٨١ ص ١٨٦

١١- بيار كلاستر - نفس المصدر ص ١٨٦

١٢- مطاع صفدى - استراتيجية التسمية - بغداد - ١٩٨٦ ص ١٥٠

١٣- ادوار سعيد - الاستشراق - ترجمة - الدكتور كمال ابو ديب - ص ٢١٨

١٤- هيغل - العالم الشرقي - ترجمة امام عبدالفتاح امام - بيروت ١٩٨٢ - ص ٧

١٥- بيار كلاستر - المصدر السابق - ص ٢٠١

١٦- هيغل - العالم الشرقي - ص ٧

١٧- هيغل - نفس المصدر - ص ٨

18- Hegal - Philosophy of History - Universty Press- 1976/ .p. 37

١٩- هربرت ماركوز - العقل و الثورة - ترجمة فؤاد زكريا - القاهرة - ١٩٨٠

٢٠- برتراند رسل - حكمة الغرب - الجزء الثاني - ترجمة فؤاد زكريا - ١٩٨٣ ص ١٧٨

٢١- مطاع صفدي - استراتيجية التسمية - ص ١٤٩

٢٢- نفس المصدر - ص ١٤٩ - ١٥٠

٢٣- نفس المصدر - ص ٢٧٠

٢٤- بيار كلاستر - مجتمع اللادولة - ص ١٨٦

٢٥- مطاع صفدي - استراتيجية التسمية ص ٢١٧

٢٦- بيار كلاستر - مجتمع اللادولة ص ١٨٦





٢٧- مطاع صفدي - استراتيجية التسمية - ص ٢٧٠

28- A. L. Lwinard - Society and State - 1984 P- 68.

Ibid - P. 81.

29- Aristotle - The Politics - Trans . by T. A. Singlair- Penguin Book - 1962 - P. 25.

٣٠- هيغل - مختارات - الجزء الثاني - ترجمة الياس مرقص - دار الطلبة ١٩٧٨ - ص ٥٧

٣١- نفس المصدر ص ١٢٣

٣٢- فردريك انجلس - اصل العائلة و الملكية الخاصة و الدولة - دار الطليعة - ص ٢٢٣

٣٣- انجلس - نفس المصدر ص ٢٢٤

٣٤- محمد مبارك - بعض اشكاليات الأفراد و المجتمع عند الفارابي - افاق عربية - عدد (٨) ١٩٨٦

٣٥- مجلة الفكر - العدد - (٣) ١٩٨٢

٣٦- نفس المصدر - ص ٧٠

٣٧- عەتا قەرەداخی - ڕۆڵی جوگرافیا و تۆپۆگرافیا لە شێواندنی مێژووی کورددا - ڕێبازی نوێ - ژمارە (٨) ساڵی ١٩٩٥.

٣٨- جان توشار - تأريخ الفكر السياسي - ترجمة الدكتور علي مقلد. دار الطلبة - الطبعة الثالثة ١٩٨٣ ص ١١٤

٣٩- عبدالسلام بن عبدالعالي - الفلسفة السياسية عند الفارابي - دار الطلبة- بيروت ١٩٧٩ - ص ٨٤

٤٠- نفس المصدر - ص ٦١

٤١- نفس المصدر - ص ٦٣

٤٢- ابن خلدون - المقدمة - دار الجيل - ص ٢٠٧

٤٣- نفس المصدر ص ٣٦

44- Peter. Lyon. East: The Cradle of Spiritualism- 1992- P 66

٤٥- الدكتور محمد عابد الجابري - العصبية و الدولة - ص ٣١٧

**بەشی دووەم**

# کۆمەڵگەی کوردەواری لە نێوان

# سەرەتایی بوون و ڕووکەشی کۆمەڵگەی مەدەنیدا

**سەرەتا:**

یەکێک لە سیفەتە دیار و ئاشکراکانی کۆمەڵگەی مەدەنی یان لە شێوەیەکی تردا کۆمەڵگەی پێشکەوتوو بریتییە لە بوونی دامەزراوەکان بەهەموو جۆرەکانییەوە هەر لە دامەزراوی کۆمەڵایەتی و ئیداری و سیاسی و ڕۆشنبیری و ئابووری و ئایینی و... تاد، تەنانەت حزب وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەی پێگەیشتوو وا سەیر دەکرێت کە لە ڕاستیدا ئەلتەرناتیڤی دامودەزگای خێڵایەتی و عەشیرایەتییە، کە ئەم دووانەی دواییان دامەزراوی کۆمەڵگە دواکەوتووەکانن. بەڵام حزب دامەزراوی کۆمەڵگەیەکی پەرەسەندووترە.

تاکو ئێستا زۆر جار بێ شیکردنەوە و لێکدانەوە کۆمەڵگەی کوردی بەکۆمەڵگەیەکی سەرەتایی ناو دەبرێت، ئەمە لە کاتێکدا نە پێناسەمان بۆ کۆمەڵگەی سەرەتایی هەیە نە ئەو خاسیەتەی کە دەشێ کۆمەڵگەی سەرەتایی هەیبێ لەگەڵ خاسیەتەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریدا دەسەپێنرێت. دیارە لێرەدا ئێمە مەبەستمان ئەوە نییە کە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی سەرەتاییە یان نا. بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە ناکرێت بێ شیکردنەوەی سیۆسیۆلۆژیانە و بێ هەڵکۆڵینی مەودا قوڵ لە بینادی کۆمەڵایەتی کوردیدا بڕیاردان بۆ قۆناغی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردەواری ئەنجام بدرێت. دیارە لە کاتێکدا کە لە لایەکەوە کۆمەڵگەی کوردی بەکۆمەڵگەیەکی سەرەتایی ناو دەبرێت لە لایەکی ترەوە هەر ئەم کۆمەڵگەیە بەکۆمەڵگەی سەرمایەداری و هەندێ جار بەکۆمەڵگەی مەدەنی ناو دەبرێت، ئاشکرایە هەرچۆن ناوهێنانی کۆمەڵگەی کوردەواری بەکۆمەڵگەیەکی سەرەتایی



بنەمایەکی زانستیانەی نییە لە هەمان کاتدا دانانی ئەم کۆمەڵگەیە بەکۆمەڵگەی سەرمایەداری یان کۆمەڵگەی مەدەنی دیسان بێ لێکۆڵینەوەی زانستیانە و دیاریکردنی خاسیەتەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری یان کۆمەڵگە مەدەنی کارێکی نادروستە. ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدەدەین تیشکێ بخەینە سەر خاسیەتەکانی کۆمەڵگەی کوردی و لەسەر ئەو بنەمایەش لەگەڵ خاسیەتە دیارەکانی کۆمەڵگەی سەرەتایی یان کۆمەڵگەی سەرمایەداری و کۆمەڵگەی مەدەنیدا بەراوردی بکەین بەو هیوایەی هەوڵێک بۆ دیاری کردنی قۆناغی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەم کۆمەڵگەیە بدەین. لە کاتێکدا بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی دەربارەی گەشە و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و قۆناغەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردەواری نووسراوە و گوتراوە سەر بەمیتۆدی ماتریالیزمی مێژووە، واتە ئەو میتۆدە لەبەرگیراوە بۆ خوێندنەوەی باری کۆمەڵایەتی و بینادی و شێوازی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئاخاوتن لەسەر قۆناغەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردەواری بێ لەبەرچاوگرتنی گەلێک تایبەتمەندی کە ئەو تایبەتمەندیانە کۆمەڵگەی کوردی لە کۆمەڵگە گەشە ئاساییەکان جیادەکاتەوە، هەر لەبەر ئەوە ناشێت بەهەمان پێودانگ و بەهەمان میتۆد و بەهەمان بەکارهێنان بۆ کۆمەڵگە گەشە ئاساییەکان خوێندنەوەی کۆمەڵگەی کوردەواریش بکرێت بێ لەبەر چاوگرتنی تایبەتمەندییەکانی ئەم کۆمەڵگەیە

**ئایا کۆمەڵگەی کوردەواری کۆمەڵگەیەکی سەرەتاییە؟**

دیارە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بێ شیکردنەوەی بنەماکانی پێکهێنانی کۆمەڵگەی کوردەواری کارێکی ئاسان نییە، هەروەک لە هەمان کاتدا شیکردنەوەی بنیاتی پێکهێنەری کۆمەڵایەتیش لە کۆمەڵگەی وەکو کورددا گەلێک ئاڵۆز و پڕ لە تەنگ و چەڵەمەیە، ئەویش لەبەر کۆمەڵێک هۆکار کە لە پێش هەموویانەوە تۆمار نەکردنی ڕابردووی کوردە بەشێوەیەکی ورد و هەمە لایەنە، پێکداچوون و تێکەڵ و پێکەڵ بوونی کورد لەگەڵ دەستە و گروپە ئیتنیکی و ئایینییە جۆرا و جۆرەکانی ناوچەکەدا، شان بەشانی واقیعی داگیرکردنی کوردستان بۆ مێژوویەکی ئەوەندە دووررودرێژ کە کورد وەکو نەتەوە و وەکو کۆمەڵگەش لە ئەنجامی ئەو داگیرکردنە درێژ خایەنەدا زۆر لە بنەماکانی ڕەسەنایەتی و کەسێتی خۆی لە دەست داوە.

کاتێ پرسیار دەربارەی کورد دەکەین وەکو کۆمەڵ دەبێ ئەو ڕاستییەمان لە پێش چاو

بێت کە لە ڕووی بایلۆژییەوە هەروەها لە ڕووی پێکهاتەی فیسیۆلۆژییەوە کوردیش هەمان شێوەی مرۆڤی نەتەوە و ڕەگەزەکانی تر هەمان پێکهاتەی بایلۆژی و فیسیۆلۆژی هەیە، واتە کاتێ باسی ئەوە دەکەین کە ئایا کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی سەرەتاییە بەهیچ شێوەیەک مەبەستمان ڕووی بایلۆژی و فیسیۆلۆژی نییە، چونکە لە ڕوانگەی بایلۆژییەوە تەنیا بەزیندەوەرە تاک خانەییەکان دەگوترێت زیندەوەری سەرەتایی، پێکهاتەی فیسیۆلۆژی هەر فەردێکی کوردی هەمان پێکهاتەی مرۆڤێکی تەواوی ترە لە نەتەوە و کۆمەڵگەکانی تردا، هەر بۆیە لە هەر شوێنێکدا باس لە سەرەتایی بوونی کۆمەڵگەی کوردەواری بکەین مەبەستمان لایەنی کۆمەڵایەتی و بەرهەم هێنانی شارستانیەتە واتە لەو ڕوانگەیەوە ئایا کۆمەڵگەی کوردەواری لە چ ئاستێکی گەشەی کۆمەڵایەتیدایە؟ ئایا شارستانێتی بەرهەم هێناوە؟ ئەگەر بەرهەمی هێناوە چ جۆرە شارستانیەتێکە؟ ئایا ئەو شارستانیەتە دەشێ بەبەڵگەی گواستنەوەی کۆمەڵگەی کوردەواری لە کۆمەڵگەی دواکەوتووی خێڵایەتییەوە بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی دابنرێت؟

مەبەست لە(سەرەتایی بوون) یان کۆمەڵگەی سەرەتایی چییە؟ لەم بارەیەوە ئەشلی مۆنتاگیۆ دەڵێت: گەلانی سەرەتایی ئەوانەن کە نزیکترین گەلن لە مرۆڤی کۆنەوە[١] ئەگەر ئەم بۆچوونە بکەین بەبنەما بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی داخۆ گەلێک یان کۆمەڵگەیەک سەرەتاییە دەبێ ئەو ڕاستییە ئاشکرا بکەین کە نووسەر هاوشێوەییەکی لە نێوان گەلانی کۆن و گەلانی سەرەتاییدا دروست کردووە و لەبەر ڕۆشنایی ئەو بۆچوونەشدا پێی وایە گەلێک یان کۆمەڵگەیەک بەسەرەتایی دادەنرێت کە هێجگار نزیک بێت لە مرۆڤی کۆن و دێرینەوە، کە ئاشکرایە کاتێ باسی مرۆڤی دێرین دەکەین ڕاستەوخۆ مرۆڤی نیاندەرتاڵمان دێتەوە یاد. ئەو مرۆڤەی کە چ لە ڕووی جەستەوە چ لە ڕووی عەقڵەوە جیاوازییەکی هێجگار زۆری هەبووە لەگەڵ مرۆڤی دواکەوتورین کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا. ڕاستە مرۆڤی نیاندەرتاڵ یان مرۆڤی پێش مێژووی زانراو خاوەنی هونەر و شارستانێتی سادەی خۆی بووە و لە ئەنجامی هەڵکۆڵین و شیکردنەوەی ئەنترۆپۆلۆجیستەکاندا گەلێک لە خاسیەتەکانی هونەر و شارستانێتی ئەو قۆناغە ئاشکرا بووە. بەڵام ئەوەی لە زهن و عەقڵی باوی ئێستای ئێمەدا جێگیرە ئەوەیە کە مرۆڤی سەرەتایی ئەفریدەبوویەکی نزیک لە وەحشی بووە. بەڵام دیسان ئەوەش تەنیا لە ڕێگای خەیاڵ و ئەندێشەوە، کە ئێمە گەیشتووینەتە ئەو دەرئەنجامە، نەک لە خودی خۆیدا ئەو بۆچوونە دەرئەنجامی توێژینەوە و هەڵکۆڵین بێت.



یەکێک لە سیفەتە هەرە دیارەکانی کۆمەڵگەی سەرەتایی ئەوەیە کە ئەو کۆمەڵگەیە نەگەیشتبێتە قۆناغی نووسین. هەر بۆیە دەشێ بەکۆمەڵگە سەرەتاییەکان بووترێت (کۆمەڵگەی بێ نووسین) دیارە ئەو کۆمەڵگەیەی کە نووسینی بۆ خۆی دانەهێنابێت واتە کۆمەڵگەیەکە مێژووەکەی سەرزارییە واتە ئەوەی لە ئێستادا ئێمە لە بارەی ئەو کۆمەڵگەیەوە لەبەر دەستماندایە تەنیا بریتییە لە بەرهەمی یادەوەری و خەیاڵ کە ئەوەش بنەمایەکی هێجگار لاوازە بۆ سەلماندنی ڕابردووی ئەو گەلە یان ئەو نەتەوە و کۆمەڵگەیە. مێژوو داهێنانی ئەبجەدیەت دەگەڕێتەوە بۆ حەڤدە سەدە پێش زایین، واتە لە مێژووەوە کۆمەڵگەکان توانیویانە تۆماری چۆنیەتی ژیانی خۆیان بکەن، ئەو تۆمارکردنەش دەبێت بەمێژوو هەروەک ئیبن خەلدون دەڵێت: مێژوو بریتییە لە تۆمارکردنی هەواڵە تایبەتییەکانی سەردەمێک یان نەوەیەک[٢]، کەواتە لەو کاتەوە نووسین دەرکەوتووە تۆمارکردنی مێژوو دەستی پێکردووە. گەلانی گەشە ئاسایی لە کاتی ڕووداوەکاندا یان لە کاتی هەواڵەکانی هەر سەردەم و قۆناغێکدا لەبەر ئەوەی نووسینیان هەبووە مێژووی سەردەمە دیارەکان و نەوە مێژوو دروستکەرەکانیان تۆمار کردووە. بەڵام ئەگەر سەرنجی گەلی کورد یان کۆمەڵگەی کوردەواری بدەین سەرباری دەرکەوتنی ئەبجەدی لە مێژووی پێش دەوڵەتی میدا کەچی کورد هیچی لەو بارەوە تۆمار نەکردووە یان ئەگەر تۆماریش کرابێت ئەوا لە پرۆسەکانی کۆلۆنیالیکردنی کەلتوردا لەنێوبراون. ئەگەر حاڵەتی یەکەم ڕاست بێت کورد هیچی تۆمار نەکردبێت ئەوە بۆچوونی ئێمە بەولایەدا دەشکێتەوە کە لەو مێژووەدا کورد کۆمەڵگەیەکی بێ نووسین بووبێت کە ئەگەر بتوانرێت ئەوە بسەلمێنرێت ئەوا ئاشکرا دەبێت کە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی سەرەتاییە. هەر لێرەوە دیسان لەبەردەم گومانێکدا ڕادەمێنین ئایا ئەگەر کورد کۆمەڵگەیەکی خاوەن نووسین بووە بۆچی تۆمارکردنی سەروەختی سەرهەڵدانی ئایینی زەردەشتی دیار نییە؟ بۆچی تۆمارکردنی مێژووی ئیداری نزیکەی سێ سەد ساڵی کورد لە دەوڵەتی میدا دیار نییە؟

ئەگەر کورد پێشتر کۆمەڵگەیەکی خاوەن نووسین بووە بۆچی بۆ یەکەم جار لە مێژوویەکی درەنگدا ساسانییەکان بەرنامەی ئایینی زەردەشتیان تۆمار کرد ئەویش لە ڕێگای کۆکردنەوەی ئەوەی دەماودەم دەگێڕرایەوە، ئەگەرچی بەپێی هەندێ لە سەرچاوە مێژووییەکان پەیامی ئەم ئایینە لەسەر پێستی گا نووسراوەتەوە، بەڵام لە قۆناغەکانی دواتردا لە پرۆسەی کۆلۆنیالیکردنی کەلتووری کوردیدا سووتێنراوە و هەوڵی لەناوبردنی دراوە هەتا ئایینەکە بەتەواوی بسڕێتەوە. ڕەنگە لەسەر بنەمای بوونی نووسینی کوردی

یان نەبوونی لە مێژووی کۆندا نەتوانرێت بڕیار لەسەر ئەوە بدرێت ئایا کورد نووسینی هەبووە یان کۆمەڵگەیەکی بێ نووسین بووە؟ بەڵام دەشێ لێرەدا پەنا بۆ دەروازەی دووەم ببرێت: ئایا کورد لە ئێستادا زۆر نزیکە لە مرۆڤی کۆن؟ دیارە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەش پێویستی بەلێکدانەوە و ئاشکراکردنی ڕووە لێکچوو و جیاوازەکانی کورد و مرۆڤی کۆن هەیە... مرۆڤی سەرەتایی واتە مرۆڤی پێش مێژوو زیاتر ئێستا وای بۆ دەچین کە جۆرێک بووبێت لە دڕندە و مێشکێکی بچووک و عەقڵێکی لاواز و لاشەیەکی گەورەتر و دەستی پان و مەچەکی ئەستوور و پێستی تیسکن و ناشیرین بووبێت. ئەگەر ئەمە لێکدانەوەی خەیاڵ و ئەندێشەی ئێمە بێت بۆ مرۆڤی سەرەتایی دیارە کۆمەڵگەی کوردی لەمێژە لە مرۆڤی سەرەتایی جیابۆتەوە. ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە کورد لە ڕووی بایلۆژی و فیسیۆلۆژییەوە ناکرێت و ناشێت بخرێتە ڕیزی کۆمەڵی سەرەتایی یان مرۆڤی سەرەتاییەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مانەوەی لە جوغزێکی داخراوی دەرەوەی مێژوودا دەبێتە بنەمایەک کە لە دەرەوەی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا بێت. کەواتە کۆمەڵگەی کوردەواری چ جۆرە کۆمەڵگەیەکە؟ دەشێ لەم لایەنەوە بەکۆمەڵگەی سەرەتایی دابنرێت؟

کاترین بیرندت دەڵێت: زاراوەی سەرەتایی بەشێوەیەکی گشتی مەبەست لە نەبوونی پەرەسەندن و توندوتیژیی و نزمی و چۆنیەتی گەشە نەکردن[٣]، هەڵبەت لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە زاراوەی سەرەتایی لە بری ئەوەی دەلالەتی بایلۆژیانەی هەبێت دەلالەتی کۆمەڵایەتی و شارستانی هەیە، هەر لەبەر ئەوە کاتێ زاراوەی (سەرەتایی بوون) دێتە بەرچاو ڕاستەوخۆ خەیاڵمان بۆ ئەوە دەڕوات کە مەبەست لە مانەوەیە لە دەرەوەی مێژوو و واتە نەتوانینی بەرهەم هێنانی شارستانیەت و خولاندنەوە لە جوغزێکی داخراوی کۆمەڵایەتی بوونی ئەوتۆدا کە تەنیا ئەوەندەیە پێی دەگوترێت کۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤ، لەو ڕوانگەیەوە کە پێکەوە لە شێوەی کۆمەڵدا دەژین ئەویش ڕەنگە بەر لە هەر هۆکارێکی تر مەترسی لەنێوچوون و نەتوانینی وەستان لە ڕووی دیاردە سروشتییەکاندا ناچاری ئەوەی کردبن. ئەگەرچی لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە دەرکەوتووە کە مرۆڤ بەخۆڕسکی ئەفریدە بوویەکی کۆمەڵایەتییە کە ئیبن خەلدون ئەم دیاردەیە ناو دەنێت (پێویستبوونی کۆمەڵایەتی و دروستبوونی دەسەڵات[٤]) کە ئەویش لە پێناوی دوو ئامانجدا دروست بووە کە بریتین لە دەست کەوتن و پەیداکردنی خۆراک لەگەڵ خودپاراستن. کەواتە لێرەوە بنەمای کۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤیش دەردەکەوێت کە پێداویستی لە پشتییەوە وەستاوە.



ئێمە لە بارەی کۆمەڵگەی کوردییەوە نازانین داخۆ یەکەم سەرەتای کۆمەڵایەتی بوونی چۆن بووە؟ یەکەم دامەزراوی کۆمەڵایەتی کە بریتی بووە لە کۆبوونەوە لە ئەشکەوتەکاندا و پێکەوە ڕاویان کردووە و بەری دار و درەختیان کۆکردۆتەوە کورد لە چ حاڵەتێکدا بووە کە ئەوە سەرەتای ئەو مێژووەیە کە پێی دەوترێت کۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤ؟ دیارە نەبوونی زانیاری تەواو لە بارەی ڕابردووی کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە لە خۆیدا هۆکارێکە بۆ دوورخستنەوەی هەوڵ و تەقەلا بۆ خوێندنەوەی ئەو ڕابردووە هەروەک پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کردووە زۆربەی هەرەزۆری ئەو زانیارییانەی دەربارەی قۆناغەکانی ڕابردووی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردەواری تۆمار کراون لەسەر بنەمای هاوشێوە کردنی کورد بوون لەگەڵ کۆمەڵگەکانی تردا کە ئەوەش ناتوانرێت لە ڕوانگەی زانستییەوە پشتی پێ ببەسترێت. ڕەنگە زانیاری گونجاو دەربارەی ڕابردوو یارمەتیمان بدات بۆ نزیک بوونەوە لە دیاری کردنی ئەو قۆناغەی کۆمەڵگەی کوردەواری تێدایە، یان بەشێوەیەکی تر کۆمەڵی کوردەواری چ جۆرە کۆمەڵگەیەکە؟

ئێمە پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە ناشێت هەروا بەسەر پێیی کۆمەڵگەی کوردی بەکۆمەڵگەیەکی سەرەتایی دابنرێت هەروەک شتێکی نەگونجاویشە بەبێ لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە ئەم کۆمەڵگەیە، بەکۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووی سەرمایەداری ناو ببەین. کەواتە چ ڕێگایەک دەبێ لەبەر بگیرێت بۆ ئاخاوتن لەسەر دیاریکردنی خاسیەتەکانی ئەم کۆمەڵگەیە هەتا لەسەر ئەو بنەمایانە خودی قۆناغی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی دەستنیشان بکرێت. بۆ ئەو مەبەستەش لەسەر ئێستای کۆمەڵگەی کوردەواری دەدوێین لەو بوارە جۆراوجۆرانەدا کە پێکەوە شێوەیەکی دیاریکراوی ئەم کۆمەڵگەیە دەخەنە ڕوو، بەپێچەوانەی زۆرێک لەو ناوهێنان و ناولێنانانەی کە تاکو ئێستا بەسەر کۆمەڵگەی کوردەواریدا دەسەپێندرێن کە دەتوانین بڵێین ئەو ناوانە تەنیا وەکو زاراوەی بێ پێناسە دەردەکەون و ناچنە ڕیزی دەرئەنجامی شیکردنەوە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

تاکو ئێستا سەرباری ئەوەی کە لە لایەک کۆمەڵگەی کوردەواری بەکۆمەڵگەیەکی سەرەتایی و لە لایەکی تریشەوە بەکۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو دادەنرێت، بەخێڵایەتی دانانی کۆمەڵگەی کوردەواری لێرە و لەوێ باسی لێوە دەکرێت. کەواتە جێگای خۆیەتی لێرەدا بپرسین ئایا کۆمەڵگەی کوردەواری کۆمەڵگەیەکی خێڵایەتییە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێ خودی بنیاتی کۆمەڵگەی کوردی بکەین بەبنەمای قسە کردن.

ئەگەر سەرنجی بنیاتی کۆمەڵگەی کوردی بدەین ئەوا دەبینین کە ئەم کۆمەڵگەیە بەشێوەیەکی گشتی لە خێڵ و عەشیرەت پێکهاتووە. کە یەکەمیان واتە خێڵ دابەش دەبێت بۆ یەکەی کۆمەڵایەتی بچووکتر کە پێیان دەوترێت هۆز و تیرە. بەڵام عەشیرەت ئەو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەیە لە کۆمەڵگەی کوردەوارییدا ئەو جۆرە دابەش بوونەی تێدا نییە. خێڵ لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا چ لە ڕووی ژمارەوە چ لە ڕووی ئەو پانتاییە جوگرافییەی کە لە ژێر دەسەڵاتیدایە گەلێک لە عەشیرەت زۆرتر و گەورەترە. خێڵ لە کۆمەڵگەی کوردیدا خاوەنی هیچ دۆکیومێنتێکی مەعنەوی نییە کە پێی دەوترێت درەختی بنەماڵە و بەپێی ئەو دۆکیومێنتە خێڵ خۆی بگەیەنێتەوە بەپێغەمبەر (د.خ) و کەسوکاری کە بەپێچەوانەی خێڵەوە، عەشیرەتەکانی کورد خاوەنی ئەو دۆکیومێنتە مەعنەوییەن و ئەوەش لە ڕووی مەعنەوییەوە وایلێکردوون کە خۆیان لە خێڵەکان پێ لە پێشتر بێت.

بەهەرحاڵ خێڵ و عەشیرەت ئەو دوو دامەزراوە کۆمەڵایەتیەن کە بنەمای سەرەکی پێکهێنانی کۆمەڵگەی کوردەوارین، ئەگەرچی جگە لەم دوو دامەزراوە خەڵکێکی زۆر هەن لە کۆمەڵگەی کوردیدا کە هیچ کام لەو دوو سەرچاوەی وابەستەبوونیان نییە کە ئەوانەش بەشێکی دیار لە جەماوەری گەلی کورد پێک دێنن. ئەم بەشە لە کۆمەڵگەی کورددا بەگشتی و لە کۆمەڵگەی گوندنشینی کوردیدا بەتایبەتی بەمسکێن ناوبراون کە ئەمانە خاوەنی هیچ شتێ نەبوون لە کۆمەڵدا جگە لە هێزی بازوویان کە زیاتر لەسەر زەوی خاوەن موڵکەکان کاریان کردووە و تەنیا بەشی ژیانی کوڵلەمەرگیان لەبەری ڕەنجەکەیان پێ براوە. لەگەڵ دروستبوونی شاریشدا لە کوردستان ئەم بەشەی کۆمەڵ زیاتر لە پرۆسەی کار و بەرهەم هێناندا کەوتوونەتە نێو شارەکانەوە، چونکە ئەمانە وا بەستەی خاک نەبوون و نەبەستراون بەزەوییەوە لە کاتێکدا ئەمان خاوەنی زەوی نەبوون. پەیوەندی کۆمەڵایەتی کوردەواری ڕەنگدانەوەی ئەو بنیاتە کۆمەڵایەتییەیە، واتە شێوازی پەیوەندییەکان لە سنووری پەیوەندی کۆمەڵگەی خێڵایەتی و عەشیرەتگەری تێپەڕی نەکردووە، بەڵکو (وەلاء) بۆ خێڵ و عەشیرەت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم دوو دامەزراوە کۆمەڵایەتییە بەئاشکرا دەبینرێت.

خێڵی کوردی تەنیا لەسەر بنەمای پەیوەندی خوێن و دەمار دروست نەبووە بەڵکو خێڵی کوردی خێڵێکە کە: لە شێوەی یەکەیەکی کۆمەڵایەتی - سیاسی و بەشێوەیەکی گشتی یەکەیەکی ناوچەگەری و ئابووریشە کە پشتی بەخزمایەتی و ڕەچەڵەک بەستووە[٦١]. لێرەوە



ئاشکرا دەبێت کە دامەزراوی خێڵ لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا یەکەیەکی گشتییە کە دەتوانین بڵێین جۆرێک لە خود تێرکردنی هەیە، مەبەست لەمەش ئەوەیە کە خێڵی کوردی بەهۆی شێوازی پێکهاتن و میکانیزمی کارکردنی و ناوچەی جوگرافی و خاسیەتی سیاسی بوونیەوە وەکو یەکەیەکی کۆمەڵایەتی تا ڕادەیەک پێویستی بەدەرەوەی خۆی نییە. واتە کۆمەڵایەتی بوون لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ئێستا تەنیا بەندە بەپانتایی جوگرافیای خێڵەوە پێش ئەوەی بەند بێت بەپانتایی جوگرافیای نەتەوەوە. پێویست نەبوونی خێڵ و عەشیرەتی کوردی بەدەرەوەی جوگرافیای خۆی هۆی سەرەکییە بۆ دوورخستنەوەی پێکهێنانی فیدراسیۆن و یەکگرتنەوەی نێوان خێڵەکانی کورد. ئەگەر سەرنجی سیفاتەکانی ئێستای کۆمەڵگەی کوردی بدەین ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم کۆمەڵگەیە لەسەر بنەمای خاسیەتەکانی کە ئەو خاسیەتانە زیاتر وەکو بەشێک لەسەر خان دەردەکەون کۆمەڵگەیەکی خێڵایەتی داخراوە. مەبەست لە کۆمەڵگەی خێڵایەتی داخراویش ئەوەیە کە کۆمەڵگە یان خێڵ و عەشیرەتەکانی کۆمەڵگە هەموو چالاکییە ژیاری و کۆمەڵایەتییەکانی لە سنووری داخراوی خۆیدا جێبەجێ دەکات کە ئەمەش لە ڕووی سایکۆلۆژی کۆمەڵایەتییەوە جۆرێک لە داخستن بەڕووی ئەو یەکە کۆمەڵایەتییەدا دروست دەکات و دەیکات بەپێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی لە دنیا پەرت بوو، ئەوەش جۆرێک لە خۆپەرستی و خۆشبەخت زانین دروست دەکات بەبێ ئەوەی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئامادەبوونی ئەوەی هەبێت. دروستبوونی ئەم جۆرە هەستکردنەش دەبێتە مایەی تەنگەنەفەسی و بەسەر خۆدا شکانەوەی کۆمەڵایەتی کە ئەوەش دەبێتە مایەی دروستکردنی هەست بەخود شاردنەوە و خودحەشاردان لە سنووری داخراوی خێڵدا کە ئەنجام مۆتیڤی خود نمایشکردن بۆ دەرەوەی خود دەکوژێت و هەر لەوێشەوە بنەماکانی شکستی کەسێتی ئەو پێکهاتەیە کە لە سنوورێکی بەربلاوتردا هەموو کورد دەگرێتەوە بەرەو فۆرمەلە بوون دەچێت. خێڵەکانی کورد هەتا سەرەتای ئەم سەدەیەش بەشی زۆریان لە گەرمیان و کوێستاندا بوون، زستان بۆ ناوچە گەرمەکان دەکشانەوە و هاوینیش بەخۆیان و مەڕ و ماڵات و ئاژەڵەکانیانەوە بەرەو ناوچە فێنکەکان هەڵدەکشان، ئەمەش دەوری کاریگەری هەبووە لە شێوازی هەڵسوکەوت و عەقڵ و هەستی کۆمەڵایەتیاندا، هەروەها لە لایەکی تریشەوە خێڵە کۆچەرەکانی کورد پەیوەندییەکی لاوازیان بەزەوییەوە هەبووە، ئەوان لە دوای لەوەڕگا و ئاو گەڕاون، کەواتە لە کوێ ئەو دوو توخمەیان دەست کەوتبێت ئەوە ئەو شوێنە نیشتمانی ئەوان بووە. پاش گواستنەوەش ئەو جێگایە ئەو گرنگییەی خۆی ونکردووە و شوێنێکی تر وەری گرتووە،

ئەگەرچی لە بنەڕەتدا سنووری قەڵەمڕەوی خێڵ وەکو دامەزراوێکی کۆمەڵایەتی دیار بووە.

خێڵ و عەشیرەت دامەزراوی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە دواکەوتووەکانن بەڵام مەرج نییە ئەو کۆمەڵگەیانە کۆمەڵگەی سەرەتایی بن چونکە خێڵ و عەشیرەت ئەگەر بەراورد بکرێن بەکۆمەڵگە سەرەتاییەکان ئەوا دامەزراوی پەرەسەندوترن بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە سیستەمی خێڵ لە کۆمەڵگەی کوردیدا هێندە پەرەی سەندبێت گەیشتبێتە ئاستی دامەزراوی کۆمەڵگە مەدەنییەکان. بەڵکو بەپێچەوانەوە دامەزراوی خێڵ و عەشیرەت لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا وەکو هەمان دامەزراو لە کۆمەڵگە گەشە ئاساییەکاندا پەرەی نەسەندووە و هەتا کۆمەڵگە لە سیستەمی خێڵایەتییەوە بگوازرێتەوە بۆ سیستەمی دەوڵەتی خێڵ. بەڵکو بەپێچەوانەوە خێڵی کوردی لە بەرزترین ئاستی گەشەکردنیدا گەیشتۆتە حاڵەتی دروستکردنی میرنشین، دیارە جیاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوان دامەزراوی میرنشین و دامەزراوی دەوڵەتدا.

## ژێرخانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی

مەبەست لە ژێرخانی کۆمەڵایەتی ئابوورییە، کەواتە ئابووری کوردستان لە چ ئاستێک دایە؟ ئایا ئابووری سەرمایەدارییە یان ئابووری فیودالی؟ ئەی چ پەیوەندییەک لە نێوان پێکهاتەی خێڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی و ژێرخانی ئابوورییەکەیدا هەیە؟

ئابووری کوردستان لە بارێکدایە کە ناکرێت لە سایەی تاکە زاراوەیەکدا کۆبکرێتەوە، بۆ نموونە ڕەنگە دروست نەبێت بڵێیت ئابووری کوردستان بەتەواوی ئابووری فیودالییە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بەرهەم هێنان پەیوەندی کۆمەڵایەتی قۆناغی فیودالین، ڕاستە شێوازی باڵادەستی ئابووری و شێوازی باڵادەستی پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان لە کۆمەڵگەی کوردیدا فیودالین، بەڵام لە هەمان کاتدا ئابووری سەرمایەداریش تێکەڵاوی ژێرخانی کۆمەڵگەی کوردی بووە، بەتایبەتی لە ڕووی سیستەمی ئابوورییەوە. ئابووری سەرمایەداری جیهان کاریگەری لەسەر سەرجەمی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەیە و لەو سیستەمە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی کە ئامانجی ئەوەی هەیە دنیا بکات بەتاکە گوندێک بواری کارلێکردن هێجگار فراوان دەبێت کە ئێستا ئابووری سەرمایەداری جیهان لە ڕووی پراکتیکەوە لەو بوارەدا دەوری خۆی هەیە. ئەمە سەرباری ئەوەی کە پرۆسەی داگیرکردن دەوری هەبووە لە شێواندنی شێوازی سروشتی گەشەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی



بەرهەم هێناندا و لە لایەکی تریشەوە توێژێک لە بۆرژوای کورد کە بەکاریگەری چینی بۆرژوای کۆمەڵگەکانی دەوروپشت و داگیرکەرانی کوردستان دەرکەوتوون، بوون بەهۆی ئەوەی کە بەشێک لە پەیوەندییەکانی ئابووری و بەرهەم هێنانی سەرمایەداری برەو پێبدەن لە کوردستاندا. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئابووری سەرمایەداری بەشێوەیەکی سروشتی لە ئەنجامی مانیفاکتۆریا و دەرکەوتنی خاوەن پیشەکانەوە دەرنەکەوتووە و هەتا لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییەدا لە ژێرخانی کۆمەڵایەتیدا چینی بۆرژوا دروست ببێت و دامودەزگای کۆمەڵایەتی خۆی پێک بهێنێت و لە ئەنجامی ئەوەشدا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خێڵایەتی و عەشیرەتگەری هەڵبوەشێنێتەوە. بەڵکو بەپێچەوانەوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خێڵایەتی و عەشیرەتایەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەتا ئێستاش بەردەوامن ئەویش لەسەر ئەو بنەمایەی کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بەرهەم هێنان هێشتا پەیوەندی بەرهەم هێنانی خێڵایەتین کە وەکو شێوازێکی بەرهەم هێنانی پەیوەست بەقۆناغی فیوداڵییەوە خۆی دەنوێنێ.

تەنانەت ئەو سیستەمە ئیداری و سیاسیانەی بەڕێوەبردن کە دەسەڵاتیان بەسەر کوردستاندا کردووە واتە داگیرکەران ئەگەر هەندێ بڕیاریشیان دەرکردبێت کە لە بەرژەوەندی بەشی زۆری کۆمەڵدا بووبێت و بەدژی بەرژەوەندییەکانی خاوەن ملکەکان بووبێت لە ئاغا و بەگ و شێخ، ئەوا لە ڕووی پیادەکردنەوە ئەو بڕیارانە وەکو پێویست جێبەجێ نەکراون. خۆ لە سەرجەم ئەو کاتانەشدا کە کورد خۆی بووبێتە خاوەنی ئیدارەی کاتی خۆی ئەوا ئەو بڕیارانە هەر بەتەواوی ڕەتکراونەتەوە و بەتەواوی پشتگیری لە خاوەن ملکەکان کراوە یان ئەو دەسەڵاتە ئیدارییەی کە دروست بووە خۆی وەکو خاوەن ملک نیشان داوە، باشترین نموونە ئەگەر سەیری فەرمانڕەواییەکەی شێخ مەحموود بکەین لە خوارووی کوردستان، ئەوا خودی شێخ سەرقاڵی پەیداکردن و تاپۆکردنی زەویوزار بووە. هەرچۆن سەرخێڵێک یان ئاغا و بەگ و شێخێکی ئاسایی سەرگەرمی فراوانکردنی پانتایی جوگرافیای خێڵ و عەشیرەتەکەی بووە. دیسان ئەگەر سەرنجی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بەرهەم هێنان و مەسەلەی زەوی بدەین لە دوای ڕاپەڕین و دروستبوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە هیچ بڕیارێک دەربارەی ئەو مەسەلە لەبەرچاوە دەرنەچووە، تەنانەت ئەو بڕیارانەی کە کاتی خۆی دەوڵەتی داگیرکەری عێراق لەسەر کوردستان بۆ چاککردنی مەسەلەی زەوی و کشتوکاڵ دەریکردبوون ئەوانەش جێبەجێ نەکراون، بەڵکو بواریش خۆش کراوە بۆ ئەوەی خاوەن ملکەکان بەباشترین شێوە

زەوییەکانی خۆیان بەکاربهێنن و چۆن ئارەزوو دەکەن ملّکانە وەرگرن و چەندەها میل زەوی کشتوکاڵیش بەناوی کڕینەوە بۆ خۆیان تاپۆ بکەن... ئیدارەی کوردستانیش بەورياييیەوە ئاگای لەو بارودۆخەیە بەڵام بیانووی بۆ بێ دەنگ بوون ئەوەیە کە ئاغا و بەگ و شێخ واتە خاوەن ملّکەکان دەوروژێن و دەبنە هۆی دروست کردنی گیروگرفت، لە ڕاستیدا ئەم هەڵوێستە ئەوە نیشان دەدات کە تەنانەت لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا و لەم کۆتاییيەی سەدەی بیستدا هێشتا دامەزراوی خێڵ بەئەندازەیەک پتەو و بەهێزە کە ئەو دامەزراوانەی کە لە ڕووکەشدا لە دامەزراوی کۆمەڵگەی شار دەچن لەوانەش دامەزراوی حکومەت و حزب لە بەرامبەر دامەزراوی خێڵدا بێ دەسەڵاتن و هیچیان پێ ناکرێت، لێرەوە دەردەکەوێت کە بەهێزیی دامەزراوی خێڵ لە کوردستاندا تاکو ئێستا لەبەر ئەوەیە ئاستی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردەواری خۆی لەو ئاستەدا واتە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەندی خێڵایەتین و بنیاتی پێکهێنەری کۆمەڵگەی کوردی بنیاتێکی خێڵایەتییە و تاکو ئێستا تەنانەت بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێک نەهاتووە.

### کۆمەڵگەی کوردەواری لە نێوان خێڵایەتی و دامەزراوی کۆمەڵگەی مەدەنیدا

وەکو لە سەرەوە باسمان کرد کۆمەڵگەی کوردەواری لە ڕووی بنیاتی کۆمەڵایەتیەوە کۆمەڵگەیەکی خێڵایەتییە. هەر بەو پێیەش دامەزراوەکانی خێڵ و عەشیرەت بەزیندوویی دیارن و خاوەنی کەسێتی مادی و مەعنەوی خۆیانن لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا. دیارە عەقڵ و ستراتیژی ئەم دامەزراوانەش ڕەنگدانەوەی بنیاتەکەیانە. کە بەشێوەیەکی گشتی خێڵ و عەشیرەت لەسەر بنەمای خوێن و دەمار واتە خزمایەتی دروست بوون کە دەشێ بەپەیوەندی هاو (ڕەحمی) دابنرێت، واتە سەرجەم ئەندامانی خێڵێک یان عەشیرەتێک لە بنەڕەتدا بەرهەمی تەنیا تاکە منداڵدانێکن ئەگەر لە ڕووی بایلۆژییەوە سەرنجی بدەین. مارشەڵ ساهلنز دەڵێت: خزمایەتی تاکە بنەمای خێڵایەتییە[٧] هەروەک ئەوەش دەبیسترێت لە ڕووی کۆمەڵناسییەوە سۆز و خۆشەویستی وەکو پەیوەست بوونێک پەیوەندییان بەیەک سەرچاوەوە هەیە کە ئەویش سەرچاوەی دروستبوون واتە (ڕەحم – منداڵدان)ە. ئەگەرچی لە تیۆری خەلدونیدا بنەمای سەرەکی دامەزراوی خێڵ بریتییە لە پەیوەندی خوێن و دەمار و سەرجەم ئەندامانی خێڵ وەکو بەشێک لەو دەزگایە یان ئەندامێک لەو دەزگایە لە ژێر کاریگەری ئەو دوو هۆکارەدا پێکەوە دەبەسترێن و بوونیان لە بوونی دەزگاکەدا دەردەکەوێت. فەرد هەست بەوە دەکات کە بەشێکە لەو دامەزراوە و



بەهیچ شێوەیەک پەرت ناکرێت لەو خێڵەی کە پەیوەستە پێیەوە، هەروەک ئەم ئەندامە ئامادەیی بەردەوامی هەیە بۆ بەرجەستەکردنی کەسێتی خێڵەکەی بەوەی خۆی بەتەواوی لە نێو ئەو پێکهاتەیەدا دەتوێنێتەوە. لەم حاڵەتەشدا تاک کەسێتی خۆی ون دەکات و بگرە تاکێتی خۆشی لە دەست دەدات و کەسێتی خێڵەکە وەردەگرێت[٨] ئەمەش یەکێکە لە خاسیەتە دیارەکانی کۆمەڵگەی خێڵایەتی کە بێ گومان ئەم حاڵەتەش لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا دەبینرێت. تاک لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا تاکو ئێستاش ئامادەبوونی بەندە بەهێزی خێڵ و عەشیرەتەوە. تاکو ئێستاش هەر ئەندامە نوێنەری خێڵ و عەشیرەتەکەیەتی لەو ڕوانگەیەوە کە کەسێتی ئەو دامەزراوەی وەرگرتووە. دامەزراوی خێزان کە یەکەی پێکهاتنی دامەزراوە پەرەسەندووەکانی تری وەکو خێڵ و عەشیرەت و دەوڵەتە، لە کۆمەڵگەی کوردیدا خێزان یەکەیەکی توند و تۆڵی پتەوی داخراوە بەڕووی خۆیدا، واتە خێزان بەشی هەرە زۆری پەیوەندی و چالاکییە ژیارییەکانی لە سنووری خۆیدا ئەنجام دەدرێت و ئەگەر هەر شتێکیش بپەڕێتەوە بۆ دەرەوەی سنووری خێزان ئەوا هەر لە سنووری داخراوی ئەو خێڵ و عەشیرەتەدا دەمێنێتەوە کە ئەو خێزانە ئەندامە لێی. خێزان کەسێتی خۆی هەمان شێوەی تاکە کەس لە نێو کەسێتی خێڵ و عەشیرەتدا دەتوێنێتەوە و سیفاتەکانی ئەو دەزگایە واتە خێڵ و عەشیرەت وەردەگرێت. هەروەک ئامادەبوونی خێزانیش لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەندە بەئامادەبوونی خێڵ یان عەشیرەتەکەیەوە.

ئابووریی خێزان لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ڕاستەوخۆ لە ڕەنج و ماندووبوونی ئەندامانی خێزانەوە بەرهەم دێت. چونکە لەم کۆمەڵگەیەدا جگە لە دەستەی کەمی خاوەن ملّک و خاوەن سامان کە لەسەر بەری ڕەنجی ماندووبوونی جەماوەر دەژین... سەرجەم خەڵکی تر کاردەکات. ئەوی کارنەکات لەم کۆمەڵگەیەدا ناتوانێت بژێت چونکە هیچ زەمانەتێکی کۆمەڵایەتی بۆ پاراستنی تاک و دابین کردنی ژیانی لە ئارادا نییە. ئەم خاسیەتەش ڕاستەوخۆ خاسیەتی کۆمەڵگەی سەرەتاییيە کە دەبوایە هەر کەس خۆراکی خۆی بەدەست بهێنێت یان دەبوو هەموو پێکەوە بەشداری بکەن لە کۆکردنەوەی بەری دار و درەخت و لە ڕاوکردندا. لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا زەمانەت هەیە بۆ پاراستن و بۆ ژیانی تاک. دامەزراوی کۆمەڵایەتی تایبەتی هەیە کە ئەو ئەرکەی لە ئەستۆیە. کۆمەڵگەی کوردەواری لە ڕووی ئابوورییەوە وەکو گوتمان ئەوەندەی پێویستییەتی بەرهەمی دێنێ و ئیتر تاکو ئێستا کاریگەری ڕۆڵی ئابووری لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا دەستنیشان نەکراوە کە چ دەورێکی هەیە لە بنیاتنانی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکاندا. سەرباری ئەم پەی نەبردنە

بەگرنگی فاکتەری ئابووری یان فاکتەری (ماڵ)، بەڵام دامەزراوی خێڵ و عەشیرەت ئەو پانتاییە جوگرافیەی لە ژێر سایەی دەسەڵاتیدایە بەکاری هێناوە بۆ دروست کردنی ئابووری خێڵەکەی یان عەشیرەتەکەی. بەڵام دەبێ ئاگاداری ئەوە بین کە لەم کۆمەڵگەیەدا ئابووری نەبۆتە بزوێنەری مێژوو، بەڵکو بەئەندازەیەک ئابووری لاواز بووە بگرە تاکو ئێستاش نەیتوانیوە خاسیەت و مەعالیمەکانی چینە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان دروست بکات، واتە ئابووری لێرە نەبۆتە ژێرخانێکی چەسپاو و پتەو بۆ فۆرمەلەکردنی بەشە جیاجیاکانی سەرخان هەر بۆیە ئەگەر سەرنجی داب و نەریت و ڕەوشت و هەڵسوکەوت و مامەڵەی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بدەین لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا دەبینین تاکو ئێستا خەسڵەتی جیاکەرەوەی ئەوتۆیان نییە بەڵکو سەرجەم تێکەڵ و پێکەڵن لە پاشماوەی سەرخانی قۆناغی کۆیلەیی و هەتا کاریگەری سەرخانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری، بەڵام ناکرێت بەگوێرەی کورد بەهیچ شێوەیەک باسی کۆمەڵگەی مەدەنی بکەین، لە سادەترین حاڵەتدا ئەگەر خاسیەتەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش بەرچاو کەوت ئەوە خاسیەتێکی بێ بنەمایە و دەرئەنجامی گەشەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردەواری نییە چونکە ناشێت لە پێکهاتەیەکی خێڵایەتی شێواو و ناسروشتی کە هیچ کام لە دامودەزگاکانی کۆمەڵگەی پێشکەوتوو پێک نەهاتبن باسی کۆمەڵگەی مەدەنی بکرێت، کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئەنجامی خواستی سەرخانێکی قەردکراو دروست نابێت بەڵکو ئەوەش بۆ خۆی دەبێتە هەنگاوێکی تری ونبوون. ئێمە ئەزموونی سەرخان قەرزکردن و سەرخان وەرگرتنمان هەیە لە ڕابردوودا. وەرگرتنی ئایدیۆلۆژی کۆمۆنیستی و بەرنامەی مارکسیزم وەکو بنەمایەک بۆ بەرنامەی خەباتی چینایەتی لە وڵاتێکی پاشکەوت و خێڵایەتی وەکو کوردستاندا کە بەدەست داگیرکردن و دابەشکردنەوە دەیناڵاند هیچی دروست نەکرد بەڵکو دەوری کاریگەریشی هەبوو لە شێواندنی سەرخانی کۆمەڵایەتیدا بەتایبەتی لەبەر ئەوەی ئەو سەرخانە کەوتە بواری ئیش پێکردنەوە لە بەرنامەی حزب و ڕێکخراوەکاندا، دیارە ئەم قسەیە ڕەخنە نییە لە حزبە شیوعییەکان بەقەد ئەوەی کە ڕەخنەیە لە خودی پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردەواری لە ڕووی چۆنیەتی ئیش کردنیەوە لە ژێر کاریگەری سەرخانە وەرگیراوەکاندا، بەهەمان شێوە وەرگرتنی هەر سەرخانێک لە دەرەوە ناتوانێت هیچ گۆڕانکارییەک دروست بکات، لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە کە دەبێ کورد هەموو دەرگا و پەنجەرەکان دابخات بۆ ئەوەی هیچ هەوایەک نەیەتە ژوورەوە بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە کە بەبێ گۆڕانکاری لە بنیاتی کۆمەڵایەتیدا بەبێ شۆڕش لە نێو خودی



ئەو بنیاتەدا ناکرێت سەرخانێکی غەریب و نامۆ بەژێرخانی کۆمەڵایەتی ئەم کۆمەڵگەیە هیچ دروست بکات. با بگەڕێینەوە بۆ سەرنجدانی دامەزراوی خێزان لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا بەتایبەتی لە ڕووی پێکهاتنەوە، لە ڕووی ژن و ژنخوازییەوە تا بزانین ئایا ئێستا پەیوەستبوونی خێڵایەتی و خزمایەتی چەندێ دەوری هەیە لە دروستکردنی خێزاندا. تاکو ئێستا ژن هێنان و شووکردن بەڕێژەیەکی هێجگار لەبەرچاو لە سنووری ئەندامانی هەمان خێڵ و عەشیرەتدا دەکرێت، لە نێوان ئامۆزا و پورزا و خاڵۆزادا واتە لە نێوان نەوەکانی چەند پشتێکدا ژن و مێردایەتی پێک دەهێنرێت کە بنەما و مەبەستی سەرەکی لەم جۆرە شوکردن و ژن هێنانەش پاراستنی یەکێتی بنەماڵە یان یەکێتی خێڵ و عەشیرەتە. تاکو ئێستاش لە نێو خێڵ و عەشیرەتەکانی کورددا خواستنی ژن لە دەرەوەی خێڵ یا عەشیرەت بەهۆی ون کردنی ڕەسەنایەتی و شێواندنی خوێنی پاکی خێڵ یان عەشیرەت دادەنرێت، ئەو منداڵەی کە نەنکی و دایکی لە هەمان عەشیرەت یان هەمان خێڵی باوک و باپیرەی نەبن بەجیاواز سەیر دەکرێت لە چاو ئەو منداڵانەی یان ئەندامانەی کە هیچ ڕەگ و دەمارێکی دەرەوەیان نییە، ئەوەی ڕەگ و دەماری بێگانەی تێدا بێت لە ڕوانگەی ڕوانینە بەرژەوەندییەکانی خێڵە یان عەشیرەتەوە وەکو ئەوەی بەتەواوی ڕەگ و ڕیشەی خاوێنە سەیر ناکرێت. ئەم ڕوانینە تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا دیار و لەبەر چاوە. ئەو کچەی کە شوو دەکات بەکوڕێکی دەرەوەی خێڵ یان عەشیرەتەکەی خۆی وەکو ون بوو یان مردوو لە لایەن خێڵ و عەشیرەتەکەی خۆیەوە سەیر دەکرێت ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر شووی کرد بێت بەکوڕی خێڵ یان عەشیرەتێکی بەرزتر یان هاوشانی خێڵ و عەشیرەتەکەی خۆی، بەڵام ئەگەر شووی کرد بەکوڕی خێڵ یان عەشیرەتێکی نزمتر یان کەسێکی بێ عەشیرەت و بێ خێڵ ئەوا لە ڕوانگەی تێڕوانینی خێڵ یان عەشیرەتەکەی خۆیەوە زۆر بەسووک سەیر دەکرێت وایش لێک دەدرێتەوە کە ئەو ئافرەتە جۆرە سوکایەتیەکی بەشەرەفی خێڵ یان عەشیرەتەکەی خۆیەوە کردووە و زۆر بەسووک سەیر دەکرێت. ئەم دیاردە و تێڕوانینانە تاکو ئێستاش لە کۆمەڵگەی کوردیدا زەق و دیارن و تەنانەت لە نێو چەقی شارەکانیشدا هەمان شێوەیە. دیارە ئەمەش یەکێکە لە خاسیەتە هەرە دیارەکانی کۆمەڵگەی خێڵایەتی.

ئەگەر سەرنجی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانی تری وەکو حزب و دامەزراوەکانی بەڕێوەبردنیش بدەین لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ئەوا بۆمان ئاشکرا دەبێت کە ئەم دامەزراوانەش لە ئاستی گەشەی کۆمەڵایەتی ئەم کۆمەڵگەیەدان. پێش دروستبوونی حزب

لە کوردستاندا دیارترین دامەزراوێک کە دەوری لەبەرچاوی هەبوو بێت بۆ کۆکردنەوە و بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی کۆمەڵگە لە کۆمەڵگەی کوردیدا بێگومان دامەزراوی خێڵ و عەشیرەت بووە. کە لە قۆناغێکدا ئەم دامەزراوە زیاتر پەرەی سەندووە و دامەزراوێکی تا ئەندازەیەک پەرەسەندوو تری دروست کردووە کە ئەویش دامەزراوی میرنشین بووە. دیارە چ لە ڕابردوودا و چ بۆ ئێستاش دامەزراوی ئایینی شوێنێکی دیار و لەبەرچاوی هەبووە و هەیە لە ڕێکخستنی ژیانی ڕۆحی و ئایینی کۆمەڵگەی کوردەواریدا و زۆر جار لە ڕووی داب و نەریت و ڕەوشتی کۆمەڵایەتیەوە پەیوەندییەکی پتەو و بەهێز لە نێوان دامەزراوی خێڵ و عەشیرەتی کوردی و دامەزراوی ئایینیدا دروست بووە لە کوردستاندا چونکە ئەم دوو دامەزراوە لە ڕوانینیاندا بۆ برەودان بەلایەنە ئیجابیەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی یەکیان گرتۆتەوە، هەرچۆن دامەزراوی خێڵ سەرباری زۆر لایەنی دواکەوتووی گرنگی بەبەها جوانەکانی ژیان داوە و ئەوەش بۆتە خاڵێکی گەش لە مێژووی کورددا بەهەمان شێوە دامەزراوی ئایینیش لە کوردستاندا سەرباری لایەنی ڕۆحی گرنگییەکی تەواوی داوە بەبرەو پێدانی بەها و ئەخلاقی بەرز و مرۆیانە هەر بۆیە ئەم دوو دامەزراوە جۆرێک لە نزیکی و هاوکاری لە نێوانیاندا دروست بووە کە دامەزراوی خێڵ و عەشیرەت لە هەمان کاتدا وەکو دامەزراوێکی ئایینیش دەرکەوتوون لە کوردستاندا بەتایبەتی لە دامەزراوی عەشیرەتدا بنەمای خێڵایەتی و بنەمای کارکردنی دامەزراوی ئایینی زۆر نزیک بوونەتەوە لە یەکەوە چونکە لە سنووری عەشیرەتدا پێش ئەوەی هیچ فاکتەرێکی دی توانای سەلماندنی ئامادە بوونی عەشیرەت خۆیی هەبێت فاکتەری سەلمێنەر بریتییە لەو درەختی بنەماڵەیەی کە عەشیرەت دەباتەوە سەر پێغەمبەر (د.خ) و کەس و کاری، بەواتا سەرۆکی عەشیرەت و سەرجەم ئەندامانی عەشیرەت لە ڕووی ڕەچەڵەکەوە دەگەڕێنەوە بۆ پێغەمبەری ئیسلام لەسەر بنەمای درەختەکانی بنەماڵە، بەو پێیەش ئەو هێزەی لە پشتی ئەو گەڕانەوە مەعنەوییەوە کاردەکات بریتییە لە فاکتەری پەیوەست بوون و پەیڕەوکردنی ئەو پەیامە ئایینییە لە لایەن ئەو عەشیرەتەوە، کەواتە لە سنووری دامەزراوی عەشیرەتدا ئایین ناڕاستەوخۆ ئیش دەکات بۆ دروستکردنی ناسنامەی مەعنەوی بۆ عەشیرەت، لەم ڕوانگەیەوە لە سنووری تاکە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیدا کە پێی دەوترێت عەشیرەت لە هەمان کاتدا پەیوەندی خوێن و دەمار واتە خزمایەتی و پەیوەندی یەک ئایینی کار دەکات کە لە ڕاستیدا لە کۆمەڵگەی گەشە ئاسایدا هەریەکە لەو دامەزراوانە کاری خۆی دەکات بەجیا لە دامەزراوەکەی تریان. هەر ئەو جیابوونەوەش لە قۆناغەکانی دواتردا بەگوێرەی



ڕۆژئاوا بۆتە هۆی جیاکردنەوەی دامەزراوی دین و دەوڵەت لە یەکتری. بەڵام لە کۆمەڵگەی کوردیدا لەبەر پێکداچوونی سەرجەم توێژ و چینە کۆمەڵایەتیەکان و لەبەر نەبوونی فاکتەری ئابووری بەبزوێنەری مێژوو، دامەزراوەکانی ئەم کۆمەڵگەیەش هیچی بەتەواوی پێ نەگەیشتووە هەتا خۆی خاوەنی هەموو بوونێکی خۆی بێت و نەبەسترێت بەدامەزراوەکانی ترەوە. ئەم حاڵەتی تێکەڵ و پێکەڵییە لە دامەزراوە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەدا وای کردووە کە هەرچۆن لە ئاستی فەرد تایبەتمەندی دروست نەبێت دامەزراوەکانیش هەمان شێوەی چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکان بەنێو یەکتردا بچن، ئەوەش سیفاتی کۆمەڵگەی دواکەوتووی سەرەتاییە و بەپێچەوانەوە لە کۆمەڵگەی پێشکەوتوودا تایبەتمەندی دروست دەبێت. تایبەتمەندیش مانای دروستبوونی ناسنامەیە بۆ فەرد. بەڵام لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا تاکو ئێستا فەرد بوونی نییە لە ڕووی بوون و ئامادەبوونی تاکانەی خۆیەوە، بەڵکو فەرد لە نێو دامەزراوی خێڵایەتی و عەشیرەتایەتدا ون بووە.

دامەزراوەکانی بەڕێوەبردن کە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا مێژوویەکی کۆنتریان هەیە لە مێژووی حزب، بریتی بوون لە دامەزراوی لاوازی خێلایەتی، خێڵایەتییەک کە نەگەیشتۆتە ئاستی دروستکردن و ئاوەدان کردنەوە واتە بەچەمکی خەلدونی خێڵی کورد نەگەیشتۆتە ئاستی عیمران لە ڕابردوودا ئەوەش پەیوەندی بەکورت بینی و مەودای تەسکی ڕوانینی خێڵ و عەشیرەتی کوردەوە هەیە کە توانای ڕوانینی بۆ داهاتوو زۆر لاوازە و تەنیا بۆ ساتەوەختی ئێستا دەژی هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ دابڕانی خێڵی کورد لە دەرەوەی خۆی واتە هەر خێڵ و عەشیرەتێکی کورد تەنیا لە سنووری خۆی ئاگادارە و زۆر جار وا تێدەگات کە جیهان لە سنووری قەڵەمڕەوی ئەو تێپەڕ ناکات کە هەندێ جار سنووری قەڵەم ڕەوی خێڵێک یان عەشیرەتێکی کوردی لە مەودای پانتایی نێوان چەند چیایەکی بەرز تێپەڕی نەکردووە کە ئەوەش وای لێکردووە تەنیا ئەو پانتاییە جوگرافیەی نێوان ئەو چەند چیایە بناسێت و چیاکان بەئەوپەڕی دنیا تێ بگات. ئیتر چۆن مەودای عەقڵی ئەو دیوی چیاکان دەبینێ یان پەی پێ دەبات؟ هۆی سەرەکی ئەم خاسیەتەی خێڵ و عەشیرەتی کورد دەگەڕێتەوە بۆ گەوهەری بنیات و عەقڵی خێڵی کوردی کە وای لێکردووە... وەکو دنیایەکی بچکۆلە تەنیا خۆی ببینێ و لە هەمان کاتیشدا هێزی خود پاراستنی خۆیشی بێت[٩] ئەم تەرزە ڕوانینەش ڕوانینێکی تەسکە و ئەوە نیشان دەدات سەرباری دواکەوتوویی کۆمەڵگەی کوردی لە ڕووی پەرەسەندنی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانەوە لە هەمان کاتدا خودی ئەو دامەزراوانەش کە هەبوون سەرەتایی بوون

چونکە ئەگەر دامەزراوی خێڵ پەرەسەندوو بێت ناشێت مەودای ڕوانین و کارکردنی هێندە تەسک بێت. ئەمە سەرباری گرنگترین بەڵگە بۆ دەرخستنی ڕووی نائاسایی گەشەی خێڵی کوردی کە ئەویش ئەوەیە خێڵی کوردی لە پەرەسەندنی خۆیدا، لە ژیانی دووروودرێژی خۆیدا نەیتوانیووە دامەزراوی پەرەسەندووی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی کوردی دروست بکات، ئەویش لە باری یەکەمدا لەبەر ئەوەی کە خێڵی کوردی توانای لە یەکتر نزیک بوونەوە و یەکگرتنەوەی نەبووە هەتا لە ئەنجامی ئەوەدا فیدراسیۆنی خێڵەکان پێک بهێنێ هەرچۆن لە سەردەمی فەرمانڕەوایی بنەماڵەکاندا لە میزۆپۆتامیا بنەماڵە فەرمانڕەواکان لە ئەنجامدا یەکیان گرتەوە و دەوڵەتی سۆمەرییان دروست کرد. دیارە ئەو یەکگرتنەوەش لە ئەنجامی نزیک بوونەوەی ئەو فەرمانڕەواییە تەسک و سنووردارەی خێڵ و بنەماڵەکان دروست بوو کە پێیان دەوترا دەوڵەتۆچکەی شار و لەسەر وەختی سەرهەڵدانی دەسەڵاتی بنەماڵەکاندا ئەو دەمە لە وڵاتی سۆمەردا نزیکەی سیانزە دەوڵەتۆچکەی شار هەبووە[١٠] کە دواتر دەوڵەتی سۆمەرییان پێکهێنا.

دیسان لێرەدا ئەو پرسیارە سەر هەڵدەدات بۆچی بەدرێژایی مێژوو لە دەسەڵاتی خێڵایەتی کوردیدا کە لە ڕاستیدا دەسەڵاتی خێڵایەتی کوردی دەسەڵاتی بنەماڵەکان بووە، کورد نەیتوانیووە نە فیدراسیۆنی خێڵەکان دروست بکات، نە دەوڵەتۆچکەی شار، نە دەوڵەتی خێڵ؟ بێگومان هۆکاری ئەمە لە ڕۆحی بنیاتی پێکهێنەری کۆمەڵگەی کوردەواریدایە. کەواتە ئەو هۆکارە چییە کە کوردی لەو هەنگاوانەی گەشەی کۆمەڵایەتی دوور خستۆتەوە؟ هەر لێرەوە مەیلی لێکدانەوەی کۆمەڵگەی کوردی بەکۆمەڵگەیەکی سەرەتایی سەر هەڵدەدات کە لەو ڕوانگەیەوە تاکو ئێستاش قۆناغی سەرەتایی بەجێ نەهێشتووە و پێکەوە ژیانی ئێستای کوردیش بەکۆمەڵ هێشتا هەر لە سنووری یەکەم حاڵەتی کۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤدایە لە ژێر فشاری پێداویستییەکانی ژیان و لە ژێر سایەی مەترسی لە ناوچووندایە، واتە پێکەوە ژیانی کورد هێشتا لە ژێر کاریگەری پێویست بووندایە نەک لە ژێر کاریگەری پەی بردن بەکۆبوونەوە بەمەبەستی دروست کردن و بنیاتنان و عیمراندا. هەر لێرەوە دەردەکەوێت کە ڕۆڵی دامەزراوی ئیداری لە کۆمەڵگەی کوردیدا زۆر لاواز بووە، نەیتوانیووە دەورێکی ئەوتۆ ببینێت لە دروست کردنی بنەمای یەکێتی و یەکگرتن و دروست کردنی فیدراسیۆندا.

هەروەک ئاماژەمان بۆ کرد دامەزراوی بەڕێوەبردنیش لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا کە



دامەزراوی خێڵ و عەشیرەت بوون و لە قۆناغێکیشدا دامەزراوی میرنشینیان دروست کردووە سەرجەم لەسەر بنەمای عەقڵ و ستراتیژی خێڵایەتی دامەزراون و کاریان کردووە. ئەم پێکهاتە و عەقڵی بەڕێوەبردنە لەو قۆناغەدا کە کورد لە ڕووی سیاسیشەوە بۆتە خاوەنی دامەزراوی ئیداری سیاسی خۆی با ئەو ئیدارەیە سنووردار و کورت تەمەنیش بوو بێت ئەوا هەر هەمان عەقڵ و ستراتیژ ئیشی کردووە. پێکهاتەی دامەزراوی ئیداریش هەر پێکهاتەی خێڵایەتی بووە. واتە دیسان پەیوەندی خوێن و خزمایەتی لەو بوارەدا کاری کردووە. ئەم حاڵەتانە تەنانەت گواستراونەتەوە بۆ نێو بنیاتی حزبی کوردی هەر ئەمەش وایکردووە کە دامەزراوی حزب لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ئەڵتەرناتیڤی دامەزراوی خێڵ و عەشیرەت بێت، بەڵام لە ڕووی ڕێکخستن و هەرەمی پێکهاتن و دیسپلین و بەرنامە و عەقڵی ئیشکردن و ستراتیژەوە نەک هەر ئەڵتەرناتیڤی خێڵ بێت بەڵکو هەرەمێکی هاوشێوەی خێڵ بێت. لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا دامەزراوی خێڵ و حزب هاوشێوەن هەر لەبەر ئەوەیە دەکرێت بەبێ دوو دڵی بەحزبی کوردی بگوترێت حزبی خێڵایەتی چونکە بەشی هەرە زۆری سیفاتەکانی خێڵی کوردی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە، ئەمەش هیچ عەیبێکی تێدا نییە چونکە واقیعی کۆمەڵایەتی بەو شێوەیە. ڕاستە حزبی کوردی هەر لە کۆتایی ساڵانی سیی ئەم سەدەیەوە زیاتر لە لایەن کەسانی خوێندەوار و ڕووناکبیرەوە دروست کراوە بەڵام لەبەر واقیعی دواکەوتوو و خێڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی ئەو ڕووناکبیر و خوێندەوارانە نەیانتوانیووە جێگای خۆیان بکەنەوە و ئەو حزب و ڕێکخراوەی کە دروستیان کردووە ببێتە خاوەنی کەسێتی خۆی و لەسەر واقیعی کۆمەڵایەتی جێگای هەبێت. بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەو ڕووناکبیر و خوێندەوارانە لەبەر ئەوەی هێزی مەعنەوی خێڵ و عەشیرەت لە پشتیانەوە نەبووە نەیانتوانیووە سنووری ئەو حزب و ڕێکخراوەی کە دروستیان کردووە فراوان بکەن. بۆ نموونە کاتێ (خۆیبوون) وەکو ڕێکخراوێک بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە لایەن دەستەیەک لە ڕووناکبیرانی کوردی ئاوارەوە لە سوریا و لوبنان دروست کرا خۆی بەتەنیا نە ئامادەبوونێکی ئەوتۆی هەبوو نە دەشیتوانی جێگایەکی دیار لە نێو کۆمەڵگەی دواکەوتوو و دابەشکراو و داگیرکراوی ساڵانی کۆتایی بیستەکانی ئەم سەدەیەی کوردستاندا بگرێت، هەر بۆیە (خۆیبوون) بوو بەپاڵپشت بۆ ڕاپەڕینەکەی ئیحسان نوری پاشا، لە کاتێکدا ئیحسان نوری پاشا سەرباری ئەوەی ئەفسەرێکی دیاری هەڵهاتووی سوپای تورک بوو لە هەمان کاتدا شوێنێکی کۆمەڵایەتی دیاریشی هەبوو.

کاتێ لە کۆتایی سییەکاندا حزبی هیوا لە لایەن دەستەیەک ڕووناکبیر و خوێندەواری کوردەوە دروست کرا جێگایەکی ئەوتۆی بۆ خۆی لە نێو واقیعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردەواریدا نەکردەوە چونکە هێزی خێڵ و عەشیرەت لە پشتییەوە نەبوو. بەهەمان شێوە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژێ کاف) لە لایەن دەستەیەک ڕووناکبیر و خوێندەواری مهاباد و دەوروبەرییەوە دروست کرا بەڵام کاتێ سەرنجیان دا ناتوانن ببنە خاوەنی کەسێتییەکی دیار و ناتوانن لە نێو کۆمەڵدا بەچاکی هەڵسوڕێن و جێگای خۆیان بکەنەوە بەناچاری پەنایان بردە بەر قازی محەمەد کە ڕابەری ئایینی سونەکانی مهاباد و دەوروبەری بوو بەو هیوایەی جێگایەکی دیار لە نێو کۆمەڵدا بگرێت بەڵکو کەسێتی قازی محەمەد ببێتە هۆی دروستکردنی پشت و پەنا و هێزی مەعنەوی بۆ کۆمەڵە چونکە ئەندامانی کۆمەڵە درکیان بەوە کرد کە بەبێ بەشداری کردنی کەسێکی خاوەن ڕێز و مەقام و دەسەڵاتداری وەکو قازی محەمەد دەشێ کۆمەڵە نەتوانێت بجولێ و کۆنترۆڵی ناکۆکیە خێڵایەتیەکان بکات. هەر لەبەر ئەوە لە مانگی ئۆکتۆبەری ١٩٤٤دا داوایان لە قازی محەمەد کرد کە بەشداری کۆمەڵە بکات وەکو ڕابەری ڕۆحی ڕێکخراوەکە. بەهەمان شێوە لە دروستکردنی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقدا کۆمەڵێک ڕووناکبیر دەوریان هەبووە کە هەندێکیان لە ڕووی تەمەنیشەوە کامڵ بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی وەقعی کۆمەڵایەتییان نەبووە و نەیانتوانیووە کەسێتێکی مەعنەوی دیار بۆ حزبەکە دروست بکەن و لە هەمان کاتیشدا لەبەر ئەوەی هیچیان هێزی عەشیرەت و هێزی دامەزراوی دینی و هێزی مەعنەوی خەباتی مێژوویی بنەماڵە لە پشتیانەوە نەبووە نەیانتوانیووە خۆیان بۆ سەرکردایەتی ئەو حزبە ئامادە بکەن، بەڵام مستەفا بارزانی لەبەرئەوەی سەرجەم ئەو خاسیەتانەی کە پێویست بوون بۆ سەرکردایەتی تیایدا بووە، هەر لە هێزی عەشیرەت و کەسێتی کۆمەڵایەتی خۆیی و مێژووی بنەماڵەکەی و پایەی ئایینیان و شوێنیان لە نێو خێڵ و عەشیرەتەکانی تری کورددا و هەڵوویست و گیانی قوربانیدانی کوردانەی خۆیشی، بێ هیچ مونافیسێک کردوویتی بە سەرۆکی ئەم حزبە و پاشانیش بەهەموو هەوڵ و تەقەلا و کارکردنی ناحەزانی هاوبەشی لە حزبەکەدا نەیانتوانیووە هیچ شتێک لە بەرنامەی کارکردنی بارزانی بگۆڕن تەنانەت لە قۆناغەکانی دواتردا کە مەکتەبی سیاسی لە بارزانی جیابوونەوە. ئەمان لەبەرئەوەی ئەو خاسیەتانەیان نەبوو کە بۆ جێگابوونەوە لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا پێویستە بەرەو هەرەس چوون و ئەنجام هیچیان نەمایەوە بەڵام بارزانی بەتەنیا خۆی یەکسان بوو بەحزب و بگرە جەماوەر بەشێوەیەکی سەرەکی لەبەر کەسێتی ئەو دوای پارتی



و بزووتنەوەکەی کەوتبوون نەک لەبەر پارتی و بزووتنەوەکە بارزانیان قبوڵ بوو بێت. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا دەوری تاکەکەسی ئامادە دەکەوێتە پێش دەوری دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانەوە. هەرچۆن لە کاتی کۆکردنەوەی بەروبوومی دار و درەخت و لە کاتی ڕاوکردندا ئەو کەسەی بەدەست و برد و ئازا بووە دەوری کەسی یەکەم و سەرکردەی بینیووە لە نێو دەستە و گروپ و کۆمەڵەکەیدا. چۆن سەرۆک خێڵ و عەشیرەت خاوەنی دەسەڵات و کەسێتی موتڵەق بووە لە نێو خێڵ و عەشیرەتەکەیدا، چۆن ڕابەری ئایینی خاوەنی بڕیاری دەسەڵاتی یەکەم بووە بگرە تاکو ئێستاش هەر خاوەنی بڕیاری یەکەم و دەسەڵاتی یەکەمە لە سنووری دامەزراوە ئایینییەکەیدا بەهەمان شێوە سەرۆکی ڕاپەڕینەکانی کورد بەگشتی و سەرۆکی دامەزراوی حزب لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا خۆی خاوەنی هەموو بڕیارێکە و ئامادەبوونی حزب لە ئامادەبوونی ئەمدایە. جەماوەری بوونی حزب لە کەسێتی ئەوەوە سەرچاوە دەگرێت، بەرنامەی حزب و ستراتیژی حزب کەسێتی ئەو بڕیاری دەدات و هەر کەسێتی ئەویش بنەمایە بۆ ئەوەی جەماوەر ئەو حزبەی پەسەند بێت یان نا. ئەمەش بەڵگەی پێ نەگەیشتنی بنەماکانی دامەزراوی کۆمەڵایەتیە وەکو دامەزراوی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو چونکە لە کۆمەڵگەی پێشکەوتوودا جەماوەر مامەڵە لەگەڵ کار، لەگەڵ چالاکی، لەگەڵ بەرنامە لە مەیدانی پیادەکردندا دەکات و لە دامەزراوی حزبدا بەرنامە بنەمای یەکەمە بۆ قسە لەسەر کردن و هەڵسەنگاندن، بەڵام لە کۆمەڵگەی دواکەوتووی وەکو ئێمەدا بەرنامە دوا شتە کە جەماوەر لێی بپرسێت. ئەگەر سەرنجی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی تر بدەین لە کوردستاندا کە ئەویش کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانە و لە سەرەتای حەفتاکانەوە کەوتۆتە چالاکی و ئیش کردن و وەکو ڕێکخراوێکی مۆدێرن دەرکەوتووە و سەرباری ئەوەی بەشێک لە دامەزرێنەرەکانی هێزی مەعنەوی عەشیرەت لە پشتیانەوە بووە بەڵام زیاتر وەکو ڕێکخراوێک خۆی پێشکەش کردووە کە ڕووناکبیران و خوێندەواران دروستکەر و دامەزرێنەری بن لە ڕاستیشدا کۆمەڵە بەگوڕێکی بەهێزەوە هاتە مەیدان و ڕۆحی ڕابوونەوە و بزاڤی لەگەڵ خۆیدا هێنا. زۆربەی ڕووناکبیرانی کوردی بەتایبەتی لە سلێمانی و دەوروبەریدا لە خۆی کۆکردەوە. کۆمەڵە لە سەرەتاوە وەکو دامەزراوی حزبی کۆمەڵگەیەکی لەو کاتەی کورد پەرەسەندووتر پێشکەوتووتر هاتە مەیدان، بەڵام ئەم دامەزراوەش زوو خاسیەتی دامەزراوێتی خۆیی لە دەست دا بەتایبەتی دوای شکستی دەستگیرکردنی سەرکردایەتیەکەی. بەدوای ئەوەشدا سەرکردایەتی کۆمەڵە پێدەچێت هەر لە سەرەتاوە هەستیان بەبوونی ناتەواوییەک کردبێت

که ئەویش نەبوونی کەسێکی ناسراو و خاوەن هێزی مەعنەوی و خاوەن جێگای دیارە لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا، لە نێو خێڵ و عەشیرەتەکانی کورددا. ئەمەش هۆی سەرەکی بووە کە سەرکردایەتی کۆمەڵە کەسێتی مام جەلال قبوڵ بکەن و لە سەرووی خۆیانەوە دایبنێن. دیارە زۆرێک لەوانەی باسی دامەزراندنی کۆمەڵە دەکەن دەیانەوێت ئەوە بسەلمێنن کە مام جەلال لە دامەزرێنەرەکانی کۆمەڵە بووە. بەڵام من وای بۆ دەچم ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت ئەوە جێگیر بکەن پێیان وایە بوونی مام جەلال لە نێو کۆمەڵەدا هەر لە سەرەتاوە دیارە کەسێتی کۆمەڵە بەهێز دەکات چونکە ئەمانە وا لە کۆمەڵە دەڕوانن کە دامەزراوێکە ناشێت بۆ ئەو مێژووەش باوکێکی کامڵ و ناسراوی نەبووبێت.

بەهەرحاڵ ئەگەر مام جەلال لە قۆناغەکانی دواتریشدا پەیوەندی بەکۆمەڵەوە هەبووبێت ڕێی تێ ناچێت لە دامەزرێنەرەکانی بێت چونکە ئەگەر وابوایە هەر لە سەرەتاوە خۆی سەرۆکی ئەم ڕێکخراوەیە دەبوو، بەڵام دواتریش کە یەکێتی نیشتمانی دامەزرا دیسان چ کۆمەڵە و چ ڕێکخراوەکانی تری پێکهێنەری یەکێتی لەو ڕوانگەیەوە مام جەلالیان کردۆتە کەسی یەکەم کە وەقعی کۆمەڵایەتی هەیە لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا، بەواتا جێگای مام جەلال بەتەنیا گەورەترە لە جێگای دامەزراوە حزبیەکە تەنانەت زۆرجار تاکو ئێستاش ئامادەبوونی کەسێتی مام جەلال هۆکارە بۆ سەلماندنی ئامادەبوونی حزبەکەی، ئەمە کەمکردنەوەی شوێن و پایەی خەباتی ئەم حزبە نییە، بەڵکو ئەوە واقیعی کۆمەڵگەی کوردییە کە دەوری تاکە کەسی دیار دەکەوێتە پێش دەوری دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانەوە. ئەم حاڵەتەش سیفاتی کۆمەڵگە دواکەوتوو و سەرەتاییەکانە. ئێستا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە بەدرێژایی مێژووی کورد ئەوەندەی سەرۆک خێڵ و سەرۆک عەشیرەت و ڕابەری ئایینی لە کۆمەڵگەدا جێگای دیاریان هەبووە، دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان ئەو دەورەیان نەبووە. ئەمەش وایکردووە سەرجەم بزووتنەوە و ڕاپەڕینەکانی کورد بەناوی تاکە کەسەوە ناوبنرێن نەک بەناوی هەموو کورد یان چین و توێژێکی کۆمەڵایەتی یان تەنانەت بەناوی خێڵ و عەشیرەتێکیشەوە ناو نەبراون. بۆ نموونە لە مێژووی کورددا ناوی بزووتنەوەی شێخ عوبەیدوڵای نەهری و شێخ مەحمودی حەفید و سمایل خانی سمکۆ و قازی محەمەد و بارزانی و... تاد لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە ڕۆحی بزووتنەوەیەک لە کەسێتی سەرکردەکەیدا کۆبۆتەوە و بزووتنەوەکە سیفاتی دامەزراوێکی کۆمەڵایەتی وەرنەگرتووە. جگە لەوەی کە ئەم بزوتنەوانە بەناوی ڕابەرەکانیانەوە ناو براون هەر بەتەواویش ئەو ڕابەرانە خاوەنی هەموو بڕیارێکی بزووتنەوەکان بوون. دیارە سەرجەم سەرکردەی



بزووتنەوەکانی کوردیش هەموویان وەقعی کۆمەڵایەتیان هەبووە لە ڕووی نەسەبەوە، لە ڕووی هێزی مەعنەوی خێڵ و عەشیرەت و ئایینەوە هەر لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەر سەرنج بدەین ئەوا دەبینین سەرجەم ڕابەری بزووتنەوەکانی کورد و سەرجەم سەرکردەی حزبە دیارەکانی کورد یان شێخی عەشیرەت بوون یان ئاغا و بەگ و سەرخێڵ بوون یان ڕابەری ئایینی بوون، تەنانەت زۆرجار لە هەمان کاتدا شێخی عەشیرەت و ڕابەری ئایینیش بوون یان سەرخێڵ و ڕابەری ئایینیش بوون. کەواتە لێرەوە بەتەواوی بۆمان ئاشکرا دەبێت لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا دامەزراوە نوێیەکانی وەکو حزب و دامەزراوی ئیداری و بزووتنەوە نەتەوەییەکانیش ئەگەر ڕاستەوخۆش وێنەی دامەزراوی خێڵ و عەشیرەت و دامەزراوی ئایینی نەبوو بن ئەوا لە ڕووی سەرکردایەتییەوە جیاوازیان نەبووە. چونکە هەر شێخ و ئاغا و بەگ و ڕابەری ئایینی سەرکردایەتی بزووتنەوەکانی کردووە و بزووتنەوەکانیش بەناوی ئەوانەوە ناوبراون، لێرەدا (ناو) بردن لە شێوەی تاکدا لە بری کارێک کە ئەرکی دامەزراوێکی کۆمەڵایەتیە زیاتر ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە ئەم کۆمەڵگەیە کۆمەڵگەیەکی سەرەتاییە بۆیە تاکە کەسی لوتکەی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان جێگای هەموو دامەزراوەکە دەگرێتەوە و دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکە لە کەسێتی ئەودا بوون و پێناسەی هەیە کە لە ڕاستیدا لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە پێچەوانەیە چونکە هەموو ئامادەبوونێکی ئەم واتە سەرکردە و ڕابەر لەسەر بنەمای بوونی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکەیە، ئەگەر ئەو دامەزراوە کە خێڵ یان عەشیرەتە بوونی نەبێت ئەمی ئاغا و بەگ و شێخ هیچ ئامادەبوونێکی نابێت بەڵکو وەکو ڕاعی بێ ڕەعیەت دەبێت، لە کوردستاندا دەیان بەناو ئاغا و بەگ و شێخی بێ خێڵ و بێ عەشیرەت هەن کە تەنانەت بەشی خۆیان زەوییان نییە وەکو جوتیار کشتوکاڵی تێدا بکەن کەواتە ئەمانەیان لە ڕووی ناونیشانەوە ئەو شەرەفە مەعنەوییەیان هەیە ئەگینا لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە ڕاعیەکەی گوناهی بێ ڕەعیەتین[١٢].

لێرەدا بەشێک لە سیفاتەکانی دامەزراوی خێڵ و عەشیرەتی کوردی دەردەکەون کە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتین و لەسەر بنەمای پەیوەندییەکانی خوێن و دەمار واتە خزمایەتی دروست بوون و پەیوەندییە ئابوورییەکانیش ڕۆڵێکی ئەوتۆ نابینن لە جوڵاندنی ئەم کۆمەڵگەیەدا، واتە فاکتەری ئابووری لەم کۆمەڵگەیەدا بەتەنیا ناتوانێت ببێتە بزوێنەری مێژوو. ئەگەر لە ڕوانگەیەکی ترەوە سەرنجی دامەزراوی خێڵ و عەشیرەت و دواتریش دامەزراوی حزب بدەین لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئەوا بەشێکی تر لە خاسیەتی سەرەتایی

بوونی ئەم کۆمەڵگەیەمان بۆ دەردەکەوێت، بەتایبەتی لەو ڕوانگەیەوە کە چ دامەزراوی خێڵ و چ دامەزراوی حزب نەیانتوانیووە بەشێک لە خاسیەتە سەرەکییەکانی خێڵ و حزبی کۆمەڵگەیەکی پێگەیشتوو هەڵبگرن. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی کەموکورتی لە بنیاتی پێکهێنەری ئەم کۆمەڵگەیەدا لەگەڵ کەموکورتی لە بنیاتی پێکهێنەری ئەم دامەزراوانەی کۆمەڵگەی کوردیدا لە لایەکی ترەوە کە ئەوەش لە بارێکی تردا دەرئەنجامی شێوازی نائاسایی گەشەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردەوارییە.

ئیف لاکوست دەڵێت: خێڵ پێکهاتەیەکی ڕێکخراوی سیاسیانەیە کە کۆرپەلەی دەوڵەتی لە نێو خۆیدا هەڵدەگرێت(١٣). ئەمە خاسیەتی خێڵی پێگەیشتووی کۆمەڵگەی خێڵایەتی ئاساییە کە لەو قۆناغەی گەشەی کۆمەڵایەتیدا خێڵ شێوازێکی پتەوی ڕێکخستنی دەبێت، ڕاستە بنەمای دروستبوونی خێڵ و عەشیرەت لە بنەڕەتدا پەیوەندی خوێن و دەمارە بەڵام بەهێزیی ئەو پەیوەندییە هۆکاری سەرەکییە بۆ ڕێکخستنی زیاتری دامەزراوی خێڵ بەجۆرێک کە لە شێوەی پێکهاتەیەکی ڕێکخراوی سیاسیانەدا دەربکەوێت. هەر لەسەر زەمینەی ئەم بۆچوونە کە خێڵ لە نێو خۆیدا کۆرپەلەی دەوڵەتی هەڵگرتووە، دەوڵەتی خێڵ دروست بووە. بەڵام بەگوێرەی خێڵی کوردی کە نەیتوانیووە دەوڵەتی خێڵ دروست بکات ڕاستەوخۆ هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شێواندنی گەشەی خێڵی کوردی کە نەیتوانیووە ئەو کۆرپەلەی دەوڵەت لە منداڵدانی خۆیدا هەڵبگرێت. لەم ڕوانگەیەوە (سەرەتایی بوونی) خێڵی کوردی دەردەکەوێت کە ئەوەش دەبێت بەسەلمێنەری سەرەتایی بوونی کۆمەڵگەی کوردەواری. یان دەتوانین کۆمەڵگەی کوردی بەکۆمەڵگەی خێڵایەتی سەرەتایی ناو ببەین لە ڕوانگەی ڕوانین بۆ ئاستی گەشەی خێڵایەتی کوردییەوە. لە بارەی دامەزراوی حزبەوە گرامشی دەڵێت: هەر حزبێک لە هەناویدا (منداڵدان) کۆرپەلەی دەوڵەتێکی هەڵگرتووە بەڵام لە ڕۆژهەڵات بەگشتی و لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا بەتایبەتی قسەکردن لەسەر حزب و جێگای گفتوگۆ و ئاخاوتنە کەواتە خودی ئەو دەوڵەتە کۆرپەلەی کە گرامشی باسی لێوە دەکات لە دامەزراوی کۆمەڵگەی کوردیدا لەبەردەم گوماندایە ئەگەر بوونی ئەو کۆرپەلە واتە دەوڵەت بکرێت بەبنەما بۆ هەڵسەنگاندنی حزب لە کوردستاندا ئەوا هاوکێشەکە بەلای لاوازی بوونی دەزگا یان دامەزراوی حزبدا دەشکێتەوە چونکە دامەزراوی حزب لە کوردستاندا بەئاشکرا کۆرپەلەی دەوڵەتی لە هەناویدا هەڵنەگرتووە. ئەمەش بەلای ئەو بۆچوونەدا سەرنجمان ڕادەکێشێت کە حزبی کوردی ئەگەرچی وا دەردەکەوێت کە هەرەمێکی ڕێکخراوی



ئۆرگانییە و بنەماکانی ڕێکخستن و دیسپلینی حزبی هەبێت. بەڵام دیسان نەیتوانیووە سیفاتی حزبی کۆمەڵگەیەکی پەرەسەندو وەربگرێت، بەڵکو زیاتر خاسیەتەکانی خێڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە. سەرەتا ئەگەر سەرنجی لوتکەی هەرەمی حزبی بدەین لە کۆمەڵگەی کوردیدا مەگەر بەدەگمەن ئەگینا سەرجەم سکرتێر یان سەرکردەی حزبەکان ئەوانەن کە هێزی مەعنەوی خێڵ و عەشیرەتیان لە پشتەوەیە، با ئەو هێزە بەئاشکراش لە بواری پراکتیکدا نەبینرێت، ئەمەش دیسان بەشێکە لە واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی.

لە لایەکی ترەوە شێوازی ڕێکخستن تاکو ئێستاش لە کۆمەڵگەی کوردیدا واتە لە دامەزراوی حزبی ئەم کۆمەڵگەیەدا شێوازی خێڵایەتی و عەشیرەتگەری پێوە دیارە، هۆکەشی ئەوەیە کە حزبی کوردی زیاتر لەسەر بنەمای پەیوەندی خوێن و خزمایەتی ڕێکخستنی ڕیزەکانی خۆی دەکات نەک لەسەر بنەمای بیروڕا و ئایدیۆلۆژیا و بەرنامە. بۆ نموونە ئەگەر کەسێکی دیار لە خێڵ یان عەشیرەت یان لە سەرۆک هۆز و تیرەکان لە ڕیزی حزبێکدا بوو بەشێوەیەکی گشتی کوڕگەلی ئەو خێڵە یان ئەو عەشیرەت و هۆز و تیرەش لەگەڵ ئەو دەبن. ئەمەش دەبێتە هۆی تێکەڵاو بوونی دامەزراوی حزبی و دامەزراوی خێڵ و عەشیرەت لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا. دیارە ئەو ئەندامەی خێڵیش کە بەم جۆرەیە لەو دامەزراوە حزبییەدا جێگا دەگرێت با بێ توانا و نەزانیش بێت لابردن و دوورخستنەوەی لە ڕیزی پێشەوەی حزب کارێکی ئاسان نییە چونکە هێزی عەشیرەتی لە پشتە، هەر ئەو هێزەش دەشێ لە هەڵبژاردنەکانیشدا سەرکەوتنی بۆ مسۆگەر بکات و ئەو کاتە شوێنی ئەو کەسە لە ڕیزی هەرە پێشەوەی حزبدا شەرعیەتیشی پێ دەدرێت. بۆیە زۆرجار لە حزبی کوردیدا ئەندامانی پێشەوەی حزب کە نزیک لە لوتکەی هەرەمی حزبن هەمان ئەو کەسانەن کە لە لوتکەی هەرەمی خێڵ و عەشیرەتدان. لێرەشەوە دامەزراوی حزب و دامەزراوی خێڵ و عەشیرەت تێکەڵاو دەبن، هیچ کام لەم دوو پێکهاتەش لە کۆمەڵگەی کوردیدا کۆرپەلەی دەوڵەتیان لە منداڵدانیاندا هەڵنەگرتووە. هەر لەبەر ئەوەیە تاکو ئێستا نە خێڵ و نە حزبی کوردی نەیتوانیووە نە دەوڵەتی خێڵ و نە دەوڵەتی کۆمەڵگەی پێشکەوتوو کە حزب دروستکەرێتی پێکبهێنێت. ئەمەش سەلمێنەری کەموکورتییەکی گەوهەرییە لە بنیاتی پێکهێنەری خێڵ و حزبی کوردیدا، دیسان ئەمەش دەبێتە بەڵگەی هاوشێوەبوونی حزب و خێڵ لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا سەرباری شێوازی پێکهاتنی حزبی کوردی لەسەر شێوازی پێکهاتنی خێڵ و عەشیرەت.

هیگڵ دەڵێت: دەوڵەت بریتییە لەو ماهیەتە کۆمەڵایەتییەی کە گەیشتۆتە حاڵەتی خۆناسینی و تیایدا بنەمای خێزان و بنەمای کۆمەڵگەی مەدەنی کۆدەبێتەوە[١٤]. کەواتە پێچەوانەی ئەم بۆچوونە ئەوەیە ئەگەر کۆمەڵگەیەک نەگەیشتبێتە ئاستی پێکهاتنی دەوڵەت واتە نەگەیشتۆتە حاڵەتی خۆناسین. لەم حاڵەتەشدا ناکرێت باسی کۆبوونەوەی خێزان و کۆمەڵگەی مەدەنی بکەین. لێرەدا ئەگەر سەرنجی کۆمەڵگەی کوردی بدەین مادەم تاکو ئێستا نەیتوانیوە دەوڵەت دروست بکات واتە نەگەیشتۆتە ئاستی خۆناسین یان هۆشیاری بوون بەخۆی، ئەمەش ئەو حاڵەتەیە کە تاکو ئێستا کۆمەڵگەی کوردەواری تێدا دەژی کە دامەزراوی باڵای ئیداری و سیاسی کە بەرهەمی گەشەی کۆمەڵایەتیە و بەرزترین پلەی بڵندبوونی ڕۆحی کۆمەڵایەتیە دروست نەبووە کە بتوانێت دامەزراوی خێزان و کۆمەڵگەی مەدەنی لە (بۆتەیەکدا) کۆ بکاتەوە. بەڵام لەم کۆمەڵگەیەدا بنەمای کۆمەڵگەی مەدەنی پێک نەهاتووە. ئەگەر ئەمەش بەپێی ئەو بۆچوونەی هیگڵ بێت کە دەڵێت: بۆ گەیشتنی کۆمەڵگە بەدەوڵەت کۆمەڵگە بەم قۆناغانەدا تێدەپەڕێت کە ئەوانیش (خێزان، کۆمەڵگەی مەدەنی، دەوڵەتە) ئەمەش بەسیانەی (خێزان) کۆمەڵگەی مەدەنی، دەوڵەت" دەناسرێت[١٥] ئەوا دەردەکەوێت کە کۆمەڵگەی کوردی تاکو ئێستاش لە قۆناغی یەکەمیدایە واتە خێزان. دیارە دامەزراوەکانی خێڵ و عەشیرەت هیچ جیاواز نین لەو بنەمایەی کە خێزانی لێ دروست بووە تەنیا شتێک کە خێزان و خێڵ لە یەکتر جیا دەکاتەوە بریتییە لە قەبارەی ئەم دوو دامەزراوە لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئەگینا لە ڕووی چۆنیەتی پێکهاتنەوە هاوشێوەن و خێڵ و عەشیرەت لە یەکەی خێزان پێکهاتوون و پەیوەندییەکانی ئەم دامەزراوانە هەر پەیوەندی نێو خێزانە بەڵام لە سنوورێکی فراوانتردا، ئەمەش دیسان دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەو بۆچوونەی کە کۆمەڵگەی کوردی پێی نەناوەتە قۆناغی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە، ئەمە لە کاتێکدا کە بەگەرمی لە ڕۆژئاوا قسە لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی دەکرێت بەڵام جۆرێک لە بۆچوون هەیە کە پێی وایە تاکو ئێستا کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی تەنیا هەوڵی هەیە بۆ بەمەدەنی کردنی کۆمەڵگە و، مەدەنی بوون نەبۆتە خاسیەتی تەنانەت کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانیش، لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە لای ئێمە وای بۆ دەچن تەنیا بوونی چەند دامەزراوێکی کۆمەڵایەتی دروست کراو نەک دروست بوو لەسەر شێوازی دامەزراوی ئەو کۆمەڵگە پەرەسەند و پێشکەوتووانە ئیتر کۆمەڵگەی کوردی دەکات بەکۆمەڵگەی مەدەنی، بێ گومان مێژووی پەرەسەندی کۆمەڵایەتی بەو شێوە میکانیکییە ناگۆڕدرێت، بەڵکو دەبێ گۆڕانکاری بەشێوەیەکی سروشتی لە ناخی



کۆمەڵگە خۆیەوە دەست پێ بکات.

پێشتر ئێمە لە لێکۆڵینەوەیەکدا گوتمان کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی بەگشتی لە خێزانەوە گواستراوەتەوە بۆ دەوڵەت بەبێ ئەوەی بەکۆمەڵگەی مەدەنیدا بڕوات[١٦] واتە لە ڕۆژهەڵاتدا دەوڵەت وەکو دامەزراوێکی باڵای بەڕێوەبردن و وەکو بەرزترین ئاستێکیش کە کۆمەڵگە لە پەرەسەندنی خۆیدا بیگاتێ لە ئەنجامی دروستبوونی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بوونی کۆمەڵگە بەکۆمەڵگەیەکی مەدەنیدا دروست نەبووە. بەڵکو خێزانێک یان بنەماڵەیەک بەڕێکەوت بووبێت یان لەسەر بنەمای چەند هۆکارێک توانیوویەتی دەسەڵات پەیدا بکات و دەوڵەت دروست بکات، هەندێ جار ئەو خێزانە یان ئەو بنەماڵەیە سنووری خۆی فراوانتر کردووە و بەناوی خێڵێک یان عەشیرەتێکەوە ئەو دەوڵەتەی پێکهێناوە. کە سەرۆکی ئەو دەوڵەتەش سەرۆکی ئەو خێزانە یان بنەماڵە و عەشیرەتە بووە کە دەوڵەتەکەی دروست کردووە. هەر لێرەوە بەئاشکرا سیمای خێڵایەتی بوونی دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی دەرکەوتووە. دیارە بەگوێرەی کورد نەیتوانیووە دەوڵەت لەم شێوەیەشدا دروست بکات بەڵکو بەهەمان پێودانگ، لەسەر بنەمای هەمان جوڵە و لە ژێر کاریگەری هەمان بزوێنەردا خێزان یان بنەماڵە لە کۆمەڵگەی کوردیدا دامەزراوی میرنشینی پێکهێناوە. واتە میرنشین لە کۆمەڵگەی کوردیدا لە شوێنی دامەزراوی دەوڵەتە لە کۆمەڵگەکانی تری ڕۆژهەڵاتدا. لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیدا ڕاستەوخۆ لە خێزانەوە دەوڵەت دروست بووە. بەڵام لە کۆمەڵگەی کوردیدا لە خێزانەوە میرنشین دروست بووە. میرنشین نەیتوانیووە گەشە بکات و بگۆڕێت بۆ دەوڵەت. لە هەردوو حاڵەتەکەشدا نە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی بەگشتی و نە کۆمەڵگەی کوردی بەتایبەتی نەگەیشتۆتە ئاستی کۆمەڵگەی مەدەنی، بەڵام جیاوازی لە نێوان کۆمەڵگەکانی تری ڕۆژهەڵات و کۆمەڵگەی کوردیدا ئەوەیە ئەگەرچی لای ئەوان دەوڵەت ڕاستەوخۆ لە خێزانەوە دروست بووە بەڵام توانیویەتی مانەوەی خۆی مسۆگەر بکات و درێژە بەبوونی خۆی بدات، بەڵام میرنشین لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا نەیتوانیووە برەو بەمانەوەی خۆی بدات، هۆیەکەشی لە ڕووی سیۆسیۆلۆژییەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دامەزراوی میرنشین دامەزراوێکی ئیفلیجە ئەگەر وەکو بەرهەمی بڵندبوونی ڕۆحی ڕەهای کۆمەڵگە سەیر بکرێت. بەواتایەکی تر لە دروستبوونی میرنشیندا دەردەکەوێت کە ڕۆحی کۆمەڵایەتی کوردی نەیتوانیوە بگاتە بەرزترین ئاستی خۆی کە دروستکردنی دەوڵەتە. هەر لێرەوە ئەگەر وەکو مەخلوقێک سەیری دەوڵەت بکەین کە لە ڕووی جەسەدی و ڕۆحیەوە مەخلوقێکی تەواو بێت، ئەوا

میرنشین لەو دوو ڕووەوە مەخلوقێکی ناتەواوە. هەر بۆیە زەمینەی مردن و لەناوچوونی نزیکترە و ئامادەترە لە زەمینەی لەناوچوونی دەوڵەت. ئەگەرچی بەپێی هەندێ لە تیۆرەکانی کۆمەڵناسیش دەوڵەت دروست دەبێ و گەشە دەکات و دەگاتە لوتکە و پاشان و بەرەو داڕمان دەچێت هەتا دەگات بەکۆتایی، هەمان شێوەی مەخلوقێکی زیندوو. بەڵام بەگوێرەی ئەو کۆمەڵگەیانەی کە لە ڕووی گەشەی کۆمەڵایەتییەوە دەوڵەتیان بەرهەم هێناوە لەگەڵ داڕمانی جۆرێک لە دەوڵەتدا لە جێگایدا دەوڵەتی تر بەزوویی دروست دەبێتەوە. بۆ نموونە داڕمانی دەوڵەتی قەیسەری لە جێگایەدا ڕاستەوخۆ دەوڵەتی سۆڤێتی و لە ڕوخاندنی دەوڵەتی سۆڤێتیدا ڕاستەوخۆ دەوڵەتی ڕوسی دروست بۆتەوە. لە هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانیدا دەوڵەتی کۆماری تورکیا و، لە ڕوخاندنی دەوڵەتی شاهەنشایی ئێراندا کۆماری ئیسلامی ئێران دروستبووە، بەڵام بەگوێرەی میرنشینەکانی کورد کاتێ هەرەسیان هێناوە بەتەواوی شوێنیان کوێر بۆتەوە.

هەروەک لە پێشتریش کاتێ دەوڵەتی مید ڕووخاوە لە جێگایدا دەوڵەتێکی کوردی دروست نەبۆتەوە، کاتێ حکومەتە کاتییەکەی شێخ مەحمود و کۆماری مهاباد ڕووخاون لە جێگایاندا حکومەتی تری کوردی دروست نەبۆتەوە ئەمەش سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە نە دەوڵەتی مید و نە ئەمانی دواتریش بەرهەمی گەشە و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردەواری نەبوون، ئەگینا ئەگەر کۆمەڵگەی کوردەواری لە ڕووی گەشەی کۆمەڵایەتییەوە بگەیشتایەتە ئاستی بەرهەم هێنانی دەوڵەت ئەوا با لە ئاستێکدا ئەو دەوڵەتەش بڕوخایە بەڵام لە جێگایدا ڕاستەوخۆ دەوڵەتێکی تر دروست دەبووەوە. بەواتایەکی تر دەتوانین بڵێین کۆمەڵگەی کوردەواری لە ڕووی گەشەی کۆمەڵایەتییەوە نەگەیشتۆتە ئاستی پێکهێنانی دەوڵەت. هەر لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات: ئایا دەشێ کۆمەڵگەیەک دەوڵەتی دروست نەکردبێت و بەکۆمەڵگەی مەدەنی ناو ببرێت؟ یان کۆمەڵگەیەک دەوڵەتی دروست کردبێت و نەشبووبێت بەکۆمەڵگەی مەدەنی؟ دیارە ناشێت کۆمەڵگەیەک دەوڵەتی دروست نەکردبێت و بەکۆمەڵگەی مەدەنی ناو ببرێت، چونکە ئەگەر کۆمەڵگەیەک لە ڕووی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتییەوە نەگەیشتبێتە ئاستی پێکهێنانی دەوڵەت چۆن دەگاتە ئاستی مەدەنیەتی کۆمەڵایەتی. بەگوێرەی بەشی دووەمی پرسیارەکەش دەیان کۆمەڵگە هەن کە دەوڵەتیان دروستکردووە بەڵام سادەترین بنەماکانی مەدەنیەتی کۆمەڵایەتیان بەرهەم نەهێناوە. بەپێی چەمکە بۆچوونی سیانەی هیگڵی (خێزان، کۆمەڵگەی مەدەنی، دەوڵەت) دەبێ کۆمەڵگەی مەدەنی پێک بێت ئەوسا



دەوڵەت دروست دەبێت، بەڵام ئێمە پێشتر دەربارەی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی گوتمان دەوڵەت ڕاستەوخۆ لە خێزانەوە دروستبووە و کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی نەبۆتە کۆمەڵگەی مەدەنی نە پێش دروستبوونی دەوڵەت و نە دوای دروستبوونی دەوڵەتیش. چونکە دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی بریتییە لە دەوڵەتی خێڵایەتی ئایینی، خۆ ناکرێت پاش گەیشتنی کۆمەڵگە بەکۆمەڵگەی مەدەنی جارێکی تر دەوڵەتی خێڵایەتی دروست ببێت. واتە دەوڵەتی خێڵایەتی دەوڵەتی کۆمەڵگەی مەدەنی نییە.

ئاشکرایە لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا هەموو بنەماکانی خێڵایەتی هەڵدەوەشێتەوە بەڵام لە ڕۆژهەڵاتدا بەگشتی و لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەتایبەتی نەک هەر سیستەمی خێڵایەتی هەڵنەوەشاوەتەوە بەڵکو سیستەمی باو و باڵادەستیشە و تاکو ئێستاش سەرجەم دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم کۆمەڵگەیە تەنانەت بەدامودەزگای بەڕێوەبردن و پەروەردەشەوە دامودەزگا و دامەزراوی خێڵایەتین و عەقڵی خێڵ بەڕێوەیان دەبات. دەتوانین دەیان نموونەی زیندوو بهێنینەوە کە سەرجەم ئەوە نیشان دەدەن بنەمای دامەزراندن و ئیشکردنی دامەزراوە ئیدارییەکانیش لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بنەمایەکی خێڵایەتین و بەشێوەیەکی گشتی لەسەر شێوازی پەیوەندی خوێن و خزمایەتی دامەزراون. هەرەمی حزبی لە کوردستاندا هەرەمێکی خێڵایەتییە، بەدەگمەن ڕێ دەکەوێت کەسێک جێگایەکی دیاری گرتبێت ئەگەر هێزی مەعنەوی خێڵ و عەشیرەت لە پشتییەوە نەبێت. بەدەگمەن کەسێک لە نێو هەرەمی ئیداریدا لە کوردستان جێگایەکی لەبەرچاوی گرتووە ئەگەر هێزی خێڵ و عەشیرەت پشتییەوە نەبووبێت. ئەمەش وایکردووە سەرباری ئەوەی حزب لە دامەزراندنی دەزگاکانی بەڕێوەبردندا تەنیا پشت بەئەندامانی خۆی ببەستێت کە ئەوەش بۆتە هۆی هەڵبژاردن و دانانی دەیان کەسی بێ توانا و ناشایان بۆ ئیدارە و بەڕێوەبردن، هەر لەبەر کادرانی باڵای نێو حزب چەندین کەس و کاری بێ توانایان لە هەرەمی ئیداریدا بکرێن بەبەرپرس، ئەمە لە کاتێکدا مەگەر بەدەگمەن ئەگینا لە ئیدارەی کوردیدا پشت بەخەڵکی شارەزا و پسپۆڕ و تەکنۆکرات نەبەستراوە، خۆ ئەگەر لەو بوارانەشدا بەڕێکەوت کەسانێک کەوتبنە نێو هەرەمی ئیداری کوردییەوە ئەوە کەسانی لاواز و نەشارەزان لە بوارەکەی خۆیاندا کە دەسەڵاتی کوردی لەبەر بنیاتی لاوازی خۆی پێی خۆشە کەسانی لاواز لە هەرەمی حزبی و ئیداری خۆیدا کۆبکاتەوە. سەرجەم ئەم خاسیەتانەش خاسیەتی کۆمەڵگەی پێشکەوتوو نین. بەڵکو بریتین لە خاسیەتی تێکەڵاوی کۆمەڵگەی سەرەتایی و خێڵایەتی دواکەوتوو. بەواتا سەرباری ئەوەی کە لە

ڕووکەشدا لە دامەزراوی کۆمەڵگەی پێشکەوتوو دەچن بەڵام لە بنیاتی پێکهاتن و سیستەمی ئیشکردندا هیچ خاسیەتێکی دامەزراوی کۆمەڵگەی مەدەنیان نییە. لێرەوە دەتوانین بڵێین ئەو دامەزراوانە لە ئەنجامی گەشە و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردەواریدا دروست نەبوون، بەڵکو وەکو بەشێک لەسەرخانی گواستراوە لە کۆمەڵگەکانی دەرەوەی کوردەوە خواستراون. ئەم حاڵەتەش لەگەڵ ڕووکەشی ئینسانی کورددا یەک دەگرێتەوە کە بەڕوخسار مرۆڤی کورد شارستانیانە خۆی نیشان دەدات بەڵام لە گەوهەردا سەرجەم سیفاتەکانی مرۆڤی کۆمەڵگە هەرە دواکەوتووەکانی هەیە.

ئێستا دەگەڕێینەوە بۆ ئەو دوو پرسیارەی کە دەربارەی پەیوەندی دەوڵەت و شێوازی کۆمەڵگە بەرزمان کردنەوە، هەتا لەو ڕوانگەیەشەوە سەرنجی کۆمەڵگەی کوردی بدەین. لە پرسیاری یەکەمدا گوتمان ئایا دەشێ کۆمەڵگەیەک دەوڵەتی دروست نەکردبێت و بەکۆمەڵگەی مەدەنی دابنرێت؟ هەر لەوێشدا ئاماژەمان بۆ چەمکی هیگڵی کرد کە لە تیۆری گەشەی کۆمەڵایەتیدا لە دوای خێزان بەلای ئەوەوە کۆمەڵگەی مەدەنی دێت ئەوسا دەوڵەت، بەڵام وەک گوتمان چەمکی هیگڵی بەگشتی بۆ کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵات دروست دەرناچێت چونکە ڕاستەوخۆ دەوڵەتی ڕۆژهەڵات لە خێزانەوە دروست بووە. بەگوێرەی کۆمەڵگەی کوردی نەیتوانیووە لە خێزانەوە ڕاستەوخۆ دەوڵەت دروست بکات. هەروەک لە دوای خێزانیشەوە کۆمەڵگەی مەدەنی پێک نەهاتووە. بەڵکو لە خێزانەوە کۆمەڵگەی کوردەواری گەشەیەکی زۆر سست و کەم نمودی کردووە و دامەزراوی خێڵ و عەشیرەتی پێکهێناوە ئەویش بەشێوەیەکی ناسروشتی و ناکامڵ و خێڵ و عەشیرەتیش نەیانتوانیووە وەکو دامەزراوی خێڵ و عەشیرەتی کۆمەڵگە دواکەوتووەکانی تر فیدراسیۆنی خێڵ و پاشانیش دەوڵەتی خێڵ دروست بکەن. لەم میانەدا وەکو گوتمان کۆمەڵگەی کوردەواری لە هیچ دەروازەیەک لەو دوو دەروازەیەوە نەگەیشتووە بەئاستی پێکهێنانی دەوڵەت. نە لەسەر بنەمای دروستبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی، نە لەسەر بنەمای گواستنەوە لە خێزانەوە بۆ دەوڵەت. بەڕاشکاویش دەتوانین پێ لەسەر ئەوە دابگرین کە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی نییە، نەک بەو شێوە بۆچوونەی کە ئەمڕۆ هەندێ لە کۆمەڵناسەکان پێی لەسەر دادەگرن کە تەنانەت کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر گۆی زەوی هێشتا دروست نەبووە، بەڵکو لەو بۆچوونەوە کە کۆمەڵگەی کوردی سادەترین خاسیەتەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی نییە، چونکە ئاشکرایە پەیوەندی کۆمەڵگەی سەرەتایی و خێڵایەتی لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنیدا پەیوەندی بەرامبەر یەک وەستانی دوو جەمسەری دژە. ناشێت



کۆمەڵگەیەک لە ڕووی بنیاتی پێکهاتن و سیستەمی کارکردن و بەڕێوەبردنەوە کۆمەڵگەیەکی خێڵایەتی بێت و لە ڕووی سەرخانەوە کۆمەڵگەی مەدەنی، چونکە ئاشکرایە کە بنیاتی پێکهاتن شتێکی جێگیرە و سەرخان ئەگەر لە بارێکی سروشتیدا بێت ڕەنگدانەوەی ئەو پێکهاتەیە، ئەگەر حاڵەتەکەش ناسروشتی بێت ئەوا سەرخان خواستراوە یان وەرگیراوە لەم بارەشدا درزێکی گەورە دەکەوێتە نێوان زەمینەی مادی کۆمەڵایەتی و سەرخانی کۆمەڵایەتیەوە کە ئەنجام جۆرێک لە ونبوون و شێواندن دروست دەکات کە سەرجەم ڕووکەشی خاسیەتە کۆمەڵایەتییەکان تێک دەچێت. جەماوەری دواکەوتووی خێڵ و عەشیرەت وای بۆ دەچن لە بەرزترین ئاستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا دەژین کە لە ڕاستیشدا وانییە، وەکو چۆن عەشیرەتگەری وا لە خۆی دەڕوانێت جەماوەری کۆمەڵگەیەکی مەدەنی هەرە پەرەسەندووە، ونبوونی کورد لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە ئەو حاڵەتی خۆنەناسینەیە. ئێمە دەزانین کە تاکو ئێستا کۆمەڵگەی کوردی نەگەیشتۆتە ئاستی پێکهێنانی دەوڵەت، واتە کۆمەڵگەی کوردەواری کۆمەڵگەیەکە لە ڕووی گەشە کردنەوە کەموکورتی هەیە. هەروەک مارشەڵ ساهلنەر دەڵێت: دەوڵەت بریتییە لەو شتەی کە مەدەنیەت لە کۆمەڵگەی خێڵایەتی جیادەکاتەوە و کۆمەڵگەی مەدەنی دەرناکەوێت بەبێ گۆڕانکارییەکی چۆنایەتی کە بەسەر سیستەمی کۆمەڵایەتیدا بێت[١٧]. ئەگەر سەرنجی بەشی یەکەمی ئەو وتەیە بدەین بۆمان دەردەکەوێت کە بەتەواوی پێچەوانەی چەمکی هیگڵییە. چونکە لای هیگڵ کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەوێتە پێش دروستبوونی دەوڵەتەوە، بەڵام لێرەدا دەوڵەت کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگەی خێڵایەتی لە یەکتر جیا دەکاتەوە، واتە هەتا دەوڵەت دروست نەبێت ناشێت باسی کۆمەڵگەی مەدەنی بکرێت. ئەگەر لێرەوە سەرنجی کۆمەڵگەی کوردی بدەین ئەوا ئاشکرایە کە ئەم کۆمەڵگەیە لە ڕوانگەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیەوە نەگەیشتۆتە قۆناغی دروستکردنی دەوڵەت کەواتە هێشتا زۆری ماوە بپەڕێتەوە بۆ ئاستی پێکهێنانی کۆمەڵگەی مەدەنی. کاتێ کۆمەڵگەی کوردی هێشتا نەگەیشتبێت بەئاستی پێکهێنانی دەوڵەت کەواتە لە قۆناغی پێشتردایە. کە ئەویش بەپێی ئەو وتەیەی سەرەوە قۆناغی خێڵایەتییە، کە ئەم لێکدانەوەیە بۆ پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی زۆر دروستە جگە لە هەندێ تێبینی کە ئەویش لەوەدا کۆدەبێتەوە کە کۆمەڵگەی کوردەواری لە ڕووی خێڵایەتیشەوە کەموکورتی هەیە و خێڵایەتیەکی سروشتی نییە.

بەڵام سەرباری ئەم بۆچوونەی ساهلنەر ڕاوبۆچوونی توندتر هەیە لەسەر پەیوەندی نێوان

دەوڵەت و کۆمەڵگە. هەر لەم بارەیەوە بیار کلاستەر دەڵێت: کۆمەڵگە سەرەتاییەکان کۆمەڵگەی بێ دەوڵەتن[١٨]. واتە کۆمەڵگەی سەرەتایی نەگەیشتۆتە ئاستی دروستکردنی دەوڵەت، بەپێچەوانەکردنەوەی ئەم ڕستەیە دەتوانین بڵێین ئەو کۆمەڵگەیەی کە دەوڵەتی دروست نەکردبێت کۆمەڵگەیەکی سەرەتاییە. لەسەر بنەمای ئەم بۆچوونەش لە کاتێکدا کە کۆمەڵگەی کوردی تاکو ئێستا دەوڵەتی دروست نەکردبێت کەواتە دەبێ کۆمەڵگەیەکی سەرەتایی بێت. هەروەک کلاستەر لەوەش زیاتر گرنگی دەوڵەت و پەیوەندی بەکۆمەڵگەوە دەردەخات کاتێ دەڵێت: ئێمە ناتوانین تەسەوری کۆمەڵگە بەبێ دەوڵەت بکەین[١٩]. واتە کۆمەڵگە بەبێ بوونی دەوڵەت خاسیەتەکانی کۆمەڵگەی نابێت، ئەگەر لەم ڕوانگەیەشەوە سەرنجی کۆمەڵگەی کوردی بدەین ئەوا دەشێ بڵێین ئێمە تەسەوری کۆمەڵگەی کوردی دەکەین لە ڕووی پێکهاتن و پەرەسەندنەوە لە کاتێکدا دەوڵەتی نییە، بەڵام ئاشکرایە کە مەبەست لەو تەسەور نەکردنە دەلالەتی نەبوونی شارستانی و مێژوو لە پشتییەوە وەستاوە، یان ئاشکراتر بڵێین بەبێ دەوڵەت ناشێت کۆمەڵگە سیفاتەکانی کۆمەڵگەی فۆرمەلە کردبێت، لێرەوە بەرامبەر بەکۆمەڵگەیەکی وەکو کورد ئەوە ئاشکرا دەبێت لە ڕووی پێودانگێکی سیۆسیۆلۆژییەوە کە سیفاتەکانی کۆمەڵگە بەکاملی دەربخات، کۆمەڵگەی کوردی لە ئاستێکی نزمدایە و نەگەیشتۆتە ئاستێک کە تەسەور بکرێت کۆمەڵگەیەکی خاوەن ناسنامەیە، یان کۆمەڵگەیەکی خاوەن مێژووە چونکە کۆمەڵگەی بێ دەوڵەت لە ڕووی گەشەی کۆمەڵایەتییەوە بەئیفلیج دادەنرێت ئیتر چۆن دەبێ ناسنامە و مێژووی هەبێت چونکە ئاشکرایە کە: مێژوو بریتییە لە مێژووی دەوڵەت[٢٠]. واتە ئەگەر کۆمەڵگەیەک نەگەیشتبێتە ئاستی دروستکردنی دەوڵەت و لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسیشەوە ئەو دەوارەی نەبێت لە ژێر سایەی چیدا مێژوو دروست دەکات، بەتایبەتی مێژوو، مێژووی بەرهەم هێنانی شارستانی و ئامادەبوونە، ئەگەر نەتەوەیەک ئەوەندە پەرەسەندوو نەبێت دەوڵەت دروست بکات چۆن دەتوانێت شارستانییەک دروست بکات کە حسابی بۆ بکرێت، یان خۆ ئەگەر شتێکی ئەوتۆشی بەرهەم هێنا چۆن بوون و ناسنامەکەی دەپارێزێت کە ئەم خۆی وەکو نەتەوە بوون و ناسنامەی پارێزراو نییە. دیسان لە لایەکی ترەوە دەشێ بگوترێت هەموو دەستە و گرووپە ئیتنیکییەکان جۆرێک لە شارستانی بەرهەم دێنن بەڵام ئەو شارستانییە ناتوانێت ببێتە بەڵگە و بنەما بۆ سەلماندنی بەمەدەنی بوونی ئەو کۆمەڵگەیە. دەشێ کۆمەڵگەی کوردەواری هەمان شێوەی کۆمەڵگە سەرەتاییەکانی یان هەمان شێوەی دەستە و گرووپە



ئیتنیکییەکان جۆرێک لە شارستانێتی بەرهەم هێنابێت، بەڵام ئەو شارستانێتییە نەبۆتە مایەی سەلماندنی کورد وەکو نەتەوەیەکی خاوەن ناسنامە لە ڕووی شارستانێتییەوە. بێگومان ناشێت کۆمەڵگەیەک خاوەنی شارستانێتییەکی دیار نەبێت و باسی ڕابردوو و مێژووی بکرێت، مێژوویەک کە خاوەنی ناسنامە بێت چونکە بێ بوونی شارستانێتی مێژوو هیچ مانایەکی نییە. دیسان مایەی گومانە کۆمەڵگەیەک شارستانێتی بەرهەم نەهێنابێت بەڵام بووبێت بەکۆمەڵگەیەکی مەدەنی چونکە بەمەدەنی بوونی هەر کۆمەڵگەیەک پەیوەندی بەئامادەبوونی ڕابردوویەوە هەیە. بەمەدەنی بوونی هەر کۆمەڵگەیەک بەر لە هەموو شتێک وەک گوتمان بەندە بەبوونی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە بەشێوەیەکی سروشتی واتە تاکو دامودەزگاکانی ئەو قۆناغە پێک نەیەن ناشێت کۆمەڵ لە قۆناغی خێزان بەچەمکی هیگڵی و قۆناغی پێش کۆمەڵگەی مەدەنی بەچەمکی کۆمەڵناسی بگوازرێتەوە بۆ قۆناغی مەدەنی کۆمەڵگە. لەم ڕوانگەیەشەوە ناتوانرێت باسی مەدەنی بوونی کۆمەڵگە بکرێت ئەگەر هیچ بنەمایەکی ئەو کۆمەڵگەیە دیار نەبێت. ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەرنجی کۆمەڵگەی کوردەواری بدەین ئەوا بۆمان دەردەکەوێت لە ڕوانگەی پێکهاتنی دامودەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنیەوە هێشتا زۆر لە دوایە، خۆ ئەگەر هەندێ دامەزراوی لەو جۆرەش بەرچاو بکەون کە لە بنەڕەتدا دامەزراوی کۆمەڵگەی مەدەنی بن، ئەوا دەبێ بزانین ئەو دامەزراوانە بەرهەمی گەشەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردەواری نین بەڵکو لە شێوەی خواستن و گواستنەوە لە کۆمەڵگە پەرەسەندووەکانەوە ئەو دامەزراوانە لە کۆمەڵگەی کوردیدا دروست بوون، هەر بۆیە ناشتوانن خاسیەتەکانی دامەزراوی کۆمەڵگەی پەرەسەندوویان هەبێت.

**ئەنجام**: ئێستا کۆمەڵگەی کوردی لە ڕووی گەشە و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیەوە نە بەسروشتی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێکهێناوە هەتا لەوێوە بگوازێتەوە بۆ قۆناغی پێکهێنانی دەوڵەت بەپێی ڕەوتی گەشەی کۆمەڵایەتی بەچەمکی هیگڵی. نە لەسەر شێوەی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیش ڕاستەوخۆ لە نێو دامەزراوی خێزانەوە توانیویەتی بنەماکانی دەوڵەت پێک بهێنێت و دەوڵەت لە شێوازی دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی دروست بکات. ئەگەر کۆمەڵگەیەکیش لە ڕەوتی گەشە و پەرەسەندنی خۆیدا نەگەیشتبێتە ئاستێک کە دامەزراوی دەوڵەت دروست بکات واتە لە حاڵەتێکی ناتەواو دایە لە ڕووی بڵندبوونی ڕۆحی کۆمەڵایەتییەوە... ئەو حاڵەتەش بەگوێرەی کۆمەڵگەی کوردی حاڵەتی

خێڵایەتی سەرەتاییـیە، بەڵام ڕووکەش کراوە بەسەرخانی خواستراو و گواستراوەی کۆمەڵگە پەرەسەندووەکان، کە ئەوەش دیسان مایەی ونبوونە نەک خۆ دۆزینەوە و خۆ دروستکردنەوە... هەر ئەو جۆرە ونبوونەیە لە کۆمەڵگەی کوردیدا هۆکاری سەرەکی بێ بەرنامەیی و بێ ستراتیژییە و مایەی گیرخواردنی کوردە. لە ڕووی گۆڕانکارییەوە لە سنووری بازنەیەکی داخراودا کە دەتوانین بڵێین مێژووی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی کوردی تاکو ئێستا نەیتوانیوە لە سنووری ئەو بازنە داخراوە دەرباز بێت و لە دووبارەکردنەوەی هەمان حاڵەتەکانی پێشتر دوور بکەوێتەوە و بەئاراستەی جیاواز بجوڵێت کە ئەویش ئاراستەی بەرەو گەیشتن بەئاستی پێکهێنانی دەوڵەت بێت کە هەتا دامەزراوی دەوڵەتیش لە کوردستان دروست نەبێت بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێک نایەن و کۆمەڵگەی کوردی لە حاڵەتی خێڵایەتی سەرەتایی لە گەوهەردا و مەدەنی بوون و کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕووکەشدا دەمێنێتەوە.

### سەرچاوەکان


١- اشلێ مونتاغیو - البدائیە - ترجمە الدکتور محمد عصفور - عالم المعرفة - الکویت ١٩٨٢ ص ١٤.

٢- ابن خلدون - المقدمة - الجزء الاول - دار الجیل ص ٥٠.

٣- البدائیة ص ٢٢.

٤-الدکتور محمد عابد الجابري - العصبیة و الدولة - بغداد ص ١٦٤.

٥- عەتا قەرەداخی - ستراتیژ و کەسێتی نەتەوەیی کورد - سلێمانی - ١٩٨٨

6- Martin Van Bruimesa gha, Shaikh and State - Zed books - 1992 - p. 5.

٧- البدائیة ص٣٠٥.

٨- الدکتور محمد عابد الجابري - العصبیة و الدولة - ص ٢٥٣.

٩- تومابوا - مع الاکراد - ترجمة - اواز زنکنه ص ٣٨.

10- Gearges Roux. Ancient Iraq - p. 181.

11- Nader Entessar - Kurdish Ethnonationalism - London - 1992 - p. 18.

١٢-ڕێبازی نوێ - ڕۆڵی تۆپۆگرافیا لە شێواندنی مێژووی کوردا - نووسینی - عەتا قەرەداخی ساڵی ١٩٩٤ ژمارە ٨.

١٣- ایف لاکوست - العلامة ابن خلدون - ترجمة الدکتور میشال سلیمان - بیروت ١٩٧٨ ص ٨.





١٤- هیغل - مختارات - الجزء الثاني - ترجمة الیاس مرقص - دار الطلبة - بیروت ١٩٧٨ ص ١٢٣.

١٥- نفس المصدر ص ٨٩.

١٦- گۆڤاری سەراب - کەلتوری دەوڵەت - عەتا قەرەداخی - ژمارە ٢ ساڵی ١٩٩٥.

١٧- اشلي مونتاغیو - البدائیة - ص ٢٩٤.

١٨- بیار کلاستەر - مجتمع اللادولة - ترجمة الدکتور محمد حسین دکروب - المؤسسة الجامعیة - بیروت ١٩٨١ ص ١٨٦.

١٩- نفس المصدر ص ١٨٦.

٢٠- عزیز العظمة - ابن خلدون و تأریخیته - دار الطلبة - ص ٥٣.

# سـروشـتی کۆمـەڵگەی کوردی

## ١- دامەزراوی میرنشین لە کۆمەڵگەی کوردیدا

میرنشین لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا بریتی بووە لە دامەزراوێکی ئیداری - سیاسی کۆمەڵایەتی خێڵایەتی کە سنووری دەسەڵات و قەڵەمڕەوی سنووری خێڵی بەزاندووە و زیاتر لە خێڵێکی دیاری کراوی گرتۆتەوە. میرنشین لە ڕووی دامەزراوە ناوخۆییەکانیەوە وێنەیەکی بچووک کراوەی دەوڵەت بووە. لە مێژووی کورددا گەلێک میرنشین دەرکەوتوون بەڵام لە سەدەی شانزە و حەڤدەدا هەتا هەرەس هێنانی دوا میرنشین لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا... میرنشینی بەهێزی لە جۆری میرنشینی بابان و ئەردەڵان... درێژەیان بەفەرمانڕەوایی سنوورداری خۆیان داوە... هەندێ لەو دامەزراوانەی کە لە شێوەی دەوڵەتدا بوون لە سەدەکانی شانزە و حەڤدەدا لە شێوەی میرنشیندا دەرکەوتوون و دەشیا بۆ چەندین سەدەی (تر) بژین. ئەم میرنشینە شێوە دەوڵەتیانە تەواو سەربەخۆ بوون یان سەر بەیەکێ لە دەوڵەتە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوون[١] کە لە ڕاستیدا سەرباری ئەوەی ئەم میرنشینانە سیمای سەربەخۆییەکی سنوورداریان پێوە دیار بووە لە ڕووی دەستوور و بەڕێوەبردنەوە پاشکۆ بوون. هەروەها سنووری قەڵەمڕەوی ئەم میرنشینانە تەسک بووە. بەڵام دانان بەدەسەڵاتی ناوخۆی میرە کوردەکاندا و دامەزراندنیان وەکو فەرمانڕەوایەکی ناوچەیی یان ئۆتۆنۆمی بەئاشکرا کاری لە ڕێکخستنی ناوخۆی سنووری میرنشینەکەیان کردووە[٢] سەرباری ئەوەی میرنشینە کوردیەکان لە سنووری جوگرافی و قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی تاکە خێڵێک دەرچوون بەڵام لە ڕاستیدا هەر میرنشینێک بگریت لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەر لە یەکەم میرنشینەوە هەتا دوا میرنشین خێڵێکی دیار یان عەشیرەتێکی دیار ئەو میرنشینەی دامەزراندووە و هەوڵی داوە خێڵ و عەشیرەتەکانی تریش بخاتە ژێر



دەسەڵاتی خۆیەوە، بەڵام ئەو هەوڵدانەش لە ڕێگای فیدراسیۆن دروستکردن و هاریکارییەوە نەبووە بەڵکو زیاتر لە ڕێگای مل پێ نەوی کردن و بەکارهێنانی هێزەوە بووە. هەر ئەوەش وایکردووە بەگشتی ئەو خێڵ و عەشیرەتانەی کورد کە بەزۆر هێنراونەتە ژێر سایەی میرنشینەکانەوە دڵسۆز نەبن بۆ میرنشین و هەر کاتێ بۆیان لوا دژی میرنشین ڕاپەڕن. بەواتا میرنشین لە مێژووی کورددا وەکو دامەزراوێک نەیتوانیوە خاسیەتی دامەزراوێکی نەتەوەیی هەبێت بەڵکو هەر لە سنووری بەڕێوەبردن و عەقڵ و ستراتیژی خێڵایەتیدا ماوەتەوە. ئیبن خەلدون لە بری میرنشین دەوڵەتی تایبەتی و بۆ دەوڵەتیش دەوڵەتی گشتی بەکاردێنێ... دەوڵەتی تایبەتی ئەوەیە کە خێڵێکی تایبەتی لە هەرێمێکی دیاریکراودا فەرمانڕەوایی دەکات[٣] بەم پێیە میرنشینە کوردەکان هاوشێوەی دەوڵەتی تایبەتی ئیبن خەلدونن... دەسەڵاتی تایبەتی دەسەڵاتێکی ناتەواوە[٤] لە کاتێکدا دەسەڵاتی دەوڵەتی گشتی دەسەڵاتی تەواو و ڕەهایە. دامەزراوی میرنشین لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئەگەر لە ڕوانگەی گەشەی کۆمەڵایەتیەوە سەیری بکەین ئەوا هاوشێوەی دەوڵەتی خێڵە لە کۆمەڵگەی کۆنی میزۆپۆتامیادا یان هاوشێوەی دەوڵەتۆچکەی شارە. لێرەدا ئەو پرسیارە سەر هەڵدەدات بۆچی کۆمەڵگەی کوردی لە گەشەی خۆیدا لە بری دەوڵەت دامەزراوی میرنشینی دروست کردووە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێ جارێکی تر بگەڕێینەوە بۆ چەمکی خەلدونی لە بارەی کۆمەڵگە دواکەوتووەکانەوە کە لەم کۆمەڵگەیانەدا کە بنیاتی خێڵایەتیان هەیە چۆن پەیوەندییەکانی خوێن و دەمار (خزمایەتی) جێگای پەیوەندییە ئابوورییەکان بگرنەوە، بەو پێیە لە کاتێکدا بەپێی بنەماکانی ماتریالیزمی مێژوو و تیۆری مارکس بۆ مێژوو بزوێنەری مێژوو کێشەی چینایەتی و کارکەری ئابوورییە لە کۆمەڵگە دواکەوتوو و خێڵایەتیەکاندا بزوێنەری مێژوو پەیوەندی خوێن و دەمارە، واتە گەشەی کۆمەڵایەتی لە سنووری خزمایەتیەوە پەرەدەسێنێ.
بەڵام با بزانین چۆن و بە چ شێوەیەک لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ئەم فاکتەرە کار دەکات؟
لە کاتێکدا کارگێڕی خوێن ودەمار لە کۆمەڵگەی خێڵایەتی میزۆپۆتامیای کۆندا دەوڵەتی خێڵ و لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا میرنشینیان دروست کردووە. کەواتە ئەو توانا شاراوەیەی لە پەیوەندی خوێن و دەماری خێڵایەتی کوردیدا هەبووە لاوازتر بووە لە توانای شاراوەی پەیوەندی خوێن و دەماری عەرەبی، هەر لەبەر ئەو لاوازییەش زۆرجار کە نەیتوانیوە وەکو پێویست ئیش بکات و بەرەو بڵندبوون بچێت و کۆمەڵ بەرەو ڕۆحی ڕەها و بەرەو ئازادی ئاراستە بکات واتە بەرەو دەوڵەت، تووشی لادان و ڕێ ون کردن بووە و لە

ئەنجامی ئەوەشدا تووند و تورە و دەمارگیر دەرچووە بەئەندازەیەک کە هەموو توانای خۆی لە ململانێی بچووک و بێ بەهای ناوخۆ و لە پێناوی بەرژەوەندی سنوورتەسکی خێڵایەتیدا بەفیڕۆ بدات، ناکۆکی و ناتەبایی نێوان خێڵ و عەشیرەتەکانی کورد زیاتر لە ژێر کاریگەری ئەو لادانەدا ڕوویانداوە. ئەو توانا و وزە شاراوەی کە لە پەیوەندی خوێن و دەماری کوردیدا هەبووە لەو ململانێ و ناکۆکییە ناوخۆییانەدا بەفیڕۆ چووە و ئەنجام لە بری بڵندبوونی ئەو توانا و وزەیە بۆ ڕێگا خۆشکردن بۆ نزیک کردنەوەی خێڵ و عەشیرەتە جیاوازەکانی کورد لە یەکتری و پێکهێنانی جۆرێک لە فیدراسیۆن لە نێوانیاندا کە ئەنجامەکەی دەوڵەتی خێڵی لێ دروست بێت، ئەو توانا و وزەیە لە ئاستێکی نزمدا وەستاوە و نەیتوانیوە ڕۆحی ئەو یەکبوونە دروست بکات کە بنەمای سەرەکییە بۆ دروستکردنی دەوڵەتی خێڵ، بەڵکو لەو ئاستە نزمەدا دامەزراوێکی لاوازتر و نزمتر لە دەوڵەتی خێڵی دروست کردووە کە ئەویش میرنشینی خێڵە. نەک میرنشینی خێڵەکان چونکە لە دامەزراوی میرنشیندا بنەمای یەکێتی و هاریکاری و فیدراسیۆن یان هەر بەتەواوی نەبووە یان ئەگەر هەشبووبێت زۆر لەوە لاوازتر بووە کە بتوانێت ڕۆحی کۆمەڵگە بەگشتی بەرەو بڵندبوون ببات و لە ئەنجامدا بیگەیەنێتە پلەی ڕەهای کە ئەوەش قۆناغی دروستبوونی دەوڵەتە.

ئێستا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە کۆمەڵگەی کوردەواری لەو ڕوانگەیەوە کە کۆمەڵگەیەکی خێڵایەتیە بەشێوەی کۆمەڵگە خێڵایەتیەکان وەکو ئیبن خەلدون باسی دەکات نەیتوانیوە دەوڵەتی خێڵ دروست بکات. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی پەیوەندییەکانی خوێن و دەمار یان بەزاراوەیەکی گشتی، پەیوەندییەکانی خزمایەتی کە ئەو دوو ڕەگەزە نەیانتوانیوە ببنە مۆتیڤ و بزوێنەری مێژوو بەجۆرێک کە کورد بگەیەننە ئاستی پێکهێنانی دەوڵەت. لە کۆمەڵگەی خێڵایەتی عەرەبیدا بەتایبەتی دەرکەوتنی پەیامی ئیسلام دەورێکی کاریگەری بینیوە لە نزیک کردنەوەی خێڵ و عەشیرەتەکان لە یەکتری، سەرباری ئەوەی کە پەیامی ئیسلام دروشمی تەوحیدی هەموو دنیای ئیسلامی هەڵگرتبوو، خەباتیشی لە پێناوی ئەوەدا دەکرد کە هەموو گۆی زەمین بگرێتەوە و بەچەمکی فارابیانە شاری هەرە تەواو پێک بهێنێت، دیارە ئەو ئامانجە ستراتیژییە هەتا ئێستا بۆ فیکر و پەیامی ئیسلام نەهاتۆتە دی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پەیامە دەوری لەبەرچاوی هەبووە لە یەکخستن و یەکگرتنی سەرجەم خێڵ و عەشیرەت و دەستە و گروپەکانی نەتەوە جیاوازەکاندا، واتە پەیامی ئیسلام لەگەڵ خۆیدا ڕۆحی یەکگرتنی



هێناوە، عەرەب سوودێکی زۆریان لەو بنەمایانەی پەیامی ئیسلام وەرگرتووە بەئەندازەیەک پەیامی ئیسلام بۆتە بەشێکی سەرەکی لە بزوێنەری مێژوو لە کۆمەڵگەی عەرەبی ئیسلامیدا و ڕۆحی تەوحید بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەهێزترین شێوەی فیدراسیۆنی لە نێو خێڵە عەرەبەکاندا دروست کردووە و لە بری شەڕ و پێکدادان و ناکۆکی بەردەوام دۆستایەتی و یەکێتی و هاریکاری بەردەوامی لە نێوانیاندا دروست کردووە. واتە پەیامی ئیسلام دەوری هەرە کاریگەری هەبووە لە دروستکردنی ڕۆحی یەکگرتنەوە و بنیاتنانی یەکێتی و هاوپەیمانی لە نێوان خێڵە عەرەبەکاندا..

بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارە سەر هەڵدەدات ئایا دەوری پەیامی ئیسلام چی بووە لەسەر خێڵە کوردەکان و چ دەورێکی بینیوە لە پێکهێنانی فیدراسیۆنی خێڵ و عەشیرەتەکانی کورددا لە کاتێکدا کورد بەشێوەیەکی گشتی پەیامی ئیسلامی قبووڵ کردووە و زیاتر لە هەر نەتەوە یان دەستە و گروپێکی ئیتنیکی تر خزمەتی ئیسلامی کردووە؟

کورد وەکو نەتەوەیەک کە بۆتە هەڵگری پەیامی ئیسلام بەتەواوی لە نێو ئەم ئایینەدا تواوەتەوە. بەتایبەتی لەبەرئەوەی کورد بۆتە سونەی شافیعی و ئەم مەزهەبەیش بەئەهلی کیتاب دادەنرێت و هیچ ناکۆکییەکی لەگەڵ مەرکەزی ئیسلامدا نییە لەبەر ئەوە کورد لە ناو ئیسلامدا هیچ ناڕەزاییەکی نەبووە هەتا ئەوە ببێتە هۆ بۆ جوڵاندنی کورد بەلای دروستکردنەوەی کەسێتی ئیداری سەربەخۆی خۆیدا لە سایەی ئیسلامدا. ئەمە لە لایەک لە لایەکی تریشەوە پەیامی ئیسلام دەورێکی کاریگەری بینیووە لە نزیک کردنەوەی خێڵ و عەشیرەتەکان لە یەکتری و کپ کردنەوەی بەشی زۆری ناکۆکییەکانی نێوانیان، بەڵام بەگوێرەی کورد لەبەرئەوەی لە لایەکی ترەوە پەیوەندی خوێن و دەمار نائاساییی بوون و نەیانتوانیوە لە حاڵەتی بڵندبووندا بن، لەبەر ئەوە پەیامی ئایینەکەش دەوری لە کۆکردنەوە و یەکخستنی خێڵ و عەشیرەتەکانی کورددا تەنیا ئەوەندە بووە تا ڕادەیەک یەکیان بخات و بەرەو وەلائێکی بەهێز و بەئاراستەی ناوەندی خەلافەتی ئیسلامی بیانجوڵێنێ، نەک یەکێتی و یەکخستنێکی سەربەخۆ لە نێوان خودی خێڵ و عەشیرەتەکانی کورددا پێک بهێنێ و بەرەو دروستکردنی فیدراسیۆنیان ببات و ئەنجامیش بەرەو بڵندبوونی تر بەهاوکاری پەیوەندییەکانی خوێن و دەمار ئاراستەیان بکات تا لە ئەنجامی ئەوەدا فاکتەری دینی و پەیوەندییەکانی خوێن و دەمار پێکەوە ببونایەتە هۆی پێکهێنانی فیدراسیۆنی خێڵایەتی کوردی لەوێشەوە دەوڵەتی خێڵایەتی ئیسلامی کوردی دروست

ببوایە. بەڵام لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەر چۆن پەیوەندییەکانی خوێن و دەمار نەیانتوانیوە ئەو دەورە ببینن هەروەها ئاییینیش ئەو دەورەی نەبینیوە. هەر لێرەوە دەتوانین بڵێین کورد لەسەر ئەو بنەمایانەی کە ئیبن خەلدون دیاری کردوون و کردونی بەبەردی بناغەی تیۆرە کۆمەڵناسیەکەی (کە ئەوانیش خوێن و دەمارگیری و لە پاڵ ئەوانەشدا فاکتەری ئایین) نەیتوانیوە دامودەزگای دەوڵەتی خێڵ دروست بکات لە کاتێکدا کە کۆمەڵگەیەکی خێڵایەتی دواکەوتوو بووە. بەڵکو خوێن و دەمارگیری کوردی لە گەشەی خۆیاندا گەیشتوونەتە ئاستی پێکهێنانی میرنشین کە ئەویش زیاتر خاسیەتەکانی دامەزراوی خێڵی هەبووە و نەگەیشتۆتە ئاستێ کە خاسیەتەکانی دەوڵەتی هەبێت یان خاسیەتی نەتەوەیی هەڵبگرێت، ئەم میرنشینانەی کورد سەرباری ئەوەی لە لایەکەوە بەرهەمی ئەو ئاستەی گەشەکردن بوون کە کۆمەڵگەی کوردەواری پێی گەیشتووە و دەسەڵاتی خێڵ لە برەو ستاندنی خۆیدا ئەم میرنشینانەی پێکهێناوە بۆ ئیدارە و بەڕێوەبردنی ناوچەیەکی بەرفراوانتر لە ناوچەی تاکە خێڵێک. لە هەمان کاتدا سەرجەمی میرنشینەکانی کورد کە لە دوای سەپاندن و سەقامگیربوونی دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامی لە کوردستاندا دروست بوون زیاتر بوونەتە یارمەتیدەری خەلافەتی ئیسلامی هەتا ئاسان تر فەرمانڕەوایی کوردستان بکات. بەواتایەکی تر پەیوەندییەکانی خوێن و دەمار و فاکتەری ئایینیش لە کوردستاندا میرنشینی خێڵایەتیان دروست کردووە کە وەکو دەزگایەکی بەڕێوەبردنی ناوچەیی وابووە لە سنووری دەوڵەتی ئیسلامیدا...

## ٢- کۆمەڵگەی کوردی و سروشتی کوردستان

سروشت لێرەدا مەبەست سروشتی ئاساییە لەو بارە خۆڕسکەیدا کە ئەفریدە بووە کە لێرەدا سروشتی کوردستان دەگرێتەوە بەهەموو سیفاتەکانییەوە، دیارە سروشتیش وەکو زەمینە دەوری کاریگەر و لەبەرچاوی هەیە لە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی هەستی مرۆڤدا چ وەکو تاک یان وەکو کۆ، هەندێ لە کۆمەڵناسەکان لە بری سروشت، ژێوار یان شوێنەوار بەکار دێنن و پێیان وایە ژێوار یان شوێنەوار دەورێکی هێجگار گرنگی هەیە لە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی هەستی مرۆڤدا. کە ئەو هەستەش سەرجەم بوارەکانی مەعنەوی ئینسان دەگرێتەوە و پەیوەندی بەجۆری کەسێتی و ئیرادە و توانای فەردی و کۆمەڵایەتیشەوە هەیە. هەروەک سروشت دەورێکی کاریگەری هەیە لەسەر مەودای خەیاڵ و خەونی مرۆڤ، سروشتی جوان و سیحر ئامێز؛ خەیاڵ قوڵ و مەودا فراوان دەکات



بەئەندازەیەک مرۆڤ دەخاتە بەردەمی ساتەوەختی تێڕامانی لەو جۆرەوە کە بەرەو حاڵەتی پرسیار کردن لە بوون و ماهیەتی ببات. بۆ نموونە هیگڵ وای بۆ دەچێت کە سروشتی جوانی هیندستان یەکێکە لەو هۆکارە سەرەکیانەی کە بوونەتە هۆی فراوانی خەیاڵی هیندی و مرۆڤی هیندییان کردۆتە مرۆڤێکی خەیاڵی و خاوەن سۆز و عاتیفە و خەون بین.. هیند نموونەی وڵاتی خەیاڵ و عاتیفە نیشان دەدات[٥] هەروەک لە دنیای ڕۆح و دنیای سروشت دنیایەکی ناوکۆیی پێک دێ کە پەیوەستی عەقڵە[٦] عەقڵێش لێرەدا ئەو حاڵەتە گشتییەی ئازادی ڕۆحە کە تیایدا خودی ڕۆح دەگاتە پلەی ڕەهایی واتە دەوڵەت.

پەیوەست بەباری کوردستان لە ڕووی پێکهاتەی جوگرافی و تۆپۆگرافیاوە دەکرێت وەکو جوگرافیایەک لێی بڕوانرێت کە سیفاتی سروشتی بوونی گەلێک لە سیفاتی شارستانی بوون زیاتر پێوە دیارە، بەمانایەکی تر سروشت بۆتە خاڵی یەکەم بۆ پەیوەست کردنەوەی مرۆڤی کورد بەم جوگرافیاوە وەکو خاک کە بنەما و پایەی سەرەکی بوونی نەتەوەیە. ئەگەر سەرنج بدەین هەر لەو کاتەی کە هەستی نەتەوەیی کورد سەری هەڵداوە لە کەلتوری کوردیدا کە ئەوەی دیار بووە لە ڕابردوودا شیعر بووە، جوگرافیای کوردستان پانتاییەکی زۆری لە شیعری کوردیدا داگیر کردووە. چەندین شیعر و سرودی نیشتمانی بەچیا و دۆڵ و دەشت و بان و چۆم و ڕووبارەکانی کوردستاندا گوتراوە کە ئەوە سەرباری کاریگەری جوانی ئەو بەشانەی سروشت لە ڕوانگەی ڕووتی ئێستاتیکاوە، دیسان هەستێکی نەتەوایەتی خاوێن تێکەڵاوی جوانی ئەو توخمانەی سروشت بووە. کەواتە هەستی نەتەوایەتی و جوانی سروشتی کوردستان تێکەڵاوی یەکتر بوون. هەر ئەوەش وایکردووە جوانی توخمەکانی سروشت خەیاڵی مرۆڤی کورد بەلای خۆیاندا ڕابکێشن و لە پانتایی خەیاڵ و هەستیدا جۆرێک لە یەکگرتنەوە دروست ببێت و ئەنجام جوانی سروشتی کوردستان و هەستی نەتەوایەتی مرۆڤی کورد کار لێک بکەن و سروشت لە ئەنجامدا وەکو ڕەگەزێکی پێکهێنەری هەستی نەتەوەیی کوردی دەربکەوێت. کە دیارە دەرکەوتنی ئەو هەستە و ڕۆحی ڕۆژهەڵاتی کە کۆمەڵگەی کوردیش کۆمەڵگەیەکی پەراوێزی ڕۆژهەڵاتە، یەک بگرنەوە و بەرەو بڵندبوون بچن هەتا ئەنجام بگەنە ئاستی پێکهێنانی دەوڵەت وەکو قۆناغی گەیشتنی کۆمەڵ بەڕۆحی ڕەهای. هەر لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین مێژوو لە کوردستاندا دەشێ سیفاتی مێژووی سروشتی هەبێت واتە پایەیەکی بزوێنەری مێژوو لەم کۆمەڵگەیەدا دەشێ خودی سروشتی جوانی کوردستان بێت کە جۆرێک لە جوڵە و ورووژان بەهەست و خەیاڵ و ڕۆحی مرۆڤی کورد دەدات. بەتایبەتی لە وەرزی قەشەنگی بەهاردا

هەر کە مرۆڤی کورد بەتاک و بەکۆمەڵ دەگەڕێنەوە نێو سروشتی جوانی کوردستان لەو ساتەدا ڕۆحی کوردایەتی هێجگار بەهێزتر دەبێت چونکە جوانی سروشت هەستی مرۆڤی کورد دەجوڵێنێ و جۆرێک لە هەست بەخۆ کردن و هەست بەبوونی هێزێکی مەعنەوی لە پشتییەوە دەخوڵقێنێ کە ئەو هێزەش جوانی و سیحر و سەرنج ڕاکێشی دیمەنی جوانی کوردستان دروستی دەکات. دەیان سرودی وەکو شاخی ڕەنگاوڕەنگی گۆیژە و خوایە وەتەن ئاوەکەی و بەیانی بوو لە خەو هەستام و... هتد لە ئەنجامی یەکگرتنەوەی هەستی نەتەوەیی و سروشتی جوانی کوردستاندا لە دایک بوون لە کاتێکدا کە ئەو سروشتە ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێ لە فراوان کردنی مەودای خەیاڵی ئینسانی کورددا وای لێ دەکات کە هەست بکات خودی ئەم سروشتە بەشێکە لە ماهیەت و بوونی ئەم، بەئەندازەیەک لە زۆربەی بزووتنە نەتەوەییەکانی کورددا بەشێکی زۆر لە خەڵکی تەنیا وایان هەست کردووە کە خەباتیان بۆ پاراستنی دیمەنی جوانی کوردستان و چیا و گرد و قەدپاڵ و هەردەکانیەتی. بەڵام ئەم خۆشەویستییەی سروشتی کوردستان لای مرۆڤی کورد تەنیا لە سنووری هەستی خۆشەویستیدا ماوەتەوە و سروشت نەبۆتە بنەمای پێکهێنان و دروست کردنی مێژوو. واتە سروشت لە بری ئەوەی ببێت بەفاکتەرێکی ئامادە بۆ زیندووکردنەوە و بڵندکردنی هەستی نیشتمان پەروەرێتی و پابەند بوون بەخاکەوە، ڕۆحێکی خەون بینی هەیە و بنەمایەکە بۆ تێڕوانین بۆ یەکێتییەکی گشتی کە ئەمەش بزرکردنی ناسنامە و تایبەتمەندییە بەگوێرەی کورد واتە توانەوەیە لە نێو ماهیەتێکی گەورەتردا کە ماهیەتی گشتی سروشت و یەکێتی نێو سروشت و ئافریدەکانە. لە هەمان کاتدا لە کوردستاندا وەکو سروشت یەکێتی (بوون) زیاتر وابەستەی خەیاڵە کە ئەویش خەیاڵێکی ڕۆمانسییە لە جیاتی شۆڕبوونەوە بۆ سنووری عەقڵ و فیکر، بۆ سنووری کارکردن لەو مەودای خەیاڵەدا بەمەبەستی گەیشتن بەخاڵێک کە پرسیارکردن لە ماهیەتی خودی تێدا سەر هەڵبدا و دەربکەوێت، یان بەواتایەکی تر پرسیار لە پەیوەندی نێوان ئەو خودە کە دروستکەری خەیاڵی مەودا قوڵی ڕۆمانسیانەی ئێمەیە و سروشتی قەشەنگ و سیحراوی کوردستاندا سەر هەڵدات. ئەو سروشتە چ پەیوەندییەکی بەبوون و ماهیەت و ئامادەبوونی ئێمەوە هەیە، بەواتایەکی دی هەر چۆن پەیامی ڕۆحیی واتە ئایین لای مرۆڤی بڕوادار پیرۆزە و هەموو بوونێکی خۆی لە بوونی ئایینەکەدا دەبینێتەوە بەهەمان شێوە دەشیا ئینسانی کوردیش بەو شێوە پیرۆزە لە سروشتی سیحراوی کوردستانی بڕوانیایە و بوونی خۆی لە ماهیەت و بوونی ئەودا ببینیایەتەوە، لەم ڕێگایەشەوە ڕۆحی کۆمەڵایەتی



کۆمەڵگەی کوردەواری ماهیەتی گەشی سروشتی کوردستان لە وجودی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردەواریدا یەکیان بگرتایە و ڕۆحی کۆمەڵایەتیان بەرەو بڵندبوون ئاراستە بکردایە و لە ئەنجامدا ئەو ڕۆحە بگەیشتایەتە پلەی ڕەهای خۆی واتە دەوڵەتی پێک بهێنایە. دەوڵەتێک کە ڕۆح و سروشت پێکەوە لە بنەماکانی دروستبوونی بوونایە. سروشتی سیحراوی کوردستان مرۆڤی کوردی وا لێکردووە کە بەڕووی خۆیدا داخراو بێت و لە سنووری خۆیدا بمێنێتەوە و هیچ جوڵەیەکی ئەوتۆی نەبێت و تەنیا لە سنووری تێڕامانی ڕۆمانسیانەدا بۆ سروشتی جوانی کوردستان بمێنێتەوە بەبێ ئەوەی ڕۆحی ڕۆمانسیانە و وردبوونەوە و ڕامان لەو سروشتە جوانە بپەڕێتەوە بۆ ئاستی خۆشەویستی سروشت وەکو نیشتمان و لەوێڕا هەستی نیشتمان پەروەرێتی و پابەند بوون بەخاکەوە وەک پایەیەکی دروستبوونی نەتەوە دەربکەوێت و هەر لەوێشەوە قۆناغی تێکەڵاوبوون لەگەڵ ڕۆحی جوگرافیادا دروست ببێت و بەرەو دروست کردنی مێژوو هەنگاوی پێ هەڵبهێنێت لەو بوارەشدا خودی سروشت وەکو زەمینەیەکی ئامادە ببێتە بنەمای دروست کردنی ئەو جووڵەیە بەرەو هاتنە نێو مێژوو، لە حاڵەتێکی لەم جۆرەشدا سروشت لەوە دەردەچێت کە تەنیا ڕەگەزێکی قەشەنگ و سیحراوی و پانتاییەکی سەرنج ڕاکێش بێت و مرۆڤ بۆی بگەڕێتەوە هەتا خۆی تێدا حەشار بدات و خۆی تێدا نەفی بکات، بەڵکو سروشت لەم حاڵەتەدا دەبێتە توخمێک کە ڕۆڵی بزوێنەری مێژوو دەبینێت. ئەگەرچی تاکو ئێستا سروشتی کوردستان تەنیا وەکو دیمەنێکی قەشەنگ و سەرنج ڕاکێش ماوەتەوە و خەیاڵی ئینسانی کوردی بەئاراستەی ڕۆمانسی بوون بردووە نەک بەئاراستەی تێڕامان و خورد بوونەوە.

### ٣- کۆمەڵگەی کوردەواری و بۆرژوای نیشتمانی

ڕێبازی دیار و لەبەرچاو بۆ دیاری کردنی قۆناغەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگەیەکی تایبەتی تاکو ئێستاش بریتییە لە ڕێبازی ماتریالیزمی مێژوو، کە ئەم ڕێبازەش بەشێوەیەکی یەک بەدوای یەکدا قۆناغەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی دیاری دەکات. لە ڕوانگەی ئەم ڕێبازەوە ناکۆکی چینایەتی بزوێنەری مێژووە، کە ئەو ناکۆکی و ململانێیەش بەردەوام لە نێوان هێزی بەرهەم هێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێناندا دەبێت یان بەشێوەیەکی تر بریتییە لە ململانێی نێوان خاوەن هۆیەکانی بەرهەم هێنان و هێزی کار. ئەم ڕێبازە سەرجەم کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی بەهەمان شێوە هەڵدەسەنگێنێ و

پێی وایە جیاوازی نییە لە ڕەوتی گەشەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە جیاوازەکاندا و هەموو کۆمەڵگەکان بەهەمان قۆناغی گەشەکردندا تێپەڕ دەبن کە لە کۆمۆنەی سەرەتاییەوە دەست پێ دەکات بۆ قۆناغی کۆیلایەتی و لەوێشەوە قۆناغی دەرەبەگایەتی و پاشان شۆڕشی بۆرژوا دەست پێ دەکات و قۆناغی سەرمایەداری دێت و لە قۆناغی سەرمایەداریشدا پرۆلیتاریا شۆڕشی خۆی دەکات بەسەر چینی بۆرژوادا و دیکتاتۆری پرۆلیتاریا دروست دەکات واتە سیستەمی سۆشیالیستی دادەمەزرێنێت کە دوای ئەویش دوا قۆناغی گەشەکردن دێت کە بریتییە لە کۆمۆنەی دوایی. بنەمای ئەم ڕێبازە لە کەلتوری مارکسییەوە وەرگیراوە و مارکس و ئەنگلس لە مانفێستی حزبی کۆمۆنیستدا بەم شێوەیە قۆناغەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی دەخوێننەوە. بەپێی بنەمای ئەم ڕێبازە لە هەناوی هەر چینێکدا گۆڕ هەڵکەنەکەشی لە دایک دەبێت و شۆڕش بەسەر ڕژێمی کۆمەڵایەتی ئەو چینەدا دەکات و لە شوێنیدا ڕژێمێکی کۆمەڵایەتی نوێ و ڕژێمێکی نوێی دەسەڵات لەدایک دەبێت. هەر لەم ڕوانگەیەوە لە هەناوی قۆناغی دەرەبەگایەتیدا بۆرژوای خاوەن پیشە وەکو چینێکی شۆڕشگێڕ دەردەکەوێت و ئەنجام شۆڕش بەسەر دامودەزگای کۆمەڵایەتی فیودالیدا دەکات و دەیڕوخێنێ و لە شوێنیدا سیستەمی بۆرژوا بنیات دەنێت کە ئەو گۆڕانکارییەش بەشۆڕشی بۆرژوا وەکو چینێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ خۆیدا هەست و هۆشیاری نەتەوەیی دێنێت و دەوڵەتی نەتەوەیی دروست دەکات کە ئەوەش ئەرکی بۆرژوای نیشتمانی و نەتەوەییە.

لە شۆڕشی فەرەنسای ١٧٨٩ چینی بۆرژوای فەرەنسی دەوڵەتی نەتەوەیی فەرەنسیی دامەزراند. دیارە ئێمە بەو چاوە ناڕوانین کە ئەم ڕێبازە بۆ خوێندنەوەی گەشەی کۆمەڵایەتی نەگونجاو بێت، ئەگەرچی مایەی قسە لەسەر کردنی زۆرە و لە زۆر لایەنیشەوە ئەم ڕێبازە تووشی ڕەخنەی سەخت بۆتەوە چونکە بەئاشکرا لە زۆر ڕووەوە دەرکەوتووە کە مەرج نییە تەنانەت کۆمەڵگە گەشە ئاساییەکانیش کە خودی مارکس و ئینگڵس تیورەکەی خۆیان لەسەر بنیات ناوە ئەنجام بەپێی بۆچوونەکانی ئەوان و بنەماکانی ئەو ڕێبازە بڕوات. بەڵام ئەوەی گرنگە بەلای ئێمەوە ئەوەیە کە مەرج نییە سەرجەم کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی بەهەمان شێواز و بەهەمان جۆر گەشە بکەن و بەهەمان ڕێگادا بڕۆن، بەتایبەتی لە کاتێکدا جیاوازی گەورە هەیە لە شێوە و بنیاتی پێکهاتنی کۆمەڵگە جیاوازەکاندا.

بەپێی ئەم ڕێبازە لەگەڵ پەرەسەندنی پیشەسازیدا هەر لە سایەی سیستەمی



دەرەبەگایەتیدا وردە وردە چینی بۆرژوا بەرەو دروست بوون و پێکهاتن دەچێت، ئەم چینە کۆمەڵایەتیەش لەگەڵ خۆیاندا ئایدیۆلۆژیا و سەرخانی خۆی بەگشتی دەهێنێت کە مەسەلەی نەتەوایەتی وەکو مەسەلەیەکی دیموکراتی یەکێکە لە ئەرکەکانی کە دەبێ ئەم چینە یەکلای بکاتەوە. ئەوەش لە ئەنجامی سەرهەڵدان و گەشەکردنی هەست و هۆشیاری نەتەوەییدا دەبێت. واتە هەر کە چینی بۆرژوا دەرکەوت دەبێ لەگەڵیدا هەست و هۆشیاری نەتەوەیش دەربکەوێت و لەوێڕا بنەمای بەرنامەی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی دەردەکەوێت کە لە ڕاستیشدا لە کۆمەڵگە گەشە ئاساییەکاندا لە کاتی شۆڕشی بۆرژوادا ئەمە گەیشتۆتە ئاستی جێبەجێ کردن و ئەنجامدان.

### ٤- تایبەتمەندی کۆمەڵگەی کوردەواری

کۆمەڵگەی کوردەواری هەر لە قۆناغی پێش دەرکەوتنی بۆرژواوە کۆمەڵگەیەکی داگیرکراو و دابەشکراو بووە. بۆ نموونە ئەگەر لە ڕووی مێژووییەوە سەرنجی ئەم کۆمەڵگەیە بدەین ئەوا هەر لە ساتەوەختی ڕوخاندنی دەوڵەتی مادەوە لە ناوەڕاستی سەدەی شەشەمی پێش زاییندا هەتاکو ئەمڕۆ ئەم کۆمەڵگەیە ژێردەستە بووە و وڵاتەکەی لە لایەن بێگانەوە داگیر کراوە. هەر لە فارسە ئەخمانشییەکان و ساسانیەکان و عەرەبەکان و پاشانیش جارێکی دی فارس و عوسمانییەکان... لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا ئەوا شێوەی داگیرکردنەکە سەخت ترە. دیارە کاتێ کۆمەڵگەیەک یان نەتەوەیەک ژێردەستە بێت مانای وایە ناتوانێت لە ژێر سایەی سیاسەت و بەڕێوەبردنی بێگانەدا دامودەزگای کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبەرایەتی خۆی دابمەزرێنێت و بەسەربەستی پیادەی دەسەڵاتی خۆی بکات. هەر لەو میانەشدا ناکۆکی و ململانێی ناوخۆی کۆمەڵگە ببێتە بنەمای جوڵە و بەرەو پێشەوە چوونی کۆمەڵگە. واتە لە کۆمەڵگەی داگیرکراودا شێواز و سروشت و ئاراستەی ململانێکان دەگۆڕێت. ئەمە لە کاتێدا دامودەزگای باڵادەست لەو کۆمەڵگەیەدا دامودەزگای داگیرکەری بێگانەیە. لەبەر ئەوە ململانێی ناوخۆ کە بەبۆچوونی مارکسیانە دەبێتە بزوێنەری مێژوو، لە کۆمەڵگەی داگیرکراودا سەرکوت دەکرێت لە پێناوی وەستان دژی دامودەزگای داگیرکەر یان هەر هیچ نەبێت ململانێی ناوخۆ بەلاوە دەنرێت بەو مەبەستەی فشاری هێزی داگیرکەر ئەو ململانێیە نەخاتە خزمەتی خۆیەوە و کۆمەڵی داگیر کراو لەو حاڵەتەی تێیدا تێکشکاوتر و وێرانتر بکات. هەر بۆیە لە کۆمەڵگەی داگیرکراودا دامودەزگا کۆمەڵایەتیەکان بەئاسانی دروست نابن و گەشە ناکەن. بارودۆخی

کۆمەڵگەی کوردەواری بەم شێوەیە بووە، هەر لە مێژە ململانێی ناوخۆی نێوان هێزی بەرهەم هێن و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان بەئاقارێکی تردا ئاراستە کراوە و نەبۆتە بزوێنەری مێژوو. لە قۆناغی دەرەبەگایەتیدا ئاغا و بەگ و شێخ خاوەن مڵک بوون و جوتیاریش تەنیا خاوەنی هێزی بازوو بووە. ململانێی نێوان جوتیار و چینی سەرەوە ململانێیەکی ئاسایی نەبووە لە نێوان ئەم دوو لایەنەدا بەڵکو دامودەزگای فەرمانڕەوا (دەوڵەت کە دەوڵەتی داگیرکەر بووە) لە پشتی چینی خاوەن دەسەڵاتەوە بووە و تەنانەت دامودەزگا ئیداری و ئایینییەکانیش پاڵپشتی چینی دەسەڵاتداریان کردووە لە ڕووی پێ داگرتن لەسەر شێوازی ملکانە و سەرانە و بێگارانە و پاکژانە و... تاد بەجۆرێک جوتیاری کورد لەو قۆناغەدا هیچ بنەمایەکی ئابووری بۆ نەمێنێتەوە کە توانای بنیاتنانی بچوکترین دەزگای خۆی هەبێت وەکو چینێکی کۆمەڵایەتی. دیارە کوردستانیش زیاتر لە وڵاتێکی کشتوکاڵی وڵاتێکی شوانکارەیی بووە. بەشی زۆری خێڵ و عەشیرەتەکانی خەریکی ئاژەڵداری و کۆچ و ڕەو و گەرمیان و کوێستان بوون، ئەمەش دەوری کاریگەری هەبووە لەوەیدا کە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی ناجێگیر بێت و بەئاسانی دامودەزگای کۆمەڵایەتی تێدا دروست نەبێت، تەنانەت ئەم هەلومەرجە وەهای کردووە کە سەرهەڵدانی پیشەسازی سادە ئەوەی بەچەمکی مارکسی لە مانیفاکتۆریاوە دەستی پێکردووە لە کوردستاندا زۆر دوابکەوێت چونکە لە سادەترین حاڵەتدا پیشەسازی پێویستی بەنیشتەجێ بوون و سەقامگیری هەیە.

لە لایەکی ترەوە مژینی بنەمای ئابووری کوردستان لە لایەن دەوڵەتانی دەوروپشتەوە کە بەلەبەر ڕۆیشتنی ئابووری ناو دەبرێت دەورێکی کاریگەری بینیوە لەوەیدا کە لە کوردستان دەزگای ئابووری دروست نەبێت. هەر لەم بارەیەوە مەسعود محەمەد دەڵێت: بەدرێژایی چەند هەزار ساڵێک کوردستان کەوتۆتە نێوان سێ هێزی زلەوە، فەرمانڕەوایی ئێران و دەسەڵاتی بابل و ئاشور (میزۆپۆتامیا) و دەسەڵاتی ڕۆمەکان، ئەم سێ ناوچە زلەی دەسەڵات کە کوردستانیان گرتۆتە نێوان خۆیانەوە، هەریەکەیان بەروبووم و داهاتی کەرتێک لە کوردستانی گەورەیان بۆ خۆیان ڕاکێشاوە[٧] بەو پێیە هەر یەکە لەم وڵاتانە بەشێک لە ژێرخانی ئابووری کوردستانیان بۆ خۆیان کێش کردووە و ئەو زەمینەی کە پێویست بووە بۆ گەشەی کۆمەڵایەتی و پێکهاتنی هەر چینە بەخۆی و کەلتور و ئایدیۆلۆژیایەوە لە بار چووە، واتە بنەمای خەملاندنی گەشەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردەواری هەر لە دێر زەمانەوە ئیفلیج کراوە، واتە ئابووری وەکو بزوێنەری مێژوو لە



کۆمەڵگەی کوردستاندا دەوری خۆی لە دەست داوە. دیارە زۆر هۆکاری جوگرافی و تۆپۆگرافی دەوریان هەبووە لە ڕێگا خۆشکردن بۆ لەبەرڕۆیشتنی ئابووری لە کوردستاندا، بۆ نموونە داخورانی خاکی کوردستان بەڕووی دەرەوەدا و[٨] سروشتی ناوەندی کوردستان وەکو قەڵایەکی سەخت کە نەیتوانیوە خاسیەتی (ناوەندی) بوونی هەبێت لەوەیدا توانا ڕاکێشانی ئابووری کوردستانی هەبێت بەرەو ناوەند، بەڵکو بەپێچەوانەوە ناوەندی کوردستان نەبۆتە چەقێک بۆ کۆنتڕۆڵکردنی دەوروبەر و بگرە هێزی دەرەوە ڕۆحی ناوەندیشی بەلای خۆیدا کێش کردووە ئەمەش وایکردووە کە کوردستان ئابووری تێدا کۆنەبێتەوە، دیارە بێ کۆبوونەوەی ئابووری وەکو ژێرخانی کۆمەڵایەتی ناکرێت باس لە گەشەی سروشتی کۆمەڵایەتی بکرێت. هەر لە ئەنجامی ئەم هۆکارەدایە کە گەشەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردەواری شێواوە ناکرێت لە ڕوانگەی ماتریالیزمی مێژووەوە بێ لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی کوردی شیکردنەوەی قۆناغەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی ئەم کۆمەڵگەیە بکرێت. لەبەر هۆکاری لەبەر ڕۆیشتنی ئابووری لە کوردستاندا فاکتەری ئابووری نەیتوانیوە دەورێکی ئەوتۆ ببینێت لە دروستکردنی مێژوودا، ئەمە جگە لەوەی کە کوردستان لەبەر باری نالەباری ئاو و هەوا و باران و بەفری زۆر لە زستاندا و وشکایی لە ڕادەبەدەری لە هاویندا و نەبوونی زەویوزاری لە باری کشتوکاڵی وڵاتێکی بەرهەمدار نەبووە و ئەوەشی بەرهەم هاتووە لە ئاستی پێداویستی ناوخۆ زیاتر نەبووە، بەرهەمی ئاژەڵداریش دیسان ئەوەندە گەشەسەندوو نەبووە کە دەورێکی دیار ببینێ لە فۆرمەلەکردنی ژێرخانێکی بەهێز و پتەوی کۆمەڵایەتیدا. لە هەمان کاتدا پەیوەندی و پێکهاتەی خێڵایەتی کۆمەڵگەی کوردەواری جۆرێکی تر لە ئابووری پێکهێناوە کە لە بری ئابووری چینایەتی ئابووری خێڵ بووە. بۆ نموونە لە کۆمەڵگەی چینایەتیدا ئابووری هەمیشە لە دەستی چینی دەسەڵاتداردا دەبێت واتە ئەو چینەی کە خاوەنی هۆیەکانی بەرهەم هێنانە، چینی بەرهەم هێنیش لە ململانێی سەختدا دەبێت لەگەڵ پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان و خاوەنی هۆیەکانی بەرهەم هێناندا.

بەڵام لە کۆمەڵگەی خێڵایەتیدا جۆرێکی تر لە پەیوەندی دروست دەبێت کە تا ڕادەیەکی زۆر ململانێی چینایەتی لە نێواندا ون دەبێت یان سەرکوت دەکرێت، چونکە هۆکاری پێکەوە بەستن لە کۆمەڵگەی خێڵایەتیدا بریتییە لە پەیوەندییەکانی خوێن و دەمارگیری، ئەو هۆکارەی پێکەوە بەستنیش سەرخێڵ و ئەندامانی خێڵ پێکەوە دەبەستێت و، سەرۆکی عەشیرەت و ئەندامانی عەشیرەتیش پێکەوە گرێ دەدات ڕایەڵی خوێن و دەمارە

واته پەیوەندییەکانی خزمایەتی، ئەو پەیوەندییەش لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ئەوەندە بەهێزە کە بواری بۆ ئەوە نەهێشتۆتەوە کە جیاوازی و ناکۆکی چینایەتی لە نێوان سەرخێڵ و ئەندامانی خێڵەکەیدا یان سەرۆک عەشیرەت و ئەندامانی عەشیرەتەکەیدا بەزەقی دروست ببێت. هەر لێرەوەیە کە پەیوەندییەکانی خوێن و دەمارگیری لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا جێگای هۆکارە ئابوورییەکانی گرتۆتەوە.

کۆمەڵگەی کوردەواری کۆمەڵگەیەکی داگیرکراوی خێڵایەتی ئابووری مژراوی پەراوێزی ڕۆژهەڵاتە. لەبەرئەوەی کە ئەو قۆناغەی بەقۆناغی دەرەبەگایەتی ناو دەبرێت، نە ئابووری دەرەبەگایەتی و نە خاسیەتە چینایەتیەکانی چینە بەرامبەریەکەکانی ئەو قۆناغە پێ نەگەیشتوون و نەخەملاون هەتا لە هەناوی ئەو قۆناغەدا گۆڕ هەڵکەنی چینی دەرەبەگ و دەسەلات و ئایدیۆلۆژیای ئەو چینە لە دایک ببوایە کە ئەویش چینی بۆرژوایە و شۆڕشی بۆرژوای بکردایە و لەگەڵ هاتنیدا ئەرکە دیموکراتیەکانی جێبەجێ بکردایە کە دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی لەو ئەرکانەیە. بەواتایەکی دی دەتوانین بڵێین چینی بۆرژوای کوردی وەکو چینێکی کۆمەلایەتی پێ نەگەیشتووە و شۆڕشی بۆرژوای کردبێت و لەگەلیدا هەست و هۆشیاری نەتەوایەتی لە دایک بووبێت و کۆمەڵی بەرەو ڕۆحی ڕەهای واتە دروست کردنی دەوڵەتی نەتەوەیی بردبێت. بەمانایەکی تر دەرکەوتنی چینی بۆرژوا و شۆڕشی بۆرژوا و دروستبوونی بازاڕی هاوبەش لە کوردستاندا دواکەوتوون لەبەر شێواندنی گەشەی کۆمەلایەتی، هەر لەبەر ئەوە کۆمەڵگەی کوردەواری لەم دەروازەیەوە نەیتوانیووە بێتە نێو مێژوو دەوڵەتی خۆی دروست بکات.

دەتوانین بلێین بۆرژوای کوردی وەکو چینێکی کۆمەلایەتی دروست نەبووە، تەنانەت لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە بەدواوە کە کاریگەری شۆڕشەکانی بۆرژوای ڕۆژئاوا و شۆڕشەکانی پیشەسازی لە ڕێگای دەوڵەتی عوسمانی لە لایەک و لە ڕێگای پەلهاویشتنی ئیستعماری ڕۆژئاوا بەرێگای جۆراوجۆر بۆ دەرەوەی خۆی لە لایەکی ترەوە کەم تا زۆر گەیشتۆتە نێو کۆمەڵگەکانی ژێر سایەی دەوڵەتی عوسمانی و کوردیش لەو کاریگەرییانە بێ بەش نەبووە.

بەتایبەتی لە ڕووی هەستی نەتەوایەتیەوە، لەگەڵ دەرکەوتنی هەستی نەتەوایەتی لای گەلانی تورک و فارس و عەرەب لای کوردیش جۆرێک لە هەستی نەتەوایەتی دروست بووە بەلام لە ئاستێکی زۆر سادە و ساکار و ڕووکەشدا بووە کە لە ئەسلدا لە ئەنجامی



گەشەی ڕاستەوخۆی کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە سەری هەڵنەداوە بەڵکو لە ئەنجامی کاریگەری دەرەوەدا دروست بووە، بەمانایەکی تر سەرخانێک لە کوردستاندا دەرکەوتووە کە بەرهەمی گەشەی کۆمەلایەتی خودی کۆمەڵگە نەبووە، بەڵکو یان کاریگەری دەرکەوتنی بۆرژوای تورک بووە یان بۆرژوای فارس و عەرەب. بۆ نموونە ئەگەر سەرنجی ئەو بزووتنەوە نەتەوەییانەی کورد بدەین هەر لە بزووتنەوەی بەدرخانییەکانەوە لە سالآنی چلی سەدەی نۆزدەدا هەتا بزووتنەوەکەی شێخ عوبەیدولای نەهری و بزووتنەوەی شێخ مەحمود و بزووتنەوەی سمکۆ و بزووتنەوەی بارزانی و کۆماری کوردستان و... تاد سەرجەم یان شێخ یان ڕابەری ئایینی یان ئاغا و سەرۆک خێڵ و عەشیرەت ڕابەرایەتی کردوون. ئەمانەش لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا لە چینی دەست ڕۆیشتوو بوون و بەشی زۆریان خوێندەوار بوون و کەوتوونەتە ژێر کاریگەری هەستی نەتەوەکانی دەوروپشتیانەوە و ئەمانیش ویستوویانە هەمان شێوەی ئەوان ببن بەخاوەنی سەربەخۆیی و دەوڵەت. دیارە ئەم سەرکردە و ڕابەرانە لە پیاوە هۆشیارەکانی کورد بوون. بەلام ناکرێت نموونەی چەند کەسێک بکرێت بەپێوانە بۆ هەموو کۆمەڵ، خۆ ئەگەر هەستی نەتەوایەتی پەرەی بسەندایە و لەو ئاستەدا بوایە کە نەتەوە بۆ شۆڕش ئاراستە بکات ئەوا بێگومان شوێنی ڕاپەڕینیان فراوانتر و کاریگەرتر و جێگای سەرکردەکان مەزنتر و دەستکەوتەکانیش گەورە دەبوون. بەلام لەبەر ئەوەی هەست و هۆشیاری نەتەوەیی لەو قۆناغەدا وەکو پێویست دەرنەکەوتووە نەیتوانیوە دەورێکی ئەوتۆ ببینێ لە ڕێکخستنی کۆمەڵ و ئاراستەکردنیدا بەرەو سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەت، دیارە ئەگەر بۆرژوا لەم قۆناغەدا وەکو چینێکی کۆمەلایەتی بەخۆیی و کەلتور و ئایدیۆلۆژیایەوە پێ بگەیشتایە ئەوا دەبوو شۆڕشی بۆرژوای نەتەوەیی بکردایە و بۆ ولاتێکی داگیرکراوی وەکو کوردستانیش ئەو کاتە شێوازی شۆڕشەکە خاسیەتی شۆڕشی ڕزگاری نیشتمانی هەڵدەگرت و دروشمی سەرەکی دەبوو بەرزگارکردنی ولات و بەدەست هێنانی سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی. بەلام لەبەر ئەوەی کە ڕەوتی گەشەی کۆمەلایەتی بەو شێوەیە نەهاتووە کە چینی بۆرژوای کوردی بەهەموو سیفات و خاسیەتەکانیەوە پێ بگەیشتایە و وەکو مەخلوقێکی سروشتی لە دایک ببوایە و ئەرکە کۆمەلایەتیەکانی خۆیشی بەسروشتی ئەنجام بدایە ئەوا کۆمەڵگەی کوردەواری لە حاڵەتی ونبوونێکی ترسناکدا بەجێ ماوە و فشار و زەبروزەنگی داگیرکەرەکانیشی بۆتە هۆی ئەوەی کە کورد وەکو نەتەوە بەگشتی مەترسی سڕینەوە و لەناوچونی لەسەر بێت، هەر بۆیە خەباتی کورد بەجیاوازی چین و توێژەکانیەوە ئەرکی سەرەکی بۆتە هەوڵدان بۆ

خۆپاراستن له لەناوچوون. یان بەواتایەکی دی خەباتی نەتەوایەتی کورد له قۆناغی پاراستنی ناسنامەی نەتەوەدایه، له حاڵەتێکی لەم جۆرەشدا بوارێکی ئەوتۆ بۆ ململانێی چینایەتی بەئاشکرا نامێنێتەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی که هێشتا کوردستان له ڕووی ئابوورییەوە وڵاتێکه ناوەندی ئابووری و دامەزراوی ئابووری سەربەخۆی نییه و بەڵکو پاشکۆ و وابەستەی وڵاتانی داگیرکەری خاکەکەیەتی، ئەوەش وایکردووه جۆرێک له یەکگرتنەوە له نێوان چینی خوارەوەی نەتەوەی دەسەڵاتدار و چینی خوارەوەی کورددا له ڕووی مەعنەوییەوە دروست بکات و ئەو عەقڵیەتەش بانگەشەی بۆ بکرێت که ڕزگار بوونی کورد ڕزگار بوونی چینایەتییه و هاوشانه لەگەڵ چینه چەوساوەکانی نەتەوە سەردەستەکانی کوردستاندا. کوردیش لەبەر لاوازی هەست و هۆشیاری نەتەوەیی زەرەر و زیانێکی گەورەی لەم هەڵوێستە کردووه و ناڕاستەوخۆ ئەم پڕۆژە نانەتەوەییه بۆته هۆی دروست کردنی ململانێی سەخت له نێوان بەشه جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریدا و ئەنجام خەباتی کوردی له نێوان خەباتی نەتەوایەتی بۆ سەربەخۆیی کوردستان و خەباتی چینایەتی بۆ ڕزگار کردنی چینی چەوساوەی نەتەوەی سەردەستدا دابەشکردووه و لەو ئاقارەشدا بزووتنەوەی کوردایەتی زیانی پێگەیشتووه و نەیتوانیووه بەرەو ڕۆحی ڕەهای کۆمەڵگه واته بەرەو دەوڵەت خۆی ئاراسته بکات.

ئێستا ئەوەی ئاشکرایه ئەوەیه که خەباتی چینایەتی له کوردستاندا لەبەر زۆر هۆکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی وەکو پێویست پێ نەگەیشتووه و له قۆناغی سەرهەڵدانی هەست و هۆشیاری نەتەوەیی لای نەتەوەکانی دراوسێی کورد بەحوکمی کاریگەری دواکەوتنی و داگیرکردنی وڵاتەکەی بۆ ماوەی دوورودرێژ و بەکاریگەری تێکشکاندنی کەلتورەکەی و له ئەنجامی لاوازی بنیاتی ئابووری کوردستاندا نەیتوانیوه ببێته خاوەنی هەست و هۆشیارییەکی پێگەیشتووی نەتەوەیی... لەبەر ئەوه بەرنامەی سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەت سەری هەڵنەداوه، ئەو بزوتنەوانەشی که له ماوەی سەده و نیوێکی ڕابردوودا دەرکەوتوون زیاتر بۆ دیفاعکردن بوون له مانەوه و له ژێر فشار و لێدانی داگیرکەرەکاندا وەکو کاردانەوه دەرکەوتوون نەک وەکو حاڵەتێکی ئاسایی له ئەنجامی پەرەسەندنی هەست و هۆشیاری نەتەوەییدا که ئەوەش دەرئەنجامی گەشەی کۆمەڵایەتی خودی کۆمەڵگەی کوردی بێت.

لێرەوه دەتوانین بڵێین کۆمەڵگەی کوردەواری له ئەنجامی پەرەسەندنی ناکۆکییه



ناوخۆییەکانی کۆمەڵگه خۆیدا نەگەیشتۆته ئەو ئاستەی که چینێکی کۆمەڵایەتی شۆڕش بەرامبەر چینێکی تر بکات، واته لەم کۆمەڵگەیەدا ململانێی چینایەتی بەو شێوەیه نەبووه که له بۆچوونی مارکسیانەوه ببێته بزوێنەری مێژوو هەر لەو ڕەوشەشدا چینی بۆرژوا لەگەڵ دەرکەوتنیدا بەرنامەی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی لەگەڵ خۆیدا بهێنێت، کورد لەم دەروازەیەوه نەیتوانیووه بێتەوه ناو مێژوو، هەلی ئەوەش نەماوه بۆرژوای کوردی وەکو چینێکی کۆمەڵایەتی شۆڕشگێڕ دروست ببێت و ئەرکه دیموکراتیەکان بەدەوڵەتی نەتەوەییشەوه جێبەجێ بکات. نەخێر کۆمەڵگەی کوردی ئەم هەلەی بۆ نەڕەخساوه، کەواته کورد چۆن دێتەوه نێو مێژوو؟ چۆن دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دادەمەزرێنێت؟

#### ٥- کۆمەڵگەی کوردەواری و ئایین

ناکرێت تەسەوری کۆمەڵگەیەک بکرێت بەبێ بوونی ئایین، تەنانەت له قۆناغەکانی سەرەتاییدا واته لەو کاتانەدا که هێشتا کۆمەڵگه له شێوازی زۆر سەرەتایی ژیانیدا بووه له دوای نموونەیەکی باڵا گەڕاوه که له سەرووی خۆیەوه دایبنێت و بەبەرپرسی هەموو گەردوون و مەخلوقاتی بزانێت چونکه مرۆڤ هەر لەو کاتەوه نەیتوانیووه بڕوا بەوه بێنێت که ئەم گەردوونه له خۆیەوه دروست بوو بێت، بەڵکو بەپێچەوانەوه هەر لەو قۆناغه سەرەتاییەدا خەیاڵی مرۆڤ بۆ ئەوه چووه که ئەم گەردوونه دروستکەرێکی هەیه و ئەو دروستکەرەشی بەیەزدان ناو بردووه.

هەر بەدوای ئەوەشدا مرۆڤ ویستوویەتی بۆ هەر شت و دیاردەکانی نێو گەردوون خوایەک دابنێت، بۆ نموونه خوای باران، خوای ڕۆژ، خوای جوانی، خوای بەرەکەت و... تاد، بۆ هەریەکه لەمانەش نموونەیەکی داناوه که ئەنجام چوونەته شێوازی بتەوه، بەڵام مەیلی یەکتا پەرستی هەر له دێرزەمانەوه له ماهیەتی مرۆڤدا بوونی هەبووه. هاتنه خوارەوەی ئایینه ئاسمانییەکانیش هەموو پێیان لەسەر ئەوه داگرتووه که گەردوون بەخۆی و هەموو توخم و ڕەگەزەکانییەوه تەنیا یەک دروستکەریان هەیه ئەویش خوای تاک و تەنیایه.

بەگوێرەی کۆمەڵگەی کوردەواری نازانین پێش دەرکەوتنی ئایینی زەردەشتی بەتەواوی هەڵگری چ پەیامێکی ئایینی بوون، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی ئایینی زەردەشتیدا که بەپێی

سەرچاوە مێژووییەکان ئەم ئایینە لەسەر خاکی کوردان سەری هەڵداوە و دەرکەوتووە، (دیارە ئەم ئایینە ئایینێکی ئەرزی بووە). هەر بەو پێیە کە خودی کورد لە سەدەی دەی پێش زایینەوە هەتا سەروەختی فەتحی ئیسلامی و گەیشتنی پەیامی ئیسلام بەکوردستان هەڵگری پەیامی زەردەشتی بووە کە ئەم پەیامە ئایینییەش پانتایی ڕۆحی کۆمەڵگەی کوردەواری داگیرکردووە، بەتایبەتیش لەسەر وەختی ئایینی زەردەشتیدا کورد توانیویەتی ببێتە خاوەنی دەوڵەتی مید واتە پەیامی ئەم ئایینە لەسەر وەختی دەوڵەتی (مید)دا کە دەوڵەتی کورد بووە ئامادەبوونی هەبووە.

لەگەڵ هاتنە خوارەوەی پەیامی ئیسلامدا هەر کە پرۆسەی فەتح دەستی پێکرد و گەیشتە کوردستان هێدی هێدی لە ماوەیەکی کورتدا کورد بوون بەئیسلام و بەشێوەیەکی جیدی بەدڵسۆزانە خزمەتی ئەم ئایینەیان کردووە و تاکو ساتەوەختی ئێستاش کورد هەر بەدڵسۆزی بۆ ئیسلام ماوتەوە و ڕەنگە زیادەڕۆیی نەبێت گەر بڵێین کورد لە پێشەوەی نەتەوە هەرە دڵسۆزەکانە بۆ ئایینی ئیسلام و گەورەترین خزمەتیشی پێشکەش بەم ئایینە کردووە و ڕەنگە بەباشترین شێوەش پەیڕەوی بنەماکانی ئەم ئایینە و دەستوور و شەریعەتەکەی کردبێت. کورد بەئەندازەیەک دڵسۆز بووە بۆ ئایینی ئیسلام کە لە ناو گەوهەری ئایینەکەدا تواوەتەوە و هیچ درزێک لە نێوان کورد و ئیسلامدا نەماوە و دواتریش دروست نەبووە بەتایبەتی هەروەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد کورد بووە بەپەیڕەوکەری مەزهەبی شافیعی یان سونەی شافیعی کە ئەم مەزهەبەش بە(ئەهلی کیتاب) ناو دەبرێت و هیچ ناکۆکییەکی لەگەڵ ناوەندی دەسەڵاتی ئیسلامیدا نییە.

بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە کورد وەکو کۆمەڵێکی ئیتنیکی بەتەواوی لە ناو ئیسلامدا ون بووبن و هەموو عادات و تەقالید و بوونێکی نەتەوەیی خۆیان لە دەست دابێت، ڕاستە لەو قۆناغەدا مەسەلەی نەتەوایەتی بەو شێوە زەق نەبووە چونکە هەست و هۆشیاری نەتەوەیی بوونی نەبووە، ڕەنگە بەهەڵەدا نەچووبین ئەگەر بڵێین بنەماکانی نەتەوە بەتەواوی نەخەملیون لەو مێژووەدا، بەڵام هێشتا جیاوازی نێوان دەستە و کۆمەڵە ئیتنیکی و تەنانەت ئایینییەکانیش ئاشکرا بووە، لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا هاتووە کە: لە ماوەی پێنج سەدەی یەکەمی کۆچیدا کوردەکان زۆرجار لە ڕووداوەکانی ناوچەکەدا بەشدارییان هەبووە و ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە و زۆربەی کات لە پێشەوە بوون و دەست پێشکەریان کردووە(٩) ئەمە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە کورد دوای بەئیسلام بوونیشی هەر



بەزیندوویی ماوەتەوە وەکو نەتەوە، بەڵام ئەوەندەی کە ڕاستەوخۆ خزمەتی ئایینی ئیسلامی کردووە ئەوەندە لە خزمەتی مەسەلەی نەتەوایەتیدا نەبووە. دیارە لێرەدا مەبەست ئەوە نییە کە نابێت کورد لە خزمەتی ئایینی ئیسلامدا بێت، بەڵکو مەبەست ئەوەیە ئایا نەدەشیا کورد خزمەتی ئایینی ئیسلام و خزمەتی نەتەوەکەی خۆیشی پێکەوە بکات، ئایا نەدەشیا کورد پەیامی ئیسلام و مەسەلەی نەتەوایەتی خۆی لەو قۆناغە دێرینەدا یەک بخات و ئایینی ئیسلام بکاتە بنەمایەک بۆ دروستکردنەوەی کەسێتی تێکشکاوی خۆی و لە ئاکامیشدا دەوڵەتێکی کوردی ئیسلامی لەسەر شێوەی دەوڵەتی فارسی ئیسلامی و دواتریش دەوڵەتی تورکی ئیسلامی دروست بکات؟

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە کورد نەیتوانیووە کەڵک لە پەیامی ئیسلام وەربگرێت بەمەبەستی کردنی بەبنەما بۆ دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی. هەر لێرەدا ئەو پرسیارە سەر هەڵدەدات بۆچی کورد نەیتوانی هەمان شێوەی فارس کەڵک لە کەلتوری ئیسلامی وەربگرێت بۆ بنیاتنانەوەی کەسێتی خۆی و دروستکردنی دەوڵەتی کوردی؟

پێشتر ئێمە ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە کورد لە نێو پرۆژەی ئیسلامدا توایەوە و بەتەواوی کەوتە خزمەتی ئەو پرۆژەیە و خودی خۆی وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆ لە بیرچووەوە کە پێویستی بەوەیە سەربەخۆ بێت و کەسێتی سەربەخۆی خۆی لە سایەی ئەم پەیامە نوێیەدا دروست بکاتەوە. دیارە ئەوە ئاشکرایە کە ئایین ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بنیاتنانی کەسێتی نەتەوایەتیدا چونکە لایەنێکی فراوان لە بوونی ئینسان پێک دێنێت کە ئەویش لایەنی ڕۆحییە، ناکرێت بیر لە نەتەوەیەک بکەینەوە کە ئامادەبوونی هەبێت بەبێ ئەوەی لە ڕووی ڕۆحیەوە هیچ ئامادەبوونێکی هەبێت، واتە کۆمەڵگەیەکی زیندوو نادۆزینەوە کە لە ڕووی ڕۆحیشەوە زیندوو نەبێت، بەڵام بەگوێرەی کورد بەئەندازەی ئەوەی کە لە ڕووی ڕۆحییەوە زیندووە لە ڕووی ئامادەبوونی مادییەوە ئەو ئامادەبوونەی نییە.

هەر لەبەر ئەوەی فاکتەری ڕۆح پانتاییەکی فراوانی لە وجودی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردیدا داگیر کردووە، هەر بۆیە دەشیا ئەو فاکتەرە دەوری کاریگەری هەبێت لە بزواندنی مێژووی کورددا. دیارە ئەو پانتاییە ڕۆحیەی کۆمەڵگەی کوردەواریش پەیامی ئیسلام داگیری کردووە، هەر بۆیە دەشیا پەیامی ئیسلامی ببوایەتە ئەو فاکتەرە بزوێنەرە لە مێژووی کورددا و دەوری کاریگەری ببینایە لە ئاشتکردنەوەی کورد لەگەڵ مێژوودا و کوردی بهێنایەتە نێو مێژووەوە واتە ڕۆحی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی بڵند

بکردایەتەوە و بەرەو گەیشتن بەپلەی ڕەهای ئاراستەی بکردایە واتە بەرەو پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی. لێرەوە دەتوانین بڵێین دەشیا پەیامی ئیسلام هەر ڕاستەوخۆ لە دوای فەتحی ئیسلامی ببوایە بەبنەمایەک بۆ دروستکردنەوەی کەسێتی تێکشکاوی کوردی و لەسەر ئەو بنەمایەش دەوڵەتی کوردی ئیسلامی دروست ببوایە، هەر چۆن فارس لە پاش دوو سەدە لە پرۆسەی فەتح توانیان دەوڵەتی فارسی شیعە بۆ خۆیان دروست بکەن. لە قۆناغەکانی دواتریشدا بەتایبەتی لەسەروەختی فەرمانڕەوایی میرنشینی باباندا هەلێکی لەبار لە ئارادا بوو بۆ یەکگرتنەوەی گوتاری نەتەوەیی کوردی و پرنسیپی ڕێبازی نەقشبەندی. ڕێبازی نەقشبەندی وەکو ڕێبازێکی تەسەوف کە مێژووی دەرکەوتنی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خەلیفە ئەبو بەکری سدیق (خ.ڕ) و لە مێژووی زوویشدا گەیشتۆتە کوردستان، ئەگەرچی لە قۆناغەکانی دواتردا زۆر دیار و ئاشکرا نەبووە هەتا لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا لەسەر دەستی تازەکەرەوەی ئەم ڕێبازە لە کوردستان واتە مەولانا خالیدی جافی مکایەڵی جارێکی تر سەری هەڵدایەوە و بەشێوەیەکی بەهێزتر و بەگوڕتر پەرەی سەند و لە ماوەیەکی کورتدا هەموو کوردستان و وڵاتانی دەوروبەریشی گرتەوە. وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کردووە دەشیا نەقشبەندی بەپێی چەند لێکدانەوە و بۆچوونێک ببوایەتە هۆی پێوەنکردنی ئایین و هەستی نەتەوەیی کوردی لە یەکتر و یەکخستنی گوتاری ئایینی و گوتاری سیاسی کوردی[١٠] هەر لەو دەروازەیەشەوە کورد بەسود وەرگرتن لە تەسەوف وەکو بنەمایەکی ڕۆحی کە سەرچاوەکەی واتە سەرچاوەی ڕێبازی نەقشبەندی قورئانی پیرۆز و فەرمودەکانی پێغەمبەری ئیسلامە (د.خ) دەوڵەتی خۆی دروست بکردایە. بەڵام لەبەر زۆر هۆکار و لە هەمووشیان سەرەکی تر هەرەس هێنانی ئەو ئیحتمالەی یەکگرتنەوەی نێوان گوتاری نەقشبەندی و گوتاری سیاسی کوردی، کورد لەو دەروازەشەوە نەیتوانیووە بنەمای دروستکردنی دەوڵەتی خۆی دابنێت. دیسان لە قۆناغەکانی دواتریشدا واتە دوای ئاوارەکردنی مەولانا خالید و لە باربردنی پەیامەکەی لە ڕووی ئەو بۆچوونەی کە دەشیا شان بەشانی لایەنە ڕۆحیەکەی، لایەنی دنیایشی برەو پێ بدایە، هیچ زەمینەیەکی تری یەکگرتنەوەی گوتاری ئایینی ئیسلام و گوتاری سیاسی کورد نەڕەخساوە سەرباری ئەوەی کە بەشێوەیەکی گشتی ڕابەرەکانی بزووتنەوەکانی کورد یان ڕابەری ئایین یان شێخ و سەرۆک خێڵ و سەرۆک عەشیرەتەکان بوون کە تێکڕا مسوڵمان بوون و هەندێکیشیان ڕابەری ئایینیش بوون کەچی نەیانتوانیووە گوتارێکی تەواو پێگەیشتووی نەتەوەیی ئایینی وەکو پرۆژەیەکی نەتەوەیی بکەنە بنەمای کارکردنیان. هۆی



ئەمەش ئاشکرایە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە لە بزووتنەوەکانی کورددا تێڕوانینێکی هەمە لایەنە بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی و ئایین و پەیوەندی پتەوی دنیایی و ڕۆحی پێکەوە دروست نەبووە. بەڵکو زۆربەی کات لە مێژووی کورددا تەنیا پانتاییەک گرنگی پێدراوە و زۆربەی پانتاییەکانی تری بوونی نەتەوە و نەتەوایەتی و پایەکانی کۆمەڵگەی کوردی فەرامۆش کراون، ئەوەش وایکردووە کە پرۆژەی گشتگر و هەمە لایەنە دروست نەبێت، بێگومان یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی مانەوەی کورد لە بازنەیەکی داخراودا ئەوەیە کە کورد بەتەنیا لە گۆشەیەکەوە سەیری دنیا دەکات و ئەوەی دەیەوێت ئەگەر لەو ڕوانگەیەوە کە خۆی دەیەوێت نەیتوانی بەدەستی بهێنێت یان نەگەیشتبێتە ئەنجام ئەوا بەلایەوە باشترە بەدەست نەیەت و ئەنجامی نەبێت.

هەر ئەو هەڵوێستی بەیەک چاو ڕوانین و لە یەک ڕوانگەوە سەیر کردنە وایکردووە کە کورد نەتوانێت سوود لە هەموو بنەما و پایە و پێکهاتە ئایینی و مەزهەبی و ئایدیۆلۆژییەکانی وەربگرێت لە پێناوی خود بنیات نانەوەدا و دەبینین ئەوەی خۆی بەنەتەوەیی دەزانێت لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا لە لایەک تێگەیشتنی لە بنەماکانی نەتەوەیی بوون ناتەواوە و وەکو حزب و ڕێکخراوە کوردییەکانیش نەیانتوانیووە ببنە هەڵگری گوتاری ڕاستەقینەی نەتەوەیی کوردی بەڵکو بەردەوام لە هەڵوێستی لاوازدا بون و نەیانتوانیووە گەوهەری داواکاری نەتەوەیی کورد بکەنە بەرنامە و ستراتیژی کارکردنیان، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارەی کە ئەم ڕێکخراوانە بەشێوەیەکی سروشتی دروست نەبوون و بەرهەمی گەشەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردین... لەبەر ئەوەی گەشەی کۆمەڵایەتی کوردیش گەشەیەکی نائاسایی و ناسروشتی بووە حزب و ڕێکخراوە نەتەوەییەکانیشی بەناسروشتی دروست بوون و نەیانتوانیووە ببنە هەڵگری بەرنامەی شایان بەنەتەوە کە ئاستی ئەوپەڕینی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەییە و ئاستی ئەم پەڕینیشی کە لە خوار بەرنامەی دروستکردنی دەوڵەتەوەیە کە ئەوەش حاڵەتی سەوداگەری کردنە لەسەر گەوهەری گوتاری نەتەوەیی کوردی کە ماهیەتی نەتەوەیی بوونی ئەو حزب و ڕێکخراوانە لاواز دەکات و ڕێگا نادات ئەو حزب و ڕێکخراوەی یان ئەو سەرکردە و ڕابەرەی کە هەڵگری بەرنامەی دەوڵەت نییە بۆ کورد ناوی حزبی نەتەوەیی یان ڕابەر و سەرکردەی نەتەوەیی یان سەرکردەی ڕۆحی کوردی لێ بنرێت. چەپ و کۆمەنیستەکانی کورد بەپێچەوانەی چەپ و کۆمۆنیستی نەتەوەکانی ترەوە دوژمنی سەرسەختی دروستکردنەوەی کەسێتی کوردین و ناتوانن لەو ڕاستیە تێبگەین کە لە دنیادا

نەتەوەی بێ باڵا و ناسنامــە و بێ دەوڵەت هیچ حــســـابێکی بۆ ناکــرێت و تەنانەت کۆمـۆنیست و چەپەکانیشی هەر لە ڕوانگەی ئامادەبوونی نەتەوەکەیانەوە سەیر دەکرێن ئیتر گرنگ نییە ئەوان دژی مەسەلەی نەتەوایەتی بن یان نا ، هەندێ لە کۆمۆنیستەکانی کورد کە ئێستا باسی دەوڵەتی کوردی دەکەن دەشێ ئەوە هەر بۆ گاڵتە کردن بێت، بەهەڵوێستی لاوازی حزبە نەتەوەییەکان، بەڵام هێشتا ئەو هەڵوێستەی کۆمۆنیستەکان دەبێ هان بدرێت و بەهێندیش بگیرێت. هەمان شێوە کورد لە بوون بەئیسلامیدا بەتەواوی بوونی نەتەوەیی خۆیی لە بیرکردووە و وەکو ئیسلامێک لە خۆی ڕوانیووە کە پێویستی بەبوونی ناسنامەی نەتەوەیی نییە. ئەمە لە کاتێکدا کە دەشیا کورد هەوڵی پرۆژەی زیندووکردنەوە و بنیاتنانەوەی کەسێتی خۆی بدات و ئیسلامیش بێت یان چەپیش بێت، بەڵام کورد نە چەپ و مارکسیەکانی نە هەموو نەتەوەش کە بەشێوەیەکی گشتی ئیسلامە نەیانتوانیووە نە تیۆر و چەمکەکانی مارکسیزم بەگوێرەی چەپ و مارکسیەکان، نە پەیامی ئیسلام و مەزهەب و ڕێگاکانی تەسەوف بەپێی هەموو نەتەوە کە ئیسلامە بخاتە خزمەتی دروستکردنەوەی کەسێتی نەتەوەیی خۆیەوە و لەوێوە هەنگاوی بەرەو دروستکردنی دەوڵەتی کوردی بنێت.

چەپەکانی هەردەم لە خەون بینیندا بوون بەشۆڕشی پرۆلیتاری و بنیاتی سۆشیالیزمەوە لە وڵاتانێکدا کە هێشتا لە ڕووی گەشەی کۆمەڵایەتیەوە خێڵایەتیەکی سەرەتایە و ئاستی گەشە و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی زۆر سست و لە دوایە. ئەمان بەهیوان لە زەمینەیەکی لەو جۆرەدا شۆڕشی کرێکاری بکەن و بۆرژوای نەتەوەی سەردەست و بۆرژوای کورد فڕێدەنە زبڵخانەی مێژووەوە و لەگەڵ بۆرژوای کورددا نەفرەت لە مەسەلەی نەتەوایەتی کوردیش بکەن و ئەویش بەهەڵپەساردراوی و چارەسەر نەکراوی ڕەوانەی مۆزەخانەی مێژوو بکەن... ئەمە دید و تێڕوانینی چەپی کوردییە ، کە ناشێت چەپ و مارکسیەکانی هیچ گۆشەیەکی ئەم دنیایە تەنانەت هی وڵاتە هەرە پەرەسەندووەکانیش بەم جۆرە بیر بکەنەوە.

ڕێکخراوە ئایینییەکانی کوردیش ئەگەرچی بەشی زۆریان بەناوی کوردستانەوە خۆیان ناو ناوە، بەڵام بەرنامە و ستراتیژیان بۆ ئایندەی کورد ئاشکرا نییە و لە بری ئەوەی باسی دروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامی کوردی بکەن، لە خەمی دامەزراندنی دەوڵەتی یەکگرتووی ئیسلامیدان بۆ هەموو ئومەتی ئیسلام، کە لە سایەی ئەو دەوڵەتەدا بنەماکانی



ئایینی ئیسلام و دەستوور و شەریعەتی ئیسلامی بکرێتە بنەمای ئیدارە و بەڕێوەبردن و بەو پێیەش جیاوازی نێوان نەتەوەکان نەمێنێت و هەریەکە بەپێی نزیکی و دووری لە خوای خۆیەوە و ئاستی پیادەکردنی دەستوورەکانی ئیسلامەوە لێی بڕوانرێت، بێگومان پرۆژەی ئیسلام لە ڕووی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و داب و نەریت و ڕەفتاری بەرزەوە بۆ هەموو کۆمەڵگەیەک پێویستە ئەمە جگە لە لایەنە ڕۆحیەکەی، بەڵام لە ڕووی ئیداری و بەڕێوەبردنەوە ناشێت کورد لە سایەی دەوڵەتێکی یەکگرتووی وەهادا ببێتە خاوەنی مافی خۆی. هەر بۆیە دەشێ ئیسلام بۆ هەموو ئومەتی ئیسلام واتە دەوڵەتی تەواو بەچەمکی فارابی داوای دروستکردنی دەوڵەتی کوردی ئیسلامی بکەن هەر چۆن فارس دەوڵەتی ئیسلامی ئێرانیان دروستکرد. وەک گوتمان کورد تاکو ئێستا نەیتوانیوە سوود لە پەیامی ئایینی وەربگرێت لە پێناوی دروستکردنەوەی خۆیدا هەروەک نەیشیتوانیوە بنەما و تەقسەکانی ئایینی دێرینی خۆی کە پێش ئیسلام پەیڕەوی کردووە واتە زەردەشتی بکات بەبنەمای دروست کردنی دەوڵەتی دینی خۆی هەمان شێوەی جولەکە، نە دوای ئەوەش توانیویەتی کەڵک لە بنەماکانی پەیامی ئیسلام وەربگرێت لەو بوارەدا و لەو ڕێگایەوە بێتەوە نێو مێژوو، ئیسلام بکات بەبنەمای دروست کردنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی هەمان شێوەی فارس.

**سەرچاوەکان:**


1- Martin Van Bruinessen - Agha, Shaikh and State - London. Zed Books - 1992 - p. 6.

2- Ibid. p. 6.

٣- الدكتور محمد عابد الجابري – العصبية و الدولة – دار الثقافة العامة – ص ٣١٨.

٤- الدكتور محمد عابد الجابري – ص ٣١٨.

٥- هيغل – العالم الشرقي – ترجمة امام عبدالفتاح امام – بيروت ١٩٨٤ – ص ٩٧.

٦- هيغل – نفس المصدر – ص ٩٧.

٧- مەسعود محەمەد – حاجي قادري كۆيي – ل ٣٨٣.

٨- عەتا قەرەداخی – ڕۆڵی تۆپۆگرافیا لە شێواندنی مێژووی کورددا – ڕێبازی نوێ ژمارە (٨) ١٩٩٥.

٩- کورد لە ئەنسکلۆپیدیای ئیسلامدا – وەرگێڕانی حەمە کەریم عارف – هەولێر ١٩٩٧ ل ٣٩.

١٠- عەتا قەرەداخی – ستراتیژ و کەسێتی نەتەوەیی کورد – سلێمانی – ١٩٩٨ – ل ١١٦.

**بەشی چوارەم**

## کۆمەڵگەی کوردی و باوکی ڕۆحی

ڕەنگە ئەم ناونیشانە لە ڕوانگەی تێڕوانینی ئەوانەی خۆیان بەپێشکەوتووخواز و خوازیاری کۆمەڵگەی مەدەنی دەزانن مایەی ڕەخنە لێگرتن و حوکمدان و بەکۆنەپەرستی بێت. کەواتە بۆچی باسی باوکی ڕۆحی دەکەین لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا؟ باوکی ڕۆحی چ پەیوەندییەکی هەیە بەدروستکردنی دەوڵەتەوە لەم کۆمەڵگەیەدا؟ ئایا باوکی ڕۆحی خۆی چییە؟

پێشتر باسی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیمان کرد بەشێوەیەکی گشتی و گوتمان بەپێچەوانەی ئەو قۆناغەی کە هیگڵ بۆ گەشەی کۆمەڵایەتی و گەیشتنی کۆمەڵگە بەدەوڵەت دەست نیشانی کردووە کە ئەویش لە خێزانەوە دەست پێدەکات و بەکۆمەڵگەی مەدەنیدا دەڕوات و دەگات بەدەوڵەت کە ئەمەش بۆچوونێکی گشتییە و ئەگەر ئەم تێڕوانینە بەسەر کۆمەڵگەی کوردەواری بەتایبەتی و کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیشدا بەگشتی بچەسپێنین ئەوا ڕەنگە خودی بۆچوونەکە پەیوەست بەکۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی بەگشتی و کۆمەڵگەی کوردیش بەتایبەتی دروست دەرنەچێت.

لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیدا ڕاستەوخۆ دەوڵەت لە خێزانەوە دروست بووە، کە لێرەدا خێزان خێڵ و عەشیرەتیش دەگرێتەوە چونکە دامەزراوی خێڵ و عەشیرەت شێوەی فراوانتری دامەزراوی خێزانن. ئەگەر سەرنجی شێوەی دروستبوونی دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی بدەین ئەوا دەبینین لە ئەنجامی بەرزبوونەوە و دەسەڵاتکردنی خێزانێکەوە یان هەندێ جار تاکەکەسێکەوە دروست بوون. کە ئەو تاکەکەسە دەوری باوکی ڕۆحی بینیووە لە قۆناغەکانی دواتردا. مەبەست لەم قسەیەش ئەوەیە کە زۆرجار باوکی خێزان لە سنووری خۆیدا پەرەی سەندووە و بەهێز بووە و توانیویەتی لە ڕێگای دەسەڵاتێکی مەعنەوییەوە خۆی بەرز بکاتەوە و نەک هەر لە سنووری خێزان و تیرە و خێڵەکانی خۆیدا ئامادەبوونی خۆی بنوێنێ بەڵکو لەسەر ئاستی کۆمەڵگە بەگشتی دەربکەوێت و هەوڵی ئەوە بدات کە



نەتەوە یان وڵات بەرەو ئاستی باڵاتر و پەرەسەندووتر ببات کە ئەویش ئاستی پێکهێنانی دەوڵەتە. دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی لەم شێوەیەدا دروست بوون واتە ڕاستەوخۆ لە خێزانەوە کەسێک دەرچووە کە توانیوویەتی پێداویستییەکانی کۆمەڵ بکاتە بەرنامە و ئامانجی خۆی و ببێتە کەسێتییەکی هێندە بەهێز کە ڕۆحی کۆمەڵایەتی هەموو کۆمەڵگە لە خۆیدا کۆبکاتەوە و وا لە خۆی بڕوانێت کە ئەم واتە خۆی بریتییە لە هەموو کۆمەڵ و هەموو ئێش و ئازار و ویست و ئامانج و خواستەکانی کۆمەڵ لەگەڵ خۆیدا هەڵبگرێت و هەوڵی بەئەنجام گەیاندنیان بدات، لەو ئاقارەشدا کۆمەڵگە بەرەو بنیاتنان و خۆسەلماندن ئاراستە بکات لە کاتێکدا ئەم ڕۆحی کۆمەڵایەتی هەموو کۆمەڵگەی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە و دەتوانێ ئەو ڕۆحە بەرەو پلەی ڕەهای ئاراستە بکات، هەر لەوێدا ڕۆحی باوکی ڕۆحی یان سەرکردەی ڕۆحی و ڕۆحی کۆمەڵگە پێکەوە یەک دەگرنەوە و دەگەنە بەرزترین حاڵەتی بڵندبوون کە ئەوەش قۆناغی خۆسەلماندن و خۆنواندنە و گەیشتن بەو ئاستەی کە تیایدا کۆمەڵگە هەست بەئازادی خۆی بکات، هەر لەوێشەوە لە ڕووی پەرەسەندنەوە کۆمەڵگە دەگاتە ئەو ئاستەی دەوڵەت دروست بکات، دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی بەشێوەیەکی گشتی بەم شێوەیە دروست بوون و کۆمەڵگەی مەدەنی پێیک نەهاتووە و هەتا دەوڵەت لەوەوە هاتبێت، تەنانەت شارستانییە دیارەکانی ڕۆژهەڵاتیش لە مێژووی کۆندا لە ئەنجامی دەوری تاکەکەس یان خێزان و خێڵ و عەشیرەتێکدا دروست بوون، نەک بەرهەمی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی هەموو کۆمەڵگە بووبن، ئەم تێڕوانینەش زیاتر بەلای ئەو بۆچوونەدا دەمانبات کە فەرد مێژوو دروست دەکات و فەرد شارستانی دروست دەکات، ئەو (فەرد)ەش دەبێ سیفات و کەسێتییەکی جیاوازی لە کۆمەڵ هەبێت. بەئەندازەیەک کە خەسڵەتی باوکێتی هەبێت کە مەبەستمان لەمەش باوکی ڕۆحییە. ئەگەر سەرنجی کۆمەڵگەی کوردی بدەین بەدرێژایی مێژوو گرفتی هەرە سەرەکی نەبوونی سەرکردە یان سەرۆک یان ڕابەر بووە، کە لێرەدا زیاتر مەبەستمان باوکی نەتەوەییە کە بێ چەندوچوون ئەو باوکەش باوکی ڕۆحی دەبێت دیارە کاتێ باسی سەرۆک و سەرکردە و ڕابەر و باوکی ڕۆحی دەکەین ناڕاستەوخۆ باسی دەسەڵات و دامەزراوی دەسەڵات دەکەین چونکە ناشێت بەبێ بوونی دامودەزگا و دامەزراوی دەسەڵات بیر لە سەرکردە و ڕابەر و سەرۆک و باوک بکرێتەوە چونکە سەرۆک و باوک ئەو کەسەن کە لوتکەی هەرەمێکی دەسەڵاتی پتەو و بەهێزی کۆمەڵایەتیدا بن و بێ هیچ دوو دڵییەک پیادەی ڕەهای دەسەڵاتی خۆیان بکەن.

ئەگەر سەرنجی دامەزراوی دەسەڵاتی کوردی بدەین لە کۆنەوە بۆ ئێستا هەر لە

دامەزراوی خێزانەوە هەتا دامەزراوی خێڵ و عەشیرەت و دامەزراوی ئایینی و دامەزراوی حزبی و ئیداری، دەتوانین بڵێین دامەزراوی سەرەتایی بوون، هەر لەبەر ئەوەش کەموکورتیان هەبووە لە دەسەڵات و پیادەکردنی دەسەڵاتدا، بەو پێیەش سەرۆک و سەرکردە و ڕابەری کوردی کە لە لوتکەی ئەو هەرەمە لاوازانەی دەسەڵاتدا بووە ئەمیش خاوەنی دەسەڵاتێکی لاواز بووە. لە بارەی سەرکردەی هیندییە ئەمەریکییەکانەوە کلاستەر دەڵێت: ئەوەی لە هەموو شتێ زیاتر سەرکردەی هیندییەکان جیادەکاتەوە کاتێ سەرنجی لێ بدرێت ئەوەیە کە تا ڕادەیەکی هێجگار زۆر کەموکورتی هەیە لە ڕووی هەر دەسەڵات و نفوزێکەوە[١] لەگەڵ جیاوازی سروشت و ئاستی گەشەکردنی کۆمەڵگەی کوردی و هیندیە ئەمەریکییەکاندا بەڵام دەشێ ئەو بۆچوونەی سەرەوە بگوازینەوە بۆ نێو کۆمەڵگەی کوردەواری و لەو ڕوانگەیەوە سەیری سەرۆکی کورد و سنووری دەسەڵات و دامەزراوەکانی دەسەڵات بکەین لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا.

بەدرێژایی مێژوو سەرۆکی کورد یان ئەو کەسەی لە لوتکەی هەرەمی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و هەرەمەکانی دەسەڵاتی کوردیدا بووە هەر لە هەرەمی خێزانەوە هەتا هەرەمی خێڵ و عەشیرەت و حزب و بەبزووتنەوەکانیشەوە لاواز بووە و نەبۆتە خاوەنی دەسەڵاتی ڕەها لە سنووری جوگرافیای کوردستاندا بەگوێرەی سەرۆکی حزب و ڕابەری بزووتنەوەکان، هەروەها سەرخێڵ و سەرۆک عەشیرەتەکانیش کە بریتین لە بەگ و ئاغا و شێخ، نەبوونەتە خاوەنی دەسەڵاتێکی ڕەها لە سنووری جوگرافیای خێڵ و عەشیرەتەکانیدا، تەنانەت کەسێتی باوک لە خێزانی کوردیدا کەسێتییەکی لاواز بووە بەدرێژایی مێژوو، هەر ئەو وێنە لاوازەی باوکی خێزان لە هەرەمی خێڵ و عەشیرەت و حزب و بزووتنەوەکانی کورددا بەرجەستە بووە و باوک لە سەرجەم دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریدا کەسێتییەکی لاواز بووە و نەیتوانیوە ڕۆحی ئەو دامەزراوە لە خۆیدا یان ئاشکراتر لە کەسێتی خۆیدا کۆبکاتەوە و لەسەر ئەو زەمینەش بنەمای دەسەڵاتی خۆی دروست بکات و لە ئاکامدا بتوانێت پیادەی دەسەڵاتێکی ڕەها بکات. دیارە باوکیش بەبێ بوون و ممارەسەکردنی دەسەڵاتێکی ڕەها باوکێکی ناتەواو و ئیفلیجە، ئەمەش خاسیەتی ئاشکرا و ڕوونی سروشتی باوکی کوردییە. هەربۆیە جێگای خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکەین بەپێچەوانەی پرۆژەی کوشتنی باوکەوە، لە کۆمەڵگەی کوردیدا گرێی نەبوونی باوک هەیە. بەشێکی ئاشکرای ونبوون و پەرەوازەیی و لە کاروان بەجێمانی کورد لە لایەک و بەدرێژایی مێژووش ئاژاوە و فەوزای نێو کۆمەڵگەی کوردی لە



ئەنجامی نەبوونی دەسەڵاتی باوکدا بووە.

بۆ نموونە کوشتنی باوک لە کۆمەڵگەیەکدا کە دەسەڵاتی باوک لە بەرزترین ئاستیدا بێت و خاوەنی ستراتیژی توندوتیژ و سەرکوتکردن و داپڵۆسینی خێزانەکەی واتە دامەزراوەکەی بێت، ئەو کوشتنە دەبێتە هۆی پەشێویی و فەوزا و ڕوخاندنی دیسپلین و ڕێکخستن و هەر کوڕە لە لایەکەوە دەیەوێت جێگای باوک بگرێتەوە لە ئەنجامی ئەوەشدا ناکۆکی و ئاژاوە و پێکدادان دەگاتە بەرزترین ئاستی، ئەی کەواتە هەر لە بنەڕەتەوە نەبوونی دەسەڵاتی باوک لە دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانی وەکو خێزان و خێڵ و عەشیرەت و بزووتنەوەی نەتەوەییدا چ ئەنجامێکی لێ دەکەوێتەوە؟ بێگومان ئەو بارودۆخەی لێ دەکەوێتەوە کە ئێستا لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەیبینین. کە بارێکی پەشێو و فەوزا و بێ سەروبەرییە و نەتوانینی ڕێکخستنی کۆمەڵە چونکە لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەشێوەیەکی گشتی باوکی ڕۆحی یان باوکی نەتەوەیی دروست نەبووە بێجگە لە بارزانی کە سەرجەم خاسییەتەکانی باوکی ڕۆحیی تێدابووە، سەرجەم کوڕەکان هەریەکە لە لای خۆیەوە خۆی بەباوک دەزانێت، بەبێ ئەوەی بنەما پێویستەکانی بوون بەباوکی تێدا بێت. ئەنجامی ئەو حاڵەتەش کە هەر کەسە لای خۆیەوە خۆی بەباوک بزانێت بەبێ ئەوەی ئەو دەسەڵاتە مادی و مەعنەوییەی هەبێت فەوزا و پەشێویی بەردەوامی مێژوویی کوردی لێ کەوتۆتەوە، کە بەشێکی سەرەکی ناکۆکییەکانی ناوخۆی کۆمەڵگەی کوردەواری هەر لە ناکۆکی نێوان خێڵ و عەشیرەتەکانەوە هەتا ناکۆکی نێوان حزب و ڕێکخراو و باڵە جیاوازەکانی بزووتنەوەی کوردیش لە ئەنجامی نەبوونی باوکی نەتەوەیدان کە بتوانێت هەموو کێشە و ململانێ ناوخۆییەکان لە ئەنجامی ئامادەبوونی مەعنەوی خۆیدا سەرکوت بکات و چارەسەریان بکات و لە ڕوانینە دەسەڵات و نفوزی ئەوەوە سەرجەم کۆمەڵ وەکو یەکەیەکی پتەو و یەکگرتوو دەربکەوێت. هەر ئەو تاکەکەس بێت کە خاوەنی هەموو دەسەڵاتێک بێت لە کۆمەڵگەدا و سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵ لە ژێر فەرمانی ئەودا بن. لێرەوە دەردەکەوێت کە سیستەمی باوکایەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەشێوەیەکی سروشتی دروست نەبووە هەربۆیە کەسێتی باوک نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی هەموو ڕۆحی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە لە خۆیدا کۆ بکاتەوە. لە بارەی باوکی ڕۆحی و دروستبوونی دەسەڵاتی باوکەوە لە کۆمەڵگەی چینیدا هیگڵ دەڵێت: سیستەمی خێزانی باوکایەتی پەتریارکی لەسەر بنەمای دەسەڵاتی موتڵەقی باوک بەسەر سەرجەم ئەندامانی خێزانەکەیدا دروست دەبێت بەشێوەیەک کە هەموو ئەندامانی ئەو خێزانە لە یەکەیەکی گشتیدا پێکەوە دەبەسترێن کە

ئەویش باوکە، ئەم حاڵەتە بەسەر خێزانێکی گەورەتریشدا دەسەپێنریت کە ئەو خێزانە گەورەیەش دەوڵەتە[٢]. ئەگەر لەبەر ڕۆشنایی ئەم گوتەی هیگڵدا سەرنجی کۆمەڵگەی کوردەواری بدەین ئەوا دەگەینە ئەو بۆچوونەی کە لە دوای دۆزینەوە و دەرخستنی سیستەمی خێزان و چۆنیەتی سیستەمی پێکهاتنی خێزان و شوێنی باوک لە خێزانی کوردیدا لە ڕابردوودا ئاشکرایە و هۆی سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پڕۆژەی تۆمارکردنی (تدوین) ڕابردوو لە لایەن کورد خۆیەوە و هەروەها نەبوونی پڕۆژەی هەڵکۆڵین و خوێندنەوەی ڕابردووی ئەنترۆپۆلۆجیستانەی کورد نە لەلایەن خۆیەوە نە لەلایەن ڕۆژئاواییەکانیشەوە. بۆ نموونە تاکو ئێستا چەندین توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی ئەنترۆپۆلۆجیستانە و سۆشیۆلۆژیانەی هندییە سوورەکانی ئەمەریکا کراوە. بەپێچەوانەوە ئێمە تاکو ئێستا گرنگی ئەو بوارە و ئەو پانتاییە نادیار و شاراوەیی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆمان نازانین. هەر لەسەر ئەو بنەمایەش نازانین شێوازی سیستەمی خێزان و ژیانی کۆمەڵگەی کوردەواری لە قۆناغە کۆنەکانی مێژوودا چۆن بووە... بەڵام لە شتێک دڵنیاین ئەویش ئەوەیە کە کورد لە کۆندا نەیتوانیووە باوکی ڕۆحی یان سەرکردەی ڕۆحی یان ڕابەری ڕۆحی دروست بکات... لە کاتێکدا لە کۆمەڵگەکانی تردا باوکی ڕۆحی و ڕابەری ڕۆحی دروست بووە و دروستبوونی ئیمپراتۆر یان نازناوی ئیمپراتۆر زیاتر بەو باوکانە بڕاوە کە توانیویانە ڕۆحی کۆمەڵگە لە کەسێتی خۆیاندا کۆبکەنەوە بەرەو بڵندترین ئاستی ئاراستەی بکەن کە ئەویش ئاستی پێکهێنانی دەوڵەت بووە... هەر ئەو باوکە کاتێ بۆتە خاوەنی دەسەڵات و نفوزێکی ڕەها بەرەو ناشرین بوون چووە و بەئیمپراتۆر ناودێرکراوە. بەڵام لە مێژووی گەشەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردیدا ناوی هیچ ئیمپراتۆرێک ناکەوێتە پێش چاو. هەروەک ناوی هیچ ڕابەرێکی کورد نابینین کە بووبێتە ڕابەری ڕۆحی نەتەوایەتی کوردی و توانیبێتی هەرچۆن باوکی خێزان بوونی خێزان لە بوون و کەسێتی خۆیدا کۆدەکاتەوە ئەمیش بوونی نەتەوەی کوردی لە بوون و کەسێتی خۆیدا کۆکردبێتەوە دەوری باوکی هەموو نەتەوەی بەفیعلی بینیبێت،

ئەفلاتۆن لە کۆمارەکەیدا دەڵێت: دەوڵەت بریتییە لە تاکەکەسێکی گەورە بوو[٣] ناوەڕۆکی ئەم گوتەیە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە دەوڵەت وەکو سیستەمێکی ئیداری و سیاسی لە ئەنجامی دەرکەوتن و بەرزبوونەوەی تاکەکەسێکەوە دروست بووە کە توانیوویەتی کۆمەڵگە بەو ئاقارەدا ئاراستە بکات. ئەو تاکەکەسەش بێگومان لە ناو خودی کۆمەڵگەوە پەروەردە بووە و دەرکەوتووە بەڵام دیسان ئەو کەسەش دەبێ بەپێی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە کۆمەڵێ بنەما و پایەی هەبێت کە زەمینەی گەیشتن بەو ئاستەی بۆ ئامادە دەکەن. ئەو بنەمایەش بەر لە هەمووشتێ لە کۆمەڵگە خێڵایەتی و سەرەتاییەکاندا بریتین لە بنەمای خوێن و دەمار و شوێنی ئەو کەسە لە نێو هەرەمی خێڵ و عەشیرەتدا، هەروەها ئاستی ڕەسەنایەتی ئەو کەسە لە ڕووی ئەسڵی دایکەوە ئایا ئەندامی عەشیرەت بووە یان لە دەرەوە هێنراوە، بەواتایەکی تر بۆ ئەوەی کەسێک ببێتە باوکی خێڵ و عەشیرەت دەبێ ئەو کەسە لە هەردوو سەرەوە واتە دایک و باوک لە خوێن و دەماری خێڵ و عەشیرەت بێت و دەماری دەرەوەی خێڵ و عەشیرەتەکەی خۆی تێدا نەبێت ئەگینا ناتوانێت وەکو پێویست ببێتە باوکێکی ڕاستەقینە و دڵسۆزی خێڵ و عەشیرەتەکەی خۆی، بەگوێرەی ڕوانین بۆ هەموو نەتەوەش هەمان بۆچوون ڕاستە و ئەگەر کەسێک کۆمەڵێک بنەمای بەهێزی تێدا نەبێت ئەوا لە کۆمەڵگە دواکەوتوو و خێڵایەتیە سەرەتاییەکانی وەکو کورددا هەرگیز ناتوانێت هیچ شوێن و مەکانەیەکی هەبێت. بەواتایەکی تر باوک لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا بەبێ بوونی پشت و هێزێکی مەعنەوی پتەو دروست نابێت، ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی دروست نەبوونی باوکی ڕۆحی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا لە بنەڕەتەوە نەبوونی ئەو هێزە مەعنەوییە بێت کە پێویستە، لەگەڵ نەبوونی پشتێکی بەهێزی ئەوتۆ کە زەمینە بۆ دروستکردن و بڵند کردنەوەی ئەو باوکە خۆش بکات چونکە سەرباری پێکهاتەی خێڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی هێشتا ئەم کۆمەڵگەیە لە ڕووی خێڵایەتیشەوە ناسروشتییە، هەربۆیە خێڵ و عەشیرەتی کوردی نەیتوانیووە ببێت بەپشت بۆ دروستکردنی باوکی ڕۆحی چونکە خۆی واتە خێڵی کوردی ماهیەت و گەوهەرێکی شێواوی هەیە و بەشێوەیەکی سروشتی دروست نەبووە و پەرەی نەسەندووە. بۆ نموونە لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەیان ئاغا و شێخ و بەگ دەبینی کە ئەم نازناوانەی هەر بەخۆڕایی و بێ بنەما بەسەریاندا سەپێندراوە ئەگینا لە بنەڕەتدا زۆر لەو ئاغا و شێخ و بەگانە تەنانەت توانای ئەوەیان نییە بەباشی خۆیان بژێنن و نە لە ملک نە لە ساماندا جیاوازییان نییە لەگەڵ زۆربەی کۆمەڵدا. بگرە ئەمان هەر ئەوەیە ئەو نازناوانەیان بەبێ بنەما هەڵگرتووە یان کۆمەڵە بەبێ بنەمای پێویستی ئابووری و مەکانەی مادی و مەعنەوی پێیان بڕیوون ئەگینا لە ڕاستیدا بریتین لە ڕاعی بێ ڕەعیەت یان ڕاعیەک کە خۆیان پێویستیان بەڕاعی هەیە بیانپارێزێت هەتا گورگ نەیانخوات. ئەمە خەسڵەتێکی دیاری پەیوەندی خێڵایەتی کوردییە، هەربۆیە نەیتوانیووە زەمینەی دروستبوونی باوکی ڕۆحی یان ڕابەری گشتی خۆش بکات. ڕەنگە هۆیەکی تریشی ئەوە

بێت کە سەرخێڵ و سەرۆک عەشیرەتی کورد با لە ڕاستیشدا بێ دەسەڵات و بچووکیش بوو بێت بەڵام لە سنووره داخراوەکەی خۆیدا خۆی بەمیر زانیووە و بەجۆرێک سەیری خۆی کردووە کە لەسەر زەمین ئەم کەسی یەکەمە و نوێنەری خودایە بۆ فەرمانڕەوایی کردنی ئەو ڕەعیەتەی کە ئەم ڕاعیانە، لەبەر ئەوە ئەم حاڵەتە گرێیەکی ترسناکی لای سەرۆک خێڵ و سەرۆک عەشیرەتی کوردی دروست کردووە کە ئەویش گرێی هەر خۆم شتم و مل بۆ کەسی تر نەوی ناکەم. ئەمەش دەوری هەبووە لەوەیدا سنووری دروستبوون و دەرکەوتنی تاکە وێنەیەکی دیار یان تاکە باوکێک تەسک بکاتەوە، چونکە ئاشکرایە سەرباری بنەما پێویستەکان کە دەبێ لە کەسێکدا هەبن بۆ ئەوەی ببێتە ڕابەر یان سەرکردە یان باوکی ڕۆحی دەبێ زەمینەی کۆمەڵایەتی و باری مەوزوعیش ڕێگا بۆ ئەوە خۆش بکەن، کە بێگومان نە زەمینەی کۆمەڵایەتی و نە باری مەوزوعی لە مێژووی کورددا بەجۆرێک نەبوون کە هەلومەرجی دەرکەوتنی ئەو باوکە ڕۆحیە بڕەخسێنن. هەربۆیە تاکو ئێستا لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ئەو وێنە باڵایە دروست نەبووە کە بتوانێت کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی لە خۆیدا کۆبکاتەوە و بەرەو بەرزترین ئاستی پەرەسەندنی ئاراستەی بکات کە ئەویش ئەو قۆناغەیە تیایدا (ڕۆح دەگاتە ئەو ئاستەی لە خۆی تێبگات و سەر لە خودی خۆی دەربکات، ئەوەش لە دەوڵەتدا دەگاتە ئەنجام)(٤) واتە دەشێ باوکی ڕۆحی کۆمەڵگە ڕۆحی کۆمەڵایەتی لە خۆیدا کۆبکاتەوە و بەرەو ئاستی خودناسینی ئەو ڕۆحە و پەی بەخۆی بردنی ئاراستەی بکات و ئەنجام بگەیەنێت بەئاستی پێکهێنانی دەوڵەت.

دەشیا کورد لەم دەروازەیەوە بێتە نێو مێژووەوە و لە ڕێگای دروستبوونی باوکی ڕۆحیەوە بگەیشتایەتە ئەو قۆناغە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئیداری و سیاسی خۆی، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو باوکە ڕۆحییە لەم کۆمەڵگەیەدا دروست نەبووە، لەو دەروازەیەشەوە کورد نەیتوانیووە بێتەوە ناو مێژوو هۆی ئەمەش ئاسانە لە لایەک کورد خۆی ئەو کەسێتەی بۆ دروست نەبووە بەمەرجێک لە ئاستێکدا بێت خەمی نەتەوایەتی هەبێت و لەو پێناوەدا بجوڵێت کە ڕۆحی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی لە خۆیدا کۆبکاتەوە.

ڕەنگە ئەو پرسیارە سەر هەڵبدات و بڵێین ئایا بۆچی باوکی ڕۆحی لە کۆمەڵگەی کوردیدا دروست نەبووە؟ ئایا دەشێ تازە بواری دروستبوونی باوکی ڕۆحی مابێت؟ ئەی باوکی ڕۆحی چۆن دروست دەبێت دیارە پێش ئەوەی باسی ئەوە بکەین بۆچی باوکی ڕۆحی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا دروست نەبووە دەبێ پێناسەی دیاریکراومان بۆ باوکی ڕۆحی



هەبێت و بەو پێیە بزانین مەبەستمان لە باوکی ڕۆحی چییە؟ باوکی ڕۆحی هەر نەتەوەیەک یان هەر گەلێک بریتییە لەو کەسەی کە ڕۆحی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگەیەی لە خۆیدا کۆکردبێتەوە و سەرجەم ئەندامانی نەتەوەکەی بەبەشێک لە خودی خۆی بزانێت و هەموو ویست و حەز و ئارەزوو و داواکارییەکانی نەتەوەی لە کەسێتی خۆیدا بەرجەستە کردبێت و بەجیدی لە پێناوی بەئاکام گەیاندنیاندا کۆشش بکات. ئەم باوکە لە ڕووی مەعنەوییەوە دەبێ جێگایەکی هێندە بەرزی هەبێت کە سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵ وەکو ڕۆحێکی باڵا و جیاواز لە خۆیان لێی بڕوانن و ئەو باوکە لە ئاستێکدا بێت کە سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵ قەناعەتیان بەوە هەبێت کە ئەم باوکە خاوەنی هێز و توانا و عەقڵ و زیرەکی و لێهاتوویەکی باڵاترە لە چاو مرۆڤی ئاسایدا و سەرجەم وەها لێی بڕوانن کە ئەمان هەموو بەشێکی سادەی پێکهێنەری ئەون، یان ئەو بەرپرسە لە هەموو جوڵە و چالاکی و بوونێکیان و بەبێ بوونی ئەمانیش بوونیان نییە. باوکی ڕۆحی لە ڕوانگەی تێڕوانینی ئەندامانی کۆمەڵەوە کەسێکی ڕاستگۆ و خاوێن و زاهیدە و هەر بۆ ئەوە خولقاوە چاودێری ئەندامانی کۆمەڵ بکات و گیروگرفتەکانیان بۆ چارەسەر بکات.

دیارە سەرباری بنەماکانی خاوێنی و ڕاستگۆیی و زاهیدی و پیاوەتی دەبێ ئەو کەسە لە ڕووی بنەماکانی کۆمەڵایەتیەوە دیار و ئامادە بێت و پیاوی دین و دنیا بێت، خاوەنی ئەسڵ و ڕەگەزی خاوێنی نەتەوایەتی بێت و سەر بەخێڵ یان عەشیرەتی دیار و باڵادەستی نێو کۆمەڵگە بێت، کە ئەم بنامایانەش دەبنە هۆی ئامادەکردنی زەمینەی لە بار و پێویست بۆ ئامادەکردنی ئەو باوکە ڕۆحیە بەئەندازەیەک کە لە کۆمەڵگەدا خاوەنی دەسەڵاتی ڕەها و عەقڵیەتی ڕەها و زیرەکی ڕەها و کەسێتی ڕەها بێت و هەموو ئەمانەش بەرەو دروستکردنی ڕۆحی ڕەها ئەو کەسە ئامادە دەکەن، کە گەیشتی ئەو کەسە بەپلەی ڕەها کە ڕۆحی فەردی خۆی و ڕۆحی ڕەهای کۆمەڵگەش بەرەو یەکگرتنەوە دەڕۆن لەگەڵیدا بەهەمان ئاراستە دەجوڵێن، کە لە ئەنجامدا ئەو ڕۆحە بڵندبووە لەگەڵ ڕۆحی بڵندبوونی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەیدا یەک دەگرنەوە و، لە ئەنجامی ئەو یەکگرتنەوەشدا ڕۆحی فەردی ئەو تاکە کەسە کە ڕۆحی کەسی یەکەمی کۆمەڵگەیە لەگەڵ ڕۆحی بڵندبووی کۆمەڵگەدا یەک دەگرنەوە کە لەو یەکگرتنەوەشدا کۆمەڵ دەگات بەبەرزترین ئاستی ڕەهابوونی کە ئەویش پێکهێنانی دەوڵەتە کە ئەو کەسە کە دەوری باوکی ڕۆحی کۆمەڵگە دەبینێ دەوری کاریگەر دەگێڕێ لە ئاراستە کردنی ڕۆحی کۆمەڵگەدا بۆ گەیشتن بەو ئامانجە.

ئایا بۆچی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا باوکی ڕۆحی دروست نەبووە؟ دیارە ئەوە ئاشکرایە کە دەرکەوتنی باوکی ڕۆحی پەیوەندی نییە بەچۆنیەتی و شێوازی گەشەکردن و پەرەسەندنی کۆمەڵگەوە چونکە هەرچۆن لە هەندێ کۆمەڵگەی پەرەسەندودا باوکی ڕۆحی دروست بووە، بەهەمان شێوە لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکانیشدا باوکی ڕۆحی دروست بووە، بەهەمان شێوە لە کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکاندا لە قۆناغە ناجێگیرەکانی ژیانی ئەو کۆمەڵگەیانەدا باوکی ڕۆحی دەرکەوتوون، تەنانەت ئەو باوکە ڕۆحیانەش کە لە شێوەی پێغەمبەراندا دەرکەوتوون. بۆ نموونە پێغەمبەری ئیسلام وەکو ڕابەرێکی مەزنی ڕۆحی کۆمەڵگەی عەرەبی لە ساتێکدا پەیامی بۆ هاتە خوارەوە کە نەتەوەی عەرەب لە بارێکی شێواو و خراپ و ئاڵۆزدا دەژیا، پێغەمبەر وەکو ڕابەر و باوکێکی ڕۆحی توانی نەتەوەی عەرەب لەو بارە ناخۆش و ناهەموارە دەرباز بکات و یەکەمین بنەمای (تەوحید) دابنێت کە نەک تەنیا داوای یەکگرتنەوە و یەکبوونی عەرەبی دەکرد بەڵکو داوای یەکگرتنەوەی هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەکرد لە سایەی ئەو پەیامە ڕۆحیەدا کە ئەم واتە پێغەمبەر خۆی ڕابەری ڕۆحی بوو.

ئەگەر سەرنجی چەندین ڕابەری گەورە بدەین کە لە کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکاندا دەرکەوتوون ئەوا بۆمان دەردەکەوێت ئەو ڕابەرانە کە گەیشتونەتە ئاستێ کە کۆمەڵگە لە بارێکی ناهەمواردا بووە و ئەو باوکە توانیویەتی کۆمەڵگەکەی لەو بارە ناهەموارە دەرباز بکات. جەواهیر لال نەهرۆ و ماوتسی تۆنگ و ئیمام خومەینی و... هەریەکە لە ساتەوەختێکی ئاڵۆزدا دەرکەوتوون و ڕۆحی هەڵچووی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکانی خۆیانیان لە کەسێتی خۆیاندا کۆکردۆتەوە و کۆمەڵگەکانیان لەو بارە ناهەموارە دەرباز کردووە. بەگوێرەی کورد تاکو ئێستا سەرباری باری ناهەمواری ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژوویی، باوکی ڕۆحی یان ڕابەری ڕۆحی دەرنەکەوتووە بێجگە لە مستەفا بارزانی، لە لایەک دەشێ وای بۆ بچین کە دەرکەوتنی باوکی ڕۆحی پەیوەندی بەرێکەوتەوە هەبێت. بەڵام دیسان باری کۆمەڵایەتی و ڕۆحی کۆمەڵگەش دەوری هەیە لە ئامادەکردنی زەمینەی دروستبوونی ئەو باوکەدا، بەڵام بەگوێرەی کورد ئەو هەلە نەڕەخساوە، نە ڕابەری پەیامی ئایینی دەرکەوتووە وەکو پێغەمبەری ئیسلام کە بۆتە ڕابەری ڕۆحی نەتەوەی عەرەب، سەرباری ئەوەی کە ڕابەری ڕۆحی هەموو ئومەتی ئیسلام بووە. هەروەها چەندین ڕابەری تەسەوفیش کە لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەرکەوتوون نەیانتوانیووە ببنە ڕابەری ڕۆحی هەموو کۆمەڵگەی کوردەواری. هەروەک هیچ کام لە



سەرکردە و ڕابەری بزووتنەوە نەتەوەییەکانی کوردیش نەیانتوانیوە ببنە باوکی ڕۆحی کۆمەڵگەی کوردی کە بتوانێت هەموو کۆمەڵگە یەک پێبگرێتەوە و بەرەو ئامانجی سەرەکی کە دروستکردنی دەوڵەتە ئاراستەی بکات تەنیا بارزانی نەبێت. واتە لێرەوە تێ دەگەین یەکێک لە بنەما سەرەکییەکان بۆ دروستبوونی ڕابەری ڕۆحی نەتەوەیی یان باوکی ڕۆحی نەتەوەیی کورد ئەوەیە کە دەبێ ئەو کەسە خاوەنی هەست و سۆزی بەهێزی نەتەوەیی بێت و بوونی خۆی لە بوونی نەتەوەیی کورددا ببینێتەوە ئەگینا ناشێت بەهیچ جۆرێک هەلی بوون بەباوکی ڕۆحی کوردی بۆ بڕەخسێت. بێگومان تاکو ئێستا لە مێژووی کورددا کەسێکی وەها (کامڵ) لە هەموو لایەنێکەوە هەڵنەکەوتووە کە سیفاتەکانی باوکی ڕۆحی کوردی هەبێت تەنیا وەکو گوتمان مستەفا بارزانی نەبێت کە دەکەوێتە دەرەوەی پێناسەیەی سەرەوە. دەشێ لایەنی دواکەوتووی خێڵایەتی کوردی ناسروشتی پەیوەندییەکانی خوێن و دەمار و دەرنەکەوتنی پەیامی ئایینی لە کوردستاندا و دروستبوونی حاڵەتێکی بەردەوامی هەست و بەکەمی کردن بەگشتی لە وجودی ئینسانی کورددا دەوریان بینیبێت لە ئامادە نەکردنی زەمینەی دروستبوونی باوکی ڕۆحیدا. سەرباری ئەوەی (ئیفلیجی) ڕۆحی کۆمەڵایەتی و ڕۆحی فەردی لە کۆمەڵگەی کوردیدا بۆتە هۆی ئەوەی بڵندبوونی ڕۆحی کوردی بەرەو ڕەهابوون نەچێت و لە ئاستێکی زۆر نزمدا بوەستێت و نە ئەو ڕۆحە بتوانێت کۆمەڵگە بەرەو ڕۆحی ڕەهای بڵند بکاتەوە، نە فەردی کورد بگەیەنێتە ئەو ئاستە ڕۆحیەی کە هەست بەبوونی ڕۆحی خۆی بکات کە لە ئاستێکدا بێت و خۆی لە سەرووی هەموو کۆمەڵگەوە بینیبێت و هەست بەوە بکات کە ئەم لەم ئاستەدایە بەرپرسیارێتی یەکەمی کۆمەڵگەی لە ئەستۆ بێت و دەتوانێت کۆمەڵگە بەرەو گەیشتن بەئاستی دروستکردنی دەوڵەت ئاراستە بکات.

ئایا دەشێ تازە بواری دروستبوونی باوکی ڕۆحی لە کۆمەڵگەی کوردیدا مابێت؟ بێگومان وەکو لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد باوکی ڕۆحی یان ڕابەری ڕۆحی بەشێوەیەکی گشتی لە مێژووی نەتەوە و کۆمەڵگەکانی دنیادا لە ساتەوەختە دژوار و ناهەموارەکانی مێژووی ئەو نەتەوە و کۆمەڵگەیانەدا دروست بووە و هەموو ڕۆحی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگەیەی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە و بەرەو ڕزگاربوون و دەربازبوون لەو بارە دژوارە کۆمەڵگەی ئاراستە کردووە. بەگوێرەی کورد تاکو ئێستا لە خراپترین باری دژواری کۆمەڵایەتی و مێژوویی و سیاسیدا دەژی هەر بۆیە دوای بارزانی بوار بۆ دەرکەوتنی ڕابەرێک کە بتوانێت هەموو ڕۆحی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردەواری یەک بخات و لە

خۆیدا کۆبکاتەوە و بەسەر هەموو ئەگەرەکانی ترس و گوماندا باز بدات لە ئارادایە و بگرە کۆمەڵگەی کوردی پێویستی بەڕابەرێکی لەو جۆرە یان باوکێکی لەو جۆرە هەیە کە دەوری ڕزگارکەرێکی بۆ ببینێ و سەرجەم چین و توێژ و خێڵ و عەشیرەت و حزب و ڕێکخراو و مەزهەب و ڕێبازی تەسەوف و پارچە و بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردی و جوگرافیای کوردستان کۆبکاتەوە و پرۆژەی یەکگرتنەوەی موتڵەقی کوردی پیادە بکات. بەڵێ ڕابەرێکی لەو جۆرە دەتوانێت کورد بەرەو ئایندە بخاتە ڕێ و گەلی کورد لە پەراوێزی مێژووەوە بهێنێتە نێو مێژووەوە. کەواتە بواری دروستبوون و دەرکەوتنی باوکی ڕۆحی لە کۆمەڵگەی کوردیدا نەک هەر تەنیا پێویستییەکە لە پێویستییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری و دەشێ ئەوە باشترین و گونجاوترین ڕێگا بێت کە کورد بتوانێت لێیەوە کەسێتی خۆی دروست بکاتەوە و بگاتە ئاستی دروستکردنی دەوڵەت.

### ٢- کۆمەڵگەی کوردەواری لە ترسەوە بۆ تەحەدا، ڕەتکردنەوەی مەترسی لەناوچوون

دەشێ خنکێنەرترین ترس ترسی لەناوچوون بێت، لەناوچوونێک کە لە دوایەوە هیچ پاشماوەیەک بەجێ نەمێنێت. بەشێوەیەکی سروشتی سەرجەم زیندەوەران لە ململانێی سەختدان لە پێناوی پاراستنی ژیانیاندا. هەر زیندەوەرە و بەجۆرێک پارێزگاری لە خۆی دەکات و هەوڵ دەدات ژیانی پارێزراوبێت. دیارە هەر بەغەریزەش هەموو زیندەوەرێ لە پێناوی پارێزگاری کردن لە خۆیان دەجوڵێن و تێدەکۆشن. ئەمە سەرباری ئەو ڕاستیەی کە ژیانی زیندەوەران بریتییە لە باری هاوسەنگ بووی نێوان غەریزەی ژیان و زیندەگانی (ئیرۆس) و غەریزەی مەرگ و لەنێوچوون (تاناتۆس)، ئیرۆس کە پاڵنەر و بزوێنەری ژیان و زیندەگانی و چالاکی و بینادنانە هەمیشە لە بەرامبەر (تاناتۆسی) غەریزەی مەرگ و وێرانکاری و لەنێوچوون و کۆتایدا ڕاوەستاوە. هەر لە دروستبوونی گەردوون و پەیدابوونی ژیان تیایدا بەردەوام ئیرۆس باڵادەست بووە، بۆیە ژیان و زیندەگای بەردەوام بوون و درێژەیان کێشاوە، بەردەوام لە ترسی باڵادەست بوونی تاناتۆسی غەریزەی مردن ئیرۆس لە خۆبەهێزکردندا بووە بەڵام هەرگیز نەیتوانیووە تاناتۆس لە ناو ببات و ڕووداوی مردن و کۆتایی هێنان لە ژیانی زیندەوەراندا بسڕێتەوە. دیارە سڕینەوەی مردن و کۆتایی نەهاتنی زیندەوەران ئەگەر لە گەردووندا ڕووی بدایە ئەوا هاوسەنگی گەردوون دەشێوا و تێکدەچوو بەڵام بەسروشتی ئیرۆس و تاناتۆس بەوەی هەریەکە لە جێگای خۆیەوە کاری خۆی دەکات هاوسەنگی ژیان پێکهاتووە. لە لایەکەوە کە غەریزەی مردن و پاڵنەری مەرگ ڕۆژانە



کۆتایی بەژیانی چەند زیندەوەران لە نێویاندا مرۆڤیش دێنن، لە جەمسەرەکەی ترەوە ئیرۆس بەردەوامی دەداتە ژیان و زیندەگانی و لە بەرامبەر کردارەکانی مردندا کرداری لە دایک بوون ئەنجام دەدات.

تاناتۆس هەڵگری سیحری ترسە چونکە لەناوچوونی پێیە، هەر بۆیە لە بەرامبەردا ئیرۆس هەمیشە هەڵگری ڕۆحی تەحەدایە، ئەمەی سەرەوە حاڵەتێکی گشتییە بەگوێرەی بوونەوەران. ئەگەر ئەم حاڵەتە بگوازینەوە بۆ بارێکی تایبەتمەند کە ژیانی مرۆڤە دەبینین مرۆڤ لە هەموو بوونەوەرانی تر زیاتر ناجێگیری و شڵۆقی پێوە دیارە بەهۆی مەترسی مردنەوە. بەواتایەکی دی مرۆڤ لە ترسی مردن و لەنێوچوون هەمیشە لە بەردەم گومانێکی گەورەدا ڕاوەستاوە کە ئەویش گومان کردنە لە مانەوە و بەردەوام بوون. هەندێ جار حاڵەتی بڕوا بوون بەنەمری لە بوونی مرۆڤدا دەبێت بەهۆی دروستبوونی هەڵوێستێکی بەهێز بۆ سڕینەوەی بنەماکانی مەترسی لەنێوچوون واتە باڵادەست بوونی ئیرۆس بەسەر تاناتۆسدا.

ئەگەر سەرنجی چەمکی ترس بدەین ئەوا بەچەند شێوە و لە چەند هەلومەرجێکدا ئەم چەمکە بەکار هێنراوە وەکو ترس لە ئازادی، ترس لە شارستانی، ترس لە گۆڕانکاری، ترس لە شۆڕش، ترس لە ڕۆشنبیری، ترس لە فیکر و مەعریفە و... لە سەرووی هەموو ئەمانەشەوە ترس لە لەناوچوون هەیە. ئەگەر سەرنجی ئەو مانایانە بدەین لە پشتی ئەو حاڵەتانەی ترسەوە ڕاوەستاون بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین (ترسە لە گۆڕانکاری). لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە مرۆڤ بەخۆڕسکی خۆپارێزە و بەردەوام لە گۆڕانکاری دەترسێت هۆی ئەو ترسەش ئەوەیە کە دەشێ لە هەر گۆڕانکارییەکدا دەژی لە دەستی بچێت و هەست بەوە دەکات کە لەوانەیە لە هەر گۆڕانکارییەکدا ئەوەشی هەیەتی لە دەستی بچێت و ئەو حاڵەتەی بوون کە تیایدا غەریزەی مەرگ خوازی و لەناوچوون بەسەر غەریزەی زیندەگانی و ژیان خوازیدا باڵادەست بێت.

دیارە حاڵەتی ترس و هەست کردن بەترس زۆر جار لە ژیانی مرۆڤدا دەبێت بەهۆی ڕێگا گرتن لە خود سەلماندن و خۆنواندن، بەواتایەکی تر ترس یەکێکە لەو هۆکارە سەرەکیانەی کە ڕێگا لە نەمری بوون دەگرێت، مرۆڤ وەکو تاک ئەگەر بیەوێت نەمری بەدەست بهێنێت دەبێ فاکتەری ترس هیچ کارێکی تێنەکات و لە بنەڕەتدا ترس لە ماهیەت و بوونی ئەو کەسەدا بەهیچ جۆرێک بوونی نەبێت. هەمان حاڵەت بۆ کۆمەڵگە یان نەتەوە و میللەتیش

ڕاستە. ئەگەر نەتەوەیەک یان کۆمەڵگەیەک توانی پانتایی ترس لە بوونی خۆیدا بسڕێتەوە ئەوا مانای وایە ئەو کۆمەڵگە و نەتەوەیە زەمینەی خۆسەلماندنی بۆ خۆی ئامادە کردووە، چونکە لەم حاڵەتەدا مەودایەک بۆ ترس لە بەرامبەر گۆڕانکاریدا نامێنێتەوە کە نەتەوە و کۆمەڵگەیەکیش گەیشتە ئەو ئاستەی هەست بکات لە گۆڕانکاری ناترسێت مانای وایە دەتوانێ هەنگاوی بەرەو قۆناغێکی تر لە ژیانی کۆمەڵایەتی بنێت.

کورد بەدرێژایی مێژوو وەکو نەتەوە و وەکو کۆمەڵگە لە بەردەم ترسێکی سەختدا بووە کە ئەویش ترسی لەناوچوون و سڕینەوەی تەواوەتییە. ئەم ترسەش وای لێکردووە بەردەوام لە حاڵەتی شلۆقی و ناجێگیریدا بژی و هەمیشە لە بەردەم چاوەڕوانیەکی ترسناکدا بێت، چاوەڕوانیەک کە ترسێکی خنکێنەر لە پشتییەوەیە ئەویش ترس و چاوەڕوانی مەرگ بووە. هەر ئەو ترسەش وای لە کورد کردووە کە نەتوانێت بۆ ئاینده بژی و بەرنامەی ئایندەی نەبێت چونکە ترس مەودایەکی بۆ بڕوا بوون بەبوونی داهاتوو نەهێشتۆتەوە، بەڵکو لە ئەنجامی ئەو حاڵەتەی ترسدا کورد تەنیا بۆ ئەو ساتەوەختە ژیاوە کە تیا بووە.

یەکێک لە گرفتە سەرەکیەکانی کورد ئەوە بووە کە بەدرێژایی مێژوو نەبۆتە خاوەنی دەسەڵاتێکی ڕەها لەسەر جوگرافیای خۆی بگرە دەتوانین بڵێین کورد بەشێوەیەکی ئاسایی نەبۆتە خاوەنی دەزگای دیاری دەسەڵات، لێرەوە ڕووبەڕووی ئەو بۆچوونە دەبینەوە ئایا لە کاتێکدا کورد هەمیشە لە بەردەم مەترسیدا بووە بۆچی دەزگای دەسەڵاتی دروست نەکردووە کە لە ئاستێکدا بێت بوونی خۆی بسەلمێنێت. کە هەندێ چەمکە بۆچوون هەن پێیان وایە ترس سەرچاوەی دروستبوونی دەسەڵاتە. لەم بارەیەوە هۆبز دەڵێت: دەسەڵات لە ئەنجامی کێشەی نێوان ئەوانەوە دروست دەبێت کە دەترسن، کە ئەوەش چەمکی ئەرک و ماف دروست دەکات(٥) دەسەڵات لە گەوهەری تێڕوانینی هۆبزدا مەبەست لە دەوڵەتە، واتە هۆبز دەیەوێت بڵێت لە بنەڕەتەوە دەوڵەت لە ئەنجامی بوونی جۆرێک لە ترسدا دروست بووە، بەڵام داخۆ بۆچی کورد سەرباری ترسی خنکێنەری لە بەرامبەر لەنێوچووندا نەیتوانیوە دەوڵەت دروست بکات؟ ئایا دەشێ لەم دەروازەیەوە کورد هەنگاوی بەرەو هاتنە نێو مێژوو و بەدەوڵەت بوون هەڵبێنێت؟ دیارە غەریزەی (ترس) کە حاڵەتی تێکشکان و لەنێوچوون و سڕینەوە لە پشتییەوەیەتی، بۆ دروستبوونی حاڵەتی مانەوە و بەردەوامبوون و باڵابوون لە بەرامبەریدا غەریزەی (بەرگری کردن) دروست دەبێت. هەر کاتێ غەریزەی بەرگری توانی غەریزەی (ترس) ڕەت بکاتەوە و بیسڕێتەوە ئەوا غەریزەی بەرگری دەگاتە ئەو



ئاستەی لە قۆناغی بەرگری کردنەوە بگاتە قۆناغی خۆ سەپاندن کە ئەوەش ڕۆیشتن و هەڵچوونە بەرەو گەیشتن بەدوا پلەی بڵندبوون کە هاوشانە لەگەڵ ڕۆحی ڕەهای کۆمەڵگەدا کە بەپێناسەی هیگڵی دەوڵەتە. بەڵام مانەوەی غەریزەی بەرگری لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا لە ئاستێکی لاوازدایە و تاکو ئێستا ڕێگای نەداوە ئەو پرۆسەی بڵندبوونە بگاتە ئەنجام. هۆیە سەرەکیەکانی مانەوەش لەم حاڵەتە سەرەتاییەی غەریزەی بەرگریدا بەندە بەگرژی ناسروشتی دەمار و پەیوەندی هەڵچووی نائاساییی خوێنەوە کە بوونەتە مایەی شەڕەنگێزی و لادان و هەڵچوونی کورت تەمەنی جار لە دوای جار کە ئەوەش هۆکاری سەرەکی شەڕی خێڵایەتی و ناوخۆی نێو کۆمەڵگەی کوردەوارییە. ئەم لادان و حاڵەتی شەڕەنگێزییەی کە بۆتە هۆی شێواندنی هاوسەنگی کۆمەڵگەی کوردەواری بۆتە هۆی پچڕ پچڕ بوون و پەرت پەرت کردنی هێزی بەرگری و بەو پێیەش لە بنەڕەتەوە غەریزەی بەرگری لاواز کردووە چونکە وزەی بەرگری بەکاری لاوەکییەوە بەفیڕۆدراوە، واتە تەنفیزی لاوەکی ئەنجام داوە، کە ئەوەش بریتییە لە جۆرێک لە لادان یان (انحراف) کردنی ئاراستەی بەرگری کوردی، کە لە بری بەرگری کردن و هەوڵدان بۆ مانەوە بەئاژاوەی نێوخۆوە خۆی خەریک کردووە و توانای بەرگری و وزەی بەرگری لەو پێناوەدا بەفیڕۆ چووە. واتە ئەو توانای بەرگری و غەریزەی بەرگرییەی کە ترسی لەنێوچوون دروستی کردووە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، نەبۆتە هێزێکی ڕێکخراو و ئاراستەکراو بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو کە خود سەپاندن و خودسەلماندنە.

کۆمەڵگەی کوردەواری لەبەر ئەوەی لە ڕووی گەشەی کۆمەڵایەتیەوە وەکو پێویست گەشەی نەکردووە، بەو ئەندازەیەش لە ڕووی تێگەیشتن و ناسینی خۆی و بەو پێیەش گرفتەکانی و پێداویستییەکانی ژیانەوە بێ ئاگایە و لە ڕووی گەشە و پەرەسەندنی فیکری و عەقڵیشەوە لە پەراوێزدایە و هەر بۆیە (ترس)یش وەکو غەریزە و وەکو چەمکێکی (کۆمەڵایەتی بوو) نەگەیشتۆتە ئاستێکی باڵای ئەوتۆ کە لە حەقیقەتی خۆی تێبگات و لە بەرامبەر ئەوەشدا چەمکی تێکشکاندن و هەرەس و لەنێوچوون و ونبوون و سڕینەوە بناسێت، یان تەنانەت بەو شێوەیە خودی خۆی نەناسیوە وەکو نەتەوە و وەکو کۆمەڵگەش هەتا ئەوەندە ماهیەت و بوونی خۆی بەلاوە گرنگ بێت، لەسەر ئەو بنەمایەش مەترسی تێکشکاندن و لەنێوچوون هێندە بەترسناک سەیر بکات و وەربگرێت. هۆی ئەمەش ئاشکرایە ئەم وەکو نەتەوە و کۆمەڵگەیەک لەبەر ئەوەی ئێستای نییە و ڕابردوویەکی گەش و پڕ لە ئامادەبوونی نەبووە و مێژوو و شارستانێتییەکی دیاری نییە ببێتە مایەی شانازی

بەخۆوەکردنی، نەیتوانیوە ئامانجی ئایندەیشی هەبێت، یان هیوا و ئاواتی گەورەی ئایندەیەکی گەشی هەبێت و بۆ ئەو مەبەستەش بەرنامە و نەخشەی دیاریکراوی هەبێت و لە هەوڵی بەئەنجام گەیاندنیدا بێت و هەمیشە لە بەردەم ئەو ئامانجەدا ترس وەکو فاکتەرێکی وریاکەرەوە زەنگی وریاکردنەوەی بۆ لێ بدات بەو مەبەستەی کە وەبیری بێنێتەوە مەترسی هەرەس و تێکشکاندن چەند سەخت و دژوارە و پێویستە بەگیانێکی بەرگری بەهێز و بەتەحەدا کردنەوە کار بکات هەتا بتوانێت ڕەگ و ڕیشەی مسۆگەرکردنی درەختی ئایندە لە ئێستادا بچەقێنێ. کورد وەکو نەتەوە لەبەر ئەوەی کە ئامانجی گەورەی بۆ ئایندەی خۆ دروست کردنەوە و خۆ سەلماندن نەبووە. ترسێکی وەها گەورەشی بەرامبەر بەئەگەری لەناوچوون نەبووە، دیارە ئاشکرایە تەنانەت وەکو تاکیش ئەگەر مرۆڤیش ئومێدی ئایندەی نەبێت و نەخشە و بەرنامەی کارکردنی بۆ داهاتووی خۆی نەبێت نە دەتوانێ کار بۆ ئایندە بکات نە جوڵە و کاریگەرییەکی ئەوتۆی دەبێت، هەمان شت بەگوێرەی کۆمەڵگەش ڕاستە. کۆمەڵگەی کوردی لەبەر ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی بەواقیعی باو ڕازی بووە. یان هەر هیچ نەبێ دژی واقیعی باو نەبووە، ئیتر نەیتوانیوە بیر لە ئایندە بکاتەوە، ترسی سەرەکیشی لەوە بووە کە ئەوەی ئێستاشی لە دەست بدات و بیدۆڕێنێ.

وەک ئاماژەمان بۆ کرد کورد لەبەر ئەوەی ڕابردوویەکی گەش و ئامادەی نەبووە و ئێستاشی نییە ترسی لەنێوچوونی دەسەڵات و شارستانی نەبووە بەڵکو ترسی ئەم تەنیا ترس بووە لە لەناوچوون، واتە چەمکی ترس لە لای ئەم کۆمەڵگەیە تەنیا لە سنووری سادە و ساکاری سروشتدا ماوتەوە واتە ترس لە لای ئەم نەتەوەیە هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبووە لە ترسی بوونەوەرانی تری نێو سروشت. واتە ترس یەک ڕەهەندی هەبووە کە ئەویش ترسی لەنێوچوون بووە، لە بەرامبەر ئەو مانایەی ترسیشدا کورد هەمان شێوەی سەرجەم بوونەوەرانی نێو سروشت یەک هەڵوێستی خودپاراستنی بووە، وەرگرتووە کە هەڵوێستی خودپاراستنیش لە ڕێگای تەحەداکردن و لە ڕوودا وەستانەوە نەبووە بەڵکو لە ڕێگای خۆشاردنەوە و خۆحەشاردانەوە بووە. لە کاتێکدا کە دەشیا کورد هەڵوێستی خۆشاردنەوە و خۆحەشاردان ڕەت بکاتەوە و بیانگۆڕێت بەهەڵوێستی خۆنمایش کردن و لە ڕوودا وەستان و تەحەداکردن. دەشێ ئەو پرسیارە سەر هەڵبدات و بڵێین ئەوە نییە کورد بەدرێژایی سەد ساڵی ڕابردوو بزووتنەوەی بەردەوامی هەبووە و لە خەباتدا بووە؟ ئەمە ڕاستە بەڵام دیسان ڕاپەڕین و بزووتنەوەکانی کورد بەشێوەیەکی گشتی ڕاپەڕین و



بزووتنەوەی بەرگری بوون. هەر لە وشەی بەرگریشەوە دەلالەتی تەواوی وشەکە و خودی بزووتنەوەکانیش دەردەکەوێت کە لە ئەنجامی ترسی لەنێوچووندا سەریان هەڵداوە و ئەگەر بەئاشکراش سەرنجی سەرجەم بزووتنەوەکانی کورد بدەین لە هەڵوێستی خۆشاردنەوە و خۆحەشارداندا بوون ئەویش لە دوو ڕووەوە. یەکەمیان سەرجەم بزووتنەوەکانی کورد بزووتنەوەی چەکداری پارتیزانی بوون کە ئەمەش بۆ خۆی زیاتر لەوەی ڕووی ئاشکرای خۆنواندن و تەحەداکردنی هەبێت ڕووی خۆشاردنەوە و خۆحەشاردانی هەیە. لە لایەکی تریشەوە لەبەر ئەوەی کە ئەم بزوتنەوانە نەیانتوانیوە سەربەخۆیی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی بکەن بەستراتیژ و بەرنامەی کاری خۆیان لەو پێناوەدا بەئاشکرا خەبات بکەن، واتە لە هەڵوێستی خۆشاردنەوەدا بوون، نەک هەڵوێستی تەحەدا. لە کاتێکدا کورد پێویستی بەوەیە کە ئەو مەترسیەی کە تاکو ئێستا ترس لای دروست کردووە بگۆڕێت بۆ هەڵوێستی لە ڕووداوە وەستان و تەحەدایەکی جیدی کە هەوڵبدات کورد لە ترساندن ڕزگار بکات و لەو دڵەڕاوکێ ئەنتۆلۆژییە دەربازی بکات و بیگەیەنێتە ئاستی دڵنیایی و یەقین، کە مەبەست لەوەش دڵنیابوون لە خودسەلماندن و یەقینی بوون بێت کە ئەویش کاتێ دەبێت کورد لە ترس ڕزگاری ببێت. کورد وەکو نەتەوە سەرباری مانەوەی لە بەردەم ترسی لەنێوچووندا تەنیا لە خەمی ئەوەدا بووە کە بژی و ئەوەی بەلایەوە گرنگ بووە بەردەوامی ژیانە نەک چۆنیەتی ژیان. واتە وەک هەر ئەفریدەبوویەکی نێو سروشت لەبەر سنووری داخراوی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردی کە پەیوەندی پەرەوازەی خێڵایەتی شێواو و تێکشکاوی دوورودرێژ و ناسروشتییە... کورد لەبەر ئەو بارە ناهەموارە مەترسی سڕینەوەشی بەلاوە هێندە گرنگ نەبووە کە وای لێ بڕوانێت هەرەشەیە لە پێکهاتەیەکی گەورەی خاوەن کەینوونە و ناسنامە. لە کاتێکدا کە ترس مانایەکی هێندە گەورە و ئاشکرای لای کورد نەبوو بێت، ئەوا لە بەرامبەردا ڕۆحی بەرگریش هێندە بەهێز نەبووە، بەڵکو تەنیا لە سنووری غەریزەی بەرگری کردندا ماوەتەوە. لە کۆمەڵگەی خێڵایەتی کوردیدا غەریزەی بەرگری کردنیش ئەوەندە بەهێز نەبووە سنووری داخراوی خێڵ ببڕێت و لەگەڵ ڕۆحی بەرگری خێڵەکانی تردا یەک بگرێتەوە و هێزێکی پتەو پێک بهێنێت و ببێتە هۆی پاراستنی سەراپای خێڵەکان واتە نەتەوە و لە قۆناغی پەڕینەوەشدا وەکو بزوێنەری مێژوو دەور ببینێت و کۆمەڵگە بەئاراستەی ئامانجی ئەوپەڕین کە دروستکردنی دەوڵەتە ئاراستە بکات. بەڵکو بەپێچەوانەوە لەبەر شێواندنی گەشەی خێڵایەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا هێزی بەرگری خێڵ بەلاوازی ماوەتەوە و تەنیا

ئامـانجـیــشی بەرگـری کـردن بووە لە بەرژەوەندی تاکـە خـێـڵـێـک. یەکـێـک لە هۆکـارە سەرەکیەکانی دروست نەبوونی هێزی بەرگری کردن لە سڕینەوە وەکو دەرئەنجامی غەریزەی بەرگری کردن لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەندە بەدروست نەبوونی فیدراسیۆنی خێڵەکانەوە لەو قۆناغەدا و بگرە تاکو ئێستاش دروست نەبوونی هێزی بەرگری گەیشتوو بەئاستی تەحەدا لە کۆمەڵگەی کوردیدا لە لایەک پەیوەندی بەباری هەست بەکەمی کردنی ئینسانی کوردەوە هەیە و لە لایەکی تریشەوە بەندە بەدروست نەبوونی ڕۆحی یەکێتی و یەکگرتنەوە لە نێو پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا کە ئێستا حزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان ئەو دەورە دەبینن کە پێشتر خێڵ و عەشیرەتەکان دەیانبینی.

ئەگەر لە سیستەمی خێڵایەتی کوردیدا فیدراسیۆنی خێڵەکان پێک بهاتبایە ئەوا غەریزەی بەرگری کردن بەهێزتر دەبوو، بەو پێیە ڕۆحی بەرگری کردنیش بەهێز دەبوو، دەشیا بگۆڕایە بۆ هێزی تەحەدا واتە هێزی بەرگری لە خۆکردنی کورد زۆر لەو هێزەی کە دەیەوێت کورد بسڕێتەوە بەهێزتر دەبوو، ئەو کاتەش لە حاڵەتی تەنیا بەرگرییەوە دەپەڕییەوە بۆ حاڵەتی خۆسەلماندن واتە بۆ حاڵەتی (بوون) کە ئەوەش قۆناغی بەرەو فۆرمەلەبوونی ڕۆحی ڕەهای کۆمەڵگەیە واتە گەیشتن بەئاستی دروست کردنی دەوڵەت.

ڕۆحی بەرگری کوردی لە مێژە ئامادەبوونی خۆی لە بەرامبەر پرۆسەکانی تێکشکاندن و لەنێوبردن و سڕینەوەدا نواندووە، ئەگەرچی جوگرافیای کوردستان دەورێکی نێگەتیفی بینیووە لە شێوازی ئاراستەکردنی ئەو ڕۆحی بەرگری کردنەدا.

بەتایبەتی تۆپۆگرافیای نالەباری کوردستان لە دوو ڕووەوە بۆتە هۆی لاوازکردنی گیانی بەرگری کوردی و بەرنامە و ستراتیژی خودپاراستنیش لە کۆمەڵگەی کوردیدا لەسەر ئەو بنەمایە و بەپێی خاڵڕێژ و دەوری ئەو تۆپۆگرافیایە دروست بووە. کە لە لایەک ئەو تۆپۆگرافیا نالەبارە بۆتە هۆی دابەش بوون و پەرش و بڵاوبوونەوەی تیر و هۆزەکانی خێڵ و لە یەکتر دووری خستوونەتەوە و پەیوەندی و یەکێتی نێوان پێکهێنەرەکانی خێڵ یان عەشیرەتی لاوازکردووە و وای کردووە هەر تیرە و هۆزێک یان تەنانەت هەر کۆمەڵە خێزانێک لە ناوچەکەدا نیشتەجێ بن و پارێزگاری لە بوون و مانەوەی خۆیان بکەن لە بری پارێزگاری کردن لە یەکێتی خێڵ و عەشیرەت و لەوەش فراوانتر پارێزگاری کردن لە یەکێتی کۆمەڵ یان نەتەوە. لەم حاڵەتەدا ڕۆحی بەرگری دووچاری لاوازی هاتووە، سەرباری بوونی ترسی لەنێوچوون بەڵام هێشتا ترس نەیتوانیوە یەکێتی لە نێو بەشەکانی



هەمان خێڵدا دروست بکات و لەوێشەوە ڕۆحی پاراستنی کۆمەڵگە دروست ببێت.

لە لایەکی ترەوە تۆپۆگرافیای نالەباری کوردستان کە لە چیای سەخت و شیو و دۆڵی قوڵ و دارستانی چڕ پێکهاتووە بۆتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤی کورد زیاتر پەنا بۆ خۆشاردنەوە و خۆحەشاردان ببات لە بری ئەوەی پەنا بباتە بەر ڕووبەڕووبوونەوە و لە ڕوودا وەستان، ئەمەش ئەوەی لا دروست کردووە کە هەر کاتێ دووچاری مەترسی بێت لە بری بەرگرییەکی ئاشکرا و بەرامبەر پەنا بباتە بەر خۆشاردنەوە خۆحەشاردان و هەر کاتێکیش بۆی ڕێککەوت لە شێوازی هێرشی کورت خایەن یان باشتر بڵێین لە شێوازی شەڕی پارتیزانیدا توانای هەڵچووی خۆی بخاتە کار و لە ئاستی هەڵچوونەوە بیهێنێتە خوارەوە.

حاڵەتی خۆشاردنەوە و خۆحەشاردان لە نێو جوگرافیا و تۆپۆگرافیای سەختی کوردستاندا جۆرێک لە یەقینی مانەوەی لای مرۆڤی کورد دروست کردووە، ئەو حاڵەتی یەقینەش شێوەیەک لە ئیکتیفای زاتی لای کورد بەگشتی دروست کردووە و گەیاندوویەتیە ئەو قەناعەتە ئەگەر گوند یان ناوچە سنوودارەکەی خۆی بپارێزێت ئەوا ئیتر بەشەکانی تری کوردستان ئەوەندە گرنگ نییە... ڕەنگە بەشێکی زۆری لەبەر نالەباری تۆپۆگرافیا ئەو حاڵەتە سەپێنراو و باڵا دەستەی جێوپۆلەتیک بێت کە وایکرد بێت کورد نکوڵی دەوڵەت دروستکردنی بەسەردا بسەپێنرێت[٦] دیارە ئەم حاڵەتەش کاریگەری سلبی لەسەر کەسێتی نەتەوەیی کورد هەبووە و لە ئەنجامی ئەوەشدا ئەم تۆپۆگرافیا نالەبارەی کوردستان بۆتە هۆی لاوازکردن و سست کردنی هێزی بەرگری. وەک لەسەرەوە گوتمان ئەویش لە لایەک بەهۆی تێکدانی یەکێتی نێوان بەشە پێکهێنەرەکانی خێڵەکانەوە ئەویش بەهۆی لێک دوورخستنەوە و پارچە پارچەکردنیان، لە لایەکی تریشەوە بەهۆی دروستکردنی حاڵەتی ئیکتیفای زاتی و ڕازی بوون بەوەی کە هەیە لای مرۆڤی کورد. هەروەک خودی تۆپۆگرافیای کوردستان لەبەر سەختی و ئاڵۆزییەکەی بۆتە هۆی کەمکردنەوەی ترس لە لای مرۆڤی کورد چ وەک تاک و چ وەک کۆمەڵ چونکە ئەو تۆپۆگرافیا نالەبار و سەختە لە کاتی هەر مەترسیەکدا بۆتە پاڵپشت و لانە و حەشارگە بۆ مرۆڤی کورد و خۆی تێدا پاراستووە، لە حاڵەتێکی لەم جۆرەشدا ترس وەکو حاڵەتێکی هەڵچوو دامرکاوەتەوە و نەگەیشتۆتە ئاستی دروستکردنی کاردانەوەیەکی بەهێزی ڕۆحی و تەحەداکردنی کە لەوێشەوە کۆمەڵگەی کوردی بەرەو ئاستی خود سەلماندن و دروستکردنی دەوڵەت هەنگاو بنێت. واتە لە بری خۆحەشاردان لە بەرامبەر ترسدا هەڵوێستی خۆنمایش کردن و

خۆسەلماندن دروست ببێت کە ئەویش بریتییە لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەمەلایەنەی کورد بەرامبەر بەهۆکارەکانی تێکشکاندن و گواستنەوەی مێژووی بەرگری کردنی کوردی لە حاڵەتی خودپاراستن و پارێزگاری کردن لە بوونەوە بۆ هەڵوێستی تێپەڕاندن واتە تەحەدا کردن و خودسەلماندن.

سەرباری نالەباری تۆپۆگرافیای کوردستان ڕۆحی بەرگری کوردی لە دێر زەمانەوە ئامادەبوونی خۆی لە بەرامبەر پرۆسەکانی تێکشکاندن و لەنێوبردن و سڕینەوەدا نواندووە، ئەگەرچی جوگرافیا و تۆپۆگرافیای نالەباری کوردستان بەشێکی زۆری هێزی بەرگری کردنی بەفیڕۆ داوە لە پێناوی دابینکردنی ژیاندا لەو سروشتە نالەبارەدا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێزی بەرگری هەرگیز نەگەیشتۆتە ئاستی لەنێوچوون ئەگەرچی زۆرجار دووچاری هەرەس هاتبێت. لە مێژووی نوێی کوردستاندا کە زیاتر مەبەستمان مێژووی سەدەی بیستەمە کە تیایدا بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد سەری هەڵداوە و سەرباری چەندین هەرەس و تێکشکاندنیش دیسان هەر دروست بۆتەوە ئەگەرچی لە هەندێ کاتدا گەیشتۆتە سەر لێواری مەرگ واتە لەو حاڵەتانەدا ترس بەئاراستەیەک ڕۆیشتووە لە بری بەرگری نزیک بووە لەوەی کە کۆمەڵگەی کوردی خۆی بداتە دەستی ئەمری واقیع و بەمەرگی مەعنەوی خۆی ڕازی بێت، بەڵام لە ساتی ئەو هەرەسانەدا لە دەرەوە و لە ڕووکەشی کۆمەڵگەدا، ترس لە ناوەوە ڕۆحێکی بەهێزی بەرگری کردنی دروست کردووە کە بۆتە هۆی زیندووکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردی.

سەرجەم ئەو ڕاپەڕینانەی یان ئەو بزووتنەوە چەکدارانەی لە کوردستاندا دەرکەوتوون کاردانەوە بوون بەرامبەر بە(ترس) واتە ترسی لەنێوچوون کە بۆ مەبەستی خود پاراستن و خود هێشتنەوە دروست بوون. سەرباری ئەوەی کە هیچ کام لە بزووتنەوەکانی کورد تاکو ئێستا نەیتوانیوە کورد لە حاڵەتی ترساندن ڕزگار بکات. بەڵام لە هەمان کاتدا خودی ئەو بزوتنەوانە فاکتەرێک لە پشتەوە دروستی کردوون و ئاراستەی کردوون کە فاکتەری ترسە. هەر بۆیە خودی بزووتنەوەکان خاسیەتی بزووتنەوەی بەرگریان هەبووە لە بری ئەوەی خاسیەتی خۆسەلماندنیان هەبێت، مەبەست لە (خاسیەتی بەرگری)یش ئەوەیە کە مەبەستیان پاراستنی ئەوە بووە کە هەیە. بەڵام (خاسیەتی سەلماندن) مەبەست لە جۆرێک لە پرۆژەیە کە بتوانێت نەتەوە لە حاڵەتی شکست و نائامادەبوون و ترس دەرباز بکات و بیگەیەنێتە حاڵەتی بوون و ئامادەبوون و خۆنواندن و خۆسەلماندن، کە ئەمەش حاڵەتێکە



لەگەڵ خۆیدا لە بری گیانی بەرگری گیانی تەحەدا دەهێنێت، ئەوەش بەئاراستەی بڵندبوونی ڕۆحی کۆمەڵایەتی کوردی بەرەو لوتکە کورد ئاراستە دەکات کە ئەنجامەکەی بەدروستبوونی دەوڵەت کۆتایی دێت. ترس لە مێژووی کوردا تاکو ئێستا لەو ئاستەدا بووە کە لە بەرامبەر خۆیدا تەنیا گیانی بەرگری دروست کردووە، بەڵام دەشێ گیانی بەرگری لە جۆرێک لە بڵندبووندا بگۆڕێت بۆ گیانی لە ڕوودا وەستان و خودسەلماندن و کورد لە بری ئەوەی لە خەمی پاراستنی ئەوەدا بێت کە هەیەتی بکەوێتە خەمی ئەوەی پرۆژەی گەوهەری خۆبیناکردنەوە دروست بکات و بوونی خۆی بسەلمێنێت. کە لە حاڵەتێکی لەم جۆرەشدا هیچ بوار و پانتاییەک بۆ (ترس) نامێنێتەوە و حاڵەتی (بەزین) لە کەسێتی کورددا دەسڕێتەوە و دەبێت بەحاڵەتی خۆنواندن و خۆسەلماندن. هەر کاتێ کۆمەڵگەی کوردی لەو حاڵەتی هەست بەبەزین کردنەوە گواسترایەوە بۆ حاڵەتی هەست بەخۆکردن مانای وایە لە قۆناغی بەرەو خۆسەلماندنی دەستی پێکردووە. ئەوەش ئەو ئاستەیە کە ساتەوەختی ترس کۆتایی دێت و لە بەرامبەریشیدا بەرگری بەشێوە کۆن و تەقلیدییەکەی نامێنێت بەڵکو دەگۆڕێت بۆ حاڵەتی خۆسەلماندن و خۆنواندن و خۆ بنیاتنان.

بەگوێرەی کۆمەڵگەی کوردی هەتا ساتەوەختی ڕاپەڕینی جەماوەریی ئازاری ١٩٩١ کورد لە بەرامبەر ترسدا تەنیا توانیویەتی بەرگرییەکی لاواز بکات تەنیا بۆ ئەوەی لەنێو نەچێت، یان بەرگری لە ئەنجامی مەترسی سەختی لەنێوچووندا دروست بووە، بەڵام لە ڕاپەڕیندا شێوازی بەرگری کوردی جۆرە گۆڕانکارییەکی بەسەردا هات. ڕاپەڕین (نا)یەکی بەهێز بوو بەڕووی پرۆسەی شکست و لەنێوچووندا و بڵندبوونی ڕۆحی کوردی بووە بەرەو لوتکە یان بەئاراستەی ڕەهابوون. ئەگەرچی بەئاوەژوو مامەڵە کردنی بزووتنەوەی کوردی لەگەڵ ئەو ڕۆحە بڵندبووەی بەرگریدا و نەتوانینی گواستنەوەی بۆ ئاستی خۆسەلماندن لە ساتەوەختی ڕاپەڕیندا ئەو ڕۆحە هەڵچووەی دووچاری شکست کرد و بەرەو کپ کردنەوەی برد کە ئەویش بەکارەساتی هەرەس پێهێنانی ئەو ڕۆحە هەڵایساوە کۆتایی هات و لە کۆڕەودا کە پراکتیک کردنی ئەو هەرەسە بوو خۆی بینییەوە. ئەگەر ڕاپەڕین جۆرێک لە تەحەداکردن بووبێت لە مێژووی کورددا کە کوردی لە حاڵەتی بەرگری کردن لە لەناوچوونەوە گواستبێتەوە بۆ خۆسەلماندن و بالا دەست بوون بەسەر داگیرکەردا و لە ڕووی جوگرافی و سەربازییەوە بەشێک لە وڵاتەکەی ڕزگار کردبێت. کە بەوەش لە ڕووی خۆسەلماندنەوە خۆی بۆ دنیا نمایش کردبێت، ئەوا کۆڕەو ئەو کارەساتە بوو کە لە بری ئەوەی کورد بەو پرۆسە شۆڕشگێڕییەی ڕاپەڕین خۆی بۆ دنیا بسەلمێنێ و سەرنجی دنیا بەلای

خۆیدا ڕابکێشێت، ئەوا کۆڕەو ڕۆحی بڵندبووی کوردی کپ کردەوە و کوردی خستە حاڵەتێکی زۆر لاوازەوە کە ئەویش حاڵەتی خۆ ئامادەکردنێکی موتڵەق بوو بۆ بەزەیی پێدا هاتنەوە. واتە لە کۆڕەودا کورد لە حاڵەتی بەزەیی پێدا هاتنەوەدا سەرنجی دنیای بۆ خۆی ڕاکێشا کە حاڵەتی یەکەمیان واتە سەرنج ڕاکێشانی دنیا بۆ کورد لەبەر ڕاپەڕین و خۆسەلماندنی حاڵەتێکە دۆزی کورد وەکو دۆزێکی سیاسی لەبەردەمی دنیادا نیشان دەدات بەلام حاڵەتی دووەمیان واتە حاڵەتی کۆڕەو دۆزی کورد وەکو دۆزێکی ئینسانی نیشان دەدات واتە وەکو مەسەلەی هەر دەستە و دەستە و تاقمێکی ئیتنیکی کە بەر کارەساتی لافاو و بوومەلەرزە و زریان کەوتبن. دیارە ئەم دوو حاڵەتەش زۆر لە یەکتر جیاوازن و لە یەکەمدا خۆسەلماندن هەیە و لە دووەمیشدا ڕوخاندن.

بەهەرحاڵ کۆڕەو بریتی بوو لە هەرەس و شکستی ڕۆحی هەڵچووی کۆمەڵگەی کوردەواری، بەلام سەرباری شکستێکی لەم جۆرەش دروستکردنەوەی ئەو ڕۆحی بەرگرییە و گواستنەوەی بۆ ئاستی خۆسەلماندن کارێک نییە وەکو وەهم یان تراویلکەی دوور لە دەست پێگەیشتن لێی بڕوانرێت. لەبەر ئەوە مەترسی تێکشکاندن و لەنێوچوون و سڕینەوە هێشتا بەردەوامە و لەبەر ئەوەی هێشتا کورد نەبۆتە خاوەنی بوون و ناسنامە کەواتە هۆکاری (ترس) لە حاڵەتی ئامادەبووندایە. کەواتە لە بەرامبەر ئەو ترسەشدا (ڕۆحی بەرگری) هێشتا زیندووە و ئامادەبوونی هەیە کە دەشێ لە هەندێ بارودۆخی تایبەتیدا لە پڕۆسەی بڵندبووندا دەربکەوێت و ئەو کاتەش بەرەو ساتەوەختی خۆسەپاندن و خۆسەلماندن بچێت. لە هەلومەرجێکی لەم جۆرەشدا دەشێ بەگوێرەی کۆمەڵگەیەکی وەک کۆمەڵگەی کوردی دەوری حزب زۆر گرنگ بێت، ئەگەر ئەو حزبە بەپێی بۆچوونەکەی گرامشی کۆرپەی دەوڵەتی لە هەناویدا هەڵگرتبێت. واتە دەوری حزبی خاوەن بەرنامەی ئایندەیی کە دوا پلەی بەرنامەکەی بریتییە لە دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی زۆر گرنگە بۆ ڕێکخستنی ئەو ڕۆحە هەڵچووەی کۆمەڵگە و ئاراستە کردنی بەرەو بنیاتنانی دەوڵەت. یەکێک لە هۆیەکانی شکستی ڕاپەڕینی جەماوەری کورد نەبوونی حزبی خاوەن بەرنامەی دەوڵەت بوو لە کوردستاندا هەتا یەکگرتن لە نێوان ڕۆحی هەڵچووی کۆمەڵگە و بەرنامەی ئەو حزبەدا دروست ببوایە و دەوڵەت دروست بکرایە لەو سەربەخۆبوونەدا.



### پەیوەندی بڵندبوونی ڕۆحی کۆمەڵایەتی و باوکی ڕۆحی

وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد لە تێڕوانینی هیگڵەوە لە بەرزترین ئاستی بڵندبوونی ڕۆحی کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگەیەکدا لە شێوە سروشتییەکەیدا دەبێت دەوڵەت دروست ببێت. لێرەدا ئەو پرسیارە خۆی دەسەپێنێت لە کاتێکدا کە کۆمەڵگەی کوردی تاکو ئێستا نەگەیشتبێتە ئاستی پێکهێنانی دەوڵەت کەواتە ئاخۆ ڕۆحی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی پڕۆسەی بڵند بوونی بەخۆیەوە بینیووە؟ ئەگەر بینویەتی ئایا بۆچی نەگەیشتۆتە بەرزترین ئاستی کە ئەویش حاڵەتی (ڕەهایی) ئەو ڕۆحەیە کە ئەنجامەکەی بەدروستکردنی دەوڵەت کۆتایی دێت.

لە لایەکی ترەوە کۆمەڵگەی ڕۆژهەلاتی سەرباری ئەوەی کە کۆمەڵگەیەکە ڕۆح پانتاییەکی فراوانی تیادا داگیر کردووە. بەهەمان شێوە لە ڕووی بنیاتی پێکهێنەرەوە ئەم کۆمەڵگەیە بەسروشتی پانتاییەک بووە بۆ دەرکەوتنی باوکی ڕۆحی. هەڵبەت مەبەست لە باوکی ڕۆحی ئەوکەسێتیەیە کە سیمایەکی ئەفسانەیی هەیە و هەموو ڕۆحی کۆمەڵگە لە خۆیدا کۆدەکاتەوە و بوونی کۆمەڵگە لە بوونی ئەودا ئامادەبوونی تەواوی هەیە و بەهەمان شێوە وێنەی ئەو لە پانتایی هەست و نەستی سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵگەکەیدا ئامادەبوونی هەیە و ئەو ئامادەبوونەش شێوازێکی ئەفسانەیی و لە هەمان کاتدا ڕۆحی مەعنەویە و کۆمەڵگە وا لە خۆی دەڕوانێت ڕۆحی زیندەگانی ئەم لە ماهیەت و ئامادەبوونی ئەو باوکەوە سەرچاوە دەگرێت، ڕاستە دەرکەوتنی باوکی ڕۆحی لە کۆمەڵگەدا پەیوەندی بەهەندێ بنەمای نادیارەوە هەیە بەلام لە هەمان کاتدا دەوەستێتە سەر کۆمەڵێ بنەمای ئامادە لە بوونی ئەو کەسێتیەدا کە لە سادەترین حاڵەتیدا دەبێ سەرجەم ویست و حەز و ئارەزوو و داواکانی کۆمەڵگەی لە بوونی خۆیدا کۆکردبێتەوە و کەسێتی ئەو یەکسان بێت بەکەسێتی هەموو کۆمەڵگە واتە هەموو ئەندامێکی ئەو کۆمەڵگەیە بەبەشێک لە خۆی بزانێت. ئەوەی پێی دەگوترێت جیاوازی چینایەتی و فیکری و ئایدیۆلۆژی، ئەوەی کە پێی دەوترێت جیاوازی ئەسڵ و نەسەب لە تێڕوانینی ئەمدا بوونی نەبێت و سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵگە لە تێڕوانینی ئەمەوە یەکسان بن. ئەگەر کەسێتی باوک خاوەنی ئەم سیفاتانە بێت ئەوا پانتایی هەست و نەستی کۆمەڵگە بەگشتی و لە کۆنەستی کۆمەڵایەتیدا بەتایبەتی هێزی سیحری وەها بۆ ئەو کەسێتە دروست دەبێت کە شایانی ئەوە نەبێت بخرێتە بەردەم هەڵسەنگاندن و کێشانەوە، بەڵکو سەرجەم کۆمەڵگە

وەکو ڕۆحێکی باڵا بەبێ هیچ ڕەخنە و ڕەتکردنەوەیەک وەری دەگرن و لە سەرووی خۆیانەوە دایدەنێن. باوکی ڕۆحی لەم جۆرە لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیدا لە دێرزەمانەوە ئامادەبوونی هەبووە و کۆمەڵگەیشی گەیاندۆتە بەرزترین ئاستی کە ئەویش دروست کردنی دەوڵەتە.

لە مێژووی کۆمەڵگەی کوردەواریدا تاکو ئێستا باوکێکی ڕۆحی کە سەرجەم سیفاتەکانی ئەو باوکەی هەبێت کە کۆمەڵگە بگەیەنێتە بەرزترین ئاستی و لە بوونی ئەودا یەکگرتن لە کۆمەڵگەدا دروست بووبێت و ئەو باوکە بووبێتە هۆکاری یەکگرتن (توحید) و لەوێشەوە ڕۆحی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە و ڕۆحی خاوێن و بەرزی باوکی ڕۆحییەکی گرتبێتەوە و بەرەو لوتکە پێکەوە ڕۆیشتبن هەتا گەیشتن بەئاستی دروست کردنی دەوڵەت لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ئەوە ڕووی نەداوە. بەهەرحاڵ هەرچۆن ڕۆحی کۆمەڵایەتی کوردی تاکو ئێستا لە حاڵەتی بڵندبوونیدا نەگەیشتۆتە ئاستی پێکهێنانی دەوڵەت، بەهەمان شێوە باوکی ڕۆحیش لە مێژووی کورددا بەو شێوەیە دەرنەکەوتووە کە ڕۆحی ڕەهای کۆمەڵگە لە خۆیدا کۆبکاتەوە و بنیاتی دەوڵەتی کوردی بنێت. بەمانایەکی تر تاکو ئێستا باوکی ڕۆحی لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەو شێوەیە دروست نەبووە کە هەڵگری پەیامی دەوڵەت بێت. ڕاستە ئەم حاڵەتە لە مێژووی کورددا درێژەی کێشاوە و لەسەر شێوەی کۆمەڵگەکانی تری ڕۆژهەڵات باوکی ڕۆحی بەهەموو خاسیەتەکانیەوە تیا دەرنەکەوتووە بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە مادەم لە بنەڕەتەوە باوکێکی بەو جۆرە (تەواو) دەرنەکەوتووە ئیتر هیچ بوارێک نەماوەتەوە بۆ دەرکەوتنی باوکێکی ڕۆحی ئەوتۆ کە بتوانێت ڕۆحی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە لە خۆیدا کۆبکاتەوە و بەرەو ڕەهابوون ئاراستەی بکات. ئەوەتا هیگڵ دەڵێت: دیارە بەرەو پێشەوە چوون لە بوونی فیعلیدا لە شتی ناتەواوەوە بەرەو شتی تەواو دەچێت[٧] هەر بەم پێیە هەموو پرۆژەیەک لە هەنگاوی سەرەتایی و سادەوە دەست پێدەکات، دەرنەکەوتنی باوکی ڕۆحی بۆ کۆمەڵگەیەکی پاشکەوتوو و پارچە پارچە کە ڕۆحی کۆمەڵایەتی تیایدا سەرکوت کراوە و سست بووە یان تووشی لادان هاتووە، کە لێرەدا مەبەستمان کۆمەڵگەی کوردییە، دەشێ پەیوەندی بەماهیەتی کۆمەڵایەتی ئەم کۆمەڵگەیەوە هەبێت. دەرکەوتنی باوکێکی ڕۆحی کە بتوانێت ڕۆحی بەرەو پێشەوە چوون و یەکبوون لە خۆیدا کۆبکاتەوە و کۆمەڵگە بەو ئاقارەدا ئاراستە بکات وەکو پرۆژەیەکی گەورە لێی دەڕوانرێت، ئەگەرچی ڕەنگە ئەم بۆچوونە بەکۆنەپەرستی و پاشڤەڕۆیی لێک بدرێتەوە، بەڵام بەکۆمەڵگەیەک کە گەشەی کۆمەڵایەتی



تیایدا گەشەیەکی ناسروشتییە و بەو پێیەش بزوێنەری مێژوو دەبێ جیاواز بێت لە بزوێنەری مێژوو لە کۆمەڵگە گەشە ئاساییەکاندا ئەوا قسەکردن لەسەر دەرکەوتنی باوکی ڕۆحی بۆ کۆکردنەوەی ڕۆحی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە لە کەسێتی خۆیدا و ئاراستەکردنی ئەو ڕۆحە هەڵچووە بەرەو بەرزترین ئاستی کە ئاستی پێکهێنانی دەوڵەتە دەشێ یەکێک بێت لە دەروازەکان کە تیایدا جۆرێک لە بزوێنەری مێژوو خۆی نیشان بدات، کە بێگومان گەوهەری ئەو بزوێنەرەش لە سنووری ڕۆحدایە، کە لێرەدا مەبەستمان ڕۆحی کۆمەڵایەتیە و دەشێ سەرچاوەی ئەو ڕۆحە کۆمەڵایەتیەش پەیوەندی بەپێداویستیە مادی و مەعنەوییەکانی مرۆڤەوە بەگشتی هەبێت. چالاکییەکانی مرۆڤ لە پێداویستی و هەڵچوون و بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی مرۆڤ خۆیەوە سەرچاوە دەگرن[٨] تا ئەو ئەندازەی کە هیگڵ پێی وایە کە: بزوێنەری مێژوو بریتییە لە تێرکردنی ئارەزووە خودییەکان[٩] هەڵبەت ڕەفتار و هەڵسوکەوتی مرۆڤ پەیوەندییەکی زۆریان بەو ئارەزووانەوە هەیە. بێگومان گەورەترین ئارەزووش ئارەزووی سەربەستی و گەیشتنی ڕۆحە بەپلەی ڕەهای خۆی کە ئەو ئارەزووەش ملکەچی بەردەم هیچ یاسا و دەستوور و داب و نەریتێک نابێت ئەگەر (پێویستی) لە پشتییەوە ڕاوەستا بێت، هەربۆیە لە کاتێکدا ڕۆحی کۆمەڵایەتی کوردی و ڕۆحی باوکی ڕۆحی کۆمەڵگەی کوردی ئەگەر ئەو باوکە بوونی هەبووایە پێکەوە دەرکەوتنایە، ئەوا پێڕەوی هیچ بەربەست و ئاستەنگێکی دەرەکیان نەدەکرد و ڕاستەوخۆ بەرەو پلەی ڕەها کۆمەڵگەیان ئاراستە دەکرد کە ئەویش ئاستی پێکهێنانی دەوڵەتە.

بەڵام لە حاڵەتی ئێستادا نە ڕۆحی کۆمەڵایەتی لە پرۆسەی بڵندبوونی خۆیدا گەیشتۆتە ئەو حاڵە، نە باوکی ڕۆحی کوردیش ئێستا ئامادە بوونی هەیە هەتا ببێتە هۆکاری یەکگرتن و یەکخستنی ڕۆحی پەرتبووی کۆمەڵایەتی و بەرەو ئەو لوتکەیە کۆمەڵگە ئاراستە بکات. ئەگەرچی پێداویستی کورد بەدەوڵەت ئێستا لە ڕووی ڕۆحیەوە پێداویستییەکی مەودا قوڵە و هەتا دەوڵەت پێک نەیەت ڕۆحی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی ڕۆحێکی سەرکوتکراو دەبێت و ماهیەتی خۆی دەرناخات و ناسەپێنێت چونکە بەبێ ئازادی ناشێت ڕۆحی کۆمەڵایەتی گوزارشت لە خۆی بکات.

بەھەرحاڵ دەشیا لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ڕۆحی کۆمەڵایەتی لە پرۆسەی بڵندبووندا کۆمەڵگەی بگەیاندایەتە ئاستی پێکھێنانی دەوڵەت بەڵام تاکو ئێستا ڕۆحی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی لە پرۆسەی بڵندبووندا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە، لە لایەکی ترەوە دەشیا باوکی ڕۆحی لەم کۆمەڵگەیەدا دەرکەوتایە و کەسێتی کۆمەڵگە و ڕۆحی کۆمەڵگەی لە خۆیدا کۆبکردایەتەوە و کۆمەڵی بەرەو بنیاتنان و گەیشتن بەئاستی دروست کردنی دەوڵەت ئاراستە بکردایە. بەڵام تاکو ئێستا ھیچ کام لەم دوو حاڵەتە دەرنەکەوتوون.

### سەرچاوەکان

١- بیار کلاستر – مجتمع اللادوله – ترجمه الدکتور محمد حسین دکروب– المؤسسه الجامعیه للدراسات و النشر – ١٩٨١ – ص ٣٠.
٢- هيغل – العالم الشرقي – ترجمة امام عبدالفتاح امام – بيروت ١٩٨٤ – ص ١٦.
٣- افلاطون – الجمهورية – ترجمة حنا خباز – الطبعة الاولى ١٩٦٩ ص ١٣٢.
٤- هيغل – نفس المصدر السابق ص ٩.
٥- مطاع صفدي – استراتيجية التسمية في نظام الانظمة المعرفية – دار الثقافة العامة – الطبعة الثانية ١٩٨٦ – ص ١٤٩.
6- John Bulloch and Harvy Morris - No Friends But The Mountains - Penguin Book 1993 - p.p - 73 - 74.
٧- هيغل – محاظرات في فلسفة التأريخ – الجزء الاول – العقل في التآريخ – ترجمة امام عبدالفتاح امام – دار التنوير – ص ١٠٣.
٨- هيغل – نفس المصدر السابق ص ٥٠.
٩- هيغل – نفس المصدر السابق ص ٥٠.

**بەشی پێنجەم**

# پەرتبوون

### ١- کۆسپی بەردەم دروستبوونی دەوڵەت

یەکێک لە بنەما سەرەکی و پێویستەکان کە دەشێت وەکو زەمینەی بنەڕەتی بۆ دروستبوونی دەوڵەت حساب بکرێت دەرکەوتنی کۆمەڵگەیە وەکو یەکەیەکی پتەو. سەرباری ئەوەی کە هەر کۆمەڵگەیەک لە چەندین چین و توێژی کۆمەڵایەتی جیاواز پێکهاتووە یان بنەمای پێکهێنەری کۆمەڵگە دەشێ بریتی بێت لە یەکەکانی خێڵ و عەشیرەت بەڵام هێشتا و سەرباری ئەم پێکهێنەرانە لە ڕووی سروشتییەوە کۆمەڵگە یەکگرتوو دەبێت وەکو یەکەیەک دەردەکەوێت، ڕاستە لە نێو خودی هەر کۆمەڵگەیەکدا ململانێی ناوخۆیی بەهێز دەبێت، بەڵام ئەو ململانێیانە تەنیا لە سنووری داخراوی کۆمەڵگە خۆیدا دەبێت و هەندێ جار هەر خودی ئەو ململانێ ناوخۆییانەی کۆمەڵگە جوڵێنەری سەرەکی کۆمەڵگە دەبێت بۆ بەرەو پێشەوە چوون.

لە کاتێکدا بوونی حاڵەتی یەکبوون و یەکگرتن هێندە گرنگە هەتا ڕۆحی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە بەیەک ئاراستە بڵند ببێت، بەهەمان پێوانە بەڵام بەئاراستەیەکی پێچەوانە پەرتبوون و دابەشبوون و لێک بچڕاندن و دابڕانی بەشەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە سەرجەم لایەنە جۆراوجۆرەکاندا زیانی گەورەی لە زەمینە خۆشکردنی بۆ ڕەخساندنی دروستبوونی دەوڵەت و گەیشتنی کۆمەڵگەی کوردی بەئاستی پێکهێنانی دەوڵەت داوە. ئەگەر سەرنجی بواری کەلتوری و ئایینی و جوگرافی و سیاسی و بنەماکانی پێکهێنەری کۆمەڵگەی کوردی بدەین ئەوا بۆمان دەردەکەوێت هیچ کام لەو فاکتەرانەی کە لە کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکانی دنیادا بوونەتە بنەمای یەکبوون و یەکگرتن لەم کۆمەڵگەیەدا ئەو دەورەیان نەبینیوە و بگرە زۆربەی کات بەئاراستەیەکی پێچەوانەش کاریان کردووە و بوونەتە هۆی



پەرت بوون و دابڕان و دابەشبوون کە هەریەکە لەم حاڵەتانەش بەدژی ئاراستە بوونی ڕۆحی کۆمەڵگە بوون بەرەو ڕەهابوون و پێکهێنانی دەوڵەت.

بەگوێرەی کۆمەڵگەی کوردی بەدرێژایی مێژوو کەلتور نەبۆتە توخمێک کە زەمینەی ڕۆحی و مەعنەوی بۆ یەکبوون بڕەخسێنێ. بۆ نموونە هەر لە سەروەختی دەوڵەتی میدەوە تاکو ئێستا کەلتوری کوردی نەبۆتە خاوەنی ناسنامەیەکی نەتەوەیی دیاری ئەوتۆ کە سەرجەم خاسیەت و بنەماکانی کەلتوری نەتەوەیی پێوە دیار بووبێت و خاسیەتە نەتەوەییەکانی خۆی پاراستبێت، بۆ نموونە ئامرازی دەربڕینی کەلتور و بنیاتنانی کەلتور زمانە، بێگومان کەلتوری نەتەوەییش دەبێ بەزمانی نەتەوە بنوسرێتەوە، بەڵام مێژووی نووسین بەکوردی لە چاو درێژەی مێژووی زانراوی کورددا زۆر نوێیە کەواتە هەر لە بنەڕەتەوە کەلتوری کوردی سیمایەکی ئاشکرای نەتەوەیی نەبووە چونکە بەزمانی نەتەوایەتی کورد بەرجەستە نەبووە، لە قۆناغەکانی دواتریشدا و لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی لە لای نەتەوە و کۆمەڵگەکانی دراوسێی کورد جۆرێک لە پڕۆسەی کۆلۆنیالیکردنی کەلتور دەرکەوتووە و دەستی پێکردووە کە ئامانجی سەرەکیش لەو پڕۆسەیە ڕێگا گرتنە لەوەی کە کەلتوری نەتەوەیی پێک بێت و ببێتە فاکتەری یەکبوون و یەکگرتنی هەموو کورد. دیارە لە مێژووی سەدەی بیستیشدا ئاشکرایە کە کەلتوری کوردی نەیتوانیوە ناوەندێک بۆ خۆی دروست بکات و ببێتە خاوەنی کەسێتی نەتەوەیی خۆی. دیارە هۆکاری سیاسی لەو بوارەدا دەوری کاریگەری گێڕاوە. هەرچۆن لە دێرزەمانەوە و لە دوای تێکشکاندنی دەوڵەتی ماد و بەر فەتح کەوتنی کەلتوری نەتەوەکانی غەیری عەرەب لە نێو ئەوانەشدا کورد کە بەتایبەتی ئایینی دێرینی گەلانی ئێرانی بەفارس و کورد و ئەوانی تریشەوە هەر لە ئایینی زەردەشتی و مانی و مەزدەکی تێکشکاوە و ئایینی ئیسلام جێگایانی گرتۆتەوە. ئیتر ئەو ئایینەی کە کورد لە پێش ئایینی ئیسلامدا پەیڕەوی کردووە نەیتوانیووە ببێتە فاکتەری یەکبوون و پارێزەری یەکێتی نەتەوەیی کورد، هەرچۆن ئایینی ئیسلام بۆتە فاکتەری یەکبوون و یەکگرتنی عەرەب. لە دوای ئەوەش کە کورد وازی لە ئایینی پێشتری خۆی هێنا و چووە سەر ئایینی ئیسلام و بووە هەڵگری پەیامی ئیسلام نەیتوانی ئیسلام بکاتە بنەما بۆ یەکبوون و یەکگرتنی نەتەوایەتی کورد. بەواتا ئیسلام بەگوێرەی کورد لە ڕابردوودا نەبووە بەپەیامی یەکبوون، ڕەنگە ئەوەش بگەڕێتەوە بۆ هۆکاری جیاوازی مەزهەب و دابەشبوونی کورد لە نێو چەند مەزهەبێکی ئیسلامدا. بەتایبەتی مەزهەبەکانی سوونە و شیعە. ئەمە سەرباری ئەوەی کە کورد لە بەئیسلامبوونی

بەتەواوی لە نێو پەیامی ئیسلامدا تواوەتەوە و تەماهی لەگەڵ ئەم ئایینە نوێیەدا کردووە و بۆتە بەشێک لە ئومەتی ئیسلامی واتە لە بری ئەوەی پەیامی ئیسلام بکات بەبنەما بۆ یەکبوون و یەکگرتنەوەی وەکو یەکەیەکی سەربەخۆ بەڵام خۆی بۆتە بەشێک لە یەکەیەکی گەورەتر و بنەماکانی یەکبوونێکی باڵاتر بەگوێرەی ماهیەتی ئەم پەیامە ئایینییە کە ئەو یەکەیەش بریتییە لە ئومەتی ئیسلام. بەواتا ئیسلام بەگوێرەی کورد نەبووە بەبنەمای یەکبوون و هەتا لە ئەنجامی ئەو یەکبوونەشدا ڕۆحی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی بەرەو بەرزترین ئاستی بڵند ببێت و بگاتە ئاستی پێکهێنانی دەوڵەت. دیارە بەپێچەوانەی ئەم بۆچوونەوە ڕای لەو جۆرەش هەیە کە زۆربەی ئەو نەتەوانەی چوونەتە سەر پەیامی ئیسلام لە بری ئەوەی ئەو یەکێتییە گەورەتر و پتەوتر بکەن بەڵام لاوازتریان کردووە، چونکە بەجیدی لەگەڵ ئاراستەی ئیشکردنی شارستانێتی عەرەبی ئیسلامیدا نەگونجاون و تەماهی هەتاییان لەگەڵدا نەکردووە و سەرهەڵدانی چەندین هەڵگەڕانەوە لە دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامی بەڵگەی زیندوون بۆ پەرتبوون و جیابوونەوە لەو یەکەیە یان لەو یەکبوونە کە ئومەتی ئیسلامی پێکهێناوە.

گرفتی کورد لە درێژەی مێژوودا ئەوە بووە کە لە ئەسڵ و بوونی خۆی پەرت کراوە و بەئاسانیش نەیتوانیوە بگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەسڵە و زیندووی بکاتەوە ئەوەش لە لایەک لە ژێر کاریگەری لاوازی خودی کوردیدا بووە وەکو فاکتەری زاتی و لە لایەکی تریشەوە بەهۆی کۆلۆنیالیکردنی کەلتوری و سیاسی و ئابووری و سەربازییەوە بووە کە ئەمەش بنەماکانی سەربەست بوونی ڕۆحی کۆمەڵایەتی کوردی لاواز کردووە و لە ئاکامیشدا بۆتە هۆی دواخستنی بڵندبوونی ئەو ڕۆحە کۆمەڵایەتیە و ئاراستە بەستنی بەرەو پلەی ڕەهای کە ئەویش لە دروستبوونی دەوڵەتدا خۆی دەبینێتەوە. لە بارەی دواکەوتنی عەرەبەوە دکتۆر بورهان غلیون دەڵێت: دواکەوتنی دنیای عەرەب لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شتانەی دووچاری بووە لە ڕابردوودا و هەروەها ئەو کۆلۆنیالیکردنەی بێگانە و ڕۆژئاوا کە تاکو ئێستاش بەردەوامە. ئیتر ئەو کۆلۆنیالیکردنە فیکری بوو بێت و بووبێتە هۆی نامۆ بوون و هەڵوەشاندنەوەی ڕۆحی و ئەخلاقی یان کۆلۆنیالیکردنی سیاسی و ئابووری بووبێت کە بۆتە هۆی ڕوخاندنی ژێرخانی ئابووری و بەرهەم هێنان و بنیاتی کۆمەڵایەتی هەڵوەشاندبێتەوە[١] ئەگەر بۆ عەرەب کە خاوەنی کەلتوری ئیسلامی و میراتێکی دەوڵەمەندی فیکرین بەو جۆرە ترسناکە لە کاریگەری داگیرکردن بدوێین، دەبێ کاریگەری داگیرکردنی دوورودرێژی کوردستان چ دەورێکی چالاکی بینیبێت لە دواخستنی ڕێنساسی



کوردی و تێکدانی بنەماکانی یەکبوون و زەمینە تێکدان بۆ ئاراستەکردنی ڕۆحی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی بەرەو بڵندبوون. کەواتە بەئاشکرا دەتوانین ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە هۆکاری کۆلۆنیالیکردن دەورێکی هێجگار سەرەکی بینیوە لە پەرت کردنی هەمەلایەنەی کورددا و زەمینەی خۆشکردووە بۆ پەرتبوونی ڕۆحی کە ئەوەش بەئاراستەی دژ بەپرۆسەی یەکبوون و یەکگرتنەوەیە. هەرچۆن کۆلۆنیالیکردنی دوورودرێژی کوردستان دەوری کاریگەری بینیووە لە دەستەمۆکردنی ئینسانی کورددا و لەسەر ئەو بنەمایەش ڕاهێنانی بۆ تەماهی کردنی تەواوەتی لەگەڵ کەلتوری ئەوانی تردا و کوشتنی ئارەزووی گەڕانەوە بۆ ناو یادوەری و ماهیەت و بوونی ڕابردووی خۆی، ئەگەر نەتەوەیەک بەو ئەندازەیە لە بنەماکانی بوونی نەتەوایەتی خۆی پەرت بووبێت و کەلتور و عەقڵی ئەوانی تر جێگای کەلتور و عەقڵی خۆی لە بوونیدا گرتبێتەوە ئەوا بێ چەند و چوون ڕۆحی کۆمەڵایەتیش دووچاری پەرتبوون و سستبوونێکی ئەوتۆ هاتووە کە توانای بڵندبوونی نەمابێت.

پەیامی ئایینی بۆ زۆربەی نەتەوە و کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکان بووە بەبنەمای یەکبوون و هۆکاری خۆسەلماندن و ناسنامە بەدەست هێنان بەڵام بەگوێرەی کورد پەیامی ئایینی بەهیچ شێوەیەک لە هیچ قۆناغێکی مێژووییدا نەبۆتە هۆکاری یەکبوون و یەکگرتن، لە سەردەمی دەوڵەتی میدیدا بەئاشکرا ئایینی زەردەشتی نەبۆتە ئایینی دەوڵەتەکە و هەتا ئەو ئایینە بەشداری لە بنەماکانی ئەو ئیدارەیەدا بکردایە، پەیڕەوکردنی ئایینەکانی مانی و مەزدەکی کە ئەمەی دواییان زیاتر لەو ساتەوەختەدا ئامادەبوونی هەبووە شان بەشانی ئایینی زەردەشتی بەڵگەی کۆ نەبوونەوەی دەوڵەتی مادە لە دەوری تاکە ئایینێک کە ببێتە هۆی یەکبوون. هەرچۆن لە سنووری دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامیدا دواتر پەیامی ئیسلام بنەمای یەکبوون بووە، یان چۆن ئێستا مەزهەبی شیعە بنەمای یەکبوونە لە سنووری دەوڵەتی ئێرانیدا کە شیعەبوون و فارسی بوون بوونەتە تەواوکەری یەکتری.

لە قۆناغی دواتریشدا کە کورد بووە بەئیسلام، پەیامی ئیسلام بۆ کورد نەبۆتە بنەمای یەکبوون، بۆ نموونە هەر لە دوای دەرکەوتنی مەزهەبەکان بەشێک لە کورد بوون بەپەیڕەوکەری مەزهەبی سوونەی شافیعی و بەشێکی تریشی بوون بەپەیڕەوکەری مەزهەبی شیعە. ئەنجامی ناکۆکی و ناتەبایی ئەو دوو مەزهەبە لە بوونی کورددا بەئاشکرا ڕەنگی داوەتەوە و ململانێی لە جەستەی کورددا دروست کردووە، کە دواتر سەفەوی و

عوسمانیەکان سوودیان لەو ململانێیە وەرگرتووە و کوردیان کردووە بەدوو بەشەوە و بەشەڕیان داون. لە سەروەختی دەرکەوتنی تەریقەتەکانی تەسەوفی قادری و نەقشبەندیشدا لە کوردستاندا بەتایبەتی لە سەرەتایی سەدەی نۆزدەدا ململانێی ئەم دوو تەریقەتە بۆتە هۆی پەرتکردنی جەستەی کوردی و شەڕی نێوخۆ لەنێو ئەو تاکە جەستەیەدا، واتە لە بری یەکبوون و یەکگرتن تەسەوف لە کوردستاندا هۆکاری سەرەکی پەرتبوون و دابەشبوون بووە لە سەدەی نۆزدەدا کە زۆربەی نەتەوەکانی ناوچەکە لەو سەدەیەدا هەستی نەتەوەییان زیندووبۆتەوە و هەنگاوی بەرەو یەکبوونیان ناوە کەچی ململانێی نێوان تەریقەتەکانی تەسەوف لە کوردستاندا بۆتە یارمەتیدەری پەرەسەندنی ململانێی نێوان میرەکان و بگرە ململانێی نێوان خێڵ و عەشیرەتەکانی کورد. تەنانەت جێکەوتی ئەو ململانێیە تاکو ئێستاش لە جەستەی کورددا دیارە و یەکێک لە هۆکارەکانی شەڕی نێوخۆ لە کوردستاندا پاشماوەی ئەو ململانێیەی نێوان دوو تەریقەتەکەی تەسەوفە لە کوردستاندا[٢].

لە ساتەوەختی ئێستاشدا سەرباری ئەوەی کە گەلی کورد بەشێوەیەکی گشتی هەڵگر و پەیڕەوکەری پەیامی ئیسلامە، بەڵام دیسان پەیامی ئیسلام بەگوێرەی کورد نەبۆتە هۆکاری یەکبوون و یەکگرتن، بەڵکو تاکو ئێستاش ئەو جۆرە مامەڵەیەی کە لەگەڵ ئیسلامدا دەکرێت لە کوردستاندا ڕێگا خۆشکەرە بۆ ئەوەی ئایین لە بری یەکبوون، پەرتبوون لە جەستەی کۆمەڵگەی کوردیدا دروست بکات. بەتایبەتی ئەو مامەڵە سیاسیەی کە ڕێکخراوە ئیسلامیەکان لەگەڵ گەوهەری ماهیەتی پەیامی ئیسلامدا دەیکەن لە کوردستاندا نەک هەر نابێتە هۆی یەکبوون و یەکگرتن لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەڵکو دەبێتە هۆی پەرتبوون و دابڕینی تەواوەتی لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا چونکە سەرجەم ئەو حزب و ڕێکخراوە ئیسلامیانەی لە کوردستاندا هەن هەریەکە بەجۆرێک مامەڵە لەگەڵ پەیامە ئایینەیەکە دەکەن و بەتەواویش جیاوازە لەو مامەڵەکردنەی کە بەدرێژایی ئەم چواردە سەدەی ڕابردوو گەلی کورد لەگەڵ ئیسلام کردوویەتی، هەروەک هەر حزب و ڕێکخراوەش بەجۆرێک مامەڵە لەگەڵ ئیسلام دەکات کە جیاوازە لە حزب و ڕێکخراوەکانی تر، بەواتا حزب و ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی کوردستان جیاوازییان هەیە لە بۆچوونیاندا دەربارەی ئیسلام ناتوانن یەک بگرنەوە، بەرەو سەربەستی و ئازادی ڕۆحی کۆمەڵگەی کوردی ئاراستەی بکەن و هەتا لەسەر ئەو بنەمایەش ڕۆحی کۆمەڵایەتی بەرەو بەرزترین ئاستی بڵندبێت و بگاتە پلەی دروستکردنی دەوڵەت. ڕەنگە هەندێ پێیان



وابێت کورد پێویستی بەدروستکردنی دەوڵەتی ئیسلامی نییە، بەڵام بەتێڕوانینی من ئەگەر پەیامی ڕۆحی ئیسلام بیتوانیایە بەگوێرەی کورد ببێتە بنەمای یەکبوون و یەکگرتن و ڕۆحی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی بەرەو ئاستی پێکهێنانی دەوڵەتی ئیسلامی کوردی ئاراستە بکردایە ئەوا دەبوو هەموو کورد لەو یەکبوونەدا خۆی ببینیایەتەوە چونکە ئەوەی بەگوێرەی کورد گرنگە ئەوەیە کە چۆن دەگاتە ئاستی دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی خۆی، ئیتر گرنگ نییە ئەو دەوڵەتە عیلمانی بێت یان دینی، گرنگ ئەوەیە کە دەوڵەت ئەو چەترەیە کە ناسنامەی نەتەوایەتی بۆ ئێمە دەستەبەر دەکات و بەدنیامان دەناسێنێ.

کەواتە بەئاشکرا دیارە کە پەیامی ئایین بەمەزهەبەکانی و تەریقەتەکانی تەسەوفیشەوە لە کوردستاندا نەبوونەتە فاکتەری یەکبوون و یەکخستنی ڕۆحی کۆمەڵایەتی پەرتبووی کۆمەڵگەی کوردەواری، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەوریان هەبووە لە زیاتر پەرتکردنی کۆمەڵگەی کوردەواریدا.

لە لایەکی ترەوە ئابووری کە لە تێڕوانینی مارکسیانەوە وەکو ژێرخانی کۆمەڵایەتی دەبێتە بنەما بۆ فۆرمەلە کردنی سەرخان، کە لە قۆناغی شۆڕشی بۆرژوادا دەبێ ئەو ژێرخانە سەرخانێکی ئەوتۆ دروست بکات کە هەڵگری پەیامی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی بێت، واتە لە ڕوانگەی تیۆری مارکسیزمەوە ئابووری بزوێنەری مێژووە و کۆمەڵ بەرەو گەیشتن بەئاستی پێکهێنانی دەوڵەت ئاراستە دەکات و دەجوڵێنێت. بەڵام لە کوردستان لەبەر زۆر هۆکاری تۆپۆگرافی و مێژوویی و سیاسی و ئابووری نەیتوانیوە ئەو دەورە ببینێت. بەڵکو هەر لە دێرزەمانەوە لەبەر ڕۆیشتنی ئابووری و مژینی بنیاتی ئابووری کوردستان لە لایەن دەوڵەتانی دەوروبەریەوە بۆتە هۆی ئەوەی کە ئابووری لە کوردستاندا کۆنەبێتەوە و کەڵەکە نەبێت و دواتر زەمینە بۆ دروستبوونی ژێرخانێکی کۆمەڵایەتی بەهێز خۆش بکات و چینە کۆمەڵایەتیەکان بەسروشتی و بەسیفات و ماکی کۆمەڵایەتی خۆیانەوە دروست بن و لە ئەنجامی دەرکەوتنی چینی بۆرژوای پیشەسازی و نیشتمانیدا لەو قۆناغەدا دەوڵەتی نەتەوەیی پێکبێت کە ڕۆحی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی لە خۆیدا کۆبکاتەوە و لە ئاستی بڵندبووندا ڕای بگرێت. هەروەک لە قۆناغەکانی دواتریشدا دابەشبوونی کوردستان و داگیرکردنی لە ڕووی سیاسی و سەربازی و ئابوورییەوە هۆکاری سەرەکی لەنێوبردنی ئابووری کوردستان بووە و لەبەر ئەوەی ئەم وڵاتەش بەسەر چوار

دەوڵەتدا دابەشکراوە ئابوورییەکەی بەچوار ئاراستەی جیاواز بەرەو چوار ناوەندی ئابووری و ئیداری جیاواز ڕاکێشراوە کە ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی لە کوردستاندا ناوەندێکی ئابووری دروست نەبێت، کە تاکە ناوەندێکی ئابووریش دروست نەبێت مانای وایە تاکە ئاراستەیەکی هەستکردنیش دروست نابێت، هەر بەوپێیەش ڕۆحی کۆمەڵایەتی هاوشێوە لەگەڵ ئاراستەی جوڵەی ئابووریدا بەچوار ئاراستەی جیاواز دەجوڵێت و ناتوانێت یەکبوون و یەکگرتن دروست بکات بەوپێیەش ناتوانرێت چاوەڕوانی ئەوە بکرێت کە ڕۆحێکی پەرتبوو بۆ چەند بەش و چەند ئاراستەی جیاواز لە پرۆسەیەکی بڵندبووندا یەک بگرێتەوە و یەکبوون دروست بکات لە کۆمەڵگەدا.

لێرەوە بەئاشکرا ئەوە دەردەکەوێت کە ئەو بنەمایانەی لە کۆمەڵگە جیاوازەکانی دنیادا بوونەتە هۆکاری یەکبوون و یەکگرتن و کۆمەڵگەیان لە پەرتبوون و پارچە پارچەیی دەرباز کردووە لەوانەش کەلتور و ئایین و ئابووری، هیچیان لە کۆمەڵگەی کوردیدا نەبوونەتە بنەمای یەکبوون و یەکگرتن بەڵکو بەپێچەوانەوە ڕۆڵی لەبەر چاویان بینیووە لە زیاتر پەرتکردنی جەستەی ئەم کۆمەڵگەیەدا، هەر بەوپێیەش دەوریان هەبووە لە دواخستنی گەیشتنی کۆمەڵگەی کوردی بەئاستی پێکهێنانی دەوڵەت. گەلی کورد بەپێچەوانەی زۆربەی ئەو گەل و نەتەوانەی دووچاری کۆلۆنیالیکردن بوون و پاشتر توانیویانە خۆیان دروست بکەنەوە ئەم نەیتوانیوە خۆی دروست بکاتەوە هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کورد نەیتوانیوە لە ساتەکانی ژێردەستەیی و داگیرکردنی هەمەلایەنەی وڵاتەکەیدا پارێزگاری لە خودی خۆی و سەربەخۆیی گەوهەری نەتەوایەتی و هەستی سەربەخۆیی خۆی بکات بەڵکو بەزووترین کات لەگەڵ حاڵەتی داگیرکردندا ڕاهاتووە و تەماهی لەگەڵ هێزی هەمەلایەنەی کۆلۆنیالیکەری وڵاتەکەیدا کردووە بەتایبەتی لە بواری هەست و هۆشیاری و بواری کەلتوری بەگشتی. دکتۆر بورهان غلیون دەڵێت: گەلانی ئەو وڵاتانەی کە کۆلۆنی کراون بەڵام توانیویانە پارێزگاری لە هۆشیاری و خود و سەربەخۆیی و جیاوازی خۆیان بکەن ئەوا بەسەر بەربەستە مادییەکانی ڕوخاندن و شێواندنی دامەزراوە سیاسی و ئابوورییەکانیاندا زاڵبوون و سەربەستی خۆیانیان بەدەست هێناوەتەوە لەسەر بنەمای کۆکردنەوەی هێزی ڕۆحی و ئایدیۆلۆژی و ئایینیان[٣] بەڵام بەگوێرەی کورد گرفتی سەرەکی ئەوە بووە کە سەرباری ئەوەی نەیتوانیوە پارێزگاری لەو بنەمایانەی خۆی بکات، دیسان نەشیتوانیوە لە هیچ دەروازەیەکی ترەوە باربووی ئەو حاڵەتەی تێکشکاندن بکاتەوە. بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ هێزە کۆلۆنیالیکەرەکەی وڵاتەکەیدا یەکیگرتۆتەوە و



وەکو بەشێک لەو سەیری خۆی کردووە لە ڕابردووی دووردا... ئەگەرچی لە قۆناغەکانی دوورتردا مەیلی گەڕانەوە بۆ خۆ زیندووکردنەوە و خۆ دوورخستنەوە لەو هێزە تێکشکێنەرانە سەری هەڵداوە، بەڵام ئەو مەیلەش نەیتوانیوە ببێتە بنەمای یەکبوون و یەکگرتن لە کوردستاندا چونکە ئامادەبوونی حاڵەتی تەماهی کردنی کورد لەگەڵ هێزە کۆلۆنیالیکەرەکانی کوردستاندا ئاراستەی پێچەوانەی ئاراستەی یەکبوون و یەکگرتنی دروست کردووە. بگرە تاکو ئێستاش جگە لەوەی کە ئارەزووی خۆبەستنەوە بەداگیرکەرەکانی کوردستانەوە لە کۆنەستی کۆمەڵایەتی بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی کوردیدا دەژی، دروست نەبوونی ئاراستەی جیابوونەوە و سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی کوردی لە دوای هەرەسی دوا میرنشینی کوردەوە تاکو ئێستا لە ژێر کاریگەری ئەو تەماهی کردنەدایە. سەرباری بەرێزەوە سەیرکردنی خەباتی بزووتنەوە و ڕێکخراو و سەرکردە کوردەکان هەر لە بزووتنەوەکەی شێخ عوبەیدوڵای نەهرییەوە هەتاکو نوێترین حزبی دیاری کوردی کە ئێستا بریتین لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، حزبی دیموکراتی کوردستان، کۆمەڵە و تەنانەت پارتی کرێکارانی کوردستانیش هیچیان بەرنامەی سەربەخۆیی و جیابوونەوە و دروستکردنی دەوڵەتی کوردییان بەئاشکرا نییە، دیارە لە شێوەی ئیشکردن و چۆنیەتی مامەڵەکردن و هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ سیاسەتی دنیادا جیاوازی هەیە لە ئاستی تێڕوانین و جێگای ئەم حزب و ڕێکخراوانەدا بەڵام تاکو ئێستا هیچ کامیان نەیانتوانیوە ببنە هەڵگری پرۆژەی یەکبوون لە کوردستاندا کە مەبەست لەوەش کۆکردنەوەی ڕۆحی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردییە لە یەکێتییەکی پتەو و بەهێزی نەتەوەیدا و بڵندکردنەوەی بۆ گەیشتن بەئاستی ڕەهایی واتە پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی.

لێرەوە ئەو بۆچوونە سەر هەڵدەدات کە لە کوردستاندا حزبیش نەیتوانیوە ببێتە فاکتەری یەکگرتن و یەکبوون، بەڵکو هەرچۆن بنەماکانی خوێن و دەمارگیری خێڵایەتی بوونەتە هۆی پەرتبوون و لێک بچڕاندنی زیاتری یەکێتی نەتەوەیی کورد و بەهەمان شێوە حزبیش لە کوردستاندا ئەو دەورەی بینیوە، بەتایبەتی کە دامەزراوی حزب لە کوردستاندا بەشێوەیەکی گشتی هاوشێوەی دامەزراوی خێڵ و عەشیرەتە و وەکو جێگرەوەی ئەو دەردەکەوێت.

کەواتە ڕۆحی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا تاکو ئێستا نەیتوانیوە ببێتە بنەمای

یەکبوون و یەکگرتنی کۆمەڵگەی کوردی، هەر بەوپێیەش نەیتوانیوە لە لایەک خۆی ئازاد بێت و لە لایەکی تریشەوە لە پرۆسەی بڵندبووندا کۆمەڵگە بەرەو ئازادبوون بجولێنێ کە لوتکەی ئەو ئازادبوونەش لە دروستکردنی دەوڵەتدا خۆی دەبینێتەوە.

### پرۆژەی ڕێنساس و بنیاتنانی دەوڵەتی کوردی

مەبەست لە ڕێنساس بوژاندنەوە و جولاندن و گۆڕینی ژیانی کۆمەڵایەتی و فیکری و عەقڵی و ئابووری و سیاسی و کەلتوری کۆمەڵگەیە لە ئاستێکی دواکەوتوو و نادیارەوە بۆ ئاستی دیار و ئامادە. مێژووی ڕێنساسی ڕۆژئاوا کە لە ئیتالیاوە دەستی پێکرد و سەرجەم ئەوروپای گرتەوە کە زۆری بەسەردا تێپەڕ بووە و تاکو ئێستاش لە ڕۆژئاوا لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا باڵادەستە، لە بواری زانست و زانیاریدا، لە فیکر و مەعریفەدا، لە ئابووری و سیاسەتدا، لەسەر ئەو زەمینە پتەوەیە کە ڕێنساسی ئەوروپی فۆرمەلەی کرد ئامادەبوون هەیە. بەدوای ئەوەشدا دەرکەوتنی پیشەسازی و سەرهەڵدانی شۆڕشە پیشەسازییەکان لە سەدەی حەڤدە بەدواوە بووە هۆی دەرکەوتن و باڵادەست بوونی چینی بۆرژوا و لەوێشەوە هەست و هۆشیاری نەتەوەیی دەرکەوتن و پەرەیان سەند هەتا لەو میانەدا زەمینە بۆ دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆشبوو لە ئەوروپادا، بەواتایەکی تر ڕێنساس بواری بۆ شۆڕشە پیشەسازییەکان خۆشکرد و زەمینەی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی ڕەخساند، بەواتا هەستی لاوازی پێشتری نەتەوەیی برەو پێدا و جولاندنی و بەرەو فۆرمەلەبوون ئاراستەی کرد لە ئاکامدا دەوڵەتی نەتەوەیی دروست بوو. بەواتا ڕێنساسی ئەوروپی لە ئاکامدا ڕێگای بۆ بنیاتنانی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆشکرد و بەشێوەیەکی گشتیش دەوری دیاری بینی لە خۆشکردنی زەمینە بۆ جیاکردنەوەی دین و دەوڵەت لە یەکتری، بەمانایەکی تر ڕێنساسی ئەوروپی بینادی باڵادەستبوونی چەمکی عیلمانیەتی نا لە کەلتوری ڕۆژئاوادا و هەر لەوێوە مەودای تێڕوانین و بینینی ئایندە لە عەقڵی ڕۆژئاوادا بووە خاڵێکی گەوهەری و ئەو مەودایەش دەبوایە وەکو حەقیقەتێکی مادیانە بنەما و خاسیەتەکانی و ڕێگاکانی پێگەیشتنی دەستنیشان بکردایە و بەپێچەوانەی چەمکی ئایینەوە کە هەموو شتێک بەهێزی نادیارەوە دەبەستێتەوە. لە دەرئەنجامە دیارەکانی پرۆژەی ڕێنساسی ئەوروپی لە دوای شۆڕشە پیشەسازییەکان و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی بریتی بوو لە باڵادەستبوونی چەمکی عیلمانیەت کە ئەویش: بریتییە لەو تێڕوانینەی کە پێی وایە ئایین مەسەلەی تایبەتی هەر کەسێکە و



مەسەلەی دەوڵەت نییە[٤] لە کاتێکدا ڕێنساسی ئەوروپی لە ئەنجامی سەرهەڵدانی بیرۆکەی باڵادەستبوونی مرۆڤ بەسەر سروشتدا و ڕوانین بۆ مرۆڤ وەکو هێزی جوڵە دروستکەر و پرۆژەی کۆنترۆڵکەری سروشت لە دایک بووە و سەرجەم دۆزینەوەکانی بواری زانست و فیکر و مەعریفەت زیاتر ڕێگایان بۆ چەسپاندنی بنەماکانی ڕێنساس خۆشکرد... دۆزینەوەکانی کۆپەرنیکۆس و دواتریش سەرجەم تێڕوانینە فەلسەفی و مەعریفیەکان کە زەمینەی عەقڵی کلاسیکی ڕۆژئاوایان خۆشکرد و عەقڵی هاوچەرخی ڕۆژئاواش هەر لەسەر ئەو زەمینە لە دایک بوو کە بەشێوەیەکی گشتی مرۆڤ وەکو ئەفریدەبوویەکی پەرەسەندوو دەبێ باڵادەست بێت بەسەر سروشتدا. لە ئەنجامی ئەو تێڕوانینەوە لەگەڵ سەرهەڵدانی پیشەسازی و دەرکەوتنی چینی بۆرژوا و سەرهەڵدانی شۆڕشە پیشەسازییەکاندا کە بنەمای دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی ڕەخسا و ئەو جۆرە دەوڵەتەش لەگەڵ دەرکەوتنیدا سەرباری ئەوەی کە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا کۆمەڵگەیەک نەبووە لە دەرەوەی ئایین (هەروەک ناشێت تەسەوری ئەوە بکەین کە کۆمەڵگەی بێ ئایین هەبێت)، بەڵام هەر زوو مەیلی جیاکردنەوەی دین و دەوڵەت، جیاکردنەوەی بڕیاری کەنیسە و بڕیاری ئیدارەی سیاسی سەری هەڵدا. بەواتا لە مێژووی نوێدا پرۆژەی ڕێنساسی ئەوروپی بەگشتی و شۆڕشە بۆرژواکان بەتایبەتی پرۆژەی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی – عیلمانیان بەرهەم هێنا. دیارە گەلێک بنەما دەوریان لە سەرهەڵدانی ڕێنساسی ئەوروپیدا بینیوە و ناکرێت هەروا لە ڕووکەشەوە بڕوانرێتە پرۆژەی ڕێنساسی ئەوروپی و بەدیاردەیەکی بێ بنەمای مێژوویی و سیاسی و فیکری و ئایینی و کەلتوری و ڕۆحی دابنرێت.

بەڵام ئەوەی گرنگە لە تێڕوانینی ئێمەوە ئەوەیە کە چۆن لە دوای باری دواکەوتوویی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست و باڵادەست بوونی دەسەڵاتی کەنیسە و خێزانە ئەرستۆکراتەکان... جۆرێکی نوێ لە دەوڵەت دروستبوو کە ئەویش دەوڵەتی نەتەوەیی بوو کە مەبەست لە دەوڵەتی نەتەوەییش ئەو دامەزراوە سیاسیە – ئیدارییەیە کە بەرزترین پلەی ڕەها و بڵندبوونی ڕۆحی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە لە ئەنجامی گەیشتن بەئازادیدا بەرهەمی هێناوە. هەر لەسەر بنەمای ئەم تێڕوانینە دەمانەوێت بڕوانینە ئەو بنەمایانەی کە دەشێ پرۆژەی ڕێنساسی کوردی پێکبهێنن کە بەتێڕوانینی من ئەو پرۆژە دەبێ پرۆژەیەکی هەمە لایەنە دەبێت و لە ماهیەتی خۆیدا بەرنامەی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی هەڵدەگرێت. بەپێچەوانەی ڕۆژئاواوە، ڕۆژهەڵات لەبەر ئەوەی پانتاییەکە ڕۆح کاری تێدا

دەکات و تیایدا باڵادەستە. مەیلی لێک جیاکردنەوەی دین و دەوڵەت زۆر لاواز بووە لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا و یەکێک لە پایە سەرەکیەکانی دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی لەسەر بنەمای ئایین دروستبووە، باشترین نموونەش دەوڵەتی عەرەبی ئیسلامیە کە لە ماوەیەکی کورتی مێژوویدا توانی دەسەڵات بەسەر پانتاییەکی جوگرافی فراواندا بکات و قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی لە سنووری نیشتمانی عەرەب کە بۆ ئەو کاتە لە سنووری نیمچە دوورگەی عەرەبیدا بوو بپەڕێتەوە و گەلانی تری ناوچەکەش بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. دواتریش لە گواستنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامی لە عەرەبەوە بۆ فارس و تورک بنەمای دەستوور و یاسا لە سنووری دەسەڵات و فەرمانڕەوایی ئەم دەوڵەتەدا هەر لەسەر بنەماکانی ئایینی ئیسلام بنیاتنراوە. هەر پرۆژەیەکی ڕێنسانسی ئەگەر لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا سەری هەڵدابێت ئەوا بێگومان یەکێک لە پایە بەهێزەکانی کەلتوری ئیسلامی بووە، بەگوێرەی شارستانێتیە دیارەکانی تری ڕۆژهەڵاتیش بەتایبەتی لە سنووری هیند و چیندا کە خاوەنی گەورەترین شارستانێتیی دیارەکانی دنیان لە مێژوودا، ئایین و میسۆلۆژیا کە ئەمیش ماهیەتی ئایینی هەیە پایەی سەرەکی ئەو شارستانێتییانە بوون، لە دواتریشدا هەر پرۆژەیەکی ڕێنسانسی لەو وڵاتانەدا دەرکەوتبێت یەکێک لە پایەی سەرەکیەکانی ئایین و پەیامی ڕۆحی بووە، بەتایبەتی کە ڕۆژهەڵات ئەو جوگرافیایە کە ڕۆح لە هەر فاکتەرێکی تر زیاتر دەوری لە بزواندنی مێژوودا هەیە تیایدا. دیارە بۆ سەرهەڵدانی پرۆژەی ڕێنسانسیش تەنیا فاکتەری ئایین و ڕۆحی بەس نییە. بەڵکو بەپێچەوانەوە پرۆژەی ڕێنساس لەسەر بنەمایەکی پتەو و هەمەلایەنە دروست دەبێت کە یەکێک لەو بنەمایانە بنەمای ئایینە یان فاکتەری ڕۆحە و جگە لە ئایینیش ڕێنساس چەندین پایەی تری هەیە. هەروەک مەرجیش نییە کە ئایین یەکێک بێت لەو بنەمایانە. بێگومان پرۆژەی ڕێنساس کە تاکو ئێستاش ئەوانەی کە توانای خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی عەقڵی عەرەبیان هەیە بەپرۆژەی ناتەواوی دادەنێن و وای بۆ دەچن کە عەرەب سەرباری مێژوویەکی دوورودرێژی ڕابردووی و سەرباری بوونی کەلتورێکی گەورەی ئیسلامی لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا نەیانتوانیوە پرۆژەی زیندووکردنەوەی ڕابردووی خۆیان بنیات بنێن و لەسەر ئەو بنەمایەش لە ئێستا پرۆژەی داهاتوویان دابنێن کە ئەویش لە نێوان دوو بۆچووندا ونبووە کە ئەوانیش بریتین لە هەڵوێست بەرامبەر بەڕابردوو یان ئەوەی کە دکتۆر محەمەد عابد جابری و حەسەن حەنەفی و تەیب تەزینی و تەنانەت ئەدۆنیس و کەسانی تریش بەمیرات (تراث) ناوی دەبەن لەگەڵ هاوچەرخێتیدا. کە لە هەردوو حاڵەتەکەشدا ئەوەی گرنگی پێدەدەن



ئەوەیە کە ڕۆشنبیری عەرەبی ڕۆشنبیرییەکی تاک ڕەهەند و تاک مەودایە و لە یەک ڕوانگەوە سەیری ڕابردوو و ئێستا و داهاتووش دەکات. لەم بارەیەوە دکتۆر محەمەد عابد جابری دەڵێت: خاڵی لاوازی سەرەکی و ترسناک لە پرۆژەی ڕێنساسی عەرەبیدا ئەوەیە کە نازانن یان پەی نابەن بەوەی کە چەکی ڕەخنە دەبێ لە پێشیەوە و لەگەڵیشیدا ڕەخنەی ئەو چەکە (ئامرازە) هەبێت، بێگومان عەرەب ڕەخنەی عەقڵیان پشت گوێ خستووە(٥).

دیارە ڕێنساس گواستنەوەی کۆمەڵگەیە لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی بەرزتر، لە حاڵەتی نادیار و نائامادەوە بۆ حاڵەتی دیار و ئامادە، لە دەرەوەی شارستانیەت بۆ بەرهەم هێنانی شارستانیەت. کە ئەوەش دەبێتە هۆی گواستنەوەی کۆمەڵگە لە دەرەوەی مێژوو بۆ ناو مێژوو. لە پەراوێزبوونەوە بۆ گەیشتن بەناوەند، کە سەرجەم ئەمانەش دەبێ بکەرێکی ڕووداو دروستکەر لە دوایەوە هەبێت و ئەو دروستکەری ڕووداوی گواستنەوەی کۆمەڵگە بێت لە حاڵەتی نائامادەبوون و نادیارەوە بۆ حاڵەتی ئامادەبوون. هەر لەم بارەیەوە دکتۆر بورهان غلیون دەڵێت: ڕێنساس بەبێ خودی (بکەری) سەربەست و ئازادکراو کە دڵنیا بێت و بڕوای هەبێت بەهێزی خۆی دروست نابێت(٦) کەواتە ئێستا بۆ ئاخاوتن لەسەر ڕێنساسی کوردی لە بەردەم دوو تێڕوانیندا ڕادەمێنین، یەکەمیان ڕوانیمان بۆ ڕابردوو و کەلتوری خۆمان، کە ئەویش تاکو ئێستا نە بەشێوەیەکی هەمەلایەنە و ورد تۆمار کراوە، نە هیچ ئیشێکی ئەوتۆی لەسەر کراوە. دووەم لەبەر نەبوونی هۆکاری زاتی نەمانتوانیوە وەکو پێویست لە پرۆگرام و میتۆدی ئیشکردنی ئەوانی غەیری کورد لە ڕۆژهەڵاتدا کەڵک و سوود وەربگرین. بەواتا ئێمە نە خاوەنی میتۆدی ئیشکردن و فیکر و عەقڵی هەڵسەنگاندنی خۆمان بووین نە توانیویشمانە میتۆد و فیکر و عەقڵی ئەوانی تر بکەین بەئامراز بۆ خوێندنەوەی بوون و ماهیەت و بنیاتی کۆمەڵایەتی و کەلتوری خۆمان.

کۆمەڵگەی کوردی لە پێش هەموو شتێکدا پێویستی بەدۆزینەوەی ڕێگای دەربازبوونە لەو بارە پڕ لە ناسۆرەی کە تیایدا دەژی کە ئەوەش تەنیا و بەس تەنیا بەسەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی دەگاتە ئەنجام. کە لە بواری کۆشش و هەوڵ و تەقەلای شۆڕشگێڕانەی بواری ئیشکردندا کورد لە مێژە لە هەوڵی بەدەست هێنانی سەربەخۆیی و ڕزگارکردنی وڵاتەکەیدایە هەر لە سەرهەڵدانی هەستی نەتەوەیی کوردییەوە کە بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی کورد دەستی پێکردووە لە پشتییەوە ئامانجی ڕزگاری و سەربەخۆی و دروستکردنی دەوڵەتی یەکگرتووی کوردی ڕاوەستاوە ئەگەرچی داگیرکەرانی

کوردستان و باڵادەستی لە ڕادەبەدەری ئەو داگیرکەرانە و سیستەمی ئیمپریالیزمی جیهانی تاکو ئێستا ڕێگای ئەوەی بەکورد نەداوە.

بەڵام سەرباری ئەو هەوڵ و کۆشش و خەباتە عەمەلیانەی کە لە مێژووی ئەم سەدە و چارەکەی ڕابردوودا بەردەوام بووە، کورد لە لایەک لە ڕووی گەشەی کۆمەڵایەتیەوە وەکو پێویست گەشەی نەکردووە و شێواندنی باری گەشەی سروشتی ئەم کۆمەڵگەیە بەهۆی فاکتەری داگیرکردن و دابەشکردن و تۆپۆگرافیاوە هۆیەکی سەرەکی بووە کە ڕۆحی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە نەتوانێت وەکو پێویست لە پرۆسە جوڵەی بڵندبووندا ئازادی خۆی بەدەست بهێنێت و لەو ئاستەشدا لە ڕووی گەشەی کۆمەڵایەتیەوە دەوڵەت دروست بکات. هەر بۆیە لێرەوە دەگەڕێینەوە بۆ ئەو بۆچوونەی کە کورد سەرباری خەباتی، ئامادەیی بزووتنەوە نەتەوەییەکەی پێویستی بەوەیە کە ڕێنسانسێکی هەمەلایەنەی کۆمەڵایەتی و کەلتوری و سیاسی و فیکری و مەعریفی بەخۆیەوە ببینێت بەجۆرێک کە باری کۆمەڵایەتی و ئابووری و کەلتوری و فیکری و ئاستی هەست و هۆشیاری نەتەوەیی کورد بگرێتەوە و... سەرجەم تێکشکاندنی پانتایی مێژووی کورد باربوو بکاتەوە و لە ماهیەتی بوونی کورددا ڕۆحی ڕابوونەوە و بزاوت دروست بکات. بێگومان جوڵە و ڕابوونەوەیەکی لەو جۆرەش تەنیا لە ئەنجامی سەرهەڵدانی پرۆژەی ڕێنسانسی نەتەوەیی کوردییەوە دەگاتە ئەنجام. کەواتە ئەو پرۆژە چۆن و کەی دروست دەبێت؟ ئایا دروستبوونی پرۆژەیەکی لەو جۆرە لە دەرەوەی دەسەڵاتی خودی کورد خۆیدایە و ڕێکەوت دروستی دەکات یان هێزێکی خودایی لە پشتییەوەیە؟ یان پرۆژەیەکی لەو جۆرە بەندە بەئاستی گەشەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردییەوە لە ئەنجامی ململانێ ناوخۆییەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا دروست دەبێت؟ یان لە ئەنجامی هەوڵ و کۆشش و بەرنامەی جیدی کەسانێکدا دەگاتە ئەنجام کە پەی بەگرفتە سەرەکییەکانی بەردەم ڕێگای گەیشتنی کورد بەئامانجەکانی دەبەن و دەزانن دەبێ چی بکرێت و لە کام پانتایی و بواردا کار بکرێت و پێویستە چی ئامادە بکرێت بۆ زەمینە خۆشکردن بۆ پرۆژەیەکی لەو جۆرە؟ ئەی ئایا ناشێت دروستبوون و دەرکەوتنی باوکی ڕۆحی کوردی هەموو بنەما و پایەکانی پرۆژەیەکی لەم جۆرە لە خۆیدا کۆبکاتەوە و ڕۆحی کۆمەڵەی کوردی بەرەو ئازادی ببات و لەوێڕا بینای دەوڵەتی کوردی بکات؟ دەشێ هەریەکە بەجۆرێک بیر لە وەڵامی ئەو کۆمەڵە پرسیارەی سەرەوە بکەینەوە. بەڵام ئەوەی کە دەکەوێتە پلەی یەکەمەوە ئەوەیە کە ناشێت دوور لە ژیانی کۆمەڵایەتی و گەشەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی و ئاستی هەست و هۆشیاری و پەرەسەندنی فیکری و



عەقڵی ئینسانی کورد بیر لە پرۆژەیەکی لەو جۆرە بکرێتەوە. بەواتایەکی تر ناشێت لە دەرەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و فیکری و کەلتوری و ڕۆشنبیری و مێژوویی و سیاسی و ڕۆحی کورددا باس لە پرۆژەی ڕێنسانسی کوردی بکرێت واتە تاکە کەس ناتوانێت ببێتە دروستکەری ڕێنساس. بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵێ پایە و بنەمای بەهێزی هەیە کە دەشێ ڕێنسانسی کوردی لەسەر بینا بکرێت و ڕێنسانسی کوردی بەرهەم بهێنێت.

ئێمە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد کە لەو ڕوانگانەی کە کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکانی جیهان پیایدا ڕۆیشتوون هەتا گەیشتوون بەئاستی دروستکردنی دەوڵەت، کۆمەڵگەی کوردی لەو ڕێگایانەوە نە لە ڕابردوودا توانیویەتی دەوڵەت دروست بکات نە چاوەڕوانی ئەوەش دەکرێت کە کۆمەڵگەی کوردی تەنیا لە یەکێک لەو ڕێگایانەوە بێتە ناو مێژووەوە و دەوڵەتی خۆی دروست بکات. بۆ نموونە لە کۆمەڵگە گەشە ئاساییەکاندا دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئەنجامی گەشە و پەرەسەندنی بنیاتی ئابووری و دەرکەوتنی چینی بۆرژوای نەتەوەییدا دروست بووە، لە کۆمەڵگە خێڵایەتیەکاندا کە خێڵ وەکو دامەزراوی کۆمەڵایەتی بەسروشتی دروست بووە و گەشەی خۆی کردووە پەیوەندی خوێن و دەمار یان بەواتایەکی تر پەیوەندییەکانی خزمایەتی بوونەتە بزوێنەری مێژوو ئەنجام کۆمەڵگە دەوڵەتی خێڵی دروست کردووە، کە دواتر ئەو دەوڵەتە لەگەڵ سەرهەڵدان و دەرکەوتنی هەست و هۆشیاری نەتەوەییدا سیمای دەوڵەتی نەتەوەیی وەرگرتووە. لە کۆمەڵگە ڕۆحیەکانی وەکو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیشدا کە بزوێنەری مێژوو بەپلەی یەکەم فاکتەری ڕۆحە، کۆمەڵگە دەوڵەتی ئایینی و ڕۆحی خۆی دروست کردووە کە دواتر سیما و خاسیەتی دەوڵەتی ئایینی هەبووە و لەگەڵ دەرکەوتن و سەرهەڵدانی هەست و هۆشیاری نەتەوەییشدا ئەو دەوڵەتە زیاتر وەکو دەوڵەتی نەتەوەیی ئایینی خۆی نواندووە.

بەڵام لە کۆمەڵگەی کوردیدا هیچ کام لەو ڕێگایانە نەگەیشتونەتە ئەو ئاستەی کە زەمینەی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی لە ڕابردوودا خۆش بکەن، بەتایبەتی لە سەروەختێکدا کە کاریگەری دەرەوە و ئەوانی تر ئەوەندە کاریگەر نەبووە لەسەر کورد کە بتوانێت ڕێگای هەموو جوڵەیەکی لێ ببڕێت وەکو مێژووی دوای سەدەی بیست کە ڕەشبینانە ئێستا مەترسی ئەوە دەکرێت لەو گوندەی کە چەمکی عەولەمە پێشبینی دەکات کورد و نەتەوە بێ دەوڵەتەکان بەگشتی ون ببن و بەتەواوی و لەوەی ئێستا خراپتر فرێ

بدرێنە پەراوێزی نادیاری ئەو گوندەوە. کەواتە پێش ئەوەی باس لە دیاریکردنی بنەماکانی پرۆژەی ڕێنساس و زیندووکردنەوەی کەسێتی کوردی بکەین پێم باشە ئەو پرسیارە بەرز بکەینەوە ئایا بزوێنەری مێژوو لە کۆمەڵگەی کوردیدا چییە؟ ڕەنگە گەڕان لە دوای دۆزینەوەی بزوێنەرێکی جیاواز لەوانەی لە سەرەوە باسمان کردن جێگای سەرسوڕمان بێت. بەڵام لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی کوردەواری بەشێوەیەکی گشتی هاوشێوەی تەواوەتی هیچ کام لەو سێ جۆرە کۆمەڵگەیە نییە لە سەرەوە باسمان کردن، بەڵکو لە خاسیەت و سیفاتەکانی هەر سێ جۆرە کۆمەڵگەکەی بەخۆی گرتووە واتە دەشێ لە ڕوانگەی دایەلێکتیکی مێژووەوە سەیری کۆمەڵگەی کوردی بکرێت و هەندێ لەو بنەمایانەی تێدا بێت کە بەپێی ئەو تیۆرە بۆ گەشەی مێژوویی کۆمەڵگەکان وەکو پێودانگ سەیر دەکرێت... بەڵام لەم کۆمەڵگەیەدا نە ململانێی چینایەتی و نە هۆکاری ئابووری نەبوونەتە بزوێنەری مێژوو، چونکە کوردستان ناوەند یان زەمینەیەکی ئابووری سەربەخۆ و خاوەن کەسێتی تێدا دروست نەبووە، هەتا لە ئەنجامی ئەم ململانێ چینایەتەدا چینی بۆرژوای خاوەن بنەمای ئابووری دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی دروست بکردایە.

لە ڕوانگەی خێڵایەتیەوە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی خێڵایەتی ناسروشتییە و خێڵ بنەمایەکی لاوازی هەبووە بەدرێژایی مێژوو نەگەیشتۆتە ئاستی دروستکردنی فیدراسیۆنی خێڵەکان و لەوێشەوە دروستکردنی دامەزراوێکی باڵاتر کە ئەویش دەوڵەتی خێڵە. بەڵکو بەرزترین ئاستی گەشەی خێڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی ئەوە بووە کە میرنشینی دروست کردووە، کەچی میرنشینیش نەیتوانیوە لەسەر بنەمای یەکگرتنەوە و فیدراسیۆن دروستکردن سنووری خۆی فراوان بکات و دەوڵەتی خێڵ دروست بکات.

لە ڕووی ڕۆحی و ئایینییەوە کۆمەڵگەی کوردی دیسان کۆمەڵگەیەکی ئاسایی یان سروشتی نییە بگرە هەر لەبەر ئەوەش نەیتوانیوە ڕۆح یان پەیامی ئایینی بکاتە بنەمای دروستکردنی دەوڵەتی خۆی و دەوڵەتی ئایینی کوردی دروست بکات، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کورد هەر سەروەختی دەرکەوتنی ئایینی زەردەشتییەوە بەجیدی نەیتوانیوە ببێتە هەڵگری یەک پەیامی ڕۆحی. بۆ نموونە لە مێژووی پێش ئیسلامدا پەیڕەوکەری ئایینی زەردەشتی و مەزدەکی بووە، لەگەڵ فەتحی ئیسلامیشدا بۆتە ئیسلام. لە لایەک لە پەیامی ڕۆحی پێشتری جیابۆتەوە، لە لایەکی ترەوە نەیتوانیوە لە وەرگرتنی پەیامی ئیسلامدا بەسەربەخۆیی بمێنێتەوە و سەرباری وەرگرتنی پەیامەکە پارێزگاری لە



ماهیەت و کەسێتی خۆی وەکو کورد بکات، هەرچۆن فارس توانیویانە سەرباری بوون بەئیسلامیان پارێزگاری لە فارسی بوونی خۆیان بکەن، یان پاش ماوەیەکی مێژوویی لە دوای بەئیسلام بوونیان، هەوڵ بدەن لە بری ئەوەی لە ناو ئیسلامدا بتوێنەوە و تەماهی لەگەڵ ئیسلامدا بکەن، ئیسلام لەگەڵ خۆیان تەماهی پێ بکەن و ئەو پەیامە ئایینیە بخەنە خزمەتی کەسێتی نەتەوەیی فارسییەوە. دیارە وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کردووە جیاوازی کورد و فارس لە پەیڕەوکردنی دوو مەزهەبی جیاوازدا دەوری کاریگەری بینیوە. بەشیعە بوونی فارس و بەسوونەبوونی کورد شوێنی فارس و کوردی لە ئیسلامدا جیاکردۆتەوە[٧] بەهەرحاڵ کورد لە ڕێگای ئایین و پەیامی ڕۆحی و ڕێبازەکانی تەسەوفیشەوە نەیتوانیوە پرۆژەی ڕێنساسی خۆی دروست بکات و ئایین ببێتە بزوێنەری مێژوو لەم کۆمەڵگەیەدا و دەوڵەتی ئایینی دروست بکات هەرچۆن ئایینی ئیسلام بوو بەپرۆژەی بنیاتنانی دەوڵەتی عەرەبی لە سەرەتای هاتنی پەیامەکەدا و چۆن ئەو ئایینەش زەمینەی بۆ سەلماندن و لە هەمان کاتدا پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی عەرەبی خۆشکرد، بەهەمان شێوە کوردیش بیتوانیایە لە ساتەوەختی بەئیسلام بوونیەوە پەیامی ئیسلامی بکردایەتە بنەما بۆ سەلماندنی کەسێتی کوردی و دەوڵەتی ئیسلامی کوردی دروست بکردایە.

بەڵام سەرباری نە ڕەخساندنی هیچ کام لەو بوارانە هەتا کورد لێیانەوە بێتە ناو مێژووەوە و سەرباری نەبوونی هیچ کام لە فاکتەری ئابووری و پەیوەندییەکانی خوێن و دەمار (خزمایەتی) و پەیامی ڕۆحی و ئایینی بەبزوێنەری مێژوو لەم کۆمەڵگەیەدا، هێشتا دەشێ وەها سەیر بکرێت کە سەرهەڵدانی پرۆژەیەک کە ئەو سێ فاکتەرە پێکەوە کۆبکاتەوە و ئیشیان پێ بکات و کارلێک لە نێوانیاندا دروست بکات ئەوا دەشێ پێکەوە فاکتەرێکی بەهێزی جوڵە دروستکەر لە ماهیەتی کۆمەڵگەی کوردیدا دروست بکەن و کۆمەڵگە بەرەو گەیشتن بەئاستی دەوڵەت ئاراستە بکەن، بێگومان کۆکردنەوەی ئەو بنەما ئامادانەی ئەو بزوێنەرە جیاوازانە پێکەوە لە خۆیدا بریتییە لە پرۆژەی یەکبوون و یەکگرتن کە لەوەشدا ڕۆحی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی بەرەو بڵندبوون و ئازادبوون دەچێت، کە گەیشتن بەحاڵەتی ئازادی ڕۆحی کۆمەڵگەش تەنیا لە دەوڵەتدا دەستەبەر دەبێت. بەڵێ پێکەوە کارکردنی بنەمای ئابووری و پەیوەندییەکانی خوێن و دەمار و پەیامی ڕۆحی و ئایین و گواستنەوەی ترس بۆ تەحەدا دەشێ بزوێنەری مێژوو لە کۆمەڵگەی کوردیدا پێکبهێنێت کە ئەوەش تەنیا لە پرۆژەیەکدا بەئاکام دەکات پرۆژەی

(یەکبوون)ە لەسەر پانتایی جوگرافیای کوردستان و لە پێکهاتەی ڕۆحی و جەسەدی (مادی و مەعنەوی) کۆمەڵگەی کوردیدا، یەکبوون بەهەموو ماناکانیەوە، یەکبوون لە هەموو بوارەکانی ئەو کۆمەڵگەیەدا کە پێی دەوترێت کۆمەڵگەی کوردی. کە بێگومان پێکەوە کارکردنی ئەو سێ ڕەگەزە جۆرێک لە هێزی مادی و مەعنەوی لە بوونی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردیدا دروست دەکات کە لە حاڵەتی ترس کە بریتییە لە ترسی لەنێوچوون دەربازی دەکات و دەیگەیەنێتە ئاستی هەڵوێستێکی پتەو کە ئەویش هەڵوێستی تەحەداکردنە لە هەموو ئەو هێزە جۆراوجۆرانەی کە ڕۆحی ئەم کۆمەڵگەیەیان سەرکوت کردووە و ڕێگایان لە ئازادبوونی گرتووە. دیارە پڕۆژەیەکی لەم جۆرەش بێ چەند و چوون پێویستی بەجۆرێک لە موجازەفە هەیە کە لێرەشەوە ماهیەتی هێز و چەمکی هێز سەرهەڵدەدات. بەواتایەکی تر کورد لە پڕۆژەی ڕێنسانسی خۆیدا پێویستی بەهێزێک هەیە کە توانای سڕینەوەی حاڵەتی ترسی بەردەوامی ئێمەی هەبێت و بمانگوازێتەوە بۆ هەڵوێستی خۆسەپاندن و لە ڕووداوەستانی جیدی هەموو ئەو هێزانەی ڕێگا لە بوون و خۆسەلماندن دەگرن. ئەو هێزەش تەنیا لە ئەنجامی بەئاکام گەیاندنی پڕۆژەی (یەکبوون)ی کورددا دەستەبەر دەبێت.

## ٢- بنەماکانی پڕۆژەی ڕێنسانسی کوردی

لێرەدا بەو پرسیارە دەست پێدەکەین مەبەست لە ڕێنسانسی کوردی چییە؟ بنەماکانی چین؟ پێش ئەوەی ڕاستەوخۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە بخەینە ڕوو پێم باشە باسی ئەوە بکەین کە ڕێنسانسی نەتەوەیی کوردی چۆن دروست دەبێت: ڕێنسانسی هیچ وڵاتێک لە هیچ دروست نابێت وەکو ئەوەی شارێکی سیحری بێت، هەروەها ئەو ڕێنسانسە گەشە ناکات ئەگەر بنەماکانی عیمرانی بۆ دانەمەزرێت[٨] کەواتە لێرەوە ئەوە ئاشکرا دەبێت کە ڕێنسانسی هەر نەتەوە و وڵاتێک پەیوەندییەکی پتەوی بەهێزی هەیە بەڕابردووی ئەو نەتەوە یان ئەو وڵاتەوە. بەمانایەکی تر ئامادەبوونی ڕابردوو لە بوارە جۆراوجۆرەکانی شارستانێتی و کەلتوری و مێژوویی و سیاسیدا بنەمای سەرەکییە بۆ ئامادەکردنی زەمینەی ڕێنسانس. هەروەک لەسەر بنەمای بۆش، لەسەر ویرانەی ڕابردوو و ئێستا، لەسەر زەمینەی نائامادەبوون، لەسەر زەمینەیەکی پێناسەنەکراو و نەناسراو، لەسەر زەمینەیەک کە تاکو ئێستا نە بکەری تیا دروست بووبێت، نە ئیشی تیادا کرابێت ناشێت چاوەڕوانی ئەوە بکرێت لە خۆوە پڕۆژەی ڕێنسانس سەرهەڵبدات، بەمانایەکی تر پڕۆژەی ڕێنسانس



بەبێ بوونی زەمینەی مادیی ئامادە دروست نابێت. ئەو زەمینەیەش زەمینەی ناوخۆ و زاتییە پێش ئەوەی باسی هەر هۆکارێکی بابەتی بکرێت. بەچەمکی گوڵدمانی... هەر تێڕامانێک لە زانستە مرۆییەکان بەبێ چەند و چوون لەناو جەرگەی کۆمەڵگەوە دەست پێدەکات نەک لە دەرەوەی. هەروەک ئەو تێڕامانە دەبێ ژیانی کۆمەڵایەتی بگۆڕێت[٩] ئەو گۆڕینە لە خۆیدا بریتییە لە ڕێنسانس - هێزی جوڵێنەریشی لە ئەنجامی دروستبوونی حاڵەتی تێڕامانەوە دەست پێدەکات، بێگومان بەگوێرەی کورد، مێژووی ژیانی کۆمەڵایەتی ناجێگیر و پڕ لە جوڵەی ناسروشتی و هەر لە کۆنەوە داگیرکردنی وڵاتەکەی و پێکدادانی هێزە دەولییەکان هەر لە سەردەمی ململانێی نێوان گریک و فارس و بابلی و ئاشورییەکانەوە هەتا ڕۆژگاری ئەمڕۆ، هەروەها گەرمیان و کوێستانی خێڵەکان و ململانێی نێوانیان بواری بۆ تێڕامان و وردبوونەوە لە مێژووی کورددا کەم کردۆتەوە، ڕەنگە هۆیەکی زاتیش لەوەدا دەوری بینیبێ کە ئەویش لاوازی ئاستی یادەوەری و توانای تێڕامان و بیرکردنەوەیە لە ماهیەتی مرۆڤی کورددا کە بەسروشتی مرۆڤێکە تەنیا ڕووکەش دەبینێ و ئیتر توانای شۆڕبوونەوەی نییە. لە هەمان کاتدا یەکێک لە بنەما سەرەکیەکانی ڕێنسانس کە بەچەمکی خەلدونی عیمرانە لە عەقڵی کۆیی مرۆڤی کورددا لە ڕابردوودا پانتاییەکی ئەوتۆی داگیر نەکردووە. ڕاستە خێڵی کورد ویستوویەتی سنووری خۆی و ماهیەتی خۆی بپارێزێت بەڵام نەیتوانیوە لە دەرەوەی ئەو سنوورەدا خۆی بسەلمێنێت، هەر ئەو حاڵەتی نەتوانینەش وەهای لێکردووە کە بەسەر خۆیدا بشکێتەوە و توانای خۆدەربڕین و خۆنواندنی نەبێت، ئەو بەسەرخۆدا شکانەوەیەش لە بری ئەوەی لە ماهیەتی مرۆڤی کورددا وەکو تاک و وەکو دامەزراوەکانیش (خێڵ و عەشیرەت) لە ناوەوە مۆتیڤی دژ بەو حاڵەتە دروست بکات، بێ دەنگی و لە ئەنجامدا ڕازی بوون بەئەمری واقیعی بەرهەم هێناوە. بەمانایەکی تر کورد لە مێژووی تێکشکاندنی دەوڵەتی مادەوە کە هەموو جارێ پڕۆژەیەک کەسێتی ئەم و دەوڵەتی ئەم و ئایینی ئەم و کەلتوری ئەم و میرنشینی ئەم و بزووتنەوەی نەتەوەی ئەم و حکومەتەکانی ئەمی لەناو بردووە، توانای بنیاتنانی پڕۆژەی دژی نەبووە. بەمانایەکی تر لەبەر ئەوەی کورد لە بنەڕەتەوە بەپڕۆژەی جۆراوجۆر فڕێدراوەتە پەراوێزی مێژووەوە کەواتە زیندووکردنەوە و سەرهەڵدانەوەی ئەم لە ئەنجامی پڕۆژەی دژدا دەگاتە ئەنجام، ڕاستە لە قۆناغەکانی دوای هەر تێکشکاندنێکدا جۆرێک لە بەرگری کردووە، بەڵام ئەو بەرگرییە لە باشترین حاڵەتدا ئەوە بووە کە ڕێگا لە سڕینەوە و بەتەواوەتی لەنێوبردنی ئەم نەتەوەیە بگرێت ئەگینا نەیتوانیوە بە(دژە پڕۆژەیەک)

پڕۆژەکانی تێکشکێنەری کەسێتی خۆی پوچ بکاتەوە. بۆ نموونە کورد لە ڕوخاندنی دەوڵەتی (ماد)دا هیچ پڕۆژەیەکی دژی نەبووە بەڵکو ڕازی بووە بەو چارەنووسە، لە تێکشکاندنی ئاینی زەردەشتیدا و لە پڕۆسەی فەتحی ئیسلامیدا ئەم پاش بەرگرییەکی کەم خۆی داوە بەدەستەوە و دژە پڕۆژەی نەبووە، بەڵکو بەزوویی تەماهییان لەگەڵ ئیسلامدا کردووە. ئەیدمسۆن دەڵێت: عەرەبەکان ئایینی خۆیان گەیاندە کوردەکان یان لە لایەن عەرەبەکانەوە فەتح کران و لە سەدەی حەوتدا لە ئایینی خۆیان کردنەوە و بەشێوەیەکی سەرەکی بوون بەهەڵگری مەزهەبی سوونە[١٠].

کورد بەرامبەر بەپڕۆژەی فەتحی ئیسلامی هیچ دژە پڕۆژەیەکی نەبووە ئەگەر دواتر جۆرێک لە هەڵگەڕانەوە ڕوویدابێت بەتایبەتی لە جۆری ڕاپەڕینی بابەکی خورەمی ئەوە کاریگەری مەیلی گەڕانەوە بووە بۆ ڕابردووی پێش فەتح و زیندووکردنەوەی ڕابردووی لە دەست چوو. ڕاستە ڕاپەڕینی بابەکی ڕاپەڕینی کورد نەبووە، بەڵام لە لایەک جوگرافیای کوردستانی گرتۆتەوە و لە لایەکی تریشەوە بەشێک لە کوردەکان لە ژێر سەرکردایەتی عیسمەتی کوردیدا بەشدارییان تێدا کردووە[١١] ڕاستە کورد هیچ پڕۆژەیەکی دژی پڕۆژەی فەتحی ئیسلامی نەبووە بەڵام سەرباری تەماهی کردنی کوردیش لەگەڵ ئیسلامدا هێشتا کورد مەیلی گەڕانەوەی بۆ یادەوەری و زیندووکردنەوەی ڕابردووی خۆی ماوە. بۆ نموونە بوون بەئیسلام نەیتوانیوە لە بەشێکی دیار لە کەلتور و داب و نەریتی خۆیی بکاتەوە کە ئەوەش خاڵێکی بەهێزە بۆ کردن بەبنەما بۆ ڕێنسانسی نەتەوەیی... کوردەکان چەند سەدەیەک دوای ئەوەی وازیان لە ئایینی زەردەشتی هێنا، چەند داب و نەریتێکی ئەو ئایینە دێرینەیان زیندووکردەوە، بۆ نموونە ئاگری نەورۆز[١٢] بەڵام دیارە گەڕانەوە بۆ بەشێک لە یادەوەری زەردەشتی و کوردی نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە وەکو پڕۆژەیەکی زیندووکردنەوەی کەسێتی و کەلتوری و تێکشکاوی کوردی لە دوای پڕۆسەی فەتح کورد زیندوو بکاتەوە. بەمانایەکی تر ئەو گەڕانەوەیە بۆ زیندووکردنەوەی بەشێک لە ڕابردووی کورد نەبووە بەپڕۆژە. واتە کورد بەرامبەر بەپڕۆسەی فەتح هیچ دژە پڕۆژەیەکی نەبووە. بەتایبەتی لە بواری کەلتوریدا کە بەتێڕوانینی من ئەو بوارە لە پلەی یەکەمیدا دێت و هەتا ڕێنساسی کەلتوری دەست پێنەکات ڕێنساس لە بوارەکانی تردا سەرهەڵنادات.

لە پڕۆژەی تێکشکاندنی میرنشینەکانی کورددا لە لایەن عوسمانی و سەفەوییەکانەوە کورد نەک نەیتوانیوە دژە پڕۆژەی هەبێت کە ئەویش لە بنیاتنان و عیمراندا واتە لە



بنیاتنانی میرنشینی گەورەتر و پێکهێنانی فیدراسیۆنی میرنشینەکاندا خۆی دەبینێتەوە (ئەگەر بکرایە) کەچی زۆربەی کات خۆی بۆتە فاکتەر بۆ جێبەجێ کردنی پڕۆژەی هەرەس پێهێنانی ئەو میرنشینانە لە لایەن هەردوو دوژمنی عوسمانی و سەفەوییەوە.

لە قۆناغی دوای هەرەسی دوا میرنشینیشدا لە دوای ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد سەری هەڵداوە ئەگەرچی بەدرخانیەکان پێش ئەو مێژووەش ڕاپەڕین... تێکڕا لە شکستی بزووتنەوەکاندا کە لە ئەنجامی پڕۆژەوە لە لایەن دوژمنانی کورد ئەو دەوڵەتە خاوەن بەرژەوەندییانەی کە بەرژەوەندییان لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستاندا یەکی گرتۆتەوە هەر لە سەفەوی و عوسمانیەکانەوە هەتا دەوڵەتە تازە دامەزراوەکانی تورک و عەرەب و فارس تێک شکێنراون کورد دژە پڕۆژەی نەبووە. بەڵکو لە بنەڕەتدا خودی ڕاپەڕینەکانی کورد لە شێوەی پڕۆژەدا سەریان هەڵنەداوە و دەرنەکەوتوون بەڵکو زیاتر بریتی بوون لە کاردانەوە بەرامبەر بەپڕۆژەکانی داگیرکەران بۆ لەنێوبردنی کورد ئەو کاردانەوەیەش ستراتیژی پوچ کردنەوەی پڕۆژەکانی داگیرکەرانی نەبووە، بەڵکو ستراتیژی خۆپاراستنی هەبووە.

دیارە ماهیەتی پڕۆژەی خۆسەلماندن و پڕۆژەی خۆپاراستن جیاوازە کە یەکەمیان خاسیەتەکانی ڕێنساس لە خۆیدا کۆدەکاتەوە و ئامادەبوون و بە بکەربوون بۆ کورد دەستەبەر دەکات و لە ئاکامدا لە دەرەوەی مێژووەوە دەیهێنێتە ناو مێژووەوە لە نادیارەوە دەیکات بەدیار و لە حاڵەتی خۆشاردنەوەوە دەیگوازێتەوە بۆ حاڵەتی خۆنواندن. بەڵام دووەمیان واتە خۆپاراستن تەنیا دەتوانێت مانەوە لەو جوغرە داخراوەی خۆیدا دەستەبەر بکات. تەنانەت حاڵەتی ئەو مانەوەیەش کە هیچ ئامادەبوونێکی نییە زیاتر نادیار دەکات و دەیشارێتەوە. لێرەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە لە مێژووی کورددا تاکو ئێستا نە پڕۆژەی ڕێنساس سەری هەڵداوە، نە دژە پڕۆژەش بەرامبەر بەپڕۆژەی لەنێوبردنی کورد لە لایەن ئەوانی ترەوە لە لای کورد دروست بووە. ئەگەر نموونەیەکی زیندوو بهێنینەوە کە تەنیا سێ ڕۆژی بەسەردا تێپەڕبووە و تاکو ئێستاش هەموو هێڵ و مەوداکانی ئەو پڕۆژە دژ بەکوردە ئاشکرا نییە بەڵام لێرەدا دەردەکەوێت ئایا لە ئێستادا کورد گەیشتۆتە ئەو ئاستەی عەقڵ کە دژە پڕۆژەی هەبێت. نموونەکەمان لەسەر پڕۆژەی هاوبەشی دوژمنانی کوردە کە تورکیا ئەو دەورە دەبینێ. ئەویش لوتکەی ئەو پڕۆژەیە لە دەستگیرکردنی نامەردانە و دوور لە هەموو بنەماکانی ئەخلاقی و ئینسانی تورکیا و یاریدەدەرەکانیدایە

بۆ سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان. گرتنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بریتییە لە پڕۆژەیەکی هاوبەش کە دوژمنانی کورد و دنیای شارستانێتی و مافی مرۆڤ و دیموکراتی ڕۆژئاوا پێکەوە بەرامبەر بەکوردی تاک و تەنیا تیایدا هاوبەشن. بەمانایەکی تر پڕۆژەی ئەو دەستگیرکردنە بریتییە لە هەڵوێستی شارستانێتی ڕۆژئاوا بەرامبەر بەفەردێکی ڕۆژهەڵاتی تەنیا. ڕۆژئاوایەک کە جێگای هەموو تاوانبارە جۆراوجۆرەکانی دنیای تێدا دەبێتەوە، نەیتوانی یان باشتر وایە بڵێین نەیویست جێگای سەرکردەیەکی کورد بکاتەوە... بەڵێ ئەوە دنیای شارستانێتی ڕۆژئاوایە بەرامبەر بەوانەی کە نەیانتوانیوە بە هێز و ئامادەبوونی ڕابردوو و ئێستای خۆیان بسەلمێنن. تورکیا و ڕۆژئاوا لە پڕۆژەیەکدا کە پڕۆژەیەکی دژە کوردە و هەموو نەژادی کورد دەگرێتەوە نەک تەنیا عەبدوڵڵا ئۆجەلان، دڕندەیی و بێ ئەخلاقی ئەو شارستانیەتەیان دەرخست. ئەی دژە پڕۆژەی کورد چییە بەرامبەر بەو پڕۆژەیە کە هەڕەشە لە بوونی هەموو کورد دەکات؟

بێگومان هێشتا زووە بۆ ئەوەی حوکم بەسەر عەقڵی کورد بدەین لە ئێستادا بەتایبەتی دەربارەی هەڵوێستی حزب و ڕێکخراوە دیارەکانی. بەڵام لەم بارودۆخەدا ئاستی نەتەوایەتی بوونی حزب و ڕێکخراوە کوردییەکان دەردەکەوێت. من مەبەستم ئەوە نییە کە عەبدوڵڵا ئۆجەلان جێگای ڕەخنە نەبووە... بەڵام مەسەلەی نەتەوایەتی و هەست کردن بەرەسەنایەتی نەتەوایەتی لە کاتێکدا مەترسی ئەوانی ترت لەسەر بێت زۆر لە ڕەخنەی ناوخۆ و ناکۆکی ناوخۆش گەورەترە ئەگەرچی پارتی کرێکاران وەکو وێنەی باوکی ڕۆحی سەیری دەکەن و پێیان وایە هیچ کەم و کورتیەکی نییە.

من هیواخوازی ئەوەم کە حزب و ڕێکخراوە دیارەکانی کوردستان یەکگرتوو و هاودەنگ بن لە هەڵوێستیاندا و ناکۆکییە ناوخۆییەکانیان چ لەگەڵ پارتی کرێکاران چ لە نێو خۆیاندا بەلاوە بنێن چونکە مەترسی لەنێوچوون هەڕەشە لە هەموو کورد دەکات. پێم وایە یەک هەڵوێستی و هاودەنگی سەرجەم حزبەکان و جەماوەر لە کوردستانی گەورەدا و سووربوون لەسەر کاری جیدی و چالاکانە بەدژی بەرژەوەندییەکانی تورکیا و ڕۆژئاوای بەشدار لەو پڕۆژە دژ بەکوردەدا لە دژە پڕۆژەیەکدا دەبێت کە بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوای بڕیار بەدەست بخاتە مەترسیەوە ئەوا ڕۆژئاوا خۆی و دوژمنەکانی کوردیش ناچار دەکات کە دابەزن بۆ ئاستی دایەلۆگ لەگەڵ کورددا... کێشەی کورد چارەسەر بکەن کە بەبێ دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ و یەکگرتووی کوردی ئەو کێشەیە هیچ چارەسەرێکی



نییە. بەهەرحاڵ ئێستا یەکگرتنەوەی هەموو کورد لە هەڵوێستێکدا بۆ دروستکردنی دژە پڕۆژە کێشەی کورد دەکات بەکێشەیەکی سیاسی جیهانی... ئێمە لە چاوەڕوانیداین بزانین ڕۆژانی داهاتوو حزبە دیارەکانی کورد چی دەکەن... هەر بێدەنگ و ملکەچ دەبن نەوەکو داگیرکەران زویر ببن یان دەیسەلمێنن هەڵگری گوتاری نەتەوەیی کوردین و نوێنەری ڕاستەقینەی بزووتنەوەی کوردایەتین، کە ئەوەش تەنیا لە ئێستادا بەدژە پڕۆژە بۆ پڕۆژەی دەستگیرکردنی ئۆجەلان دەردەکەوێت.

وەک باسمان کرد کورد تاکو ئێستا نەپڕۆژەی ڕێنساس و نەدژە پڕۆژەی بۆ پڕۆژەکانی لەنێوبردنی کورد نەبووە. کە دیارە پڕۆژەی ڕێنساس لە سادەترین مانایدا ئەوەیە کە کورد بگەیەنێت بەئاستی دروستکردنی دەوڵەت، هەروەها (دژە پڕۆژە)ش بۆ وڵاتێکی دابەشکراو و داگیرکراوی وەکو کوردستان ئەگەر نەشتوانێت کورد بگەیەنێتە ئاستی دەوڵەت، ئەوە ڕێگا لە پڕۆژەی لەنێوبردنی کورد دەگرێت و نایەڵێت بنەما ئامادەکان و پایە و کۆڵەکە دیارەکانی پڕۆژەی ڕێنساس لە کۆمەڵگەی کوردیدا بڕوخێن و تێکبشکێن.

ئێستا دەگەڕێینەوە بۆ ئەو پرسیارەی لە سەرەتای ئەم بەشەدا بەرزمان کردەوە: مەبەست لە ڕێنساسی کوردی چییە؟ ڕەنگە وەڵامی ئەم پرسیارە لەوە مەودا فراوانتر بێت کە بە ڕستەیەک وەڵام بدرێتەوە. بۆیە لێرە بەدواوە هەوڵ دەدەین ڕووناکی بخەینە سەر ئەو باسە. ڕێنساسی کوردی کوردایەتی پێکەوە دێن و ناتوانرێت بەبێ بوونی کورد یان بەبێ قسەکردن لەسەر کورد وەکو نەتەوەیەک کە سەرباری بوونی بنەماکانی نەتەوەیی خۆی هەست بەکوردایەتی کردنی خۆیشی هەبێت باسی ڕێنساس بکرێت. واتە ئەگەر کورد وەکو نەتەوە گرنگی و پێداویستییە نەتەوەییەکانی خۆی تێ نەگات و نەناسێت ئەوا ناتوانێت لە گرنگی ڕێنساسی نەتەوەیی تێ بگات. کەواتە دەبێ بەر لە هەموو شتێک هەست بە(کوردێتی) کردن ببێتە حاڵەتێکی جێگیر لە ماهیەتی مرۆڤی کورددا ئەوسا و لە دوای ئەوە دەشێ قسە لەسەر بنەماکانی ڕێنساسی کوردی و خودی ڕێنساس بکرێت.

پڕۆژەی ڕێنساسی کوردی بریتییە لە پڕۆژەیەک کە کەسێتی تێکشکاوی کوردی زیندوو بکاتەوە و لە حاڵەتی نائامادەی ئێستایەوە بیگوازێتەوە بۆ حاڵەتی ئامادەبوون. لە دەرەوەی مێژوو، لە پەراوێزەوە ئەو کەسێتیە بهێنێتەوە ناو مێژوو، کە ئەوەش لە دامەزراندنی دەوڵەتدا دەبێت. بێگومان پڕۆژەی ڕێنساسی کوردیش هەروا لە خۆیەوە دروست نابێت و سەرهەڵنادات، بەڵکو لە پلەی یەکەمیدا دەبێ عەقڵی ڕەخنەیی لای کورد

دروست بێت کە بنیاتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و ئەخلاقی و دینی و کەلتوری و... کورد بخاتە ژێر ڕەخنەوە و هەموو ئەو وەهمەی کە مێژووی کوردی داپۆشیووە، هەموو ئەو ڕۆمانسیەتی کۆنترۆڵی بوون و ماهیەتی کوردی کردووە بڕوخێنرێن، هەموو ئەو پیرۆزی و گەورەیی و بەهێماکردنانەی کە لە هیچە لە مێژووی ئێمەدا، لە ئێستاماندا دروستکراون هەڵبووەشێنرێنەوە، بەمانایەکی تر کەسێتی کوردی وەکو حەقیقەتی خۆی بخرێتە ڕوو، کە ئەوەش زەمینە بۆ خۆناسین دەڕەخسێنێ. ئەگەر ئەو عەقڵە ڕەخنەییە دروست بوو، کوردی گەیاندە ئەو حاڵەتە بپرسێت: من کێم؟ چیم پێدەکرێت؟ چیم هەیە؟ چیم کردووە؟ هەروەها چۆن لە دوای سەپاندنی وەڵامی پۆزەتیف دەگەڕێت بۆ ئەو پرسیارانە و تێشدەگات وەڵامی پۆزەتیف تەنیا بەهەڵتەکاندنی ئەو وەهمانە دەبێت کە وەکو دەمامک خۆی لە ژێردا حەشارداوە. بەمانایەکی تر کورد بۆ ئەوەی پڕۆژەی ڕێنسانسی خۆی دروست بکات دەبێ لە حاڵەتی یەکەمدا بەئەسالەتی خۆیەوە دەربکەوێت و خۆی بناسێت، ئەگەر خۆی نەناسێت ئەوا ناتوانێت ببێتە خاوەنی پڕۆژە... بەواتا خاڵی یەکەم بۆ ئەوەی کورد پڕۆژەیەکی نەتەوەیی هەبێت یان پڕۆژەی نەتەوەیی بنیات بنێت دەبێ خودی خۆی وەکو بکەری ڕووداو دروستکەر بینا بکات بەواتا بەبێ بکەرێکی ڕووداو دروستکەر کە ئەوەش بکەری نەتەوەیی کوردە ناتوانێت پڕۆژەی ڕێنسانس دروست بکات. پڕۆژەی ڕێنساس بۆ کورد پێویستی بەهێز هەیە واتە بەهێز ئەو پڕۆژەیە دروست دەکرێت، کوردیش هەتا دەمامکەکانی لانەبات و ڕووت نەبێتەوە ناتوانێت هێزی خۆی بخاتە کار. ڕێنسانسی کوردی لەو عەقڵە ڕەخنەگرەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەموو ڕابردووی ئێمە بخاتە ژێر نەشتەری ڕەخنەوە، هەموو ئێستامان بەعەقڵی ڕەخنەگرانە هەڵسەنگێنێ. سەرجەم بزووتنەوەکانی کورد، خێڵی کورد، سەرکردەی کورد، حزبی کوردی، ڕۆشنبیری کورد هەموویان ڕووت بکاتەوە و لایەنە پۆزەتیفەکان کە زۆر کەمن وەربگرێت و سەرجەم لایەنە خراپەکان، تێگەیشتنەکانە هەڵەکان، درۆ و خۆفریودانەکان، حاڵەتی دەنائەتی کوردی کە لە ماهیەتی کۆمەڵایەتی کورددا باڵادەستە بسڕێتەوە و ئازایەتی و جورئەتی لە شوێندا بنێژێت.

لە لایەکی ترەوە پڕۆژەی ڕێنسانسی کوردی پێویستی بەگەڕانەوەی جیدی هەیە بۆ پانتایی یادەوەری کورد، هەتا هێماکانی ڕابردوو لە ئێستادا ئامادە بکرێنەوە بەو هیوایەی بکرێن بەبنەما بۆ زیندووکردنەوەی کەسێتی تێکشکاوی نەتەوەیی کورد. لەو بوارانەشدا کورد بەشی ئەوەندە ڕابردووی هەیە کە زەمینەیەک بۆ ڕێنسانس ئامادە بکات. هەر لە



زیندووکردنەوەی ڕەمز و هێما ئایینی و کەلتوری و ئەفسانەییەکانەوە هەتا داب و نەریت و ڕەفتار و هەموو بەها کوردیەکان، ئەوانەی ئەسالەتی کوردیان تێدایە. ئامادەکردنەوەی سەرجەم ئەم بوارانە لە ئێستادا و ڕەخنەگرتنی توند لە هەست و هۆشیاری نەتەوەیی کوردی و عەقڵی داخراوی سیاسی کوردی بەمەبەستی گواستنەوەیان بۆ قۆناغێکی تر و هەوڵدانی دەربازکردنیان لەو حاڵەتە سست و بێ بەرهەمەی ئێستا کە لە بری ئەوەی عەقڵ و فیکر بیانبات بەڕێوە سۆز و عاتیفەی ڕۆمانسیانە دەیانجوڵێنێ... سەرجەم ئەمانە زەمینە خۆش دەکەن بۆ ئەوەی ئینسانی کورد بکات بەخاوەنی پرسیار و خاوەنی پەیام کە ئەوەش دەبێتە هەنگاوی یەکەم بۆ ئەوەی مەیل و ئارەزووی جیدی بە بکەربوون لای ئینسانی کورد دروست بکەن... ئەگەر کورد لە حاڵەتی هەست بەنزمی و کەمی کردنی ئێستای دەرباز ببێت و هەست بەماهیەتی ڕاستەقینەی خۆی وەکو ئینسان و وەکو کۆمەڵگە بکات کە ئەوەش ساتەوەختی هەستکردنە بەبوونی خود و بەهەڵنانی هەنگاوی بەرەو بە بکەربوون مانای وایە ئەو کاتە دەگاتە ئەوەی لە خۆی بپرسێت: ئێستا چی بکەم؟ بێگومان پرسیاری چی بکەم ئەگەر عەقڵێکی ڕەخنەیی و خاوەن بەرنامە لە پشتییەوە بێت مانای وایە ئەو پرسیارە لە ماهیەتی خۆیدا گەوهەری پڕۆژەیەک هەڵدەگرێت کە بەگوێرەی کورد پڕۆژەی ڕێسناسە.

ڕێنسانسی کوردیش وەکو گوتمان دەبێ پڕۆژەی زیندووکردنەوەی کوردی لە هەموو بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا هەڵگرتبێت کە تێکڕا کورد حاڵەتی ئێستایەوە بگوازرێتەوە بۆ حاڵەتی زیندووکردنەوە و ئامادەبوون و خۆسەلماندن لەسەر پانتایی جوگرافیای خۆی و لە ئاستی ئەوانی تریشدا ئەوەش پێویستی بەو عەقڵە ڕەخنەییە و بەئامادەکردنەوەی توخم و ڕەگەز و ڕەمزەکانی ڕابردووە هەتا ببنە بنەمای فۆرمەلەکردنی هەست و هۆشیاری نەتەوەیی کوردی لە شێوەیەکی جیدیدا و لە حاڵەتی هەست بەدەنائەت کردنەوە بۆ حاڵەتی هەست کردن بەبوون و بەئامادەبوون، لە خۆفریودان و دەمامک پۆشینەوە بەناوی مەسەلەی نەتەوایەتیەوە بۆ فڕێدانی دەمامکەکان و بەڕاستی و بەدروستی کارکردن لە پێناوی نەتەوەدا بیگوازنەوە.

بێگومان ئەگەر بنەماکانی ئەو پڕۆژە پێکبێت ئەوە هۆشیاری نەتەوەیی کوردی بەشێوەیەکی بەهێز دروست دەبێت و (ناوەند)ی کۆکردنەوەی هەموو کورد پێکدێت و ئەو کاتە یەکبوون و یەکگرتن دەبێت بەئەمری واقیع و چیتر بوار بۆ ناوچەگەرێتی و

هەرێمچێتی و خێڵگەری و تاکە ڕەمز پەرستن چیتر جێگایان بۆ نامێنێتەوە، کەواتە تەنیا پڕۆژەی هەمەلایەنی ڕێنساسی کوردی دەتوانێت یەکبوون و یەکگرتنی هەموو کورد بکات بەئەمری واقیع. ڕۆحی بزوێنەری ئەو پڕۆژەیەش لە کەلتورەوە دەست پێدەکات و فاکتەری بەجوڵەخستنی ئەو ڕۆحەش تەنیا عەقڵی ڕەخنەگرانەیە، عەقڵێک کە بتوانێت کۆمەڵگەی کوردی بەوردی بخوێنێتەوە و ڕووتی بکاتەوە و حەقیقەتی ئەو کۆمەڵگەیە بخاتە ڕوو، بەو حەقیقەتەوە کورد ئیش بکات و تێ بگات ئەوەی تاکو ئێستا کراوە، خولانەوەیە لە بازنەیەکی داخراودا، بۆ ئەوەی لە ئێستاوە کە خاوەنی هیچ نییە بەرەو ئایندەیەک بەرنامە دابنێت کە ببێت بەخاوەنی خۆی، کە ئەوەش تەنیا لە گەیشتنی کورددا بەئاستی دروستکردنی دەوڵەت دەستەبەر دەبێت، بەڵێ دەوڵەتی کوردی تەنیا لە ئەنجامی ئەو ڕێنساسە نەتەوەییەدا دروست دەبێت کە کورد بگەیەنێتە ئاستی ئەو هەستکردنەی کە دەبێ دنیا ناچار بکات لەگەڵی بدوێ، ئاخاوتن بکات لەگەڵی و بەناچاری ئەوانی تر قبوڵی بکەن ئەوەش تەنیا و بەس تەنیا پەیوەندی بەخودی کورد خۆیەوە هەیە و تەنیا پڕۆژەیەکی ڕێنساسی نەتەوەیی هەمەلایەنە کورد لە حاڵەتی ترس و قەلەق و بێ ئیرادەیی ئێستایەوە دەگوازرێتەوە بۆ حاڵەتی تەحەدا و دڵنیایی و دەیکات بەخاوەنی ئیرادە.

هەتا ئەو ڕۆحی تەحەدا و ئەو ئیرادە نەتەوەییەش دروست نەبێت بزووتنەوەی کوردی ئێستا کە بەش بەش و پەرەوازەیە لەبەردەم مەترسی لەناوچووندا دەبێت و هەمیشە لە قەلەقدا دەژی. قەلەقی ئەوەی کە ئێستا لە دەست دەچێت. بێگومان ئەگەر کورد ئەو پڕۆژە نەتەوەییەی نەبێت و ئەو عەقڵیەتە ڕەخنەییە دروست نەبێت، ئەوا حاڵەتی ئێستا کە خاڵێکی سەر بازنەی داخراوی مێژووی کوردە تێپەڕ ناکرێت و ئایندەش بەدەست ناهێنرێت. بەڵێ کورد دەبێ لە خەمی ڕێنساسی نەتەوەییدا بێت، چونکە تەنها ئەو ڕێنساسە کەسێتی تێکشکاوی نەتەوەیی ئەم زیندوو دەکاتەوە و ئەو کەسێتەش لە حاڵەتی شکستییەوە دەگوازرێتەوە بۆ حاڵەتی دروستبوونەوە و بە بکەربوون و لەگەڵ خۆیدا پڕۆژەی بیناکردنەوەی مێژووی نەتەوە دەهێنێ و بەڕۆحی تەحەداوە خۆی دەسەلمێنێ و دەوڵەتی کوردی دروست دەکات. هەر بۆیە لە ئێستاوە هەتا سەرهەڵدانی ئەو پڕۆژەیەش هەر بزووتنەوەیەکی کورد پڕۆژەی دەوڵەتی نەبێت پێ بزانێت یان نا بەئاراستەی پێچەوانەی داخوازییەکانی کوردەوە ئیش دەکات و ناشێت بەنوێنەری کوردایەتی و هەڵگری پەیامی نەتەوە و گوتاری نەتەوەیی دابنرێت و هیچ بەڵگە و بیانوویەکیش شەرعیەت بۆ ئەو هەڵوێستەی دروست ناکات. بەڵکو لە پلەی یەکەمدا ئەو هەڵوێستە سەلمێنەری یان خۆ



بەکەم زانینە یان لاوازی هەست و هۆشیاری نەتەوەیی کە لەم بوارەشدا بەپلەی یەکەم سەرکردەی حزب و ڕێکخراوەکان بەرپرسن. هەر چۆن بەدرێژایی مێژوو هەر ئەمان واتە سەرکردەکان بەرپرس بوون لە شکست و بەدبەختییەکانی کورد بەهەمان شێوە لە پڕۆژەی لادانی ڕۆحی هەڵایساوی کورددا بۆ سەربەخۆیی و دەوڵەت لە ڕاڕەوی ڕاستەقینەی خۆی بەرپرسیارن. هەر چۆن لە ئەنجامی ستراتیژی ئیشکردنی عەقڵی لاوازی (یان خۆم دەبم یان نابێ کەسی تر ببێت) لە لای سەرکردەی حزبی کوردی و میر و سەرخێڵەکانیش بەدرێژایی مێژووی چەندین سەدە... بەهەمان شێوە ئێستاش سەرۆکی حزبەکانی کوردی خۆیان بەربەستی یەکەمی بەردەم پرۆسەی یەکگرتن و یەکبوونن، کە یەکگرتن و یەکبوون لە ئێستادا بۆ کورد ڕۆحی ئەو پڕۆژەی ڕێنساسە پێک دێنێ کە باسمان کرد. بەڵێ (کێ بەرکێی سەرکردەکانی (کورد) ڕێگا لە یەکێتی ڕاستەقینەی (کورد) دەگرێت[١٣] بێگومان هەر ئەو یەکێتییەش زەمینە خۆشکەرە بۆ پڕۆژەی ڕێنساسی نەتەوەیی... بەو پێیە تاکو ئێستا زۆربەی سەرکردەی کوردی بەئاراستەی پێچەوانەی یەکگرتن و یەکبوون ئیشیان کردووە و دەکەن و لە جیاتی یەکبوون و پەرتبوون و بەش بەش کردنی کورد دروست دەکەن، بەو پێیەش دەبنە دژی پڕۆژەی نەتەوایەتی کوردی و ڕێنساسی کوردی کە ئەنجامەکەی حەتمیە و درەنگ و زوو سەر هەڵدەدات و کوردیش دەبێت بەخاوەنی دەوڵەتی یەکگرتووی نەتەوەیی خۆیی.

### سەرچاوەکان


١- الدکتور برهان غلیون - اغتیال العقل - مکتبه مدبولی - الطبعه الثالثه ١٩٩٠ ص ٢٧.
٢- عةتا قةرةداخي - بنةما ميژووييةكاني ناكۆكي نيوان يةكيتي و پارتي - گۆڤاري سةراب ژمارة (٣-٤) ساڵي ١٩٩٦.
٣- الدکتور برهان غلیون - نفس المصدر السابق ص ٢٩٧.
٤- الدکتور فاضل حسين و الدکتور کاظم هاشم نعمة - التأریخ الاوروبي الحدیث - بغداد ١٩٨٢ ص ٦.
٥- قضایا اسلامیة معاصرة - العدد (٣) - بیروت ١٩٩٨ ص ١١.
٦- الدکتور برهان غلیون - اغتیال العقل- ص ٣٠٨.
٧- عەتا قەرەداخی - ڕۆڵی کەلتور لە ڕێنساسی نەتەوەیی کورددا. دەستنووس.
٨- محمد مفید الشوباشي - العرب والحضارة الاوروبیة - دار الشؤون الثقافة العام.

٩- اديث كيزويل – عصر النبوية – ترجمة جابر عضور – بغداد – ١٩٨٥ ص ٢٧٣.

10- David Adamson. The Kurdish War. London - 1964 p. 16.

١١- الدكتور قحطان عبدالرحيم الحوري – الحركات الهدامة في الأسلام – بغداد – دار الشؤون الثقافة العامة – ١٩٨٩ ص ١٧٤.

12- John Bulloch and Harvey Morris - No Friends But The Mountains. London - 1993 - p. 224.

١٣- ی. ئی – ڤاسیلیەڤا – کوردستانی خواروی ڕۆژهەڵات. وەرگێڕانی دکتۆر ڕەشاد میران – هەولێر ١٩٩٧، ل ٢٧٨.




# بەرهەمەکانی ساڵی ٢٠٠٤

(٢٢٢) سياسة التعريب في إقليم كُردستان العراق – دراسة وثائقية– إعداد: مجموعة من المؤلفين.

(٢٢٣) دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی: شێخ محەمەدی خاڵ و ئومێد ئاشنا.

(٢٢٤) الأمير الكُردي – مير محمد الرواندزي. تأليف: جمال نَبَز. ترجمة: فخري شمس الدين سيلاحشۆر

(٢٢٥) گەنجە ئازاکەی سەر جۆلانەکە. هەڵبژاردەیەک لە کورتەچیرۆکی بیانی. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: شێرزاد حەسەن.

(٢٢٦) ئیسلام و ناسیۆنالیزم لە کوردستاندا. سەرەتایەک لە بارەی کۆمەڵناسیی ئایینەوە. موسڵح ئیروانی.

(٢٢٧) دیداری سەرەک کۆمار. شانۆگەری. نووسینی: ڕەئووف حەسەن.

(٢٢٨) داستانی حەسەن و حوسەین، داستانێکی فۆلکلۆری کوردییە، ساخکردنەوە و لێکۆڵینەوەی: هەردەوێڵ کاکەیی.

(٢٢٩) ملوانکەی ستیل – کۆمەڵە چیرۆک، محەمەد فەریق حەسەن.

(٢٣٠) جووتیارێکی زیرەک، کۆمەڵە چیرۆک بۆ منداڵان، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەمیری حاجی داود.

(٢٣١) پاپۆڕی فڕیو، چیرۆک بۆ منداڵان، وەرگێڕانی لە دانیمارکییەوە، محەمەد فەریق حەسەن.

(٢٣٢) دار گێلاس، چیرۆک بۆ منداڵان، وەرگێڕانی لە دانیمارکییەوە: محەمەد فەریق حەسەن.

(٢٣٣) کچە ئەستێرە، چیرۆک بۆ منداڵان، وەرگێڕانی لە دانیمارکییەوە: محەمەد فەریق حەسەن.

(٢٣٤) الكُرد، دراسة سوسيولوجية وتأريخية، ألفه: باسيلي نيكيتين، نقله من الفرنسية وعلق عليه: الدكتور نوري طالباني.

(٢٣٥) فەرهەنگی قانونی. دانانی: د. نووری تاڵەبانی.

(٢٣٦) منطقة كركوك ومحاولات تغيير واقعها القومي، تأليف: د. نوري طالباني.

(١٣٧) هەولێر لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا ١٨٢٠-٢٠٠٠، سەمیر ساڵح.

(٢٣٨) ناوچەی کەرکووک و هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەیی ئەم ناوچەیە، دانانی: دکتۆر نوری تاڵەبانی، وەرگێڕانی: محەمەدی مەلا کەریم

(٢٣٩) چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی. دانانی: پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین.

(٢٤٠) کوردستان لە چاپکراوە عوسمانلییەکاندا. فەیسەڵ دەباغ لە تورکیی عوسمانلییەوە کردوویە بەکوردی.

(٢٤١) کەس وەک من تۆی خۆش ناوێ – کورتە چیرۆک. نووسینی: سەحەر ڕەسایی.

(٢٤٢) بارزانیی نەمر لە ١٠٠ ساڵەی بوونیدا – کۆمەڵە وتار. نووسینی: سەرباز هەورامی.

(٢٤٣) باوک – شانۆنامەی هاوچەرخی سوێدی. نووسینی: ئۆگۆست ستەرندبێرگ. وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: د.فەرهاد پیرباڵ.

(٢٤٤) ناوچەی کەرکووک و هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەییی ئەم ناوچەیە (بەزمانی ئینگلیزی). دانانی: دکتۆر نوری تاڵەبانی.
(٢٤٥) نامەکان بەر لە مردن ناخوێنرێنەوە - کورتە چیرۆک. نووسینی: کازیوە ساڵح.
(٢٤٦) کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان. مێژوو. نووسینی: حامید گەوهەری.
(٢٤٧) هوية كركوك الثقافية والإدارية. تأليف: محمد علي قرداغي.
(٢٤٨) رۆمیۆ و جوولێت - شانۆگەری. نووسینی: شەکسپیر. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئازاد حەمە شەریف.
(٢٤٩) خەباتی رزگاریخوازی کورد و ئازەر لە ئێران. نووسینی: د. کەمال مەزهەر ئەحمەد. گۆڕینی بۆ کوردی: ئازاد عوبێد ساڵح.
(٢٥٠) بەفرنووس و ئەوانی تر - دیوانی شیعر. شیعری: دڵشاد عەبدوڵلا.
(٢٥١) خەون وا خۆی گێڕایەوە. دیوانی شیعر. سەباح رەنجدەر.
(٢٥٢) فیلسۆفەکانی مۆدێرنیتە لە دێکارتەوە تا هایدگێر. نووسینی: بێرتران ڤێرژۆلی. وەرگێڕانی: محەمەد رەحیم ئەحمەدی.
(٢٥٣) نڤیسار. کۆمەڵێک بابەتی تیۆری. بەرگی یەکەم.
(٢٥٤) گەلاڵەی پارادایمی پەرەسەندنی کولتووری بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان. نووسینی: بەختیار سەجادی.
(٢٥٥) نەتەوەخوازی. ئەنتۆنی دی سمیس. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: هوشیار عەبدورەحمان سیوەیلی.
(٢٥٦) ئۆکتاڤیۆ پاز: بەردی سپی و رەش - سان ژۆن پێرس: ئاناباز. وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: د. موحسین ئەحمەد عومەر.
(٢٥٧) إحياء القلوب - شرح مولانا الشيخ عبدالقادر الرافعي الفاروقي الطرابلسي على حكم شيخه محمود الكردي الخلوتي قدس الله روحهما ونور ضريحهما.
(٢٥٨) ستایش. شیعر: نەزەند بەگیخانی.
(٢٥٩) ئەو پەیڤانەی لە دڵەوە هەڵدەقوڵێن. شیعری: حەمەسەعید حەسەن.
(٢٦٠) عەقیدەی ئیمان - عەقیدەی کوردیی. کۆ و کورت کردنەوەی: خالید شارەزووریی نەقشبەندیی (مەولانا خالید). ئاشناکردن و لێکۆڵینەوەی: کەمال رەئووف محەممەد
(٢٦١) ئەدەبی نامەنووسینی کوردی. کەمال رەئووف محەمە. جزمی: ١
(٢٦٢) ئەدەبی نامەنووسینی کوردی. کەمال رەئووف محەمە. جزمی: ٢
(٢٦٣) ئەدەبی نامەنووسینی کوردی. کەمال رەئووف محەمە. جزمی: ٣
(٢٦٤) نظرات في القومية العربية مداً وجزراً حتى العام ١٩٧٠ تاريخاً وتحليلاً. الجزء الأول. جرجيس فتح الله.
(٢٦٥) نظرات في القومية العربية مداً وجزراً حتى العام ١٩٧٠ تاريخاً وتحليلاً. الجزء الثاني. جرجيس فتح الله.
(٢٦٦) نظرات في القومية العربية مداً وجزراً حتى العام ١٩٧٠ تاريخاً وتحليلاً. الجزء الثالث. جرجيس فتح الله.



(٢٦٧) نظرات في القومية العربية مداً وجزراً حتى العام ١٩٧٠ تاريخاً وتحليلاً. الجزء الرابع. جرجيس فتح الله.
(٢٦٨) نظرات في القومية العربية مداً وجزراً حتى العام ١٩٧٠ تاريخاً وتحليلاً. الجزء الخامس. جرجيس فتح الله.
(٢٦٩) گوڵزاری هەورامان. لێکۆڵینەوە و پشکنین و بەراوردکاری: محەمەد ئەمین هەورامانی. بەرگی یەکەم.
(٢٧٠) گوڵزاری هەورامان. لێکۆڵینەوە و پشکنین و بەراوردکاری: محەمەد ئەمین هەورامانی. بەرگی دووەم.
(٢٧١) کورد تورک عەرەب. سیسیل جۆن ئیدمۆندس. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: حامید گەوهەری.
(٢٧٢) رۆژانی گوڵڕەنگ و شانۆی سالار. ئەحمەد سالار.
(٢٧٣) سێ قوربانییەکە. عەبدولمونعیم غولامی. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئیحسان ئیروانی
(٢٧٤) رێچکەکانی برسێتی - رۆمان. جۆرج ئەمادۆ. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: هیمەت کاکەیی.
(٢٧٥) سەرجەمی بەرهەمی شاکر فەتاح. کتێبی دووەم.
(٢٧٦) سەرجەمی بەرهەمی شاکر فەتاح. کتێبی سێیەم.
(٢٧٧) هەڵسانەوە. شیعر: سامی شۆڕش
(٢٧٨) جێگایەکی تر- کۆمەڵە چیرۆک. گوڵی تەرەقی. وەرگێڕانی: دلاوەر قەرەداغی.
(٢٧٩) دار تووە تەنیاکە- سێ نۆڤلێت. چنوور نامیق حەسەن.
(٢٨٠) ئاوێنە شکاو. بیرەوەریی هێدی "خالد ئاغای حیسامی".
(٢٨١) سێوی سوور. شیعر: هیوا قادر.
(٢٨٢) هێشووی عەشق. شیعر: مەهاباد قەرەداغی.
(٢٨٣) ئاشتیی کوردستان- رۆمان. نووسینی: محەمەد ساڵح سەعید.
(٢٨٤) بەتاو پێکدا دەبارین. شیعری: نیگار نادر.
(٢٨٥) عەرووزی کوردی. نوری فارس حەمەخان.
(٢٨٦) پوختەی مێژوونامە. حەمید گەردی.
(٢٨٧) سینتاکسی رستەی تێکەڵ. د. کوردستان موکریانی.
(٢٨٨) نووسین بەبێ وشە. شیعری: حەمەسەعید حەسەن.
(٢٨٩) چل حیکایەتێد مەلا مەحموودێ بایەزیدی رەشید فندی ڤەگۆهاستینە سەر رێنڤیسا نوێ.
(٢٩٠) حاجیلەکانی دەشتی هاموون - دیوانی شیعری: ئازاد دڵزار.
(٢٩١) ئاستیاک و مینە و شازادەی دارستان. چیرۆکی ئەفسانەیی. بەناز عەلی.
(٢٩٢) جیهانە جوانەکەمان. ئۆپەرێت و شانۆگەریی جیهانی منالان. عوسمان محەمەد هەورامی.
(٢٩٣) شێلم فرۆش. کۆمەڵە چیروکێت زاروکا .ئەنوەر محەمەد تاهیر ژ فارسی یێت کرینە کوردی.
(٢٩٤) کێش و ریتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی. د. محەمەد بەکر.
(٢٩٥) اسم الكتاب: حول جرائم الحرب وجرائم ضد السلم والإبادة العنصرية (تحليل سياسة الولايات المتحدة الأمريكية في العراق). جرجيس فتح الله.
(٢٩٦) پەخشانە شیعری کوردی. د. محەمەد بەکر.

(٢٩٧) ئاهووی ئێلاخان- بەرگی یەکەمی دیوانی عابد سیراجەدین نەقشبەندی. ئامادەکردنی: ئەسعەد سیراجەدین نەقشبەندی.
(٢٩٨) خانمی خێلان - بەرگی دووەمی دیوانی عابد سیراجەدین نەقشبەندی. ئامادەکردنی: ئەسعەد سیراجەدین نەقشبەندی.
(٢٩٩) ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی. بەدران ئەحمەد حەبیب.
(٣٠٠) مێژووی ئەدەبی کوردی. د. مارف خەزنەدار. بەرگی چوارەم.
(٣٠١) ئەڵوەن - ڕۆمان. ئەحلام مەنسور.
(٣٠٢) دوو هاوڕێ و جادووگەرێک- چیرۆک بۆ منداڵان. نووسینی: کازیوە ساڵح.
(٣٠٣) کۆتر شین و زەوی سپی- چیرۆک بۆ منداڵان. نووسینی: محەمەد فەریق حەسەن.
(٣٠٤) کچە جوانەکەی بازرگان- چیرۆک بۆ منداڵان. وەرگێڕانی بۆ کوردی: عەزیز ڕەشید هەریری.
(٣٠٥) خەونەکانی بلوچستان. ڕۆمان. ئەحمەدی مەلا.
(٣٠٦) ماڵی ڕووناکان- هەڵبژاردەی کۆمەڵێک چیرۆکی نوێی فارسی. وەرگێڕانی: عەتا نەهایی.
(٣٠٧) دیوانی ئەسعەد مەحوی. کۆکردنەوە و ئامادەکردن و لەسەر نووسینی: د. عەبدوڵڵا ئاگرین.
(٣٠٨) ڕێبازە ئەدەبییەکان. ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە د. فەرهاد پیرباڵ.
(٣٠٩) شەڕە لەبیرکراوەکە. د. سەلاحەدین ڕاستگەلدی. گۆڕینی بۆ کوردی: کاوە ئەمین.
(٣١٠) شتێک لە قوڕی خورافە - نۆڤێلا. نووسینی: ئیسماعیل حەمەدەمین.
(٣١١) چەمکی دەوڵەت و بزوێنەری مێژوو لە کۆمەڵگەی کوردیدا .نووسینی: عەتا قەرەداخی.